

# کۆمەڵێک وتووێژو وتارەکانی

## هاوڕێ هەردی سەلیمی

### بەشی یەکەم

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

جۆزەردانی ٢٧٢٦ی کوردی = جوونی ٢٠٢٦ی زایینی

# پێڕست:

١- تارمایی منداڵانی کار لە دۆزەخی قەیرانە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا (وەرگێڕان)............ سۆفیا زاکاریان....... ٤
٢- کۆچ و کۆچ............................................................................................. ٨
٣- شەکەتی و هیوای "بووچانی" لە "مانووس"ەوە...................................................... ١٠
٤- ئایا چیرۆکنووسیی ئێران لە پاش شۆڕشی ئێران «ئەرک»ی خۆی بەجێ(وەرگێڕان)...................................... ١٣
٥- هۆکارەکانی گۆڕینی ناوی ڕەسەن و خۆجێیی شار و شوێنە مێژووییەکانی(وەرگێڕان)...................................... ٢٠
٦- درۆی نیسان و ڕێفراندۆمەکەی کۆماری ئیسلامی..................................................... ٢٥
٧- «نقاشی قهوەخانە»، تێرۆریستەکەی میکۆنووس و بیرەوەرییەکانی(وەرگێڕان).............................. ٢٨
حەمیدرەزا جەلاییپوور و ئێعدامی ٥٩ کەسەکەی مەهاباد. (وەرگێڕان)........................................ ٣٣
٩- دووانەبێژیی دەسەڵاتدارانی تاران لە سەرووبانەوە سەرۆککۆمارەکەیان........................................ ٣٦
١٠- چ شتێک دوژمنایەتیی ئەمریکای کردووەتە ئەرکی سەر شانی کۆماری........................................ ٤٠
١١- "بامداد خمار"ی تیراژ میلیۆنی؛ چاوخشاندنێک بە دۆخی چاپی کتێب لە ئێران(وەرگێڕان)........................ ٤٣
١٢- وەرزی هەرمانی ئەدەب و هونەری بەرگری............................................................... ٥٠
١٣- "سپیباڵەکانی قەڵای پێدەشتان"...................................................................... ٥٢
١٤- دوگماتیزمی پەروەردە و کۆمەڵگەی خەسیو.............................................................. ٥٥
١٥- لە بەرەی خەڵکدا......................................................................................... ٦٠
١٦- دۆخی کرێکاران و ترسی دەسەڵات لە ڕابوونیان.......................................................... ٦٣
١٧- لە پەسنی خۆڕاگریی بەندیی سیاسیدا..................................................................... ٦٧
١٨- ئەم خۆڵەی چیدی ناکرێتە چاوی خەڵکەوە!............................................................ ٧٠
١٩- چەکی چەپەڵ بۆ مەبەستی چەپەڵتر......................................................................... ٧٥
٢٠- ویستی خەڵک و چاوەڕوانیی هەڵوێستی هونەرمەندان...................................................... ٧٨
٢١- سانسۆر بەدرێژایی چوار دەیە............................................................................ ٨١

بەشی یەکەم

٢٢- د. سمایل بازیار: ئەگەر ڕاپەڕینەکەی ٥٧ ئیسلامی بوو، بەڵام لە کوردستان (دیمانە)........................ ٨٥
٢٣- کەماڵ کەریمی: تەنووری ساردی هەڵبژاردن لە ئێران و لێکەوتەکانی (دیمانە)...................... ٩٦
٢٤- ساڵێ کە ڕابرد.............................................................................. ١١١
٢٥- «نا»ی هەمیشەیی کوردستان بە کۆماری ئیسلامی............................................... ١١٤
٢٦- ئێعدام، سووڕی بەردەوامی تاوان و توندوتیژی.................................................. ١١٧
٢٧- لە جۆرج فلۆیدەکانی «هەریروود» چ باس؟.................................................. ١٢٢
٢٨- «تاوانی سیاسی» و "زیندانیی ئەمنیەتی"ی کورد................................................ ١٢٤
٢٩- پشتیوانیی بەکردەوەی حیزبی دێموکرات لە خەباتی بەشەکانی دیکەی کوردستان........................ ١٢٨



**بەشی یەکەم**

## تارمایی منداڵانی کار لە دۆزەخی قەیرانە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا



**سۆفیا زاکاریان**

**وەرگێڕان**

منداڵانی کار ئەو بەشە لە منداڵان دەگرێتەوە کە بەدوور لە ستانداردەکانی ماف و ژیان بەرکار نرابن یان ناچار بە کارکردن بووبن. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە زۆربەی کاتەکانی ژیانیان بە کارکردنەوە خەریک بن و نەتوانن بچنە خوێندنگە و لە ئەزموونی دنیای منداڵی بێبەش بن و، ئەو کارکردنە بۆخۆی هەڕەشەیەکە لەسەر ساخی و سڵامەتیی دەروون و جەستەی ئەو منداڵانە.

منداڵانی کار لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا بە شێوەی ڕەسمی بەپێی دوو فاکتۆر پێناسە دەکرێن؛ جۆری کار و ئاستی تەمەنی گونجاو بۆ ئەو کارە.

تەمەنی گونجاو بۆ هەر کار و پیشەیەک بە پێی خەسار و لێکەوتە کاریگەرییەکانی ئەو کارە لەسەر گەشە و سڵامەتیی منداڵ هەڵ دەسەنگێندرێ. بە پێی بڕیارنامەی ١٣٨ی ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی کار، ئەم ڕێکخراوە بۆ هەرکام لە پیشە جۆراوجۆرەکان سنوورێکی تەمەنیی پێناسە کردووە و، بێتوو منداڵێک تەمەنی لەو بازنە و چوارچێوە دیاریکراوە کەمتر بێ و

لەو پیشەیەدا وەبەرکار نرابێ، بە منداڵی کار بژار دەکرێ.

ئەم تەمەنانە بریتین لە؛ ١٨ ساڵ بۆ کارە پڕمەترسییەکان کە لەوێدا سلامەتیی بیر و هزریی منداڵ دەکەوێتە بەر مەترسی و هەڕەشە. تەمەنەکانی ١٣ بۆ ١٥ ساڵ بۆ پیشە سووکەکان کە لەوێدا هەڕەشەیەک لەسەر سلامەتیی دەروونیی منداڵ نییە. دیارە تەمەنەکانی ١٢ بۆ ١٣ ساڵ لە وڵاتە هەژارەکان لە دۆخی تایبەتدا وەردەگیرێ.

ئەمە پێناسەی گشتی و جیهانییە بۆ منداڵانی کار. بەڵام لە دەلاقەی یاساکانی مافی مرۆڤ و پاراستنی منداڵانەوە، منداڵانی کار کێن؟ چ هۆکارگەلێک دەبنە هۆی ئەوەی منداڵێک لەو هەڕەتە لە تەمەندا لە کایە و خۆشییەکانی ژیانی دەست بکێشێتەوە و تێکەڵ بە دنیای کار و لە تاقەتبەدەری ناخۆشییەکانی بێ؟ ڕەنگە لە وڵاتانی هەژار و گەشە نەکردوودا بینینی منداڵێک کە کار دەکا زۆر شتێکی ئاسایی بێ، بەڵام بە پێچەوانەوە هەر ئەم کارە لە وڵاتانی پێشکەوتوو و گەشەکردوودا، بە چەشنی کارەسات و لێقەومانێک چاوی لێدەکرێ.

بە پێی ئەو پێناسانەی ئاماژەمان پێدا ئێستا بە میلیۆن منداڵی کرێکار لە سەرانسەری جیهاندا لە خوێندن بێبەشن و لە مووچە و مەزراکان و کارگە بەرهەمهێنەرەکان و...دا خەریک بە کارن. لە ئێرانیش ئاماری منداڵانی کار بە تیژتیژتیپەری ڕوو لە زیاد بوونە، ئەگەرچی لەم بارەیەوە بە ڕەسمی ئامارێکی ڕێک و ڕاست لە بەر دەستدا نییە. ڕەنگە ئێران یەک لە نموونە هەرە بەرچاوەکان بێ بۆ باس لە دیاردەی منداڵانی کار. بەڵام ئەو هۆکارانەی وا لە منداڵان دەکا وەبەرکار بنرێن و لە ژینگە و تایبەتمەندیی هەڕەتی منداڵییان داببرێن چین؟

لێکدانەوەی ئەم هۆکارانە وەک هەڵدانەوەی برینێکی کۆنە کەوا هەرگیز دەرمان نەکرابێ. بنەماڵەی وا لە ئێران هەن کە لە کەمترین داهاتی مانگانە بێبەشن و زۆر لەم بنەماڵانە بەخێوکەر و سەرپەرستەکانیان ژنن و، دایکانیش بە تەنیایی ناتوانن باری قورسی ژیان لە کۆڵ نێن. لە بۆیە بە ناچاری و لە ڕووی داماوی و بێ دەرەتانییەوە منداڵ یان منداڵانی بنەماڵە بۆ پەیداکردنی بژیوی ژیان وەبەرکار دەنرێن. بەژانترین بەشی ئەم چیرۆکە لێرەدایە کە ئەم منداڵانە لە کەمترین ئەمنیەتی کار بێبەشن. بەڵام هەر لە بنەڕەت ڕا شتێک هەیە بە ناوی ئەمنیەتی کار بۆ منداڵان؟ لە وڵاتێ کە بە سەدان و هەزاران جار هەواڵی دەستدرێژی کردنەسەر منداڵان لە شەقامەکان و خوێندنگەکان بڵاو دەبێتەوە، چۆن ئەگەری ئەوە هەیە ئەمنییەت ئاسوودەیی بۆ منداڵێک هەبێ کە لە کوورەخانەکان و کارگە بەرهەمهێنە دوورکەوتووەکاندا، خەریک بە کارە؟

ئەم خاوەنکارانە لە پێناو پاراستنی سلامەتی دەروونی و جەستەیی و تەنانەت جنسیی ئەو منداڵانە چ گەرەنتییەک دەدەن؟

لە بنەڕەتدا کێ لەوە دەپرسێتەوە؟ داهاتووی ئەوان لە سایەی ئەم بارودۆخە ئەویش لە هەلومەرجی ئابووریی ئێستادا، چیی لێ دێتەوە؟ بەتایبەت کە زۆربەیان لە خوێندن بێبەشن و، زۆرینەیان نەخوێندەوار یان کەمخوێندەوار دەمێننەوە؛ ئەم سامان و سەرمایانەی داهاتوو کە بە هیچ و خۆڕایی تەمەنیان لە کیس دەچێ. ئەمە تەنیا بەو هۆیە نییە کە ڕەنگە داهاتووی وڵاتێکیان لە دەستدا بێ، بەڵکوو داهاتووی تاکایەتیی ئەوانیش لە ژێر کاریگەریی ئەم سەختییانەدا بە فیڕۆ دەچێ. لە وڵاتێکدا کە بە سیستەمێکی سیاسیی نادادپەروەرانە و چەوسێنەرانەوە، لە هەر تەمەن و پیشەیەکدا وەکوو کۆیلەیەک کەلک لە خەڵکەکەی خۆی وەردەگرێ، ئیدی داهاتووی تاک و کۆی خەڵکی ئەو وڵاتە دەتوانێ هەڵگری چ واتایەک بێ.

مەترسییەکانی سەر ئەم منداڵانە تەنیا دابڕان لە خوێندن و دوورکەوتنەوەیان لە ژینگەی منداڵییان نییە. لە نەگونجاوترین دۆخدا زۆربەی ئەم منداڵانە دەستدرێژیی سێکسییان دەکرێتە سەر و ڕەنگە هیچکات لەم بابەتەوە هیچ شتێک لە لای کەس نەدرکێنن و، لە زۆربەی بابەتەکاندا ئەگەری ئەوە هەیە لە لایەن خاوەنکارەکانیانەوە دەستدرێژییان بکرێتە سەر بەڵام، لە ئەگەری ڕوودانی وەها کارەساتگەلێکی تاڵدا، دەبێ هەرگیز دەم هەڵنەپچڕن و هیچ باسێکی لێ نەهێننە گۆڕێ.

چۆن دەبێ لە وڵاتێکدا کە یاسا ئیسلامییەکان لە سەرووی هەموو یاساکانەوەیە، منداڵانێک هەبن کە لە تاو هەژاری و برسییەتی ناچار بن دەست دەنە هەرجۆرە کارێک، تەنانەت سواڵکردن و فرۆشتنی مادده سڕکەرەکان و ئەم منداڵە بێ تاوانانە بکەونە بەر کەلکی خراپی دەستە و تاقمی قاچاخچییەکانی مادەی سڕکەر، لە کاتێکدا کە ئەم یاسایانە هیچکات بە هانایانەوە نەهاتووە؟ ئایا تێچووی دابینکردنی ژیانی ئەم منداڵانە و بنەماڵە هەژارەکانیان لە خەرجکردن بۆ شەڕی سووریە و، پشتیوانی ماڵی لە هێزە تێرۆریستە توندئاژۆکانی ناوچە زۆرترە؟ ئاخۆ دروستکردنی قوتابخانە بۆ ئەم منداڵانە پڕتێچووترە لە دروستکردنی نەخۆشخانە لە عێراق و فەلەستین و لوبنان؟ بڵێی پشتیوانیکردن لە بێوەژنانی ئێرانی کە سەرپەرستی بنەماڵەن، خەرج هەڵگرترە لە دروستکردنی دامەزراوەکانی بەرهەمهێنەری چەکە کۆمەڵکوژەکان؟ ئایا ئەو باوکە کەمئەندامانەی کە بە هۆی لاوازیی جەستەیی و تایبەتمەندیی کەمئەندامێتی لە سەر کار دەرکراون و، توانایی دابینکردنی بژیوی ژیانی بنەماڵەکانیان نییە، مەگەر بەشێک لە »زێدی ئێرانی ئیسلامی» نین؟! ڕەنگە ئەمەش یەک لە دەستکەوتە دروشماوییەکانی خومەینی بێ، کە تاکە ئامانجی ئەو شۆڕشی چینە لاوازەکانی دنیا بوو! و، ئێستا هەموو خەڵکی ئێرانیان کردووە هەر بەو چینە لاوازانە، کە منداڵانی بەلووچ و کورد و عەرەب و... بەبێ خوێندنگە و لە بن خێوەت و کانێکسەکاندا، بێتوو «خودا» بیهەوێ ئەلفوبێیەک فێر بن بۆ دوارۆژی ڕەش و لێڵ و ناڕوونی خۆیان، منداڵانی کورد لە سنوورەکان دەست و لاقیان بە تەقینەوەی مینە بە ڕق چێندراوەکان لە دەست بدەن و، منداڵانی شەقامە

## بەشی یەکەم

ساردەکانی تاران، دەستدرێژی بکرێتە سەریان و لە نێوان دەستە چکۆلەکانیان، فرمێسکەکانیان بشارنەوە و هەتا ئەو ڕۆژەی کە زیندوون، ئەم ژانی بەسەرهاتانە لە دڵی منداڵانەی خۆیاندا حەشار دەن.

دیاردەی منداڵانی کار بەرهەمی بێعەداڵەتی و نادادپەروەرییە، لێکەوتەی ئابووریی تێکتەپیوی کۆمەڵگە بەهۆی سیاسەتی چەوت و ناسەردەمیانەی گونجان لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانییە، دەرەنجانی نیزامێکی سیاسیی تا سەر ئێسقان گەندەڵ و دژەمرۆییە. منداڵانی کار قوربانیی سیاسەتە دژەخەڵکییەکانی کەسانێکن، کە مرۆڤایەتی لە لای ئەوان واتای نییە. ئەو منداڵانە بێدەرەتان و بێتاوانن و تەنیا سووچیان ئەوەیە، لە وڵاتێکدا لە دایک بوون، کە بووەتە گۆڕەپانێک بۆ نیشاندانی هێزی مرۆڤگەلێک کە جگە لە خۆیان و ئامانجە ڕەشەکانی خۆیان بیر لە هیچ شتێکی دی ناکەنەوە. وە لە وڵاتێکدا کە داوای مافی سروشتی و ئاسایی مرۆڤ، بە تاوان دادەنرێ، چۆن چاوەڕوانی دەکرێ کە مافی منداڵان لە ئەولەوییەتدا بێ؟

دیاردەی منداڵانی کار بەرهەمی هەژارییە، هەژاری و بێ دەرەتانییەک کە بووەتە هۆی شەرمەزاریی دایک و باوکان بەرامبەر بە ڕوانینی بێگەردی منداڵەکانیان، ئەو دایک و باوکانەی کە توانای وەدیهێنانی بچووکترین و منداڵانەترین داوای منداڵەکانیان نەبووە. هەژارییەک کە دەرەنجامی سیاسەتی پاوانخوازیی ڕێژیمێکە خەونی ئاغایەتیی دنیای لەسەر دایە و بە فەلسەفەی دوگماتیکی «هەناردەی شۆڕش» بۆ وڵاتانی دی، خەڵکی کۆمەڵگە و منداڵان دەکاتە دەستەچیلەی ئەم شەڕەی بە پیرۆز و بە مایەی مانەوەی خۆی دەزانێ.

وێدەچێ ئیدی وشەیەک بۆ شرۆڤەی حاڵی منداڵانی سەرشەقام و بێ داهاتوو نەمابێ وشرۆڤە و وێنە و وتار چیدی ناتوانێ دەربڕی حاڵی ئەوان بێ و لەو مەترسییانە بدوێ کە بۆسەی بۆ ئەو منداڵانە ناوەتەوە، وەک: ئیعتیاد، دەستدرێژی، کوشتن و هەموو جۆرە نەخۆشیگەلێکی دەروونی و جەستەیی و دەیان زیانی دی. زیانگەلێک کە هەر تاق لەوانە بەسە بۆ لەنێوبردنی خەون و خولیای منداڵانێک کە ڕەنگە تاقە ئاواتیان، تەنیا یەک ژەم نان و چێشتێکی گەرم بێ!

وەرگێران لە فارسییەوە

٧ی دێسەمبەری ٢٠١٨

# کۆچ و کۆچ

ئێوارێیە و وڵات تاریک و بێدەنگ، دەرگا ئاوەڵایە و ئەوە بە هەڵکەوتێکی باش دەبینێ. پاش قوتەقوت کردنێک و سەر سووڕاندن بە دەوری خۆیدا کە دڵنیا بوو کەس ئاگای لێ نییە، دەچێتە ژوورێ. چاوێک لە سەرێ دەکا گڵۆپی سەر دەرگاکە دایسێ، وردەوردە ڕێگە دەبڕێ. هەمان ڕێگایە کەوا پێشووتریش نەک جارێک و دووان، بەڵکوو بە سەدان و بگرە هەزاران جار بست بە بستی ئەو عەرزەی بە لاقی خۆی پێواوە. بە ئەسپایی و بێ خشپە دەرگا پێوە دەدا و بە سەری پەنجە هێدی هێدی بە سەر ١٠ - ١٢ پێپلیکاندا وەسەر دەکەوێ. پێپلیکانێک ماوە، لەپڕ خەیاڵێک بە دڵ و مێشکیدا دێ و هەستێکی نامۆ هەموو لەشی دادەگرێ. بە ورتەیەکی کپ لەوانە وا مرۆڤ هێزی دەم هەڵپچڕینی نییە و تەنیا دەنگ و زایەڵەیەکی ناڕوون لەنێو زاردا دەنگ دەداتەوە و تەنیا بۆخۆی گوێی لێیە: «بڵێی ڕاست بێ یان هەر خەون و خەیاڵە هەمیشەییەکەیە وازم لێ ناهێنێ؟» هەر لەو کاتەدا دڵۆپێک لیک شۆڕ دەبێتەوە بە لیچیدا. وەخۆ دێتەوە. دەستبەجێ دەم و لێوی دەسڕێ و چاوێکی توند بەملاولای خۆیدا دەگێڕێ نەوەک کەسێک چاوی لێ بووبێ. ئەوە دەیهێنێتەوە سەر وشیاریی خۆی و دەزانێ کە ڕاستە و وەبیری دێتەوە کە لەگەڵ هاوڕێکەی ١٠ خولەک لەوەپێش لێک جیا بوونەتەوە و بڕیاریان داوە تولحی بەیانی لە لای «دارەتووەکە»، یەکتر بگرنەوە.

بیروهرز و هەموو فکروزکری لەلای چۆنیەتیی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ بنەماڵەکەیەتی. دایک و باوکێک کە لە ڕەشیی دووریی ئەمێک، سەر و ڕدێنیان لە سپیبەتی دابوو، برایەکی چکۆلە کە نەیتوانیبوو براگەورەیی بۆ بکا. سەدان گلەیی و پرسیار و قسە و باس و تەنانەت بێدەنگییەکانیشیان پرسیاری هۆکاری ئەم ماوە بێهەواڵی و دوورییە دەبوو... دەیزانی. لە ئاکامی بیر لێکردنەوەی ئەو شتانە و تەشەنەسەندنەوەی برینی تازە کۆنبووی ئەوان و دیسانەوە بەجێ هێشتنیان دڵەخورپەیەک دایگرتبوو و هەموو ئازای بەدەنی مێروولەی دەکرد.

دەرگای داڵانەکە قوفڵ کرابوو و زانی کە کەس لە ماڵ نییە، ئەوەش بووە هۆی خۆشحاڵی و هاوکات خەمباریشی. بە بەردەوامی دوو هەستی دژبەیەک لە دڵ و مێشکیدا پێک هەڵدەپڕژان. چاوی لە کەوشکەنەکە کرد، دوو سێ جووت کەوشەکۆن لەوێ داندرابوو، بە هیوای جاری جاران دەستی بردە نێو یەک لە کەوشەکانەوە و دیتی کلیلێکی تێدایە. بزەیەکی تاڵی هاتێ. ئەو کات کە منداڵ بوو و لە خوێندنگە یان کایەکردن لە دەرێ دەهاتەوە، دایکی هەمیشە کلیلێکی لە نێو کەوشێکدا بۆ بەجێ دەهێشت، بۆ ئەوەی چاوەڕوان نەمێنێتەوە؛ نەیدەزانی ئایا ئەمجارەیان کلیلەکە بۆ براکەی بووە یان دایکی هەر بە هیوای گەڕانەوەی ئەم بووە؟!

## بەشی یەکەم

وەڕوور کەوت، یەکەم شت کە سەرنجی ڕاکێشا وێنە قاپکراوەکانی سەر دیوار بوو، یەک لە وێنەکان کە لەوێدا ئەم لە نێوان دایکی و بابی و برا چکۆلەکەی کە بەباوەشی دایکییەوە بوو و لە جیاتی چاوی لە دوربینەکە بێ دەستی بۆ سەری ئەم ڕاداشتبوو، بیرەوەریی ئەو ڕۆژە و ئەو ڕۆژانەی هەموو بۆ زیندوو کردەوە.

وێنەکەی بە قاپەوە دەست دایە و لە کۆڵەپشتییەکەی خست و بە پەلە دوو دێڕی لە سەر لەتکە کاغەزێک نووسی و بە بزماری وێنەکەوە کە ئێستا بەتاڵ بە دیوارەکەوە مابوو، هەڵواسی و وەدەر کەوت.

بە لانی کەمەوە ١٠ - ١٢ کاتژمێر کاتی مابوو، بەڵام لە سەر هیچ شتێک ڕانەوەستا و ملی ڕێی گرتە بەر و لە دوای سەعاتێک گەیشتە لای دارەکە. تەزوویەکی ساردی دەهات، لە قووڵکەیەکدا کە دیار بوو پێشووتریش هەر جێگا ئاور بوو، ئاورێکی کردەوە و هەتا برێک گەرم داهات، ئەوجار کۆڵەپشتییەکەی کردەوە و وێنەکەی دەرهێنا و تێر تێری تێی ڕاما، وەک بڵێی بۆ دواجارە چاوی لێدەکا. کیسە خەوەکەی ڕاخست و چووە نێوییەوە، وێنەکەشی لە تەنیشت ئاورەکە دانا و خەیاڵ بردی لەگەڵ خۆی...

کە وە ئاگا هات ڕۆژ هەڵاتبوو و پێش لەوەی بیر لەوە بکاتەوە چ دەکا و بۆ لێرەیە و دەبێ چ بکا، دیمەنی دوو گەڵای زەردی دارەکە کە هاوکات دەستیان لە لقی دارەکە بەربۆوە و بەرەو خوارێ دەهاتن، سەرنجی ڕاکێشا. گەڵاکان لەگەڵ ئەوەی کە سووڕ دەدران هێور هێور دەهاتنە خوارێ، هەر چاوی لێ نەبڕین یەکیان شلوێ شلوێ یەکڕاست لە قووڵکە ئاورەکە کەوت و یەکیشیان خۆی هاویشتە نێو جۆگە ئاوێکی ڕوون کە بە بن دارەکەدا تێ دەپەڕی و ڕۆشت و ڕۆیشت و ڕۆیشت هەتا لە پێش چاوان ون بوو. چاوی لە قووڵکەکە کرد، دیتی گەڵاکەی دیکەشیان ڕێک وەسەر پۆلوو کەوتووە کە بەشی سووتاندنی گەڵایەک تین و گڕی تێدا مابوو.

وەخۆ کەوت. زانی کە درەنگە و کاتی ئەوە نییە و هەر گونجاویش نییە لە سەر هاوڕێکەی مەحتەل بێ، خێرا شتومەکەکانی پێچاوە و کۆڵەپشتیی لە شان کرد و چەکەکەی دەست دایە و بەتوندی هەڵکشا بە قەدی شاخەکەی بەرامبەری. بە دەم ڕێ بڕینەوە ئاورێکی داوە و دیتی وێنەکەی لە قوڵکەکەدا بەجێ هێشتووە... چاوی لە ئاسۆ بڕی و هەنگاوەکانی توندتر کرد...

٦ی جانێوێری ٢٠١٩

## شەکەتی و هیوای "بووچانی" لە "مانووس"ەوە

ماریۆ بارگاس یۆسا نووسەری پێرۆیی و خاوەنی چەند ڕۆمانی باش لە ئەدەبیاتی دنیادا و هەروەها خاوەنی خەڵاتی ئەدەبیی نۆبێل، لە وتارێکدا لەژێر ناوی «بۆچی ئەدەبیات؟» بە چڕوپڕی باس لەوە دەکا کە ئێمە بۆ دەبێ ئەدەبیات بخوێنینەوە و ئەدەبیات دەتوانێ چ دەسکەوتێکی بۆ مرۆڤ هەبێ!

«تەنیا شتێک لە دنیای ئەمڕۆدا، کە بتوانێ ئێمە بۆ ناسینی تەواوەتی مرۆڤ بوونمان ڕێنمایی بکا، لە ئەدەبیاتدا شاردراوەتەوە. ئەم ڕوانگە یەکیەتیدەرە، ئەم پەیڤە گشتگیرە، نە لە فەلسەفەدا دەبیندرێتەوە، نە لە مێژوودا، نە لە هونەر و بێگومان نە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکانیشدا.

بەمەبەستی پاراستنی مرۆ لە گەوجی، دەمارگرژی، ڕەگەزپەرستی، ناکۆکی و ناتەبایی مەزەبی، سیاسی و ناسیۆنالیزمی پاوانخوازانە، هیچ تشتێک لەو ڕاستییەی کە لە خوڵقێندراوە گەورەکانی ئەدەبیاتدا خۆ دەردەخا، کاریگەرتر نییە. ژنان و پیاوانی هەموو گەلانی دنیا، لە هەر کوێ بن، لە بنەڕەتدا هاوسانن، تەنیا نابەرامبەرییە لە نێوانیاندا، تۆوی هەڵاواردن و ترس و چەوساندنەوە بڵاو دەکاتەوە. هیچ شتێک چاتر لە ئەدەبیات فێری ئەوەمان ناکا کەوا جیاوازییە ئیتنیکی و کولتوورییەکان، سەرچاوەگرتوو لە دەوڵەمەندیی میراتی مرۆڤ بزانین و، ئەم جیاوازییانە کە ڕەنگدانەوەی هێزی داهێنانی فرەلایەنی مرۆڤە؛ بەرز بنرخێنین».

بە پێی ئەم ڕوانگەیە ئەدەبیات بەستێنێکە بۆ لە یەکتر نیزیکبوونەوە، بۆ ناسینی کولتووره جیاوازەکان، بۆ بەهرەمەند بوون لە دنیای تاریک و تەنیای مرۆڤەکان، بۆ تێگەیشتن لە بیرۆکە بێسنوورەکانی هەموو ئەو کەسانەی کە خاوەنی دڵەڕاوکێ و چیرۆک و گێڕانەوەی تایبەت بە خۆیانن. بەگشتی ئەدەبیات واتە تێپەڕین لە دیوار و میچ و قفڵەکان و شکاندنی قفڵی مێشکی مرۆڤەکان.

«بێهرووز بووچانی»، کوڕە کوردی نووسەر و پەنابەر لەگەڵ ئەوەی کە ئەو کتێبەم نەخوێندۆتەوە و بەدەر لە کارتێکەریی بەخشینی خەڵاتی بەرزترین ئاستی ئەدەبی وڵاتێکی وەک ئوسترالیا بە ئەو خۆشەویستە! ئەوی کە سەرنجراکێشە کوردبوون، نووسەربوون و پەنابەربوونەکەیەتی. کەسێک کە هاوکات خاوەنی سێ تایبەتمەندیی گەورەیە کە بەداخەوە خەمهێنەرن و خەمۆککەر. ئەم تایبەتمەندییانە جیا لە پرسە فەلسەفییەکەی کە ئایا بەڕاستی مرۆڤ لە هەڵبژاردنیاندا چەندە دەستی

## بەشی یەکەم

ئاوەڵایە و چەندە لێکەوتەی زەبری جوغرافیاکەیەتی و هەتا چ ڕادەیەک دەراویشتەی ڕوانگەی خودی ئەو کەسایەتییەیە؟! ناتوانی و ناکرێ کە کاریگەریی هەر کام لەوانە لەسەر ڕەوت و درێژەی ژیانی ئەو مرۆڤە بەهێند نەگری. ڕاستە بۆخۆمان مافی هەڵبژاردنی ڕەگەزی خۆمان نییە، کە کورد بووی کوردی، بە سویدی لەدایک بی سویدیت، بەڵام ئەمە ڕواڵەتی شتەکەیە چونکوو زۆر کەسمان هەیە لەمەڕ بۆنموونە کوردبوونی خۆیەوە هیچ جۆرە هەستێکی ئەرێنی نییە، جا دەتوانێ ئەوە کەسێکی خۆڕادەستکەر بێ بە دژبەرانی گەلەکەی، یانە خۆی لە بن دەمامکی گەردوونی و جیهانی و ئومانیستییەکی ڕووتدا شاردبێتەوە و بڵێ ئەمن بەهەزاران فەرسەخ پێشکەوتووترم لەو ناسیۆنالیستەی دراوسێمان و یا نەخێر هێنانەوەی پاساوی سەیروسەمەرەتر لەوە. کەواتە لانیکەم بۆ کوردێک، کوردبوونەکە دەبێتە خاڵی وەرسووڕانێک لە ژیانیدا، چ شانازیی پێوە بکا چ وەک مایەی شەرمەزاری لێکی داتەوە، لە دوای ئەوە ژیانێکی ئاسایی نابێ، بەتایبەت بۆ نەتەوەیەکی بەدەوڵەت نەبوو، بۆ نەتەوەیەکی «بەگەل» نەبوو. دوو ڕێگە لە پێشدایە یان بۆ سەلماندن و وەدەستهێنانی ئەو شتەی کە بە مافی ڕەوای خۆی دەزانێ ژیانی خۆی دابنێ (بۆیە دەڵێم ژیانی خۆی، ژیان لە گیان بە گرینگتر دەزانم، چ کەسانێکمان هەیە کە چل ساڵ و بگرە زیاتریش ئەم کۆڵە قورسەیان بەشان داداوە، لە کاتێکدا هاوڕێیان هەبووە لە دەستپێکی خەباتدا گیانیان پێشکەش کردووە و بۆ هەمیشە لە دژوارییەکانی داهاتوو ماڵاوایيان کردووە!) یا لە بەرامبەردا کەسانێکیش هەن بۆ خۆدزینەوە لەو ڕاستییەی کە بە کەیفێیان نییە و بە لەمپەرێکی دەزانن لە سەر ڕێگای پێشکەوتنی تاکەکەسیی خۆیاندا، دەبێ بەردەوام هەڵێن و هەڵێن و خۆ حەشار دەن و بەڵام ئەم مۆتەکەیە هەمیشە سێبەری بەسەر ژیانیاندا زاڵە. کەواتە تەنانەت دیاردەی ڕەگەزییش دەتوانێ ڕەها نەبێ و لانیکەم بە ڕواڵەت دیاردەیەکی بگۆڕ بێ!

هەموو مرۆڤدۆستانی دنیا پێویستە بۆ ڕۆژێکیش بووە کورد بن هەتا بە گۆشت و ئێسک و خوێن هەست بەو تاڵاییە لەبن نەهاتووە بکەن. بۆ کوردێکی گەورەبووی شاخ و کوێستان ژیان لە دورگەیەکی بێڕووحدا تاقەت پڕووکێنترە بە نیسبەتی هاوسەفەرەکەی، بۆ کوردێک کە کوێستان و بناری ڕژدی و ڕەوەزی ڕەقی هەردەم داڵدەی بووە.

نووسەربوون تایبەتمەندیی دووهەمی بێهەرووز بووچانی، کاتێ کە دەڵێن داهێنان و نووسین دەبێتە هۆی ئەوەی ڕووحی مرۆڤی نووسەر ئارەقە بکا و هەست بە ماندوویی بکا، لە خۆڕا نەگوتراوە. کاری داهێنان پێویستی بە خەیاڵێکی دوورەفڕە، خەیاڵێکی پەنگخواردوو لە دەوروبەرێکی نیزیک توانایی داهێنانی نییە. مرۆڤی نووسەر بەردەوام لە حاڵی دۆزینەوەدایە، وردترین ڕووداوەکانی دەوروبەر دەبنە کەرەستەی نووسینەوەکانی و بەگشتی هەموو شتێک وەک سووژە دەبینێ، ئەوەیە کەسێکی کە نووسەرە وەک بڵێی بە میکرۆسکۆپ دەبینێ، ئەوی لە چاوی دەوروبەرەکەی ونە لە چوارچێوەی کامێرای ڕوانینی ئەودا کلەوزئاپێکە؛ بۆیە دەردی نووسەر دووقات و سێ قات و دەقاتە. بێگومان تەحەمولی چوارچێوەی بەرتەسکی کەمپێک

## بەشی یەکەم

و ژیان لە بەرزەخێکدا و ژین لە نێوان کوێرەهیوایەک و هیوابڕاوییەکی ڕەها و دۆخێکی هەڵپەسێراودا بۆ نووسەر ئەستەمترە لە هاوژوورەکەی.

پەنابەربوون بە درێژایی مێژووی پڕ لە شەڕەنگێزیی مرۆڤ هەر بووە و هەر دەشمێنێ، دیاردەی تاراوگەنشینی بە دوو شێوەی خوازراو و نەخوازراو پۆلێن دەکرێ، کە ئەگەر واقعبین بین خوازراو بەڕاستی یان هەر نییە یان بە هەزارهێندەی نەخوازراو کەمترە، هەر مرۆڤێکی کە خۆی دوور دەخاتەوە و هەرچی خۆشی ویستووە جێی دەهێڵێ، بێگومان هەلومەرجێکی نەگونجاوی تێپەڕاندووە و بە جۆرێک لە جۆرەکان جێگەی پێ لێژ بووە، دەنا هیچ کەسێک دژواریی غەریبی بە ژیان ناکڕێ!

ئەو تایبەتمەندییانە بە هەوێنی سەرەکیی لەدایکبوونی ڕۆمانی «هاوڕێیەک لە بۆ کورد نییە، شاخ نەبێ» دەزانم.

لێرەدا دەبێ بڵێم گەیشتن بەو ئاستە و دەنگدانەوەی ناوی بێهرووز بووچانی، بەرهەمی ئاوێتەبووی سێ هەستی ماندووبوون، لە هەمان کاتدا هیواداربوون و تێکۆشانێکی نەپساوەیە. هیوام وایە هاوڕێ بێهرووز بووچانی بتوانێ لەسەر ڕێچکەی هەڵبژێراوی خۆی بەردەوام بێ و بگاتە لووتکەی کوێستانی ئەدەبیات و هونەر و لەوێ بۆ چەند ساتێکیش بووە ماندوویی ساڵگارێکی ڕەش و بێهیوا لە لەش و مێشکی بڕەوێنێتەوە و بەو شێوەیە دڵۆپێک لە دەریای ڕەنجی کوردبوون و مرۆڤ بوون بە گوێی کپی دنیا بگەیەنێ و ببێتە هەوێنی بیرکردنەوەی دەسەڵاتبەدەستانی گێل لە بنەما سەرەتاییەکانی مرۆ.

٥ی فێبریوێری ٢٠١٩

## ئایا چیرۆکنووسیی ئێران لە پاش شۆڕشی ئێران «ئەرک»ی خۆی بەجێ هێناوە؟

مێهرەک کەماڵی

وەرگێڕان

دوو هۆکاری سەرەکی، چیرۆکنووسی لە ئێراندا، بە دوو قۆناغی پێش و پاش لە شۆڕش پۆلێن دەکا: یەکەم، جیهانبینیی نووسەران و دووهەم، توێژینەوەیان لەمەڕ پێوەندییەکانی دەسەڵاتەوە. چیرۆکنووسە دیارەکانی پێش شۆڕش، خۆیان بە دەروەستی شێوازە جۆراوجۆرەکانی ڕیئالیزمی کۆمەڵایەتی و ڕیئالیزمی ڕەخنەگرانە دەزانی و، بەپێی هێزی دیاریکەری ڕێکخراوە زاڵە دەرەکییەکان - بەدەر لە ویست و خواستی کەسایەتیی چیرۆکەکان - دەیاننوسی. چیرۆکنووسانی دوای شۆڕش بە پێداگری لە سەر ئاکاری تاکەکەسی و لایەنی دەروونناسانەی کەسایەتییە چیرۆکییەکان، تێکۆشاون بگێڕەوەیەکی بێلایەن بن و ڕای تاکانەی خۆیان دەرنەبڕن و، کاریگەریی ڕێکخراوی بەهێزی دەسەڵاتی زاڵی سیاسی - ئایینی لەسەر ژیانی خەڵک و نێوەرۆکی گێڕانەوەیان لەبەرچاو نەگرن یان کاڵ و کەمڕەنگ بینوێنن. چیرۆکنووسانی پێش شۆڕش لەقاودانی زوڵمەکۆمەڵایەتییەکانیان کردبووە ئەرکی خۆیان، بەجۆرێک بەردەنگەکانی خۆیان تێبگەیەنن کە دەبێ خۆیان لە هەمبەر ئەو هاوکێشانەی وا بەدیهێنەری نابەرامبەریی دەسەڵاتن بە بەرپرس و ئەرکدار بزانن و، لەم خەباتەدا ڕۆڵێک بگرنە ئەستۆ. پرسیارەکە ئەمەیە کە داخوا چیرۆکنووسانی دوای شۆڕش ئەرکی کۆمەڵایەتییان بۆخۆیان پێناسە کردووە و ئەگەر ئا، بە کردەوە چییان کردووە؟

لەوەیڕا کە گێڕانەوەی بەتەواویی ڕاستی جێبەجێ نابێ و هەر پێناسەیەک لە ڕاستی، لەسەر بنەمای ڕوانگەی کەسێکە کەوا هەڵبژێرە و، بەهۆی زاڵبوونی بیرۆکەی مارکسیزم لەسەر کەشی ڕووناکبیریی ئێرانی ئەوکاتدا، لە ڕوانگەی نووسەرانی ئەوێ چاخدا گرینگترین لایەنی ژیانی خەڵکی، پێوەندیی نابەرامبەرانەی چینایەتی، سیاسی و کولتووری بوو. لەم سۆنگەیەوە ژیانی کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵکی، گیرۆدەی ئەو ناوەندانە بوون وا هۆکاری جێگیربوونی نابەرامبەری بوون و، لە دەرەوەی ویستی خۆیان ئەو کەشە بەدی دەهات.

ئەرکی نووسەر، بەهێزکردنی خەڵک بەمەبەستی تێکەوەپێچانی ناوەندەکانی خوڵقێنەری نابەرامبەری بوو. بەم شێوەیە، بەرهەمی ئەدەبیی لێکنیزیک لە ڕووی واتایی لەدایک بوون کە ڕێک و تەبا بوون لەگەڵ کردە و دژکردەوەی ئیدیۆلۆژی و



سەرچاوە
Serchawe

شۆڕشگێڕانە. بەرەی «چاکە»، بەرەی گەلە و لەمپەری سەر ڕێی گەیشتنی ئەوان بە ژیانێکی باش، نەک تایبەتمەندیی تاکەکەسی و دەروونناسانەی ئەوان؛ بەڵکوو هەر ئەو ناوەندانەن کە بوونەتە هۆی ئافراندنی نابەرامبەری. بێتوو ئەم ناوەندانە نەمێنن، کۆسپێک لەبەردەم بەختەوەریی خەڵکیدا نامێنێ. بەم تێگەیشتنە لە چیرۆک، نووسەری بێلایەن نەک هیچ واتایەکی نییە، بەڵکوو نووسەر هەتا جێگەوپێگەی پێغەمبەرێک هەڵدەکشێ و هێڵی نێوان چاکە و خراپە چڕتر دەکاتەوە.

ئەم نووسەرانە، وردەکولتوورێکی پاڵپشتیی شۆڕش و شۆڕشگێڕییان بەدی هێنا کەوا لە دوای کودیتای ٢٨ی گەلاوێژ زاڵ بوو و، هەتا سەرەتای دەیەی شەستی هەتاوی لە دۆخی ئەدەبیی ئێراندا باڵادەست بوو. نێوەرۆکی زۆربەی چیرۆک و ڕۆمانە بەناوبانگەکانی ئەم سەردەمە ئەوە بوو کە، «خراپە»ی دەسەڵات، کۆمەڵگەی ئێرانی لە فۆڕم بەتاڵ کردووەتەوە و لە چوارچێوەکەی ترازاندووە. هەرچەندە لە ڕۆمانەکاندا لە چواندن (تمثیل) و دەستەوا (استعارە)ی جۆراوجۆر کەلک وەردەگیرا، بەڵام ناوەزێڵەی هەموویان پارێزەری لە ئەو هێزە «چاک»انە بوو کەوا لە بەرامبەر چینی دەسەڵاتبەدەست و داسەپێندراو کە وەک نوێنەری «خراپە» دەناسران، ڕیز ببوون. پەیامی سەرەکیی چیرۆکەکان ئەمە بوو کە لەگەڵ بوونی «خراپە»یەکی زلهێزدا، لە ڕێگای ئاساییەوە ناکرێ کۆمەڵگە ڕزگار بکرێ. بەمەبەستی ڕزگاریی کۆمەڵگە دەبێ کەسانێک هەبن لە ژیانی ئاسوودە یان گیانی خۆیان ببوورن و بەرهەڵستی«خراپ»ـە ببنەوە. بەرهەمی بەرچاو و گرینگ وەک «تەنگسیر»ی سادق چووبەک، «سووشوون»ی سیمین دانشوەر، «دراوسێکان»ی ئەحمەد مەحموود و «جێگەی بەتاڵی سلووچ»ی مەحموود دەوڵەت ئابادی، بە دەروەستبوون بە ڕێئالیزم و شیکردنەوەی هەلاواردنی چینایەتی، سیاسی یان دژەبیانی وەکوو نێوەرۆکی سەرەکیی چیرۆک، کۆمەڵێک بەرهەمی لێکنیزیک، لە ڕوانگەی جوانیناسانە و واتاییان بەرهەم هێنا، کە بە ئەدەبیاتی دەروەست دەناسرێ.

هێماکانی ئەدەبیاتی دەروەست بریتییە لە هەژاری، قارەمان، خەبات و گیان بەختکردن کە هەموویان دەربڕی دژایەتییەکی بەدەر لە ویست و هزری کەسایەتیی چیرۆکەکانن. هەژاریی خەڵک دەرخەری هاودەستیی دەوڵەمەندانی شار و دێهاتەکانە لەگەڵ کاربەدەستانی حکوومەت و بیانییەکان. قارەمانی ڕۆمان لە بەرامبەر یەک یاخود چەند کەسایەتیی خراپی بەهێز یان دۆخێکی نەرێنیدا، واتایەک دەگرێتە خۆ. خەبات واتە بەشەڕهاتن لەگەڵ چەپەڵی و پشکی قارەمان لەم شەڕەدا، ئازار و ئەشکەنجە و ئاوارەیی و تەنانەت شەهیدبوونە. ئەم شەڕە زەوینییەی چاکە و خراپە، «یووسف»ی سووشوون و «گوڵمحەممەد»ی کلیدێری بە شەهیدبوون دا و، «زارمحەممەد»ی تەنگسیر و «خالید»ی دراوسێکانی کردە ئوستوورەگەلێک کە دژ بە شەیتان ڕاسابوون. لە ئاکامدا، ئەوەی دەبێتە هۆی خولقانی نووسەری دەروەست تەنیا شرۆڤە یان ڕستەگەلێکی بێبەر و بێلایەن نییە: «نووسەری دەروەست دەزانێ پەیڤ هەر ئەو کردەوەیە: دەزانێ ڕوونوێنی و دەرخستن واتە گۆڕین،

## بەشی یەکەم

ناکرێ ڕوونوێنی بکرێ مەگەر لە پێشدا بڕیاری گۆڕان درابێ. نووسەری دەروەست ئەو خەونە مەحاڵەی لەسەر وەدەرناوە کە ڕۆڵێکی بێلایەن و سەربەخۆیانە لە کۆمەڵگە و دۆخی مرۆیی وێنا بکا.»(١) هیچ سەیر نییە کەوا لەم بەرهەمە ئەدەبییانەدا، گرینگیی زیاتر بە ئارمانج و ئەرکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دراوە هەتا ئەوینی تاکی، بنەماڵە و حەزی تاکەکەسییانە. بۆ نموونە ئەگەر لە جێگایەکدا بەدەگمەن باسێک لە پرسی تایبەت بە ژنان دەکرا، تەنیا لە پێوەندی یان لەژێر کاریگەریی لایەنی ئازادیخوازانە، دادپەروەرخوازانە و دژەبیانییانەی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیدا بوو.

ساڵی ١٣٦٣، ساڵێکە دوایین بەرگی ڕۆمانی «کلیدێر» لە نووسینی مەحموود دەوڵەت ئابادی و «هەشت چیرۆک»، کۆمەڵە کورتە چیرۆکێک لە نووسەرانی جۆراوجۆر بە حەول و تێکۆشانی هووشەنگ گوڵشیری، بڵاو بوونەوە. ئەم هاوکاتییە نیشاندەری کۆتایی سەردەمێک و دەستپێکی سەردەمێکی نوێیە؛ کۆتایی کلیدێر، کۆتایی هاتن بە زاڵبوونی ئەدەبیاتی دەروەست بوو. گوڵشیری لە پێشەکیی هەشت چیرۆکدا قسە لە کۆتایی سەردەمی ئیدئۆلۆژی و دنیای ڕەش و سپی دەکا و، مزگێنیی فۆرمێکی نوێی چیرۆک دەدا: «هەموو ئەوانەی ڕۆمانوێنی ڕۆژگاری ئێمە بوون، تەنانەت لە لووتکەی بەدیهێنانیشیاندا، دەیانەویست تەنیا وێنەکێشی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕووناکی و تنۆکی بن: لە داشکاندن و وردکردنەوەی هەموو ژیان بۆ چاکە و خراپە بگرە هەتا تاوتوێکردنی هەموو پرسە پێچەڵپێچەکانی جیهان لەسەر قەبووڵی بنەمای دوو جەمسەر ...» و، هەر لێرەدا پێ لەسەر پێویستیی گۆڕینی ڕوانگەی نووسەران دادەگرێ: «... ساکارترین جیاوازیی جیاکەرەوەی ئێمە، جیاوازیی ڕوانگەی ئێمەیە کە بەلانیکەمەوە هەر لە ئامێری دەستی چیرۆکنووسان، لەنێوان ئەو ڕووناکایی و تنۆکییەی پێشینیانی هاوچەرخ ساتگەلێکی زۆر دەدۆزرێتەوە: لە مەلابانگدان، بانگی بەیانی، کازیوە، سیوادی بەیانی، بەربەیان، بوومەلێڵ و ڕۆژهەڵاتەوە بیگرە هەتا دەگەینە قرچەی هەتاو و نوێژی نیوەڕۆ ...»(٢) بەپێی ئەم جۆرە ڕوانینە، داڕشتنی کەسایەتیی چیرۆکیش نەدەکرا دژوار و ڕەق و جەمسەری بمێنێتەوە؛ کەسایەتیی چیرۆکی نەوەک ڕەش یان سپی بەڵکوو خۆڵەمێشی بوون و، بەپێی بارودۆخ، چاک یان خراپ دەجووڵانەوە. کەوابوو ڕێژەخوازی جێگای ڕەهاڕوانینی ڕوانگەی ڕێئالیستیی بەرەی پێشووی دەگرتەوە و، ئەم ڕێژەییبوونە بە بڕوای محەممەد موختاری لە دنیای دوو جەمسەریی ڕابردوو ڕاستەقینەتر بوو.

محەممەد موختاری لە وتاری «چشم مرکب»دا، نووسەران و خوێنەران بۆ تێکۆشان لە تێگەیشتنی «ئەویدی» بانگهێشت دەکا و، لەسەر تاکایەتیی کەسایەتییە چیرۆکییەکان و جیاوازیی نێوانیان پێ دادەگرێ: «وێنەیەکی لێکچوو و دیاریکراو لە دۆخ یان بابەتێکی یەکینە و زۆرینەیەکدا پێشکەش کردن، تەنانەت دابەزین لە تایبەتییە سەرەکییەکانی مرۆڤیشە. نە ژیان ئەم هاوبیچمی و بەرتەسک کردنەوە وەردەگرێ، نە مرۆڤ و، نە هونەر و ئەدەبیاتیش. هاوبیچمی یان تەسککردنەوەی بیچمەکان بۆ یەک - دوو بیچمی پەسندکراو و لەبەردڵان، دەبێتە هۆی کوشتنی فرەچەشنی و زۆرینەیی... هونەر...



سەرچاوە
Serchawe

لەسەر... فرەچەشنی و زۆرینەیی دامەزراوە.»(٣)لەسەر ئەم بنەمایە و بەپێچەوانەی ئەدەبیاتی دەروەست، لێرە باسێک لە ئاراستەبەخشین و سنوورکێشان و لە هەموو گرینگتر، ئیدئۆلۆژی لە گۆڕێدا نییە. موختاری لیبراوانە ڕادەگەیەنێ «بەمەبەستی ئەمەگداری بەرامبەر بە هونەر، پێویستە ئەمەگداری ئەم گۆڕانە بین.» ئەو ڕێگایەی کەوا گوڵشیری و موختاری حەولی کردنەوەیان بۆ دا، لە سەرەتادا بە واتای بێبەرکردن و بێلایەنیی نووسەر نەبوو؛ بەڵام جەختکردنەوە لەسەر ڕێژەخوازی، وەلانانی ئیدئۆلۆژی و، تاکخوازی ئاوێتە لەگەڵ سانسۆڕی حکوومەتی، وردەوردە ئاڵوگۆڕی بەسەر چیرۆکی فارسیدا هێنا.

چیرۆکنووسیی ڕیئالیستیی پێش لە شۆڕشی ئێران سەرەڕای ئەوەی کە ئیمپریالیزم و ئیستعمار و بیانییەکانی وەک هۆکاری دواکەوتوویی وڵات دەزانی و دەیناساند، بوونی کۆمەڵگەی چینایەتی و دەسەڵاتی خاوەن زەوی و خاوەن سەرمایەکانیش دەبوونە هۆی لاوازیی خەڵکی و دواکەوتووییان. بەم جۆرە هەمووان مەحکوومی بنەما کۆمەڵایەتییەکان بوون و، هەر ئەوەندە بەس بوو کە کەشی کۆمەڵایەتی گۆڕانی بەسەردا بێ بە مەبەستی شاردنەوەی چەپەڵییەکان.

لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕش، کەشەکە گۆڕدرا بەڵام نەک چەپەڵی و کەلێنی چینایەتی و دواکەوتوویی هەروا مایەوە، بەڵکوو قەیرانی ئاکاری و بایەخی و هێژاییشی پێوە زیاد بوو. لە دوایین ساڵەکانی دەیەی ٦٠، کەسانێک دەنگیان هەڵبڕی و گوتیان بێجگە لە ئیمپێریالیزم، خۆیشمان کارتێکەریمان لەسەر پێشکەوتن و دواکەوتنی کۆمەڵگەکەمان هەیە و، تاک بەتەواوی مەحکوومی کۆمەڵگە نییە و دەتوانێ بە پێداچوونەوە بە ئاکاری خۆیدا، لە خۆی و بەرپرسیارەتیی خۆی تێبگا. ئاوەها بوو کە جەخت لەسەر هۆکاری کۆمەڵایەتی لە بەرهەمە چیرۆکییەکاندا ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ڕوو لە کەمی بوو و، جێگەی خۆی بە هۆکاری تاکی و دەروونی دەدا. لە تەنیشت ئەوەدا، هۆگری بە شیکردنەوەی دۆخی دەروونیی تاک لە چوارچێوەی چیرۆکدا زیاتر و بەپێچەوانەوە، بانگهێشتن بۆ گۆڕین و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی کاڵتر دەبۆوە.

کاتێک کە ئەدەبیاتی ڕیئالیستیی ورووژێنەر و پارێزەری گۆڕان، بە دەستەوا ناسراوەکانی خۆی، دەبووە هۆی هەڵخڕانی هەستیاریی حکوومەت و، تەنانەت بڵاوکردنەوەکەشی ئەگەری ئەوەی هەبوو گیان و ژیانی نووسەرەکانی بخاتە مەترسییەوە، چیرۆکنووسیی دەیەکانی ٦٠ و ٧٠، بە تەکزکردن لەسەر دەروون و ژیانی تاکیی کەسایەتییەکانی نێو چیرۆک، هەم دەرفەتی ئەزموونی نوێی بۆ نووسەران ڕەخساند و، هەمژی کەشێکی نوێی لە گێڕانەوە ساز کرد کە بۆ سانسۆڕچییەکان کەشێکی نامۆ و نەناسراو بوو.

لەم شێوە ئەدەبیاتەدا، دەستەواگەلی ناسیاو بۆ خوێنەر و سانسۆڕچییەکان کاڵەوە بوو و جێگەی خۆیان بە دەستەواگەلی

نوێ دا، کە بە هۆی تاکیبوونیان دەبوو دەنکە بە دەنکە و چیرۆک بە چیرۆک لێیان تێگەیشتبای. ئەرکی خوێنەر قورستر بوو و، لەم ڕەوتەدا نەدەکرا کەلک لە ئەزموونە پێشوویەکانی وەر بگرێ و، دەستەوای هەر چیرۆکێکی جیاجیا وەردەگرت و شی دەکردەوە؛ دەمودەزگای سانسۆڕیش دەکەوتە بێنەوبەرە، چونکوو دەبوو بابەت بە بابەتی دەستەوا نوێ و کێشەخوڵقێنەکانیان دۆزیبایەتەوە. لێرەدا بوو کە ڕۆڵی فاکتەرە دەروونییەکانی چیرۆک وەک کەسایەتی دارشتن، هێڵی چیرۆکی، گەڵاڵە و پیلان (طرح و توطئە) و کات و شوێن، زەق بوونەوە. بەم جۆرە ئەم شێوە ئەدەبیاتە، پێوەندییەکی جیاواز لە پێوەندییە پێشوویەکانی ئەدەبیاتی دەروەستی لەنێوان نووسەر، خوێنەر، دەق، هەناوی خودی دەق و، دەزگای سانسۆڕدا؛ پێشنیار کرد. بەڵام چۆن بوو ئەدەبیاتی پاش شۆڕش بەم پێوەرانە گەیشت و، درەنگتریش لەوە تێپەڕی؟ دەستەواکانی ئەدەبیاتی دەروەست، چاودێری جووڵە و بزووتنەوە و ئاکاری کۆمەڵایەتی بوو و؛ دەستەوای چیرۆکەکانی دوایین ساڵەکانی دەیەی ٦٠ و ٧٠ پتر لە دەوروبەری نێوماڵ و بنەماڵە و ژیانی تاکیی مرۆڤ دەخولایەوە.

بە لەسێدارەدانی سەعید سوڵتانپوور، شاعیر، شانۆنامەنووس و دەرهێنەری شانۆ لە بەرەبەیانی ڕۆژی ١ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی، نووسەرانی ناحکوومی دەبوو خێرا بۆ پرسیارێک وەڵامیان هەبا: ئایا ئامادەن کەشی دووجەمسەری پێش لە شۆڕش سەرلەنوێ دروست کەنەوە و بیکەنە پێوەرێک بۆ داهاتووی خۆیان؟ وەڵامی ئەرێنی بەم پرسیارە، ئەگەری مەترسیی گەورە تەنانەت لەنێوچوونیشی دەخستە سەریان. لەسەر بنەمای ئەم پێویستییە بوو هووشەنگ گوڵشیری لە وتووێژێکدا لەگەڵ محەممەدعەلی سپانلوو، لە پاییزی ساڵی ٦٠دا، ئاماژە بە پێویستیی دارشتنی ڕێبازێکی نوێ لە چیرۆکنووسیی ئێراندا دەکا: «[ئێمە دەبێ] سەرەتا سنووری کاری خۆمان دیاری بکەین. بایەخ و چەمکەکان جارێکی دیکە پێناسە بکەین، ئەو کات [بەر لە شۆڕش] ئەم کێشانەمان نەبوو. ئێستا گرینگترین کاری ئێمە ئەوەیە، لەگەڵ هونەرمەندان بگەین بە پێناسەیەکی سەرلەنوێ دارێژراو و شەقڵگرتوو.»(٤)

لەو ڕێبازە نوێیەی کە گوڵشیری پێشنیاری کرد، دووجەمسەریی باو (دو قطبی)ی چاکە و خراپە ڕەت دەکراوە و، لە جیاتی ئەوە کۆمەڵێک لە نامسۆگەری (عدم قطعیت) و چوونە نێو دوو چەمکەوە جێگیر دەبوو. سەرەڕای ئەوە، گوڵشیری ڕێگایەکی نوێی لەسەر بنەمای ڕەوتێک لە هەندەک (جزء)ـەوە بۆ گشت و، لە تاکەوە بۆ کۆمەڵگە پێشنیار کرد: «کاتێک ئەتۆ بێی و لە نێوان شتومەکی سەر ئەم مێزە، لەسەر ئەم فینجانە هەڵوەستەیەک بکەی و ڕاڤەیەکت لەسەری هەبێ، لەڕاستیدا جادوویەکت کردووە [...] ئەمن کاتی خۆی، وەمدەزانی زۆر وەڕەزکەرە. ئەمڕۆ بیر دەکەمەوە سەرنجڕاکێشترین بەشی ژیان ئەوەیە کە دەچییە دەرێ و دێیەوە، دەڵێی چ باس؟ لایەنی بەرامبەرت بەوردبینییەکی زۆرەوە، هەموو هەندەکەکانت بۆ شی دەکاتەوە.»(٥)

گوڵشیری پێشنیار دەکا سەرنج بدەینە شتە وردەکان و دیسان بیانبینینەوە و لە داواکاری گەورە خۆ ببوێرین. ڕاشکاوانە دەڵێ بابەتی گشتی و شتگەلی گەورە وا دەیانهەوێ لە یەک شەودا دنیا بگۆڕن، فرت و فێڵن.(٦) ئاکامی وانەکانی گوڵشیری و ئەو ڕێگایەی لە پێش نووسەرانی دوای شۆڕشدا داینا، ئەو چیرۆکانەی دەیەکانی ٦٠ و ٧٠ن کەوا، یەک کەمتر و یەک پتر، گێڕانەوەی جیایی و دوورکەوتنەوەن (سایەای از سایەهای غار، شهریار مندنی‌پور؛ جامە بە خوناب، رضا جولایی). گێڕانەوەی لەنێوچوون و شپرێویی دەروونین (بشکن دندان سنگی را، مندنی‌پور). گێڕانەوەی ژیانی کەسانی تاک و تەرا و گەمارۆدراوی کۆمەڵگەن (شازده کوچولو، جعفر مدرس صادقی). گێڕانەوەی سەفەرە بێئاکامەکانن (گردش‌های عصر، رضا فرخبال). بانگهێشت بۆ حاشاکردن لە خۆ بەشێوەیەکی بێبەزەییانە و، بۆ هیوابڕاوی لە خۆ (دل دلدادگی، مندنی‌پور). دنیای کەسایەتییە نزمەکان لە دنیایەکی نزمدا (سمفونی مردگان، عباس معروفی).

ئەدەبیاتی دوای شۆڕش –هەتا ڕادەیەکی زۆر- ئایدییای مرۆڤی چەشنی (تیپیک)ی وەلانا. لە بەرهەمەکانی ئەم چاخەدا ئیدی باسێک لە حاجی ئاغای سادق هیدایەتیانە، کابرایەکی کاسب وەک بابقولی بەندار(٧) و، کرێکارانێکی وەک حەمە میکانیک(٨) لەگۆڕێدا نییە. لەگەڵ ئەوەش، ئەگە لە ئەدەبیاتی دەروەستدا، تێوەچوون لەگەڵ هێزی زاڵی ئابووری-کۆمەڵایەتی و، ئەوەی لە دەرەوەی چوارچێوەی ماڵدا ڕووی دەدا گرینگ بوو. لە چیرۆکی پاش شۆڕشدا، پێوەندیی هەستیارانە و خۆشەویستانەی نێوان ژن و مێرد و ئەگەر بنەماڵەیەکیش هەبێ لە نێوان ئەندامانی ئەو بنەماڵەیەدا و، هاوڕێیەتی و دوژمنایەتیی تاکی و کارییە کە گرینگە. دەستەواکانی ئەدەبیاتی دەروەست، چاودێری جووڵە و کردەی کۆمەڵایەتی بوو و، لە بەرامبەردا دەستەوای چیرۆکەکانی دوایین ساڵەکانی دەیەکانی ٦٠ و ٧٠ لە دەوروبەری ماڵ و بنەماڵە و چوارچێوەی تاکەکەسیی ژیان چڕبووبۆوە. هەر لەسەر ئەم بنەمایە کە پێوەندیی هێز لەم چیرۆکانەدا، بە پێی پێوەندیی تاکییە و، لایەنەکانی ڕێکخراوەی هێزە کۆمەڵایەتییەکان لەبیر چۆتەوە.

بەگشتی، چیرۆکنووسیی دوای شۆڕش هەر چەشنە ئەرک و بەرپرسایەتییەکی کۆمەڵایەتی بۆ ئەدەبیات ڕەت دەکردەوە. بڕەودان بە ڕێژەخوازی، ترساندنی نووسەران بەمەبەستی دوورکەوتنەوە لە دارابوونی جیهانبینی و ڕوانگەیەکی دیاریکراو و ڕوون و، هاندان و ڕاکێشانی سەرنجیان بۆ سەر کێشە دەروونییەکان، بووە هۆی بەدیهاتنی گێڕانەوەگەلێک کەوا بەتەواوی کەموکووڕییەکانی پێکهاتە و ناوەندە ئاراییە کۆمەڵایەتی و، زوڵم و زۆری حکوومەتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بەهەند نەدەگرت و یاخود دەبووە هۆی کاڵبوونەوەیان. چیرۆکەکان باسیان لە زەخت و مشتومڕێک دەکرد بەڵام نەیاندەتوانی یان نەیاندەویست، ڕاستەوخۆ ئاماژە بە یەک لە بنچکە سەرەکییەکانی ئەم کێشانە کە هێزی سیاسیی چاوپشکێنی ئایینی بوو، بکەن. لێڵی و ناڕوونی زمانی، نامسۆگەری لە گێڕانەوەدا، سەرنجنەدان بە ڕۆڵی هێزی زاڵی حکوومەت و، جێگۆڕکێی ئەو کێشە سەرەکییانە لەگەڵ پێوەندییە ناڕوونە تاکەکەسییەکان، کاری، دراوسێیەتی، بنەماڵەیی و ئەوینتەوەرانە و،



سەرچاوە
Serchawe

سەرنجدانی لە ڕادەبەر بە چوارچێوە و فۆڕمی گێڕانەوە، بووە لەمپەرێک و؛ لەسەر پێناسەی ئەرکێکی ڕوون و دیاریکراوی کۆمەڵایەتی بۆ چیرۆکنووسانی دوو دەیەی سەرەتایی شۆڕشی ئێران ڕێگر بوو.

**سەرچاوەکان:**

١- همان، ص ٤٢.

٢- هوشنگ گلشیری، هشت داستان، تهران: اسفار، ١٣٦٣، ص ٨.

٣- محمد مختاری، «چشم مرکب»، آدینه، شماره ٥٩، خرداد ١٣٧٠، ص ٧٧.

٤- هوشنگ گلشیری، گفتوگو با محمدعلی سپانلو و مهرداد رهسپار. چراغ، جلد ٤، پاییز ١٣٦١. به نقل از گلشیری، هوشنگ. باغ در باغ، ج ٢ . تهران، نیلوفر ١٣٧٨.

٥- هوشنگ گلشیری، «رو در روی آینەهای دردار». گفتوگو با علی اصغر شیرزادی و محمد تقوی. دوران. شمارەهای ٨ و ٩. مهر و آبان ١٣٧٤. به نقل از گلشیری، هوشنگ. باغ در باغ، ج ٢. تهران، نیلوفر ١٣٧٨. ص ٨٣٠ - ٣١.

٦- همان.

٧- شخصیت منفی و دلال ظلمه در رمان کلیدر محمود دولت آبادی.

٨- شخصیت مثبت در رمان همسایەهای احمد محمود..

١٩ی فێبریوێری ٢٠١٩

# ⁎هۆکارەکانی گۆڕینی ناوی ڕەسەن و خۆجێیی شار و شوێنە مێژووییەکانی کوردستان



سەردار زەنگەنە

## وەرگێڕان

گۆڕینی ناوی خۆجێیی شارەکان، ئاواییەکان و شوێنە مێژووییەکانی کوردستان، هەوڵێکی سیستماتیکە کە لەلایەن دەستەڵاتە دژی گەلییەکان؛ لە سەر ڕەوتی تواندنەوەی کولتوور و زمانی کورد و سڕینەوەی شوناسە مێژووییەکەی، دەدرێ. زۆر جاران لە هەواڵەکاندا ناوی «قوری قلعه«م بیستبوو، گەورەترین ئەشکەوتی ئاویی ئاسیا و هەروەها درێژترین ئەشکەوتی ئێرانە، کە لە شاری پاوەی سەر بە پارێزگای کرماشان هەڵکەوتووە. بەڵام بیستنی ئەم ناوە لە زمانی کوردیدا بۆ من هەڵگری هیچ مانا و واتایەک نەبوو، هەتاکوو لە دوای ماوەیەکی زۆر ئەم مەتەڵۆکەیەم هەڵهێنا و ئەوەی لێی دەگەڕام لە کتێبێک بەناوی «کرمانشاهان و تمدن دیرینەی آن» لە نووسینی «ئیرەج ئەفشار»دا دۆزییەوە. لە بەشی ناسینی ئەشکەوتەکانی پارێزگای کرماشان لەمەڕ «قوری قلعه«ەوە ئاوا دواوە: »ئەشکەوتی "قوری قلعه" لە داوێنی ڕۆژئاوای شاخی شاهۆ لە شاری پاوە هەڵکەوتووە. لە بەرزایی کێوی "گەوری قەڵا" لە 27 کیلۆمیتری شاری پاوە (ڕێگای سەرەکیی ڕوانسەر-پاوە) قەڵایەک لە دوایین ساڵەکانی دەسەڵاتداریی ساسانییەکان و سەرەتاکانی هاتنی ئیسلام بۆ ئەم ناوچەیە، هەبووە، کە بەشێک لە دیوارەکانی لە کێوی گەوری قەڵا ماوەتەوە. بەم بۆنەوەیە کە ئەم شوێنەیان بە "قەڵای گەوری"، "قەڵای گاور" و "قەڵای گەور" ناو ناوە؛ بەڵام وردە وردە لەگەڵ تێپەڕبوونی زەمەن و بەهۆی بە هەڵە بێژەکردنی ئەم وشەیە لە لایەن خەڵکی بیانی و لە ئاکامدا بە گۆڕینی ناوەکەی بە "قوری قلعه" ناسراوە.

## بەشی یەکەم

لە ئەدەبیات و گۆرانی فولکلۆری کوردی، وشەکانی "گەبر"، "گەور" یان "گاور" کە بە کوردانی پێش لە ئیسلام گوتراوە، زۆر ڕەنگی داوەتەوە و زیاتر بە واتای کافر هاتووە. بۆ نموونە لێرەدا:

«دەبم بە غولام بۆ چاوی مەستت
خۆ من گاور نیم کەوتوومە دەستت»

ئەم بەیتەمان هەیە کە لە لایەکەوە ڕوونکەری ناو و وشەی گاور وەک هاوتەرازی کافر یان زەردەشتییە و، لە لایەکی دیکەشەوە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە زەردەشتییەکان کاتی خۆی لەلایەن سپا و دەستەڵاتبەدەستانی ئایینی ئیسلامەوە بەدیل گیراون و زەبروزەنگیان لەسەر بووە. کەواتە بەپێی ئەو باسانەی کە کرا بێژەی درووستی ناوی "قوری قلعە" هەمان گەوری قەڵا واتە قەڵای گاورەکانە. لەم چەشنە ناوانە لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان زۆرە، وەکوو "تاق گاورین" واتە تاقی گاورەکان کە بۆ سەردەمی پێش لە ئیسلام دەگەڕێتەوە و ناوی یەکێک لە دێهاتەکانی شیروان و چەرداوڵ لە پارێزگای ئیلامە. لەو ناوچانەی دیکە وا دەتوانم ئاماژەیان پێ بکەم، ناوچەیەک لە نیزیکی شوێنی لەدایکبوونی خۆم "چوارملەی دیزەگران" سەر بە شاری شاباد لە پارێزگای کرماشانە، بە ناوی "قەڵا گەوری" کە ئاسەواری بەجێماوی گۆزە و سواڵەتە شکاوەکانی، سەلمێنەری پێشینەی دووروودرێژی ئەم ناوچەیەیە. هەروەها لە شاری سەڵماس ئاواییەک بەناوی "گەورئاوا" هەیە و زۆر ناوی لێکچووی تر لە ناوچە دوور و نیزیکەکانی کوردستان هەیە و بەرچاوە، کە لە وشەی گاور زیاتر بۆ ناودێرکردنی شوێنکەوتووانی ئایینی زەردەشتی کەلکی لێ وەرگیراوە، هەر وەکی دەزانین پێش لە هاتنی ئایینی ئیسلام زۆرینەی خەڵکی کوردستان لە سەر ئایینی زەردەشت بوون.

دووناویی شوێنەکان لە ناوچە دووزمانەکان، بەتایبەتی لە کوردستان، نیشاندەری ستەم و غەدرێکە کە لەلایەن نووسینگە و بارەگای دەسەڵاتبەدەستانی کوردستانەوە و بەهۆی خۆویستی و خەیاڵاتی بوونی نووسەرەکانیان، لە نەتەوەی کورد کراوە. ناوی شوێنەکان و بەتایبەتی شوێنە کەوناراکان بەشێک لە شوناسی مێژوویی نەتەوەیەکە. فرەیەک لە شوێنەکان لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێراندا دووناو کراون، ناوێکی خۆماڵی و ناوێکی دەسەڵاتداران! لە بنەڕەت ڕا ئەم سیاسەتی دووانەییە بە ئەنقەست و بە بەرنامەداڕێژراوییەوە و بەمەبەستی سڕینەوەی شوناسی سەرەکیی ئەم جێگایانە و لە سەر ڕەوتی تواندنەوەی زمان و کولتووری نەتەوەکانە کە بەڕێوە دەچێ.

بەمەبەستی ساناکردنەوەی باسەکە دوو چیرۆک دەگێڕینەوە:

## بەشی یەکەم

چیرۆکی یەکەم لە کتێبی "تاریخ کرمانشاهان" نووسراوەی "محمدعلی سلطانی" دێنینەوە، چیرۆکەکە ئاوا دەست پێدەکا کە مێژوونووسێک دەچێتە یەک لە دێهاتەکانی سەرپێڵی زەهاو بە ناوی "بان زەردە" و لە بارەی ئەم دێیەوە ئاوا دەنووسێ: "ساڵانێکی زوو خاتوونێکی خێرخواز لەم دێهاتە دراوی زێڕی بە خەڵکی دەبەخشی، هەر بەو بۆنەیەوە بەم ئاواییەیان گوتوە "بانو زرده" واتە خاتوونێک کە زێڕ دەبەخشێتەوە". بەڵام خەڵکی ئەوێ بۆخۆیان دەڵێن "بان زەردە"، ئەمە لە کاتێکدایە کە بە وتەی محەممەدعەلی سوڵتانی لەم ئاواییە بەرزایی و تەپۆڵکەیەکی کۆنی لێیە زەرد دەنوێنێ و "بان زەردە" لە زمانی کوردیدا واتە بەرزایی و بانێکی زەرد و نەوەک شتێکی سەیروسەمەرەی تر!

چیرۆکی دووهەم لە گەشتنامەی ناسرەدین شای قاجارە، کاتێک لە گەشتێکیدا شەوێکی لە نیزیکی تاقوەسان دەمێنێتەوە، دەڵێ: "تاقێکی جوانی لە بەردسازکراو، لە هەناوی شاخ هەڵکەندراو کەوا بە هەڵە پێی دەڵێن "تاق بوستان"، لە کاتێکدا لەو دەوروبەرانە هیچ بێستانێکی لێ نییە و بەبڕوای من دەبێ ناوی "تاقی بوستام" بێ، چونکوو ئەم بەرهەمە لە پاش پاشایەک بەناوی بوستام بەجێ ماوە". خەڵکی ئەو ناوچەیە بەچاکی ئاگادارن ناوی ئەم شوێنە نە تاقی بوستامە و نەوەک تاقی بوستانیش، هەڵبەت لانیکەم ناسرەدین شا لەوێدا بەهەڵە نەچووە کە وشەی بێستان بۆ ئەو جێگایە زۆر ناشیاو و نابەجێیە، خەڵکی خۆجێیی ئەو ناوچەیە بۆخۆیان پێی دەڵێن "تاقوەسان" بە زاراوەی کرماشانی "تاقوەسان" واتە تاقێک کە لە بەرد دروست بووبێ. ناوە خۆماڵییەکەی ئەم شوێنەش هەروەکوو ناوی ئاوایی "بان زەردە" ناوێکی پوخت و ساکارە و هیچ دیرۆک و چیرۆکێکی سەیروسەمەرەش لە پشت ئەم ناوەوە نابێ ببێ؛ هەرچەندە بەڕواڵەت نووسینگە و بارەگای وڵاتی ئێمە زۆر خۆشی لەم جۆرە ناوانە نایە!

ئەو دوو چیرۆکەی سەرێ سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن کە دەستپێکی نووسینی نووسینگە حکوومەتییەکان لە ناوچە دووزمانەکاندا، بەهۆی خۆویستی و خەیاڵاتی بوونیی نووسەرەکانیان ناوی شوێنەکان و بەتایبەتی شوێنە کەوناراکان؛ گۆڕدراون. لەم پێوەندییەدا وەبیرهێنانەوەی چەند خاڵێک پێویستە، یەکەم ئەوەی کە ناوی شوێنەکان بەتایبەت شوێنە کەوناراکان لە ڕوانگەی وشەییەوە واتایەکی ئەوتۆیان لە زمانەکانی ئەمڕۆدا نییە، هەر وەکوو چۆن ناوی زۆربەی شارەکانی ئێران بۆ نموونە تەورێز، تاران، ئیسفەهان و ... لە زمانی ئەمڕۆژیدا واتایەکی تایبەتیان نییە، کەواتە چ پێویست دەکا بۆ نموونە کرماشان وا بێ؟ لەم جۆرە شوێنانە لە ناوچەکانی کوردستان زۆر نموونە هەیە و تاوتوێی ڕێکوپێکتری مێژوو و چۆنیەتیی ناونانیان پێوەندی بە زمانناسان و مێژوونووسانەوە هەیە و لەم وتارە کورتەدا لێدوانی زیاتر لەو بارەوە ناکرێ.

ناوی خۆجێیی بەبێ هیچ پێچەڵپێچییەکی تایبەت ناوی ڕاستەقینەی ئەو شوێنانەن کە بێگومان هێندێک لەوانە ئەگەری

## بەشی یەکەم

ئەوەی هەیە بنچکیان لە هەناوی مێژوویەکی هەر بەو ئەندازەیە ساکارەوە بێ. ناوگەلێک وا نەتەوە و گەلێک بەکاری دێنن، خەزێنەیەکی پڕبایەخ لە مێژوو و شوناسی ئەو گەلە لە خۆ دەگرێ کە بە وردبوونەوە لەوە دەکرێ بەشێکی زۆر لە ناڕوونیی مێژوویی ئەو خەڵکە ڕوون بکرێتەوە.

بەداخەوە لە ئاکامی ڕوانگەی نابەرپرسانەی بەرپرسەکان لە بواری وەرگێڕانی ئەم ناوانەدا بۆ سەر زمانی فارسی کە زۆرینەی ئەو کەسانە وا ئەو کارەیان پێ دەسپێرن، کەمترین زانیارییان لەسەر زانستی زماننناسی و وەرگێڕان نییە؛ بەشێکی زۆر لەم ناوانە شوناس و واتای خۆی لە دەست داوە و بوونەتە وشەگەلێکی بێواتا و ناپێوەندیدار بەو شوێنانەوە.

یەک لەو وشانە کە لە پڕۆسەی ئەم وەرگێڕانانەدا، خەساری زۆری لێ کەوتووە ناوی (مایشت)ـە. مایشت کە ئێستا پێی دەڵێن "ماهیدشت"! یەک لە بەرینترین دەشتەکانی وڵاتی ئێرانە و لە پارێزگای کرماشان هەڵکەوتووە.

لەمەڕ ناوی ماهیدەشتەوە دەتوانین بە ڕاشکاوانە بڵێین کە بێژەی "ماهی" لەم ناوەدا هەڵەیەکی گەورەیە لە وەرگێڕانی ئەم ناوە بۆ سەر زمانی فارسی، چونکوو لە بنەڕەت ڕا لە زمانی کوردیدا وشەی (ماهی) هەر نییە، بەڵکوو کوردەکان دەڵێن (ماسی)، ئەم وەرگێڕانە بە مەرجێک درووست دەبوو کە ناوی خۆماڵی ئەم دەشتە (ماسی دەشت) بوایە؛ لە کاتێکدا هەروەکوو باس کرا ناوەکەی مایشتە. هەروەها خاڵی سەرسووڕهێنەرتر هێنانی ماسی لەگەڵ دەشت لە جیاتی چۆم و ڕووبار و هتد! کە ئەمەش بۆخۆی شایەدێکە لەسەر ئەو ئیدیعایە کە بەرپرسانی پێوەندیدار بەو بەشەوە زانیارییەکی ئەوتۆیان لەو بابەتەوە نییە.

هێندێک وردبینی لە ناوە کوردییەکەی ئەم ناوچەیەدا پێویستە بۆ گەیشتن بە چەند خاڵی سەرنجڕاکێش.

لە توێژینەوەی ئەم ناوەدا دەکرێ بڵێین لە پێکهاتەی دوو وشەی (مای) و (یشت) دروست بووە.

بە هەڵسەنگاندنی وشەی یەکەم لەگەڵ وشە هاوشێوەکانی خۆی بۆمان دەردەکەوێ کەوا پیتی (د)ی نەبزوو، لەدوای پیتی بزوێنی (ا)، لە زاراوەی کەلهوڕیدا دەبێتە پیتی (ی)؛

بۆ وێنە:

جەواد = جەوای

## بەشی یەکەم

مراد = مرای

باد = بای

لەبارەی وشەی جێی باس، بێژەی (مای)یش لەم یاسایە بەدەر نییە و ئەم وشەیە هەر وشەی "ماد"ە.

شایانی باسە بەڵگە مێژووییەکان باس لەوە دەکەن ئەم دەشتە گرینگترین ناوەندی ڕاهێنانی ئەسپ، لە سەردەمی مادەکاندا بووە، کەواتە ناوی ماد لەسەر ئەم دەشتە نامۆ نییە و زۆریش ژیرانە و پێوەندیدارە.

لەمەڕ بەشی دووهەمەوە، دەبێ بوترێ وشەی (دەشت) لە زاراوەی کوردی خواروو (پاڵەیی) بەشێوەی (دەیشت) دەردەبڕدرێ، بەم جۆرە بە دانانی وشەگەلی "مای و دەیشت" لە تەنیشت یەکتردا (مای دەیشت)، وردە وردە بە تێپەڕبوونی کات و زەمەن و بۆ ئاسانیی بێژەکردن بووە بە مایشت کە لە وەرگێڕانی فارسیدا دەبێ بکوترێ دەشتی ماد نەوەک ماهی دەشت!

هەندێ جار سەرنجنەدانێکی ساکار لە وەرگێڕانی وشەیەکدا بە گشتی شوناسی یەک نەتەوە بە لاڕێدا دەبا. ناوێ کەوا هەزارەیەک لە مێژووی پڕ لە بەرزی و نزمی بە کۆڵەوەیە. بەڵام بەداخەوە زۆر زوو وەدرەنگی دەکەوین، ئەو کاتەی وا وەخۆ دەکەوین ئیتر درەنگە و کەلێنی ناوە کۆنەکان بە ناوی سازێندراو و بێشوناس ئاخنراوە و مێژوو بەپێی ئەم ناوە نوێ و دەستکردانە شرۆڤە دەکرێ.

١٩ی فێبریوێری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## درۆی نیسان و ڕێفراندۆمەکەی کۆماری ئیسلامی

چل ساڵ تێپەڕی بەسەر ئەو ڕاگەیەندراوەی کە لە ڕۆژی "جیهانیی درۆ"دا، بڵاو بۆوە! ڕێبەرانی ئەو تاقمەی کە دواتر بە کۆماری ئیسلامیی بەبێ هیچ پێشگر و پاشگرێک ناوی دەرکرد، توانییان بە فرت و فێڵی تایبەت بە خۆیان و قۆستنەوەی هەلی لەبار دەسەڵاتی وڵاتی ئێران بگرنە دەست و، بەم جۆرە نەیاران و جیابیرانی خۆیان لە گۆڕەپانی دەسەڵات وەدەر نێن. سنووقی دەنگدانێک کە بۆ خەڵکی ڕوون نەکرابۆوە کە ئایا کۆماری ئیسلامی چ شێوازێک لە بەڕێوەبردنی دەسەڵات ڕەچاو دەکا! درۆ و ڕاستییەکەی با لەسەر شانی مێژوونووسان و مێژووزانان بێ، ئەوەی کە لە ڕۆژژمێرەکاندا تۆمار کراوە ئەوەمان پێ دەڵێ کە لە ١٢ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ی هەتاویدا، دەنگی ئەو کەسانەی کە لە گشتپرسیی ڕۆژەکانی ١٠ و ١١ی هەمان مانگ و ساڵدا بژێردران ئاکامەکەی ئەوە بوو کە ٩٨.٢ لە سەدی بەشداربووان دەنگی ئەرێیان بەو سیستمە دا.

لێرەدا دەمانهەوێ بەکورتی چاوێک بە دەرەنجامەکانی چل ساڵەی دەسەڵاتێکدا بخشێنین کە لەو ڕۆژەدا دامەزرا و سەرکەوتنی خۆی ڕاگەیاند و هەتا ئێستاش لێکەوتەکانی لەسەر ژیانی تاک بە تاکی ئەو کۆمەڵگەیە دیار و کاریگەرە.

یەکەم شت دەکرێ باس لە پێشێلکرانی مافی مرۆڤ بێ، لەبەر ئەوەی ئەم ڕێژیمە لەگەڵ خۆی سەرەڕای بێبەشکردنی خەڵک لە مافە مەدەنی و سیاسییەکانیان؛ بە پاساوی شەرعییەتی ئایینیش توندوتیژی، کوشتوبڕ، ئێعدام، بەردباران، قرتاندنی ئەندامانی لەش وەک دەست و هەموو جۆرە ئەشکەنجەیەکی نەشیاو و ڕەفتاری نامرۆڤانەی لەگەڵ خۆی بۆ خەڵکی ئەم وڵاتە بەگشتی و دژبەرانی خۆی بەتایبەتی بەدیاری هێنا. ئەمانە و هەزاران جینایەتی وەک لەسێدارەدانی کەسانی سەر بە ڕێژیمی پاشایەتی و ئەندامانی حیزبە چالاکەکانی ئەو سەردەم، سەپاندنی شەڕ بەسەر خەڵکی کوردستان و تورکەمەن سەحرا و دەسبەسەرکردنی عەڕەبە ئەهوازییەکان بەبیانووی دژە شۆڕش و کریگرتەبوونی وڵاتانی زلهێز و... لە دوایین ساڵەکانی دەیەی ٥٠، کۆمەڵکوژییەکانی دەیەی شەست و زنجیرە ئەوانەی ملیان بە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریی ساڵی ٨٨ نەدا و دواتریش دەستبەسەرکردن و ڕەشبگیریی خەڵکی نارازیی سەر شەقامەکان لە بەفرانباری ٩٦ی هەتاوی و خۆکوژی پێکردنیان لە گرتووخانەکانی ناوەندە ئەمنیەتییەکان؛ تەنیا خاڵی زەق و دڵۆپێک لەم زەریا بێبەزەییەن کە وڵاتێکی داگرتووە. ئەمە لە کاتێک دایە کە هەرکام لە بەڕێوەبەران و بڕیاردەرانی ئەم جینایەتانە کە دەبوو و دەبێ لە دادگا نێودەوڵەتی و بێلایەنەکاندا وەکوو کەسانی کۆمەڵکوژ و دژەمرۆڤ ڕادەستی یاسا و دادگایی کرابان و بکرێن؛ دواتر لە لایەن بەڕێوەبەران و بەتایبەتی خودی ڕێبەرانی ئەم ڕێژیمە خوێنڕێژەوە پلەکانی سەرکەوتنیان یەک لە دوای یەک پێ

بەخشراوە و هەر جارەی پۆستێکی بەرزتریان وەبەر کەوتووە!

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بەشەکانی دیکەی تاقیکردنەوەکانیشیدا نەیتوانیوە یان باشتر وایە بگوترێ نەیویستووە، ژیانێکی شیاو و مرۆیی بۆ زۆربەی هەرە زۆری دانیشتووانی ئەو وڵاتە دابین بکا و، بەهۆی گەندەڵییەکی سیتسماتیک و لەبن نەهاتوو کە سەروبنی دەسەڵاتی لەخۆ گرتووە، هەموو جۆرە دیاردەیەکی ناشیرین و بێزبزوێن لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆی ئێراندا بۆ وێنە؛ دزی، درۆ، خۆکوژی، لەشفرۆشی لە ئاستێکی بەربڵاودا، فرۆشتنی ئەندامانی لەش بەبۆنەی هەژاری و بێدەرەتانییەوە، کڕین و فرۆشتن و تووشبوون بە مادە هۆشبەرەکان و پیشەی سووک و زەحمەتباری کۆڵبەری بەتایبەتی لە کوردستان و... سەری هەڵداوە، کە هەموو ئەمانە لەسۆنگەی سیاسەتی بەگەندەڵ کێشراو و هەڵاواردنی چینایەتی و ڕەگەزی و ئەتنیکی و ڕوویان داوە و، لە هەمان کاتدا نەبوونی ئیرادەیەکی بەڕاستیی چاکساز لە نێو کاربەدەستانی ڕێژیمدا بۆتە هۆی ئافراندنی دۆخی هەنووکەیی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی. کۆی ئەم کەمایەسییە نێوخۆییانە و سەرجەم ئەو ڕووداوە دڵتەزێنانەی کە ڕۆژانە لە ئێران ڕوو دەدەن وەک ئاگرکەوتنەوە لە ژینگەکان، قەیرانی کەمئاوی و ویشکەساڵی، بوومەلەرزە یەک لە دوای یەکەکان و هەستانی لافاوی ئەم دواییانەش باوێینە سەری و، هەر لەم سۆنگەیەوە چاوێک لە دژکردەوەی ناکردارییی بەرپرسانی بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەم ڕێژیمە لەمەڕ ئەم هەمووە قەیرانە بکەین، بووەتە هۆی ئەوەی پتر دەربکەوێ کە ئەم ڕێژیمە چەندە بە خەمی خەڵکییەوە ماندووە و چەندە بەدەم خەڵکەوە هەن!

سەرەڕای ئەم گشتە پرس و کێشانە کە دیمەن و سیمایەکی دزێوی بەم وڵاتە داوە لە ئاستێکی بەربڵاوی نێونەتەوەییدا، دەستێوەردانەکانیشیان لە وڵاتانی ناوچە و دەوروبەر و هەناردەکردنی ئیدئۆلۆژیی خۆیان و بارستایی ئەو تێچووە زۆرەی (کە بەش و سامانی خەڵکی برسیی ئەم وڵاتەیە) لەم ڕێگەیەدا، هێندەی دیکە خەڵکی ئێران و تەنانەت زۆربەی دنیای بەو دەرەنجامە گەیاندووە، کە ئەم ڕێژیمە بەرەو چاکسازی و دابینکردنی مافە سەرەتاییەکانی شارۆمەندانی خۆی و خۆشبژێوییەک کە شایانی ئەوانە هەنگاو نانێ.

ڕێژیمێک کە لە بنەڕەتڕا بەرەسمی ڕاگەیاندنەکەی هاوکات لەگەڵ ڕۆژی جیهانیی درۆ دایە، ئیتر ڕەنگە چاوەڕوانیی ڕاستیی لێ نەکرێ!! لەگەڵ بەدەسەڵات گەیشتنیان چەندەها بەڵا و چارەڕەشیی سروشتی و ناسروشتییان بەسەر خەڵکەکەیاندا باراندووە و، نەحسی و شوومییەک کە لەم چل ساڵەی ڕابردوودا سێبەری ڕەشی بەسەر وڵاتدا کێشاوە؛ بەو قەناعەتەمان دەگەیەنێ کە لە ڕاستیدا ئەو نەحسی و سێزدەیەی کە دەبێ و پێویستە دەربکرێ هەر ئەم دەسەڵاتە لەسەر درۆ دامەزراوەیە نەوەک شتێکی تر! پرسیار ئەمەیە ئایا لە گشتپرسییەکی دیکەدا و لەدوای چوار دەیە دەسەڵات بەم شێوازە، ئەمجارەیان ڕێژەی دەنگەکان چۆن و چەند بە چەند دەبێ و، ئایا سێزدەی مەبەست وێڕای ئەم هەمووە قەیران و کێشە نێوخۆیی و

بەشی یەکەم

دەرەکییەی کە سازی کردووە و بۆخۆی خوڵقێنەری بووە و، سەرەڕای هەموو سەرکوت و زەبر و زەنگەکەی دەتوانێ و پێی دەکرێ هەنگاو بنێتە ٤١ ساڵ تەمەنیەوە؟!

بۆ دوایین قسە وا باشە تویتی مایک پۆمپێئۆ وەزیری کاروباری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بێنینەوە کە لە ساڵرۆژی چل ساڵەی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بڵاوی کردەوە: "ئایەتوڵڵا خومەینی لە ساڵی ١٣٥٧دا بەڵێنی بەختەوەریی لە داهاتووی بە خەڵکی ئێران فرۆشت، چل ساڵ دواتر، ڕێژیمی گەندەڵی ئێران، بێجگە لە پەیمان و بەڵێنێکی شکاو، هیچ شتێکی بۆ پێشکەش کردن نییە."

٢ی ئەپریلی ٢٠١٩

## «نقاشی قهوه‌خانه»، تێرۆریستەکەی میکۆنووس و بیرەوەرییەکانی

پەرویز دەستمالچی

وەرگێڕان

**پەرویز دەستمالّچی، چالاکی سیاسی کە لە تێرۆرەکەی میکۆنووس زیندوو مایەوە، دژکردەوەی بووە لەسەر بڵاوبوونەوەی بیرەوەرییەکانی "کازم دارابی" لە تۆمەتبارە سەرەکییەکانی ئەو تێرۆرە.**

بیرەوەرییەکانی کازم دارابی، لە تاوانبارە سەرەکییەکانی تێرۆری بێرلین و ڕێکخەری سەرەکیی ئەم تێرۆرە کە بڕیاری زیندانی هەتاهەتایی بۆ دەرچوو، لە کتێبێکدا لەژێر ناوی "نقاشی قهوه‌خانه" بڵاو بۆتەوە.

من هێشتا ئەم کتێبەم نەخوێندۆتەوە و، بڕیار وایە بۆم بنێرن، بەڵام پێم باش بوو چەند دێڕێک لەسەر ڕاپۆرتی سایتی "مشرق" کە لەسەر ئەم کتێبە نووسراوە، بنووسم و ئاماژەیەک بە شێواز و دروستی و نادروستیی ڕاپۆرتەکە و ڕاستیی هەواڵنێرانی حکوومەتی ئایینیی ئێران بکەم.

دارابی کە بڕیاری هەتاهەتایی بەسەردا سەپابوو، پاش تێپەڕاندنی دوو لە سێی زیندانەکەی ڕادەستی ئێران کرایەوە. ئێستا لەدوای نیزیک بە یازدە ساڵ کتێبی بیرەوەرییەکانی لەژێر ناوی "تویژینەوە"یەک لە چاپ دراوە. بۆ یەکەم جار عەلی خامنەیی لە جیات ڕێستوورانی میکۆنووس دەستەواژەی "قهوەخانە"ی بەکار برد.

سایتی "مشرق" لەمەڕ ناساندنی ئەم کتێبە لە ڕێکەوتی ١٥ی ڕێبەندانی ئەمساڵدا، ڕاپۆرتێکی بڵاو کردەوە کە چەند خاڵێکی نادروستی تێدایە،

لێرەدا ئاماژە بە بەشێکیان دەکرێ:

١- سایتی "مشرق" نووسیویەتی: "... هەروەکوو لە پێشەکیدا گوتمان لە دەرەوەی ئێران لەبارەی ڕووداوی میکۆنووسەوە

بەرهەمی زۆر نووسراوە، بەڵام کتێبی "نقاشی قهوەخانە" یەکەمین بەرهەمە ئێرانییەکەیەتی ..."

ناڕاست: هەر بۆخۆم پێنج بەرگ کتێبم لەسەر تێرۆریزمی حکوومەتیی کۆماری ئیسلامی و تێرۆری "میکۆنووس" بە زمانی فارسی (بەرهەمی ئێرانی) بڵاو کردۆتەوە، کە دواییینەکەیان ناوی "تێرۆر بەناوی خودا"یە. شەش بەرگ "بەڵگە"ش لەبارەی تێرۆری بێرلینەوە بە زمانی ئاڵمانی لە لایەن منەوە لە "کومیتەی ئۆپۆزیسیۆنە ئێرانییەکانی تاراوگەنشین" بەرهەم هاتووە و بڵاو کراوەتەوە. بێجگە لە من ئێرانیی تریش هەر لەم بابەتەوە کتێبیان نووسیوە.

٢- "مشرق" هێناویەتی: "... بیرەوەرییەکانی تۆمەتباری دادگا بڵاو بۆوە ..."

ناڕاست: دارابی (بگێرەوەی کتێبەکە) تۆمەتبار نییە، تاوانبارە. لەبەر ئەوەی تاوانی وی سەلمێندرا و لە دادگا بڕیاری زیندانی هەتاهەتایی بۆ دەرچووە.

٣- "مشرق" نووسیویەتی: "... لە ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ی زایینیدا، سێ کەسی تیمێکی تێرۆریستی دێنە نێو مەیدانی پاکەوە ... لەوێ ٩ کەس کە زۆرینەیان ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون، لەدەوری مێزێک کۆ ببوونەوە و دانووستنێکیان پێک هێنابوو. کەسێکی چەکدار کە نیوەی دەموچاوی خۆی داپێچابوو، وەبەر دەستڕێژیان دەدا و کەسێکی دیکەش کە دەمانچەی پێ دەبێ، فیشەکی کۆتایی لە دوو دانە لە برینەدارەکان دەدا. لە ئاکامی ئەم کردەوە تێرۆریستییەدا چوار کەس دەکوژرێن کە یەکیان ڕێبەری حیزب بوو و خاوەن ڕێستوورانەکەش بەتوندی بریندار دەبێ ..."

ناڕاست: یەک، ناوی شەقامەکە "پراگ(Prager Str.)" ـە و نەوەک پاک. دوو، بەپێچەوانە، زۆرینەی ئەو کەسانەی لەوێ بوون ئەندامی حیزبی دێموکرات نەبوون. لەو هەشت کەسەی کە لە دەوری مێزەکە دانیشتبوون تەنیا سێ کەسیان ئەندامی حیزبی دێموکرات بوون. سێ، ئەو سێ کەسەی کە بە مەبەستی تێرۆر هاتنە نێو ڕێستوورانەکەوە، بریتین لە: "عبدالرحمان بنی هاشمی (ابو شریف)" کادری تێرۆریستیی وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران، "عباس رایل" و "یوسف امین" کە هەر دووکیان خەڵکی لوبنانن و ماوەی شەش مانگ لە ساڵەکانی ١٩٨٥/٨٦ لە کەمپی سپای پاسداران لە نیزیک شاری ڕەشت، دەورەی فێرگەیان دیوە. "بنیهاشمی (دەسرێژکەر)" هەڵاتەوە بۆ ئێران و لەوێ خەڵاتیان کرد، "رایل (ئەوەی وا فیشەکی کۆتایی لێدان)"، بڕیاری زیندانی تاهەتایی بۆ دەرکرا و "امین (کێشکی بەر درگا)" یازدە ساڵ زیندانی بەسەردا سەپا. لەدوای بەربوونیان، هەر دووکیان کار بۆ حیزبوڵڵای لوبنان دەکەن و هەروەها هاتوچوویان لەگەڵ ئێران هەیە.

**٤- لە ڕاپۆرتەکەی "مشرق"دا هاتووە:** "... ئەم ڕووداوە بوو بە یەکێک لە پرکێشەترین پەروەندەکانی مێژووی دادوەریی وڵاتی ئاڵمان، کە لەوێدا کازم دارابی، خوێندکار و بازرگانی دانیشتووی ئاڵمان لە تۆمەتبارانی سەرەکیی ئەم پەروەندەیە بژار دەکرێ. ڕەوتی تویژینەوەی دادستێنیی سەرەکیی ئەیالەتی بێرلین، شێوەی لێکۆڵینەوە، لایەنگریی شایەدیی شایەدەکان، هەل ڕەخساندنی ئۆپۆزیسیۆن، گوشاری چاپەمەنی و بیروڕای گشتیی وڵاتی ئاڵمان و... بوونە هۆی ئەوەی دادگای میکۆنووس لەدوای سێ ساڵ و نیو لێکۆڵینەوە (٢٨ی ئۆکتۆبری ١٩٩٣- ١٠ی ئاوریلی ١٩٩٧) بڕیار لە دژی دارابی و دەوڵەتی ئێران دەر بکا. ئێران هەرگیز ڕۆڵی دەست تێدابوونی خۆی لەو ڕووداوە وەئەستۆ نەگرت؛ بەڵام ئەم کێشەیە بووە هۆی خولقانی قەیرانێک لەنێوان ئێران و وڵاتە ئورووپاییەکان، هەتا بەو ڕادەی کە باڵوێزەکانی خۆیان لە ئێران کشاندەوە. کازم دارابی لە کۆتاییدا پاش ١٥ ساڵ لە ڕێکەوتی ٢٠ی سەرماوەزی ٨٦ی هەتاویدا، بێتاوان ناسرا و لەدوای بەربوونی لە زیندان لە ئاڵمان وەدەر نرا. دارابی هەر لەگەڵ هاتنەوەی بۆ ئێران ڕایگەیاند لە زووترین کاتدا بیرەوەرییەکانی خۆی دەنووسێتەوە. نیزیک بە یەک ساڵ لەو ڕۆژە تێدەپەڕێ و، ئێستا کتێبی بیرەوەرییەکانی کازم دارابی بە ناوی " نقاشی قهوەخانە" لە نووسینی "محسن کاظمی" لە لایەن چاپەمەنیی "سورە مهر" ڕەوانەی بازاڕ کراوە ..."

**ناڕاست:** دارابی بە تەنیا خوێندکار و "بازرگان" نەبوو. خوێندکار بوو، بەڵام بەبۆنەی دەرس نەخوێندنەوە لە "مدرسەی عالی فنی" دەر کرا، شکاتی کرد و قازی بڕیاری لەسەر گەڕاندنەوەی بۆ زانکۆ دا. بەڵام هیچ کات نەیتوانی خوێندنەکەی تەواو بکا. دارابی بڕوانامەی دیپلۆمی لە "هنرستان فنی"ی دوکتور شەریعەتیی شاری کازروون بە نمرەی ١٠/٨١ وەرگرت. لە شاری بێرلین دووکانی "سەوزی فرۆشی" هەبوو و، بڕیاردراوان "رایل" و "امین" لەو دووکانە کاریان دەکرد. دارابی سیخوڕیی بۆ باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامی لە بێرلین دەکرد، ئەندامی وەزارەتی ئیتلاعات بوو و هەروەها ڕێکخەری تێرۆری بێرلین، بەڵام بۆخۆی لە شەوی تێرۆرەکەدا تێدا نەبوو.

بڕیاری دادگای میکۆنووس هەر بەتەنیا دارابی و دەوڵەتی ئێرانی نەدەگرتەوە. ئەو پێنج تاوانبارەی لە دادگا بوون وەک بکەر و، "علی خامنەای"، "علی اکبر هاشمی رفسنجانی"، "علی اکبر ولایتی" و "علی فلاحیان"یش وەک بڕیاردەری تێرۆرەکە ناسران و بڕیاریان لەسەر دەرچوو. پەروەندەی قەتڵ لە وڵاتی ئاڵمان پێوەندی بە تێپەڕینی کاتەوە نییە، واتە هەتا بەدواداچوونی کۆتایی پەروەندەکە بە ئاوەڵایی دەمێنێتەوە. بۆ ئەو کەسانەی هەڵاتوون، وەک "عبدالرحمان بنی هاشمی" پەروەندەی ئاوەڵا و بۆ "علی فلاحیان"یش بڕیاری قۆڵبەست کردن دەرچووە. دادگا ٢٤٦ ڕۆژ کۆبوونەوەی پێک هێنا، هەموو شتێک بە سێ زمانی ئاڵمانی و فارسی و عەرەبی وەردەگێڕدراوە، نیزیکەی ١٧٠ شایەد بانگ کرانە دادگا، کە نیوەیان بە قازانجی تۆمەتبارەکان قسەیان دەکرد، تۆمەتبارەکان لەسەریەک ١١ پارێزەریان هەبوو، دارابی سێ پارێزەری هەبوو، سەرەتا پارێزەرەکان هەڵبژێردراوی خۆی بوون و دواتریش پارێزەریان بۆ دانا، دابین کردنی تێچووی پارێزەرە

دانراوەکانیش لە ئەستۆی دەوڵەتی ئاڵمان بوو. واتە ئەو بڕیارانەی کە لە لایەن دادگاوە دەرچوون هەموو لەسەر بنەمای سەلماندنی تاوان بووە و، نەوەک دەستێوەردانی لایەنێکی تایبەت. دارابی و تۆمەتبارەکانی دیکەش هەتا کۆتایی دادگا مافی ئەوەیان هەبوو کە نارەزایەتیی خۆیان لە هەمبەر هەر چەشنە بڕیار یاخود بابەتێکی "ناڕاست" بە مەبەستی پێداچوونەوە، دەرببڕن. بە پێچەوانەی ئیدیعای سایتی "مشرق"، دارابی لەدوای پازدە ساڵ زیندان، بە "بێتاوان" نەناسرا، ئەویان پاش تێپەڕکردنی دوو لە سێیی ماوەی زیندانەکەی ئازاد کرد، چونکوو دەوڵەتی ئێران گوشاری دەهێنا. لە ئاڵمان ماوەی بڕیاری "تاهەتایی" پازدە ساڵە و، پاش ئەوە دیسانەوە پێداچوونەوە دەکرێ بەسەر دۆخی مەحکوومدا. پارێزەرەکانی دارابی ئەم هەلە یاساییەیان قۆستەوە و پێش لە کاتی دیاریکراو هێنایانە دەرێ.

ئازادبوونی دارابی، پوانێک بوو کە دەسەڵاتدارانی ئاڵمانی بە کۆماری ئیسلامییان دا. دارابی لەدوای بەربوونی چوو بۆ ئێران و لەلایەن کاربەدەستانی باڵای وەزارەتی دەرەوە پێشوازیی لێ کرا؛ پێشوازی لە کەسێک کە کاری ڕێکخستنی بۆ کوشتنی چوار کەس کردبوو و لە هەمان کاتدا تاوانبار بوونیشی سەلمێندرابوو.

لەگەڵ ئەوەشدا، دارابی یازدە ساڵە گەڕاوەتەوە بۆ ئێران، واتە لە ساڵی ١٣٨٦دا و ئێمە ئێستا لە ساڵی ٩٧داین، واتە کتێبی گێڕانەوەی دارابی یازدە ساڵ پاش گەڕانەوەی بۆ ئێران بڵاو دەبێتەوە نەک یەک ساڵ دوای هاتنەوەی. نووسەر و دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەکەشی لە هاوکارانی ئەو دامەزراوانەن کە پێوەندی و هاریکارییان لەگەڵ ناوەندە ئیتلاعاتی و ئەمنیەتییەکان بنێشتە خۆشەی سەر زمانە.

٥- "مشرق" دەڵێ: "... پەرویز دەستماڵچی، ئەو کەسەی لە ڕووداوەکەدا بوو و گیانی ڕزگار بوو، لە کتێبە ٥٠٨ لاپەڕەییەکەی "تێرۆر بەناوی خودا"دا ویستوویەتی ئێران وەک تاوانبار نیشان بدا. دەستماڵچی لەم کتێبەدا بەشێک لە بەڵگەنامەکانی میکۆنووس و هەروەتر ڕاگەیەندراو و ڕۆژنامەی فارسیی ئۆپۆزیسیۆنی لەپاڵ یەک ختووە ..."

**"ناڕاست":**

١- ئەو کتێبە ٥٠٨ لاپەڕە نییە و، ٥٧٠ لاپەڕەیە.

٢- ئەو کتێبە تەنیا پێوەندیی بە تێرۆری میکۆنووسەوە نییە، بەڵکوو ١٠ تێرۆری کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات دەخاتە بەر باس و توێژینەوە، لە تێرۆری "شهریار شفیق (١٩٧٩، پاریس)" هەتا تێرۆری "میکۆنووس (١٩٩٢، بێرلین)".



سەرچاوە
Serchawe

٣- لەم کتێبەدا بێجگە لە یەک لاپەڕە لە "کیهان"ی چاپی لەندەن، لە هیچ چاپەمەنییەکی فارسی و ئۆپۆزیسیۆن کەلک وەر نەگیراوە کە لە لای یەک داندرابێتن.

٤- ئەم کتێبە بەڵگەنامەی زۆری لەمەڕ تیرۆری بێرلینەوە تێدایە، کە هەموو تێکڕا دەست تێدا هەبوونی کەسان و ناوەندەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی لە تیرۆری بێرلیندا و هەندێک تیرۆری دەرەکیی دیکە نیشان دەدا. من حەولم نەداوە کۆماری ئیسلامی "تاوانبار" نیشان بدەم، بەڵگەکان سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن.

نووسەری گێڕانەوەی دارابی، "محسن کاظمی" دەڵێ: " لە سەرەتا هەتا کۆتایی ئەم توێژینەوەیە حەولێکی زۆر درا بۆ ئەوەی وتووێژە لەگەڵ کازم دارابی و توێژینەوەکە لەسەر ڕووداوی مێکۆنووس لە بێدەنگیدا بمێنێتەوە... بەو مەبەستەی کە... لە چوونە لای ڕێکخراو و ناوەندە پێوەندیدارەکان (بۆ وەرگرتنی بەڵگە و نووسراوەکان) خۆمان بواردووە... بێجگە لە خانمی "اونیا (ڕاهێنەری کچەکەی دارابی)" و ئاغای "کولوگە (پارێزەری دارابی)"، هیچ نامەناردن و پرس و جۆیەک لەگەڵ هیچ کەسێکی "حقیقی و حقوقی" نەکراوە. هەر بۆیەش حەول دراوە لەم توێژینەوەیەدا هەر پشت بە قسەکانی دارابی خۆی ببەسترێ ..."

**به واتایەکی سادەتر: واتە دە ساڵی ڕەبەق، دارابی گوتوویەتی و ئەمیش بۆی نووسیوە؛ هەر ئەوەندە. بەمە دەڵێن "توێژینەوە" بە شێوازی توێژەر و تیرۆریستەکانی حکوومەتێکی ئایینیی بناژۆخواز.**

٦ی مای ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# حەمیدڕەزا جەلاییپوور و ئێعدامی ٥٩ کەسەکەی مەهاباد



**شاهید عەلەوی**

**وەرگێڕان**

ڕۆژی پێنجشەممە، ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢، ئەو کاتەی کە جەلاییپوور فەرمانداری شاری مەهاباد بوو، ٥٩ کەسی خەڵکی ئەم شارە کە ماوەیەک پێشتر دەسبەسەر کرابوون؛ بەکۆمەڵ لە شاری تەوریز گوللەباران کران.

حەمیدڕەزا جەلاییپوور، پارەکە لە وڵامنامەیەکدا بۆ منی نووسی کە ئەو لەو ئێعدامانە ئاگادار نەبووە: «ئەمن پاش مانگێک لە ڕێگای بنەماڵەی زیندانییەکانەوە لە ئێعدامی ئەم ٥٩ کەسە ئاگادار کرامەوە.» ئەم ئیدیعایە درۆیەکی ڕووتە، چونکە جەلاییپوور یەکەم کەس بوو کە لە دوای ئێعدامەکان، لەم بارەیەوە لێدوانی دا.

پێنجشەممە ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢، دەنگ و ڕەنگی ناوەندی مەهاباد، بەیاننامەی شووڕای تەئمینی شارستانی مەهابادی بڵاو کردەوە؛ کە لەودا ئاماژە بە لە سێدارەدانی ٥٩ بەندیی دژە شۆڕش کرابوو. دەنگ و ڕەنگی مەهاباد لە دوای خوێندنەوەی ئەم بەیاننامەیە، لەگەڵ ئاغای جەلاییپوور وەک فەرماندار و بەرپرسی شۆڕای تەئمینی شارستان کە ئەم بەیانییەی واژۆ کردبوو، وتووێژی کرد.

## بەشی یەکەم

جەلاییپوور لەم لێدوانەدا بە جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە نیزامی ئینقلابی (کۆماری ئیسلامی) بەبێ هیچ لێخۆشبوونێک و بەبڕشتەوە کەسانی دژەشۆڕش سزا دەدا، هەڕەشەی کرد کە ئێعدامی زیاتریش لە ڕێدایە.(١) ئاغای فەرماندار، بەیانیی ئەو ڕۆژە لە نوێژی ڕۆژی هەینیی مەهابادا بە دووپاتکردنەوەی هەڕەشەکانی پێداگری لەسەر ئەوە کرد کە نیزامی ئینقلابی نایەڵێ دێموکرات و کۆمەڵەی دژەشۆڕش لەمە زیاتر کوردستان نائەمن بکەن.

ئەم ئێعدامە بەکۆمەڵە، لە تۆڵەی «محمد بروجردی»، فەرماندەی سەرەکیی سپای پاسداران لە ڕۆژئاوای ئێران (دامەزرێنەری قەرارگای هەمزە) کە لە ڕۆژی ١ی جۆزەردانا لەسەر جادەی مەهاباد - نەغەدەدا کوژرابوو، لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە کرا.

بەم شێوەیە بەپێچەوانەی ئیدیعای جەلاییپوور، ئەم ئاغایە نەک هەر ئاگاداری ئێعدامەکان بوو و هەر لەو ڕۆژەدا، لەم بارەیەوە لە ڕادیۆ و بۆ بەیانییەکەشی لە نوێژی هەینیی مەهابادا قسەی کرد، بەڵکوو هەروەک سەرچاوەیەکی ئاگادار بە منی ڕاگەیاند، جەلاییپوور یەک لەو کەسانەیە کە ڕۆژی ٤ی جۆزەردانی ساڵی ٦٢ لە کۆبوونەوەی نائاسایی (اضطراری)ی شووڕای تەئمینی پارێزگا لە شاری ورمێ، بەشدار بووە و لەمەڕ بڕیاری تۆڵەستاندنەوە بەبۆنەی کوژرانی «بروجردی»یەوە؛ ڕاوێژیان پێ کردوە.

جەلاییپوور هەر لەو وڵامنامەی کە ساڵی ڕابردوو لە «انصاف نیوز»دا بڵاو بووەوە، نووسیویەتی: «٥٩ زیندانییە ئێعدامکراوەکەی ڕۆژی ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢، پێشمەرگەی چەکداری حیزبی دێموکرات بوون و لە شەڕدا بە دیل گیرابوون و پتر لە یەک ساڵ پێش لە ئێعدامکرانیان لە بەندیخانەی تەورێز ببوون.» ئەم کورتە ڕستەیە ٣ درۆی گەورەی تێدایە:

**یەکەم؛** ئەوەی کە هەتا ئەو جێگایەی ئێمە دەزانین لە هەموو شەڕەکانی نێوان پێشمەرگە و هێزە نیزامییەکانی حکوومەت لە دەیەی شەستدا، بە هەموویەوە ٥٩ پێشمەرگەی زیندوو دەسبەسەر نەکران، چ بگا بەوەی لە ماوەی ساڵێکدا ئەم ژمارە بەرچاوە لە پێشمەرگە بە دیل گیرابێتن.

**دووهەم؛** ئەوەی کە لەو ساڵانەدا بە هیچ جۆرێک نەدەکرا پێشمەرگەیەکی دیل، بۆ ماوەی یەک ساڵ لە زینداندا بمێنێتەوە. پێشمەرگە دیلەکان لە نیزیک ١٠٠٪ی حاڵەتەکاندا پاش ئەشکەنجەدان بە مەبەستی وەدەستهێنانی زانیاری و بۆ نیشاندانی هێز و ترساندن، لە دوای چەند حەوتوو یان بەلانی زۆرەوە چەند مانگێک تیرباران دەکران.

**سێیەم؛** ئەوەیە کە ئەم ئێعدامکراوانە هیچیان پێشمەرگە نەبوون و لە شەڕی چەکداریدا نەگیرابوون. ڕاستییەکە ئەوەیە ئەم ٥٩ کەسە نە پێشمەرگە بوون و نە لە شەڕدا گیرابوون و، نە تەنانەت کادری ڕەسمیی حیزبە کوردییەکان بوون.

ژمارەیەک لەم کەسانە، (نیزیک بە ٤٠ کەسیان) تازەلاو و لاوانێک بوون کە بە تۆمەتی لایەنگری لە حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەستراوەیی بە یەکیەتیی لاوانی ئەم حیزبە (تۆمەتێک کە هیچ کاتێک لە دادگادا نەسەلمێندرا) و، لە نێوان دوو ڕۆژ (یەکشەممە ٢٩ی ڕەشەمەی ٦١ هەتا دووشەممە ١ی خاکەلێوەی ٦٢)دا دەسبەسەر کرابوون و، زۆرینەی ئەوانی دیکەش خەڵکی ئاسایی مەهابادی بوون کە تۆمەتی لایەنگری لە کۆمەڵە و حیزبی دێموکراتیان لە پاڵ درابوو و، لە زستانی ٦١ـەوە هەتا سەرەتای بانەمەڕی ٦٢ لە نێو شاری مەهاباد گیرابوون.

ئەم بەندییانە بەپێی یاسای ئەو کات، لە دوای گیرانیان دەسبەجێ بە مەبەستی لێپێچینەوە و چاودێری بەڕێی ورمێ دەکرێن و هەموو ماوەی دەسبەسەر بوون و لێپێچینەوەکەیان لە شاری ورمێ بووە. ئەم کەسانە چەند ڕۆژ پێش لە ئێعدامکرانیان دەنێردرێن بۆ تەورێز و دوای دادگاییەکی بەکۆمەڵ بە تۆمەتی هاوکاریی حیزبە دژە شۆڕشەکان بڕیاری لە سێدارەدانیان بەسەردا دەسەپێ و، ڕۆژی ١٢ی جۆزەردان هەموو تێکڕا و بەکۆمەڵ تیرباران دەکرێن.

لە دوای بڵاو بوونەوەی بەیاننامەکە و ڕاگەیاندنی ناوی ئەم ٥٩ ئێعدام کراوە لە دەنگ و ڕەنگی ناوەندی مەهابادەوە، بنەماڵەکان بۆ وەرگرتنەوەی تەرمی ئازیزەکانیان بە چەندەها جار سەردانی فەرمانداریی مەهاباد، بەندیخانەی ورمێ، قەرارگای هەمزە، بەندیخانەی تەورێز، دادگای شۆڕش و سپای تەورێز دەکەن، بەڵام هەتا ئێستاش نە وڵامێکیان وەرگرتۆتەوە و نە شوێنی ناشتنی تەرمی ڕۆڵەکانیان پێ گوتوون.

ئایا ئاغای دوکتور حەمیدڕەزا جەلاییپوور دەتوانێ لە هەموو ژیانیدا تاقە جارێک بەنیسبەت ناخۆییەکان ئاکارێکی جوان لە خۆی بنوێنێ، بەڵکوو هیچ نەبێ بڕێک لە برک و ژانی ٣٦ ساڵەی بەجێماوەکانی ئەم کوشت و بڕە داشکێنێ؟ لە دەستی دێ شوێنی ناشتنی تەرمی ئەم ٥٩ کەسە بە بنەماڵەکانیان ڕابگەیەنێ، ئەگەر بیهەوێ.

٦ی جوونی ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## دووانەبێژیی دەسەڵاتدارانی تاران لە سەرووویانەوە سەرۆککۆمارەکەیان

دووانەبێژیی یان دژبێژی دیاردەیەکی نوێ نییە لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا و لەم بابەتەوە ئەوەندە فەکت و بەڵگە بەدەستەوەیە کە وێدەچێ پێویست بە هێنانەوەیان نەبێ. هەر لە قسەکانی دامەزرێنەری ئەم ڕێژیمە لەژێر سێبەری دارەکەی نۆفل لۆشاتۆوە بگرە هەتا لێدوانەکانی ئەم دواییانەی یەکەیەکەی بەرپرسانی گرینگ و نیوەگرینگی کۆماری ئیسلامیی ئێران؛ دەرخەری ئەم ڕاستییەن کە ئەوان درۆزنن و زۆر ئاسان و بەئاشکراش درۆ دەکەن.

ئەم باسە تێدەکۆشێ پتر تیشک باوێتە سەر ئەم تایبەتمەندییە کە بە میرات لە خومەینییەوە وەرگیراوە؛ بەڵام زەق بوونەوەیەکی زیاتر لەسەر ڕۆڵ و مەبەستی حەسەن ڕوحانییە وەک کەسێک کە زۆرترین دووانەبێژییەکانی لەم دواییانەدا بۆ مێژوو تۆمار کردوە.

هەر وەکوو باس کرا ئەم دیاردەیە بەشێکە لە نەریتی ڕێژیم بەڵام هیی ئەمجارەیان جیاوازیی تایبەتتری پێوە دیارە و، تەنیا بەمەبەستی خەڵک فریودان نییە، بەڵکوو سەرلێشێواوی و خەیاڵاتیبوونێکی زۆریشی پێوە دیارە.

حەسەن ڕوحانی بە وادە و بەڵێنیی زۆرەوە هاتە سەر کار و بە کەمترین کردەوە درێژەی بە کار داوە. بەڵێنەکانی بەشی هەرە زۆری لە پێوەندی لەگەڵ کێشە ئابوورییەکانی وڵات بوو، لە بنبڕکردنی بێکاری و بەرهەمهێنانی دارایی نیشتمانی و دابەشینەوەی عادڵانەی سامان و دارایی وڵات ڕا بگرە هەتا کۆنترۆڵ و ڕاگرتنی ئاوسانی ئابووری؛ بەڵام ئەوەی دواتر بەرچاو بوو و دەرکەوت و ئێستاش ئاسەواری بە ڕوخساری بازاڕ و ئابووریی وڵاتدا دیارە، ئەوە بوو کە چارەسەرێکی بۆ نەبینراوەتەوە هیچ، بەڵکوو بە بڵاوبوونەوەی فیشی مووچە نجوومییەکان دەرکەوت کە دەوڵەتەکەی ئەویش چۆن و چەندە بیر لە کێشەکانی خەڵک دەکاتەوە و بیر لە چارەسەرکردنیان دەکاتەوە. ئەم کابرایە هەروەها لەمەڕ بابەتگەلی جیاوازی وەک هەڵگرتنی حەسری ڕێبەرانی بزووتنەوەی سەوز، گرینگیدان بە پرسی ژینگەپارێزی، لابردنی یارانە بەمجۆرە کە خەڵک بۆخۆیان تا ئەو ڕادەیە تێروتەسەل بن کە پێویستیان بە یارانە و شتی لەو چەشنە نەبێ، هەروەها لابردن و نەهێشتنی ئابلۆقەکانی ئەمریکا لەسەر ئێران و بەگشتی ئەوی پێویست بوو بۆ دەنگهێنانەوە بیڵێ؛ بە خەڵکی گوت و بەڵێنیی پێ فرۆشتن.

لە بواری ئابووری بەگشتی و گەشەی ئابووری بەتایبەتی، کار و بژێوی ژیان و توانای کڕینی خەڵک؛ هەموو ئامارەکان

بەبێ ئەملاولا دەڵێن کێشەکان چەندقات زیادیان کردوە. ئاماره فەرمی و نافەرمییەکان باس لە بوونی ئاوسانیی ئابووریی ٣٠ لەسەدی و سەرتر لەوەش دەکەن، گەشەی مەنفیی ئابووریی ئێران نیزیک بە پێنج لەسەدە. بێکارییەکان و مووچەی دواکەوتووی کرێکاران و دەرکردنی هەر ئەم کرێکارە بێدەرەتانانە لە کارگە بەرهەمهێنەرەکان و ئیدارە دەوڵەتییەکانی وەک شارەداری گەیشتۆتە ئاستێکی کەموێنە لە مێژووی ئێراندا و ڕۆژ نییە کە کۆبوونەوەیەکی نارەزایەتی لە پێوەندی لەگەڵ دۆخی دارماوی ئابووریی ئەم وڵاتەدا، لە شار و ناوچە جۆراوجۆر و گەورە و بچووکەکانی ئێران بەڕێوە نەچێ؛ کەچی گوێی کپی بەڕێز ڕۆحانی دەنگی هیچکامێکیان نابیستێ.

کارنامەی دەوڵەتی مشوور! لەم ماوەی شەش ساڵی ڕابردووەدا تەژی لە ڕەشی و بێمشوورییە، لەم ماوەیەدا حەول و تەگبیرێکی هەستپێکراو نەدراوە و نەکراوە کە بوویێتە هۆی ترووسکایی هیوایەکی کاڵ لای خەڵکی وەزاڵەهاتوو و داماوی ئەم وڵاتە.

یان کاتێک بەئاشکراییەوە کەسانی ئازادیخواز لە بەندیخانەکان توند دەکەن بەڵام بەوپەڕی بێشەرمییەوە وەزیری دەرەوە لە وەڵامی ڕۆژنامەنووساندا دەڵێ کە «ئێران زیندانیی سیاسی لێ نییە»، ئیدی بێشەرمی و درۆ دەگاتە ئەوپەڕی خۆی. دەوڵەتێک کە جارنامەی مافی شارۆمەندی بڵاو دەکاتەوە و یەک لەو کەسانەی کە واژۆی دەکا مستەفا پوورمحەممەدی، ئەندامی شاندی مەرگی ئەم ڕێژیمە بووە و دەستی بە خوێنی هەزاران لاوی ئازادیخوازی ئەم وڵاتە سوور بووە و سوور ماوەتەوە؛ پێکەنین بە ڕیشی خەڵکییە. هەر ساڵێک و دوو سێ مانگ دوای بڵاوبوونەوەی ئەم جارنامەیە بوو کە ڕەشبگیری خەڵکێک کە لە نەبوونی نان و ئازادی و سەربەستی دەیانناڵاند و شەقامەکانیان بە ڕێپێوانی ئاشتیخوازانە پڕ کردبوو، مۆرکی ڕاستی و دروستییەکەی لێ درا!

ئێمە نابێ ئەم ڕاستییە لە بەرچاو نەگرین کە دەوڵەتەکان بەگشتی لە ئێراندا هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کاریانەوە بە ویست و مەبەستی چارەسەری کێشە و ئارێشەکانی «خەڵک» نایەنە سەر کار هەتا چاوەڕوانیی ئەوە هەبێ کە کێشەکان بەلانیکەمەوە کەم بکرێنەوە؛ بەڵکوو بەپێی هەلومەرجەکان تەنیا ڕۆڵی باڵی جێبەجێکەری دەسەڵاتیان هەیە. ئەو کاتەش کە تەنگیان پێ هەڵدەچندرێ و دەبێ وڵامێکیان بۆ خەڵک پێبێ، لە دوای خۆلادان لە ڕاستییەکان و گۆڕینیان؛ دواجار لە ساڵی شەشەمی سەرکۆمارییەکانیاندا دان بەوەدا دەنێن کە ئێمە جێبەجێکەرێکین و هیچی تر!

دەوڵەتی هیوا خۆی لەوە خۆش کردبوو کە بە لابردنی ئابلۆقەکان و گەڕانەوەی پووڵە بلۆکەکراوەکان و سەرمایەگوزاریی بیانی لە نێوخۆی وڵات دەتوانن پاپۆڕی شەق و شڕی ڕێژیمەکەیان لە دەریای شەپۆلاویی ئێستادا کەمێک ئارامتر لە جاران

ڕابگرن و تا ڕادەیەکیش بە کرانەوەی ئابووری دۆخێکی باشتر لەنێوخۆدا دروست بکەن؛ بەڵام لەکردەوەدا دیتمان کە لەدوای «بەرجام» و گەڕانەوەی بەشێک لە پووڵە دەسبەسەردا گیراوەکانی ئێران، لەجیات ئەوەی لە خزمەتی خۆشبژیویی خەڵکدا تەرخان بکرێ؛ لەگووپ درا و خەرجی پاوانخوازیی ڕێبەرانی ئەم ڕێژیمە لە ناوچەدا کراوە. ئێستا دیسان بە گەڕانەوەی ئابلۆقەکان و خستنە نێو لیستی ڕەشی تێرۆری سپای پاسداران وەک ڕۆڵگێڕی سەرەکیی ئابووریی وڵات؛ دۆخەکە لە داهاتوویەکی نیزیکدا لەوەش کە هەیە بۆ خەڵک ئەستەمتر دەبێتەوە.

حەسەنی ڕۆحانی یەک لەو بەرپرسانەیە کە لە بەرامبەر پرسیار و کێشەکاندا یەکێک لە خۆبوێرترینەکانی ئەم ڕێژیمە بووە. جەنابیان بەردەوام ویستوویەتی بارودۆخەکە ئاسایی نیشان بدا و وا بنوێنێ کە نە بای هاتووە و نە بۆران، بەڵام لەم ڕێگایەشدا نەیتوانیوە بەردەوام درێژە بەم ڕەوتە بدا؛ بەڵکوو هەر لەم پێناوەدا دەسبەداوێنی زۆر فرت و فێڵ و درۆی سەیر و سەمەرەی دیکەش بووە. دەوڵەتی جەنابی ڕۆحانی کە پێشتر بەمەبەستی پاساوهێنانەوە بۆ بارودۆخی نالەباری ئاراییی زۆربەی گلەیی و گازندەکەی لە دەوڵەتی پێش خۆی بوو و دەیگوت ئێمە کاولستانێکمان بە میرات بۆ ماوەتە و، بۆ ماوەیەکی زۆر بەم بیانووە خۆی پەڕاندەوە، دواتر ئەم بیانووە کلیشەیی بوو و وازی لێ هێنا بۆ ماوەیەکی زۆر پەنای بردە بەر پاساوی گەمارۆ ئابوورییەکانی ئەمریکا و بەم شێوازە کاتێکی زۆری کوشت و ڕایدا. بەڵام لە ئاکامدا و لە کاتی خۆیدا سەرەڕای کێشە ڕواڵەتییەکان لەگەڵ باڵی بەرامبەردا لە پێوەندی لەگەڵ ئەمریکادا هاوئاراستەتر لە پێشوو بۆتەوە.

لە سەرەتادا؛ «ئابلۆقەکان لە ڕێگای وتووێژەوە لادەبەین.» دواتر کە بڕیار درا ئابلۆقەکان بگەڕێنەوە؛ «ئەمریکا ناتوانێ کاری وا بکا، ئەم کارە نائاساییە و پێشێلکردنی ڕێککەوتنی نێونەتەوەییە.» بڕیارەکە جدیتر بۆوە؛ «ئەمریکا و دوژمنانی نیزام بە درێژایی ئەم ساڵانە لە هیچ کردەوەیەک نەپرینگاونەتەوە بۆ ئەوەی زەبرمان لێدەن و ئەمەش شتێکی نوێ نییە و چییان پێ خۆشە با بیکەن ئێمە خۆمان نادۆڕێنین.» ئابلۆقەکان تەمووڕەی ئابووریی ئێرانیان دا؛ «نابێ ئێمە هەوڵ بین و دەست و پێمان ون بێ، بەڵکوو لە بەرامبەر ئەم بڕیارە زاڵمانەدا پێویستە شلوێ نەبین و خۆڕاگر بین.» درێژەی گەمارۆکان و زەختی لانیزۆر؛ «بە شانازییەکی زۆرەوە گەمارۆکان مایەپووچ دەکەینەوە و تەنانەت ئەگەر ئەو هەشت وڵاتەش مەعاف نەکرابان ئێمە نەوتی خۆمان هەر دەفرۆشت.» درێژنەکردنەوەی ماوەی کڕینی نەوت بۆ ئەو هەشت وڵاتە؛ «بێتوو بیانهەوێ هەناردەی نەوتی ئێمە بە سفر بگەیەنن، ئێمەش گەرووی هورموز دادەخەین.» لێرەدا لە هەڕەشە کردن نیزیک بوونەوە و ئەم هەڕەشەیەش چەپڵە و بژی بژیی فەرماندەرانی سپای بەدواوە بوو؛ ئەم هەڵوێستەی سپاش بواری بۆ ئەوە ڕەخساند؛ حەسەنی ڕوحانی زیاتر هەست بە شەڕی ئابووری و نائاسایی بوونی دۆخەکە بکا و هەر بەم هۆیەوە پێویستی بە هاوڕێ کردنی خەڵکە بۆیەش تۆپەکەیان لە زەویی خەڵک هاویشت و بە گوتنی ئەوەی کە خەڵک توانایی بەربەرەکانی و خۆڕاگری هەیە، دۆخەکەیان شەڕەنگێز نواند.

ئەوەی کە دەوڵەت و حکوومەت هاوکـات و بە پاڵپشـتیی یەکتـر دژایەتـی و بەربەرەکـانی لەگەڵ ئەمریکـا دەکەن و بە پەیمانشکێن ناوی دەبەن، دیارە هاوکێشەکان گەیشتۆتە قۆناغێکی نوێتر و جدیترەوە. پێشووتر کە دەوڵەت لەسەر مێزی وتـووێژ بـوو لەگەڵ ئەمریکا و پێنج زلهێزی دیکەی جیهانی، بـاڵی بنـاژۆخوازی حکوومەت بۆ پاراستنی ڕواڵەتیش بێ، بەردەوام دروشمی دژە ئەمریکاییان دەوتەوە و، بەڵام لەولاشەوە دڵخۆش بەوەی ڕێککەوتنێک پێک دێ کە بەرژەوەندییەکانی ئێـران لەوێـدا پـارێزراوە و، لەملاشـەوە ڕوانگە و ڕواڵەتـی ئینقلابی و دژەئەمریکاییـان بـۆ خەمخۆرەکانی شۆڕشی ئیسلامی ڕاگرتبێ؛ بەڵام دەوڵەت بە ڕاشکاوییەوە گلەیی لەم ڕەوتە هەبوو.

ئێستا ئەو کەسەی هەڕەشەی نیزامی دەکا پێش لە فەرماندەرانی سپا حەسەنی ڕۆحانییە، بنەمـای ئەم غیرەت وەبەرهـاتنە وێدەچێ خەیاڵاتێک بێ کە دەسەڵاتدارانی تارانی گرتـۆتەوە و بە هەوای ٤٠ سـاڵ پێش ئێستا دەڕۆن. لەلای ئەوان وایە کە خەڵکی ئێران گیان لەسەر دەست ئامادەی گیانبازییە بۆ بەردەوامیی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی. لەو سۆنگەیەشە کە حەسەن ڕوحـانی و عەلـی خـامنەییش ئیـدیعا دەکەن کە «میللەتـی ئێـران بەرگەی ئەم گەمارۆیـانە و زۆر ڕووداوی نەخـوازراوی دیکە دەگـرێ.» لێـرەدا ئەوەی نـاڕوونە و لە هەمـان کاتـدا شـایانی سەرنج ئەوەیە، ئەوان کە دەزانـن ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بە ژمـاری ناڕازیی لەم ڕێژیمە زیاد دەبێ؛ چۆنە و لەسەر چ بنەمایەک و لەسەر کام تاقمی خەڵک حیسابی شەڕیان کردوە؟! بەڕاستی ئەو خەڵکەی کە هەتـا بینەقاقـا لە بێدەرەتانی و هەژاریـدا نـوقم بـوون، ئەو خەڵکەی کە دێـنە سـەر شـەقام و لە هەر نارەزایەتییەکدا جەخت لەسـەر ئەوە دەکەنەوە خولقێنەری کێشـەکان هەر لێـرەیە و بە درۆ دەڵێـن ئەمریکـایە! ئەم خەڵکە چۆن دەبێ لە پێناو پاراستنی دەسەڵاتێک کە هۆکاری سەرەکیی ئەم هەمووە کێشە و چارەڕەشییانەیە هـاوڕێ و هـاوڕا بـن؟! خەڵکێک کە لاو و پیـر و مێرمنـداڵ و ژن و پیاوەکـانی هەتـا پشـتوێنە لە زبڵدانەکانـدایە و بژێـوی ژیانیـان لەوێ دابـین دەکەن، لە کاتێکـدا کەسـانی نیزیـک لە بـازنەی دەسـەڵات تەنـانەت خێـزانە دووگیانەکانیـان دەبەن لە وڵاتـانی دەرەوە منداڵەکەیان ببێ تـا لە ئیمکانـاتی ئەوێش بێبەش نەمێنن! ڕاستییەکەی ئەمەیە کە نە ئەم تـاقمە لە خۆشیدا نوقمبـووە چەکی مەرگ هەڵدەگرێ و نە ئەو هەژارانەش لە پێناو پاراستنی هۆکـاری سەرەکیی هەژارییەکەیانـدا لەخۆبـوردوویی نیشـان دەدەن.

٢٢ی جوونی ٢٠١٩

## چ شتێک دوژمنایەتیی ئەمریکای کردووەتە ئەرکی سەر شانی کۆماری ئیسلامی؟

شۆڕشی گەلانی ئێران لە یەکێک لە هەستیارترین قۆناغەکانی مێژووی هاوچەرخدا ڕووی دا و، سەرکەوتنی ئیسلامییەکانی بەدواوە بوو. لەو سەروبەندەدا شەڕی سارد گەیشتبووە لووتکە و ئەگەری شەڕ و تێکهەڵچوونەکان بەرەبەرە ڕوو لە زیادبوون بوو. دابەشبوونی بەشێکی هەرە زۆری جیهان بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە دوو بەرەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، کاریگەری لەسەر زۆرینەی ڕووداوەکانی ڕۆژ لە چوارسووچی دنیا دانابوو؛ بەشێوەیەک کە هەر چەشنە هەنگاو هەڵێنانەوەیەک بەبێ لەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندی و ئاکامەکانی پێوەندیدار بەم دوو بەرەیەوە کارێکی پڕمەترسی بوو.

ڕاستە کە ئێران بەپێی هەڵکەوتەی شازی ژێئۆپۆلیتیکەوە نێچیرێکی پڕباش بوو بۆ وڵاتانی زلهێز چ پێش لە شەڕی یەکەم و دووەمەوە و چ دواتریش، کە لە مێژوویەکی نادووردا ڕووسەکان توانیبوویان بەشگەلێک لە ئێران بۆخۆیان بپچڕن؛ بەڵام برینی دەستێوەردانی ئەمریکا لە سەردەمی دەسەڵاتداری پەهلەویدا ئازاری لەدەستدانی ئەو بەشانەی لەسەر نەخشەی ئێران لەبیر بردبۆوە. بەندبوونی لە ڕادە بەدەری دەسەڵاتی پاشایەتی بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و کوودەتای ۲۸ی گەلاوێژ و گەلاڵەی کاپیتۆلاسیۆن و... لەو ڕووداوانە بوون کە هەموو خەڵکی نارازی لە ڕێژیمی پاشایەتیی دەبردە خانەی دوژمنایەتیی ئەمریکا لەو سەردەمەدا. ڕۆڵ و کارگێڕیی چەپەکان لە ئێران و دوژمنایەتییان لەگەڵ ئەمریکا وەک هێمای ئێمپریالیزمی جیهانی و هەروەتر بەرەی میلیی پاشماوەی دوکتور موسەدیق و زامداری کوودەتای ۲۸ی گەلاوێژ و، دوژمنایەتیی ئیسلامییەکان لەگەڵ کولتووری هاوردەی ئەمریکایی و بە مەترسی زانینی ئەم دیاردەیە؛ بوونە هۆی ئەوەی یەکێک لە گرینگترین دروشم و ڕەوتەکانی شۆڕش لەسەر بنەمای دژایەتی کردن لەگەڵ ئەمریکا دابمەزرێ.

لەم پێوەندییەدا لایەنگریی یەکیەتیی سۆڤیەت لە شۆڕشگێڕان و هەروەها بوونی ئەرتەشی ئەم وڵاتە لە ناوچەدا و لە وڵاتی ئەفغانستان، ئەم هەلەی ڕەخساند کە دەوڵەتی ئەمریکا بەقەد شای ئێران بێزراو بێ لەبەر چاوی خەڵکی نارازی؛ بۆیە هەر بەم مەبەستە ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو پێویستی بە خۆنواندنێکی کردەییانە بوو بۆ ئەوەی سەرنجی نەیارانی ئەمریکا بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. هێرشکردنە سەر باڵوێزخانەی فەرمیی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە تاران و لەلایەن خوێندکارانی شوێنکەوتووی خومەینییەوە، خاڵێکی وەرسووڕانی جیدییە لە مێژووی ڕووبەڕوو بوونەوەکانی ئەم دوو وڵاتەدا کە بە بیانووی ڕادەستکردنەوەی شای ڕاونراوی ئێران بەڕێوە چوو. بەم کردەوەیە کۆماری ئیسلامی پەیامێکی بە یاران و نەیارانی خۆی دا کە بەپێی پێویست و بەمەبەستی جێگیربوونی دەسەڵاتەکەی هەتا ڕادەیەکی زۆر پراگماتیستە و تەنانەت لە دەستەوئێخە بوونی لەگەڵ گەورەترین زلهێزی جیهانیشدا ناپرینگێتەوە. کیانووری، ڕێبەری حیزبی توودە لە کاتی

دەسبەسەردا گرتنی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران، دروشمی مەرگ بۆ ئەمریکای وەک مێلۆدییەکی خۆشی سروودێک پێناسە کرد کە بە دەردی خۆی پتر لە ٥٠ ساڵە چاوەڕێی بیستنی ئەم سروودە دەکرێ. کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر ئەم شێوە کردارە ڕادیکاڵانەی لە ساڵانی دواتریشدا بە تێرۆری دژبەرانی سەرەکیی خۆی لە وڵاتانی دەرەوە درێژە پێدا و؛ کارتی زەختی مەترسیی تێرۆریزمی لە نێویاندا وەک هەڕەشەیەکی گەورە بڵاو کردەوە.

بە دەست پێکردنی شەڕی نێوان ئێران و عێراق و درێژبوونەوەی ئەم شەڕە شەکەتکەرە، گرژیی نێوان ئێران لە لایەک و هەموو وڵاتانی ڕۆژئاوایی لە سەروویانەوە ئەمریکا، چووە قۆناغێکی نوێترەوە. هەرچەندە جێگای ئاماژەیە بەپێی بەڵگە ئاشکرا کراوەکان ئێران لایەنی معامەلەی چەکوچۆڵ لەگەڵ چەند وڵاتی ڕۆژاواییدا بووە! بەدرێژایی ئەم ساڵانە شەڕ و ئاڵۆزی لەلایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییەوە وەک بەرەکەتێک سەیر کراوە.

کۆماری ئیسلامی لە درێژەی ڕەوتی دووڕوخساریی سیاسەتی نێوخۆ و دەرەوەی خۆی، بە هاتنە سەرکاری خاتەمی سەرۆککۆماری بەناو ڕیفۆرمیست و هەڵگری دروشمی ڕازاوەی «گفتگوی تمدنها»، ڕاستەوخۆ ئەم پەیامەی بە بیل کلینتۆن، سەرکۆماری ئەوکاتی ئەمریکا کە گەمارۆی ئابووری خستبووە سەر ئێران دا، کە ئێمە لە ڕووداوی هێرشکردنە سەر باڵوێزخانەی ئەمریکا زۆر بەداخین،. دیارە ئەگەرچی ئەم پەیامە لەلایەن کلینتۆنەوە بێوڵام ماوەیە، بەڵام لە نێوخۆی وڵات کاردانەوە و ڕەنگدانەوەی بەدواوە بوو و لە درێژەی نواندنی ڕوخساری شۆڕشگێڕانەی! تاقمی خەمخۆری شۆڕش و دەسکەوتەکانی، لەبەر باڵوێزخانەی پێشووی ئەمریکا خۆپیشاندانێکی بەربەرین پێک هێندرا و جارێکی دیکە دروشمی مەرگ و نەمان بۆ شەیتانی گەورە داوا کرا و، ئەم ڕۆژە وەکوو لاپەڕەیەکی زێڕین لە ڕۆژژمێری کۆماری ئیسلامیدا ئاوڕی لێ درایەوە. ئەم پەیامە پێش لەوەی بەردەنگەکەی ئەمریکا بێ، سەرکۆماری ئێرانی کردبووە ئامانج کە ئەویش پەیامی خۆی وەرگرت و لە یەکەم دەرفەتەکاندا لە لێدوانێکدا توندترین گلەیی و گازندەکانی خۆی لە سیاسەتی «ظالمانە»ی ئەمریکا دەربڕی.

هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێ ئەم سیاسەتانە لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامییەوە بەڕێوە دەچێ، بەڵام پرسیار ئەمەیە کە، ئەم سیاسەتە بۆ بەڕێوە دەچێ؟ کۆماری ئیسلامی باش دەزانێ کە مانەوەی لەسەر دەسەڵاتدا گرێدراوی ئاڵۆزی و هەناردە کردنی بشێوییە بۆ وڵاتانی دیکە، بەو مەبەستەی کە بۆخۆی دورگەیەکی ئارام پێک بێنێ و خەڵک لە «بەسووریەیی بوون» بترسێنێ، لەگەڵ ئەوەشدا عەلی خامنەیی ساڵانێکە بە ئاشکرا لە هەوڵی پێکهێنانی «تمدن نوین اسلامی»دایە و مەرجی گەیشتن بەم مەبەستەش نەکشانەوە لە داخواز و ویستەکانیەتی. هەر بۆیەش مەرجەکانی پۆمپێئۆ، وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەمریکا بۆ دانووستان قەبووڵ ناکا. چونکوو عەلی خامنەیی لەو بڕوایەدایە کە ئەوەی کە ئەمریکا باسی دەکا،

## بەشی یەکەم

خاڵە بەهێزەکانی ئەوانە، یەک لەو خاڵە بەهێزانەش کشانەوەی ئێران لە سووریە و دەسوەرنەدان لە کاروباری نێوخۆی وڵاتانی دەوروبەرە. سیاسەتی خامنەیی «خوا و خورما»یە؛ دەیهەوێ نە وتوویژ بکا و نە شەڕیش و بەدڵی خۆیشی ئەسپی هەوسارپچڕاوی زێدەخوازییەکەی لە حەوشەی دراوسێکانیدا تاو بدا. جا بۆیە درێژە دان بەم دۆخە هەنووکەییە، چاوەڕوان مانەوە هەتا هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئەمریکا دەخوازێ. لەبەر ئەوەی دەوڵەتی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترامپ بە ڕەچاو کردنی ئەم سیاسەتانە دەستی ناوەتە بینەقاقای کۆماری ئیسلامی و وێناچێ بە سانایی لێی ببوورێ، بێجگە لەوەش خەڵکی ئێرانیش نارەزایەتیی تەواوی خۆیان لە شێوازی بەڕێوەبردنی وڵات بە ڕاشکاوییەکی زۆرەوە دەربڕیوە.

پرسیاری دووەم ئەمەیە کە لەم نێوەدا و لە ئاکامی دوژمنایەتی و بەربەرەکانیی ئێران لەگەڵ ئەمریکادا، چ لایەن و چ کەسانێک بە بەرژەوەندیی خۆیان دەگەن؟ هەموو وڵاتانی دیکتاتۆری لە مێژوودا پێویستییەکی زۆریان بە دوژمن یان دوژمنسازی هەبووە، بۆ ئەوەی کە بنوێنندرێ حکوومەت ئەرکی پاراستنی خەڵکی لە مەترسیی دوژمن لە ئەستۆدایە. خۆ بەهێز نواندن لە پێش چاوی خەڵکی وڵاتەکەی خۆیان لە سەرووی ئەوەوە کە دوژمن تۆقێن بێ، ترسێنەری خەڵکە. کۆماری ئیسلامی بۆ مانەوە لەسەر دەسەڵات سامانی وڵاتی تەرخانی چەکوچۆڵ و ئاژاوەگێڕی کردوە و خەڵکی ئێران هان دەدا لە ڕێگای زێدەخوازییەکانیدا گیانی خۆیان لەسەر دەست دانێن. بەڵام لە چل ساڵەی زاڵبوونی بەسەر ئەم وڵاتەدا پتر لە پێشووتر دەستی لەلایەن خەڵکەوە خوێندراوەتەوە. خەڵک سەرەڕای هەژاری و دەسکورتی و گرانییەکانی بەردەمیان لە حەولی دابینکردنی ژیانێکی خۆشبژیوانە بۆ بنەماڵەکانیان دان. ئەم ئاواتەش بە نەمانی ڕێژیم وەدی دێ؛ ڕێژیمێک کە لەو ئاڵۆزییانەی کە بۆخۆی پێکی هێناون هەلی سەرکوتی خەڵک و بەتاڵان بردنی سامانەکەیانی قۆستووەتەوە. لەم کایەدا ئەوە دیسان سەری خەڵکە کە بێ کڵاو ماوەتەوە.

بەڵام ئەم هاوکێشانە بەهۆی فشاری نێوخۆ و هاوکات دەرەکیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر ئێران بەرەو یەکلابوونەوە هەنگاو دەنێ و، لێرەشدا زەرەرمەندی سەرەکیی هەر حکوومەتی کۆماری ئیسلامییە لە داهاتوویەکی نیزیکدا. ئیرادەی دەوڵەتی ئێستای ئەمریکا جیدییە و هەر دوو لایەن لانی زۆری ویستەکانی خۆیان لەبەرچاوە و دەبێ لایەنێک دەست بکێشێتەوە بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێک کە ئەو لایەنە بێگومان دەوڵەتی دۆناڵد ترامپ نابێ؛ چونکوو گرینگترین ئەرکی وەزارەتی دەرەوەی دەوڵەتی خۆی بەچۆکدا هێنان و پاشەکشێ کردن بە کۆماری ئیسلامی دیاری کردبوو و بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە دیسانەوە و بۆ هەڵبژاردنی داهاتووش خۆی کاندید کردوەتەوە؛ بۆ ڕای گشتیش بووبێ دەبێ ئەم کێشانە یەکلا بکاتەوە. خۆ ئەگەر هیچکام لە لایەنەکانیش پاشەکشێ نەکەن ئەگەری ڕوودانی شەڕ دەبێ و لەم حاڵەتەشدا تای تەرازوو بە قازانجی ئەمریکا دەشکێتەوە.

٦ی جووڵای ٢٠١٩

## "بامداد خمار"ی تیراژ میلیۆنی؛ چاوخشاندنێک بە دۆخی چاپی کتێب لە ئێران

هادی کەیکاوسی

وەرگێڕان

سەرەتای دەیەی حەفتای هەتاوی و لە نێوان کێشەی ئەدەبیاتی جیدی و ئەدەبیاتی فەرمییەک کە حکوومەت بانگەشەی بۆ دەکرد، ئەدەبیاتێکی سێیەم لەدایک بوو کە بە تیرێک دوو نیشانی دەپێکا. ئەم ئەدەبیاتە هەموو خەڵکی بە کەسانی هەڵکەوتوو و ئاساییەوە کردە بەردەنگی خۆی و توانی فرۆشێکی زۆر بەرچاو بەدەست بێنێ. "بامداد خمار" بەم جۆرە بوو بە دەسپێکەری شێوەیەک لە ئەدەبیاتی گشتپەسەند کە بەرهەمی پێوەندی، ئەدەبیاتی گشتی و ئاسایی و ئەدەبیاتی تایبەت بوو و دواتر بە "ئەدەبیاتی نێونجی" ناسرا. یەکەمین ڕۆمانی "فتانە حاجسیدجوادی" لە کاتێکدا لە سەرەتای ساڵەکانی دەیەی حەفتادا بڵاو دەبێتەوە، کە ڕەوتی کاروباری کۆمەڵگەی پاش شەڕ سێبەری "سازندگی" بەسەردا کشاوە و ئەدەبیاتیش یەک لەو کاروبارانەیە. دنیایەک وەرگێڕان و ئەزموون لە ناخی چەمک و تێئۆرییە ئەدەبییەکان سەر هەڵدەدەن و لەم نێوانەدا گشتپەسەندییش بە سیمایەکی نوێوە دێتە مەیدان. سیمایەک کە کەسێکی تایبەت وەک "نجف دریابندری"ی وەرگێڕ، کەیفخۆش دەبێ بە بوێرییەکەی و شێوە سوننەتییەکەشی دەبێتە جێی ڕەزامەندیی کەسانی ئاسایی.

ئەدەبیاتێک کە پێش لەو، نووسەرانێکی وەک "ر. اعتمادی"، "نسرین ثامنی" و "فهیمه رحیمی" و... ئاڵاهەڵگری بوون و تەنیا تایبەت بە تاقمێک لە خوێنەران بوو، کوتوپڕ ڕا و وسەرنجی بژاردەکانی کۆمەڵیشی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. "بامداد خمار" لە ماوەی ١٠ ساڵدا ٣٠٠ هەزار بەرگ دەفرۆشێ و لە وڵاتی ئاڵمان چاپی سێیەمیشی دەردەچێ. ئەم فرۆشە زۆرە بووە هۆی ئەوەی کە بەردەنگەکانی ئەدەبیاتی جیدی سەرنج بدەنە کتێب و ئەم ڕووداوە وەک دیاردەیەکی باش لە پێناو کتێبخوێنکردنی خەڵک پێناسە بکەن. ئەوەندەی یەکگرتوویی دوو بەرەی تایبەت و گشت لە تێڕوانین بەم بەیانە نوێیە پتر دەبوو، دوو دەستەیی ڕەخنەگران لەم بابەتەوە توندتر خۆی دەنواند.

"هوشنگ گلشیری"، نووسەری "شازده احتجاب"، شاباش و لە دەهۆڵ کوتان بۆ ئەم کتێبە لە لایەن کەسانێکەوە کە خۆیان بە ڕووناکبیر دەزانی، نەختێک، تەنیا نەختێک بە نیشانەی بێسەوادی دەزانێ و نووسەرێکی دیکە ڕۆمانێک بەناوی "شب

سراب" وەک وڵامدانەوەیەک بەو کتێبە دەنووسێ. هەندێک باس لەوە دەکەن کە ئەم کتێبە دژەژن و باوکسالارانەیە و هەندێکیش ناوی "محبوبە" لەسەر کچەکانی خۆیان دەنێن. ژنێک کە بەسەرهاتەکەی چیرۆکی دووپاتەی شازادە و گەدایە و بە تێبینییەک سەرنجەکان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ: ئەمجار چینی دەسرۆیشتووە کە بایەخەکانی خۆی بەسەر چینی بندەستدا دەسەپێنێ. کۆمەڵگەیەک وا دەیەی ٦٠ و سەرنج لەسەر پێپەتییەکانی تێپەڕاندوە و لەگەڵ خەفەتەکانی "محبوبە" هاوسۆزی دەردەبڕێ و لە هەمان کاتدا بێزاریی خۆی لە نەزانیی "ڕەحیم" نیشان دەدا. کەشێک کەوا بەرەو "سازندگی" دەچێ و لە بندەستەیی ڕادەکا، بەمەبەستی وەگیرخستنی جێگە و پێگەیەکی دەسرۆیشتوو لەگەڵ "محبوبە" دەکەوێ؛ تەنانەت ئەگەر ئەم لەگەڵ بوونە بە پەنابردنە بەر باوەشی باوکسالاری بگا. بەڵام ئەم هاوڕێ و هاوڕا بوونە بووە هۆی ئەوەی کە ئەدەبیات پەنا بەرێتە بەر شکڵی سێیەم. ڕۆمانێک کە وا مەزندە دەکرا ببێتە دەسپێکەری ئەدەبیاتێکی بە فرۆشی زۆرەوە، بوو بە ڕووداوێکی زووتێپەڕ و خولیای تیراژە میلیۆنییەکەی داکشا بۆ ژێر هەزار بەرگ و نەمامی پێوەندیی ئەدەبیاتی ئاسایی و ئەدەبیاتی تایبەت؛ بوو بە دارێکی بێشکڵ. دارێک کەوا بەرەکەی نە دڵی کەسانی تایبەت دەرفێنێ و نە توانایی فریودانی بەردەنگی ئاسایی هەیە.

## لێرەدا چوار زیندان هەیە

سیودووەمین پێشانگای کتێبی نێودەوڵەتیی تاران بە دروشمی "خوێندن توانایییە" دەستی پێکرد. دروشمێک کە ئاماژە بە پەندی "ویستن توانینە" دەکا و دەڵێن "توانینەکە"شی دەبێتە هۆی یەکیەتیی میللەت لە بارودۆخی سیاسیی ئەم ڕۆژانەی ئێراندا. بانگەشە بە توانایی کەسانێک کەوا زۆربەی جارەکان قامکی تۆمەتبارکردن بە نەخوێندن بەرەو ئەوانە. ڕەوتی کەمبوونەوەی تیراژ و ئاماری کەمی سەرانەی خوێندنەوە تەواوە بۆ ئەوەی کە یەکەم زیندانی کتێب بە ناوی "خەڵک" تۆمار بکرێ: بەردەستترین تاوانباری کتێب نەخوێندنەوە کە بە جێگیر نەبوونی کولتووری خوێندنەوە و موتاڵا؛ دابەزینی تیراژ و وەستان و داخرانی کتێبفرۆشییەکانی لێ کەوتۆتەوە و دەکەوێتەوە. ئەو کتێبفرۆشییانەی کە لەم ڕۆژانەدا وا کتێب لە دۆخێکی باشدا بەسەر نابا، بە زیادکردنی بەشگەلێکی فانتێزی و بەرچاو وەک کەلوپەلی ڕازاندنەوە و گوڵدان و ڕاخەر و قاوەخواردنەوە لە تەنیشت کتێبدا، لە ڕێگەیەک دەگەڕێن کە خەڵک هان بدەن بەرەو کڕینی کتێب و بەم پێیەش پتر مانەوەی خۆیان.

هەر قەیرانی کاغەزی ئەم دواییانە بەس بوو بۆ ئەوەی نووکە ڕمبی تۆمەتی دابەزینی تیراژ، دیسانەوە بەرەو بنەماڵەکان و سەوەتە بەناوبانگەکەیان بێ، ئەو سەوەتەی کەوا بێتوو ئەم تاوانبارە هەمیشەییانەی کەمیی تیراژ (خەڵک) جێگا بۆ کتێبێکیش بکەنەوە لەوێدا، بێگومان پێوەندی بە وانە و پەروەردەوە هەیە و لەڕووی ناچارییەوە بۆ منداڵەکانیان دابین

دەکرێ. تێکچوونی دۆخی ئابووری بێجگە لە پرسە کولتوورییە باسکراوەکان لەو هۆکارگەلەن کەوا بۆتە هۆی دووریی بنەماڵەکان لە کتێب و کەمترین ئاوڕدانەوەی لێ دراوەتەوە. هیوا بە کڕینی کتێب لە لایەن ئەو منداڵانەی کە خوێندکارن، زۆربەی کاتەکان بە هەڵەمان دەبا؛ چونکوو بەردی بناغەی کتێب خوێندنەوەی ئەم چینەش لەسەر کتێبگەلی فێرکاری دامەزراوە و بەدەر لەوە کتێبی دیکە ناخوێندرێنەوە.

چەڕەسات جێگای خواردنی سەرەکیی گرتۆتەوە و ئیشتیای خوێندنەوەی کتێب لە کەمی داوە و ئێستا کتێب جێگای خۆی بە خوێندنەوەی ئینتێرنێتی داوە. پرسیار لە کتێبخانە و قەبزی گەڕان بەدوای کتێب لە کەشێوە بچووکەکاندا؛ بووە بە گەڕان بەنێو گووگڵ و ویکیپیدیادا و، جارجارە ئەم گەڕانە بە سەرانەی خوێندنەوەش بژار دەکرێ. موبایلەکان وێڕای سەرچاوە زوو دەست پێڕاگەیشتووەکان بە خەزنکردنی کتێبە دەنگییە و پی‌دی‌ئێفەکان وا دەنوێنێ ڕکەبەرێکی گەورەیە بۆ کتێبی کاغەزی تەنانەت بەهێزتر لەوەی کە بیریشی لێ بکرێتەوە. لەگەڵ ئەوەی ئەم ڕۆژانە بە قەیرانی کاغەز پتر لە پێشوو ژیان و مانەوەی کەوتۆتە مەترسییەوە و دەنگۆی ئەوە هەیە کە بڵاوبوونەوەی کتێب بە وەها ئەژمارێک بە قازانج نییە و؛ کتێب فرۆشییەکان لە داهاتوویەکی نیزیکدا وەک دەریایەک بەرەو ویشک بوون هەنگاو دەنێن. بەڵام قەیرانی کاغەز بەتەنیا هۆی خستنە مەترسیی ژیانی کتێب نییە. لەوبەری ئەم ڕووداوەوە، قەیرانێک هەیە کە هەردەم دەمامکی بە ڕووەوەیە و بە زەفکردنەوەی دیکەی بابەتەکان، وەک سەرانەی خوێندنەوە و نەبوونی مەیلی کتێب خوێندنەوە و سەوەتەی بنەماڵە، تێدەکۆشێ ڕووی خۆی بشارێتەوە. قەیران، سیاسەتە داسەپاوەکان لەسەر بڵاوکردنەوەی کتێب لەلایەن بەرپرسان و ناوەندگەلی دەوڵەتیی پێوەندیدار و ناپێوەندیدار لەگەڵ کتێبە، کە دەستێوەردان لە بواری بڵاوکردنەوەدا لەم ساڵانەدا، زیاتر لە سانسۆڕدا بەرچاو بووە هەتا یارمەتیدان بە گەشەی کتێب. ئەمە زیندانی دووهەمە.

## خوێندن و توانستی قاجاڕی

"چ هێزێک ئەو سەروەرییەی لە ئێوەدا بەدی هێناوە کە لە ئێمە سەرترن؟ هۆکاری پێشکەوتنی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژی ئێوە و لاوازیی بەردەوامی ئێمە چییە؟ ئێمە لە نەزانیدا نوقم بووین، لە بێهەواڵی و نەزانیدا گەورە دەبین و هیچکات بیر لە داهاتوو ناکاینەوە ... بیانی قسە بکە پێم بڵێ بۆ هەستاندنی ئێرانیان لە خەوی نەزانی دەبێ چ بکەین؟"(١)

ئەمە ئەو وتانەی "عباس میرزا"یە ڕوو لە موسیۆ ژۆبێری فەڕانسەوی. ئەو ئەفسەرەی کە بە فەرمانی ناپیلئۆن بۆ کاروباری سیاسی هاتوە بۆ ئێران و لە بەرامبەر پرسیاری شازادەدا سەرسام دەبێ. ژۆبێر کە دەزانێ لە دوای شەڕی چاڵدوڕان، ئەمە دووەم سووکایەتییەکی مێژووییە کە ئێرانییەکان لە هەمبەر ڕۆژئاوادا هەستی پێ دەکەن، لە وڵامی "عباس میرزا"دا کە لە



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی یەکەم

دوای شکستهێنان لە بەرامبەر ڕووسیە لە بیری چییەتیی ئەم سووکایەتییە مێژووییەدایە، دان پێدا دەنێ کە ئەوەی بۆتە هۆی گۆڕانی خەڵکەکەی و سەرهەڵدانی شۆڕشی تیمارکەر، بیروهزری نوێ بووە و بڵاوبوونەوەی هزری نوێ لەگەڵ پەرەسەندنی پیشەی چاپدا هاوکات بووە. نوسخەی تیمارکەری موسیۆ ژۆبێر، شازادە دەخاتە ئەو بیرەوە کە دەسبەجێ کەسانێک بەمەبەستی فێربوونی تکنیکی چاپ بنێرێ بۆ دەرەوەی وڵات و، ڕایاندەسپێرێ هەتا کەلوپەلی چاپ بکڕن و بیهێننەوە بۆ وڵات. یەکەمین چاپەمەنی لە تەورێز و لەلایەن "زین‌العابدین تبریزی" دادەمەزرێ و یەکەمین کتێب لە ساڵی ١٨١٨ی زایینیدا چاپ دەبێ. بەرهەمێک لەبارەی فتوا جیهادییەکان لەلایەن مەلا شێعەکانەوە لەسەر شەڕەکانی نێوان ئێران و ڕووسەوەیە.(٢) ئەم حەوڵە و هەروەها ناردنی خوێندکار و وەرێکەوتنی "بزووتنەوەی وەرگێران" یەکەمین هەنگاوگەلێک لە پێناو گەشەکردنی کۆمەڵگەیەکە کە هەتا ئەو کات تەنیا ئەدەبیاتی زارەکی تێدا بوو. بەمەبەستی سەروەریی نووسین بەسەر کاروباری زارەکیدایە کە "عباس میرزا" لەسەر دابەزاندنی "خوێندن و توانین" بەپەلەیە و، لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی گەیشتن بە بزووتنەوەیەک کەوا بناغەی شۆڕشی مەشرووتەی لێ دەکەوێتەوە.

کتێبگەلێک کە دەسپێردرا بە وەرگێڕە دەورەدیتووەکان هەرچەندە لەسەر حسێب و کتێب هەڵنەدەبژێردران، بەڵام بوونە هۆی ئاشنایی و ناسیاویی خەڵک لەگەڵ هەندێک چەمکی نوێ. ئێرانییەکان کە هەتا ئەو کاتە لە کۆمەڵگەیەکی داخراو و لە دنیا بەدوور ژیابوون، لە ڕێگەی کتێبە مێژووییەکانەوە بە ژیان و مەرگی خەڵکانی کۆمەڵگەکانی دیکەیان زانی و، مڵومۆ و سەرنجدانیان بە جیهانی سەیر و سەمەرەی ڕۆژاوا لە کەمی دا. لەژێر کاریگەریی ڕۆمانگەلی مێژوویی وەک بەرهەمەکانی ئێلێکساندێر دۆما (باوک)، لە ساڵانی دواتر یەکەمین ڕۆمانی مێژوویی فارسی بەناوی "شمس و طغرا" لە لایەن "محمدباقر خسروی"ـەوە نووسرا.(٣) ئەم ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ڕۆژاوادا هەرچەندە دەرەنجامی شۆڕشی مەشرووتەی لێ کەوتەوە و، لەسەر دەقی نووسراوەی فارسی کاریگەرییەکی زۆری دانا، بەڵام لە باری نێوەرۆکەوە شکستی هێنا و لە دوای ئەم ڕووبەڕوو بوونەوە هیچ کولتوورێک شین نەبوو. نەخوێندەواریی گشتی و بەرزی و نزمیی سیاسی-کۆمەڵایەتی، دەرفەتی تێگەیشتن لە بابەتگەلی جوانی نوێی لێ ستاندن و، کتێب خوێندنەوە نەبووە کولتوورێکی گشتگیر. ڕۆمان بە مەبەستی پەرەپێدان بەخۆی پێویستی بە هۆگەلێکی دیکە بوو کە لەو سەردەمەدا بەدی نەدەکرا.

## نێوان شەراب و سەراب

"شب سراب" لە کاتی بڵاوبوونەوەدا وەک وڵامنامەیەک بۆ کتێبی "بامداد خمار" لە چاپ دەدرێ. بەڵام ئەم وڵامنامەیە هەر لە سەرەتاوە کێشەی تێدایە. "ناهید پژواک" ناوی کتێبەکەی خۆی لە خشتە (مصراع)ـێک لە چامەکانی "مواعظ" دوایین بەرهەمی "سعدی" هەڵبژاردوە: "بە راحت نفسی، رنج پایدار مجوی/ شب شراب نیرزد بە بامداد خمار".

خاڵەکانی "شەراب" سڕدراونەتەوە و بوونەتە "سەراب" کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ناوی کتێبەکە لە واتا بەتاڵ بێتەوە. نە لە شەودا سەرابێک هەیە و نە لە باری چەمکییەوە "بامداد خمار" لە دوای ئەم سەرابە هەڵگری واتایە. کول لێدان لە خاڵەکانی وشەی شەراب لە دەزگای سانسۆڕدا، هەروەک چۆن پێشووتریش لە کتێبی نان و شەرابی ئینیاتسیۆ سیلۆنەدا هەر ئەم شتە پێش هاتبوو. لەدوای شۆڕش بە محەممەدی قازی، وەرگێڕی کتێبەکە دەگوترێ دەبێ شەراب ببێتە سرکە. بە لە چاپدانی ئەم بەیتە شیعرە لە لاپەڕەی یەکەمدا: بگو بە دردکشان فکر انقلاب کنند/ شراب سرکە شدە، سرکە را شراب کنند.

بڕەودانی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بە سانسۆری کتێب لە دوای شۆڕشی کولتووری، دەبێتە هۆکارێک کە یەکەم دووکەڵەکەی دەچێتە چاوی کتێب و تیراژەوە. ژمارەی هەندێک لە کتێبەکان دەرخەری ئەوەن کە تیراژی کتێب لە ساڵانی پێشووتردا دۆخێکی خراپیان نەبووە: "بیگانە"ی ئالبێر کامۆ لە ساڵی ١٣٣٥دا ١٠ هەزار بەرگی لێ چاپ بوو، "خاطرات خانەی اموات"ی داستاییڤسکی لە ساڵی ١٣٤١دا ١٠ هەزار، "اتاق شمارە شش" چێخۆڤ لە ساڵی ١٣٤٢ دە هەزار چاپ و بڵاو بوونەوە و، هەروەها ڕۆمانی "همسایەها" لە نووسینی ئەحمەد مەحموود پێشتر لە دامەزراندنی دەزگای سانسۆڕی ئیرشاد لە ٥٠ هەزار و بە وتەی خودی نووسەر ٢٥٠ هەزار بەرگی لێ فرۆشرا.(٤) ڕەوتی دابەزینی ژمارەی کتێبەکان کە لە دەیەی شەست دەست پێدەکا، دەرخەری بێباوەڕیی خەڵک بە دەرهاتەی بەرهەمەکان لەژێر دەستی چاودێرانی کتێبە. بەرهەمی ئەم بێباوەڕییە چوونی بەردەنگەکان بەلای ڕوونووسە ئۆفسێتەکان لەژێر ناوی "بێسانسۆر"دایە. بەڵام کاربەدەستانی دەوڵەتی بە زەفکردنەوەی ئاماری چەندیی بڵاوکراوە و خەسارناسیی سەرانەی خوێندنەوە؛ بابەت و پرسی سانسۆڕیان هەردەم نادیار نیشان داوە و لە جێگای دیکەدا بەشوێن هۆکارەکانی دەگەڕێن. "وحدت رهروان" بەرپرسی چاپەمەنیی "میترا"، بە پێداگری لەسەر هەستی بێمتمانەیی خەڵک بە کتێبی سانسۆر کراو و کارتێکەرییەکەی لەسەرکتێب نەکڕینی خەڵک دەڵێ: "چونکوو بە درێژایی ساڵانێکی زۆر سەپاندنی سانسۆری دڵخواز و بێ یاسا لە لایەن سانسۆرچییەکانی وەزارەتی ئیرشادەوە، بۆتە هۆی سڕینەوە و زیادبوونی دەق و تێکچوونی بنەما و پێکهاتەی نووسراوەی کتێبەکان کە بە هیچ شێوەیەک خوێندنەوەیەکی لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیەی کە کتێبەکە لەوێڕا هاتووە نییە، هەر بەم هۆیە خەڵک بڕوا و متمانەیان بەم کتێبانە نییە و هۆکارێکیان پێ شک نایە کە ئەم جۆرە کتێبانە بکڕن." بەڵام ئەم متمانەیە هەر بە تەنیا لە بواری سانسۆڕدا نییە کە لە خەڵکی ئەستێندراوە. هەروەها متمانە بە چاپەمەنییەکانیش لەدوای ئەم ڕەوتە تووشی پچڕان هاتووە و لە چاپدانی بەرهەمی بێکوالیێتی بووەتە هۆکارێکی گرینگ و گەورە لە سەرهەڵدانی قەیرانی تیراژدا.



سەرچاوە
Serchawe

## هەموو تۆمەتبارانی تیراژی کەم

دامەزراوەی "هوشنگ گلشیری" لە ساڵی ١٣٨٧دا لە جاڕنامەی هەشتەمین خولی خەڵاتی خۆیدا، هیچکام لە بەرهەمەکانی ئەو خولەی بە شیاوی وەرگرتنی خەڵات نەزانی. لەم جاڕنامەیەدا ئاماژە بە چوار زیندانی کتێب کراوە: توندتر بوونی کەشی سانسۆر و خۆسانسۆر کردن و، بەربڵاویی سازوکارگەلێک کە بازاڕی کتێبی لە بەرهەمی نێونجی و لاواز تەژی کردوە، سیاسەتی سەقامگیریی کولتوورێکی یەکشێوە لە ئاستی کۆمەڵگەدا لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی ئەدەبیاتێکی پەسیڤ و بێبەر و ڕواڵەتییانە و لە کۆتاییدا: دەستپێڕاگەیشتن بە پێوەندییەکی ئاسان کە بووەتە هۆی ئەوەی کە خێرایی دژکردەوە لە بەرامبەر بارودۆخ و پرسەکانی ڕۆژدا، جێگای بە بیرکردنەوە و تێفکرینێکی قووڵ لێژ کردوە و، ئەدەبیاتی ڕواڵەتی بووەتە جێگرەوەی ئەدەبیاتێکی فرەلایەنە و بیرمەندانە. ئەمە دابەزین و داکشانی بواری تێفکرین و وردبوونەوەیە و، کاریگەریی ئەمەیە لەم بازنە زەمانییەدا دەبێتە هۆی هاتنە خوارەوەی چۆنیەتیی بەرهەمەکان و؛ لە ئاکامدا ڕاوەستانی ئەم خەڵاتەی لە خولی سێزدەهەمدا لێ دەکەوێتەوە. یەکەمین قوربانیی دابەزینی چۆنیەتیی کتێب، بەردەنگە و بەدوای ئەویشدا تیراژ و ژمارەی کتێب کە بە دەستی ئەدەبیاتی لاوازەوە دەبێتە قوربانی. ئەدەبیاتێک کە لە دوای "بامداد خمار" و لە سەردەمی چاکسازی (اصلاحات)دا پەرە دەستێنێ و، بە ڕواڵەتی گشتپەسەندیی پێشکەوتنخوازەوە هەروەک چاودێرێک لە نێوەڕاستدا ڕادەوەستێ و تەنیا دەبێتە تەماشاوان و چاو بە دووپاتەییدا دەخشێنێ. سەرەڕای ئەوەی کە لە دوای ٢ی جۆزەردانەوە، بەستێنێکی کراوەتر بۆ کاروباری کولتووری دێتە ئاراوە و دەبێتە هۆی گەشەکردن و پتربوونی بەرهەمهێنانی کتێب، بەڵام نێوەرۆک بەرەو لەنێوچوون هەنگاو دەنێ. ئەدەبیاتی نێونجی هەرچەندە لە تێکنیک و دەق و داڕشتندا، بەهێزتر لە پێشینانی خۆی [مەبەست کتێبی "بامداد خمار"ە]، خۆ دەردەخا و سەرنجی بڵاوکەرەوەی باشتر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ بەڵام هەست بە کەلێنێک دەکرێ و؛ ئەمەش هەر هەمان فاکتەرە کە "بامداد خمار"ی کردووەتە بەرهەمێکی پڕبەردەنگ. بەرهەمێک کە لەگەڵ ئەوەی ئیدیعای پێشەنگ بوونی نییە و لەگەڵ هەموو لاوازییەک کە هەیەتی، کەسایەتییەک دەخوڵقێنێ کە بەپێچەوانە ئاراستەی ئاو مەلە دەکا و دەبێتە هۆی تێکشکانی کلیشەی باوی ڕەوایی چینی بێدەرەتان و لاواز. ژنێکی یاخی و سەربزێو کە گەردەلوولێک ساز دەکا و بەپێچەوانەی زڕ و بەدەڵەکانی خۆی، قارەمانێکی ماڵدار نییە و دووپاتەیی ژیانی لە مێشکی خۆیدا دەور ناکاتەوە. قارەمانێک کە هەرچەندە لە کۆتاییدا پەنا دەباتە بەر بەهەشتە باوکسالارییەکەی بەڵام لە بەرامبەر سەرەڕۆدا ڕادەوەستێ، بەجۆرێک کە بەردەنگ لەبیری دەچێتەوە لە بەرەی شایانەدایە؛ هەتا ئەو ڕادەیە کە کەسێک ناچار دەکا لە زمانی "رحیم"ەوە "شب شراب" یا سەراب بنووسێ. ئەم یاخیگەرییە لە نموونە زڕ و پێشکەوتووەکانیدا خۆ لە بێبەری و پەسیڤ بوون دەدا کە ئەمەش بۆخۆی لە تایبەتمەندییەکانی نێونجیبوونە. بەرهەمگەلێک کە لە لایەکەوە دەیهەوێ دڵی بەردەنگی گشتی ڕاگرێ و لە لایەکی دیکەشەوە دڵی بژاردەکانی کۆمەڵی بە

لاوە گرینگە، هەر چیرۆکگەلێکی لێ شین دەبێ کە لە هیچکام لە لایەنەکاندا نییە و دەبێتە ئەدەبیاتێک کەوا ناوی ئەدەبیاتی "ئاپارتمانی" بەخۆوە دەگرێ. لەگەڵ سەرهەڵدانی ئینتێرنێت و وێبلاگ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەق و نووسراوەی ئەدەبیاتی نێونجی، هاوئاقار لەگەڵ کەسایەتییەکانی تووشی دووپاتەیی دەبێ و، چۆنیەتی و کوالێتیی بەرهەمەکان بەجۆرێک دادەکشێ کە بەردەنگ لەم شێوە ڕوانینە دوور و دوورتر دەبێتەوە و تیراژ، بە چەشنی ئاوی دەریایەک جار لەگەڵ جار دێتە خوارەوە. دەڵێن ئەوەی کە "هوشنگ گلشیری" بەو شێوەیە باسی لە کتێبی "بامداد خمار" دەکرد (شاباش و لە دەهۆڵ کوتان)، لەبەر فرۆشی کتێبەکە و ئێرەیی پێ بردن بووە، بەڵام وێدەچێ خوڵقێنەری "شازده احتجاب" دڵەڕاوکێی یەک شتی بوو: ئەوەی کە ئەدەبیاتێک کە لە پێوەندانی تایبەت و گشت بەدی بێ؛ دەبێتە هۆی سڕینەوەی سنوورەکان و لە ئاکامدا لە کیسچوونی هەر دووکیان.

**بنووسەکان:**


١- پیر ژوبر، مسافرت به ارمنستان و ایران. ترجمەی محمود مصاحب. نشر علمی فرهنگی. تهران ١٣٩٥

٢- حسین میرزای گلپایگانی. تاریخ چاپ و چاپخانه در ایران. تهران ١٣٧٨

٣- ایرج افشار. آغاز ترجمەهای کتابهای فرنگی به فارسی. نشریه ایرانشناسی. سال چهاردهم. بهار ١٣٧٩

٤- خسروباقری. «گفتگویی با احمد محمود». نشریه چیستا. تهران ١٣٨١


٧ی ئاگۆستی ٢٠١٩



سەرچاوە Serchawe

## وەرزی هەرمانی ئەدەب و هونەری بەرگری

کاتێک کە گەلێک دەکەوێتە مەترسیی لەنێوچوون یا داگیربوونی خاکەکەی و یا بە هەر شێوەیەک مەترسی دەکەوێتە سەر چوارچێوەی جوغرافیایی و دەسکەوتە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی؛ دژکردەوەی جۆراوجۆر لە خۆی نیشان دەدا. یەک لەم دژکردەوانە هونەری بەرگرییە کە بە دوو مەبەستی سەرەکی بەکار دەهێندرێ؛ یەکەم ئەوەی کە حەول دەدرێ کردەوەی دوژمن و نەیارەکە پێناسەیەکی قیزەونانەی بۆ بکرێ و قووڵایی دەستدرێژییەکەی بنوێندرێ، دووەم ئەوەی کە ورە و حەماسەتی خەڵک بۆ هەڵوێست گرتن و بەگژداچوونەوەی نەیار بباتە سەرێ.

ئەم لقە لە درەختی چروپڕی هونەر جێی سەرنجی زۆربەی گەلانی ستەملێکراو و هونەرمەندانی ئازادیخوازی دنیا بووە و هێشتاکەش هەیە. کاتێک هونەرمەند لە بەرامبەر چارەنووسی نەتەوەکەی خۆیدا هەست بە بەرپرسایەتی دەکا و ژیانی خۆی دەخاتە مەترسییەوە، هونەر دەگەڵ زێڕ ناگۆڕێتەوە و، پشت لە هەموو ئەگەرە باشەکانی سەر ڕێی ژیانی تاکایەتیی خۆی دەکا و لە پێناو گەیشتن بە ئامانجێکی پیرۆزدا ورە بە هاونیشتمانییانی خۆی دەبەخشێ؛ لەوێدایە کە هونەری دەروەست و، تەیار بە بیرۆکەی بەرەنگاری دەردەکەوێ.

گەلی کوردیش یەک لەو گەلانەیە کە لەژێر ڕەهێڵە بارانی ستەمی داگیرکەرانی نیشتمانەکەیدا بووە و؛ بۆیەش پەرچەکرداری تایبەت بەخۆی هەبووە. هەر سووکەئاوڕێک لە مێژووی هاوچەرخی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدەینەوە بۆمان دەر دەکەوێ کە چەندە هونەری بەرگری ڕۆڵێکی سەرەکیی گێڕاوە لەم جەغزەدا. بۆ نموونە هەر سروودی نەتەوەییەکەی کە ئاماژە بە زیندووبوون و شەکاوەیی ئاڵاکەی دەکا، نیشانەی ئەوەیە کە لە ڕێگەی هونەری سروودەوە بەرهەڵستی سڕینەوە و لەبەرچاو نەگرتن بۆتەوە. دواتریش هەر لەم ڕێگایەوە و لەسەر هەمان ڕێچکە بە یارمەتیی مۆسیقا و هەڵبەست، زۆر هەوڵی ورەبەخش لەلایەن هونەرمەندانی دەروەستی ئەم بەشە لە کوردستان دراوە. کاتێک هونەرمەندە دەروەستەکان هۆمێد بە داهاتووی سەرکەوتن وێنا دەکەن، یا لە شاخە بەرزەکانی کوردستانەوە پەیام بۆ دایکە دڵ بە سۆکان دەنێردرێتەوە کە لە ئەگەری شەهیدبوونی ڕۆڵەکانتان ڕۆڕۆ مەکەن و لە جێگایەکی دیکەدا و لەسەر هەر ئەو ڕەوتە دەڵێ لە جیات ڕۆڕۆ کردن هاوڕێی ڕۆڵە شەهیدەکەتان تێرماچ کەن هەتا ستاندنەوەی تۆڵەی و، لە لایەکی دیکەشەوە دەنگێکی خۆش و بلاوێن لە گەرووی شێرەوە بەرز دەبێتەوە و شەهید دەکاتە گوڵی چیای بەرز و کۆتایی بە گریان و شیوەن دێنێ و بۆ هەمیشە لە بەرزاییەکانی ئەم نیشتمانەدا هەرمانی دەکا؛ نیشان لە پێگەی بەرزی هونەرە.



سەرچاوە
Serchawe

لە بواری شێعردا و لەگەڵ دامەزرانی کۆماری کوردستان هونەرمەندانی مافویست و نیشتمانپەروەر سەریان هەڵدا و لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردستان بە شێعرەکانی کەسانی وەک هێمن، هەژار، هێدی، سەیفولقوزات و... ڕازایەوە و، ئەوان بە تێکڕایی لە هەر کاتێکی خۆش و ناخۆشدا، نیشتمانی خۆیان هەر لەبیر نەکرد. ئەم ڕەوتە لە تاراوگەشدا هەر درێژەی هەبوو و، کێشە و ئارێشەکانی کۆمەڵ کە لە سۆنگەی دەسەڵاتی پاشایەتییەوە تووشی ئەو خەڵکە ببوو لە شێعرەکانی بە تایبەت مامۆستا هێمندا ڕەنگی داوەتەوە و، هەر لەو تاراوگەیەوە بەڵێنی هاتنەوە دەدا و هەروەها بەئیمانەوە هاوار دەکا و دیسان بەڵێن دەدا هەتا دوژمنەکەی لە خوێنی نەگەوزێنێ بۆ گەلەکەی هەر بخوێنێ. لەگەڵ ڕووخانی سیستمی پاشایەتی و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی و داسەپاندنی شەڕی نابەرامبەر بەسەر گەلی کورددا، مامۆستایەکی شەریف سەر هەڵدەدا و پڕ بە گەرووی منداڵانی هەموو قوتابخانەکانی کوردستان هاوار دەکا "ئا" وێنەی ئازادی و "ک" وێنەی کوردستان، کورد و کۆمەڵ و کوێستان و ئەو منداڵانە، گەورەپیاوەکان بەرەو یەکگرتن و یەکیەتی و یارمەتیی یەکتر بانگهێشت دەکەن. لە سەنگەری زماندا شاعیری گەل کە یادگارێکی کۆمارە و ماوەتەوە بۆ جیلی نوێ بە هاوکاریی کەسانی وەک مامۆستا شەریف و مامۆستا مەلەکشا و... ئەم سەر و ئەو سەری کوردستانیان لێک گرێ دا و؛ ئەم سەنگەرە پیرۆزەیان پاراست و پێشیان بە ئاسیمیلەبوون گرت. هەر ئەم ئازیزانە بوون بە تێکۆشانی بێوچانی خۆیان بیرۆکەیان بوو بە هەوێنی هاتنە مەیدانی بەرەی چوارەم و ڕەحیمی لوقمانییەکان.

ئەم نەتەوەیە کەم و زۆر، لە زۆربەی درگای هونەرەکانی داوە بۆ وەی ڕەوایی خۆی بسەلمێنێ، بەو مەبەستەی ستەم لێکراویی خۆی بنوێنێ، بۆ ئەوەی لە خەباتە ڕەواکەیدا شێلگیرتر لە پێشوو بێ، پەیکەری مامۆستا هەژار کە کفن دەدرێ و دیسانەوە بۆ کورد تێهەڵدەچێتەوە، بەڕێوەبردنی چەندین شانۆ لەمەڕ ڕووداوگەلی جۆراوجۆر بۆ نموونە هێرشی شیمیایی بۆ سەر سەردەشت، فیلمی چریکەی هەورام، چاپ و بڵاوبوونەوەی ئەو ڕۆمانانەی وا ڕاپۆرتێک لە تێکۆشان و ئەشکەنجەی زۆر یەک لە تاکەکانی ئەم گەلەن بۆ نموونە "چریکە و تاریکستانی ساڵەسپییەکان" لە نووسینی بریا کاکەسووری؛ زەحمەت و مەینەتێکن کە ئێمە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە گەیشتن بە سەرکەوتن نیزیکتر دەکەنەوە.

ئەم حەولانە پیرۆزن و پڕباش بەڵام تەواو و بەس نین؛ هونەرمەندانی ئێمە نابێ بچن لە پشت ئەو دەستەواژانەی وا لە وڵاتە ڕۆژاواییەکانەوە دێ خۆیان حەشار بدەن و ئەرکی کۆمەڵایەتی و نیشتمانیی خۆیان پشت گوێ بخەن. خەسرەو گوڵسورخی دەڵێ: "کێ دەڵێ شێعر نابێ دروشم بێ، لە کاتێکدا ئەم ژیانە هیچ وێکچووییەکی لەگەڵ ڕاستیی خۆیدا نییە. من لە پێناو ژیاندا چاوەڕوانیی ئەوەم لە شێعر هەیە کە گەر پێویست بوو نەوەک تەنیا دروشم؛ بەڵکوو خەنجەر و پەت و ژار و تەنانەت فیشەکیش بێ."

٢٣ی ئاگۆستی ٢٠١٩

## "سپی باڵەکانی قەڵای پێدەشتان"

وەک لەبیرم بێ لەو یەکەم جارانەی کەوا گوێم لە دەستەواژەی "قەڵای دێموکرات" بوو، دەگەڕێتەوە بۆ تەقینەوەی تێرۆریستیی شەوی یەلدا کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لەوێدا کرابووە ئامانج. کاتێک کە هەواڵنێرییەکانی باشووری کوردستان هەواڵی ئەو تەقینەوەیان بڵاو دەکردەوە و باسیان لەوە دەکرد کە لە بەردەم بارەگای فەرمیی ئەم حیزبەدا لە شاری کۆیە تەقینەوەیەک ڕووی داوە و، ئاماژەیان بەوە دەکرد کە بە قەڵای دێموکرات دەناسرێ؛ هیچکات بیریان لەوە نەدەکردەوە ئەم پێکهاتە وشەییە دەتوانێ ڕۆژێک ببێتە هێما و سیمبولی خۆڕاگری و هەموو کوردستانی ڕۆژهەڵات بگرێتەوە. تەنانەت بۆ هاوڕێیانی حیزبیش وشەی قەڵا بەتەنیا نا، بەڵام دەستەواژەی "قەڵای دێموکرات" پێکەوە، بڕێک نامۆ بوو و، ڕەنگە دەتوانم بڵێم ناسیاوییەکەی هەر بۆ شۆفیر تاکسییەکانی شاری کۆیە بوو.

بەڵام چۆن و بۆ ئەم دەستەواژەیە لە چوارەمین دەیەی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران گەیشتە لووتکە و، دەتوانم بەڕاشکاوییەوە بڵێم بووەتە بەشێکی جیانەبوو لە مێژووی خەباتی بەرەنگاریی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟

کە لاپەڕە لەسەر ڕووداوە مێژووییەکان هەڵدەدەینەوە دەبینین کە تەنیا کەسایەتییەکان نین ناویان لە مێژوودا هەرمان دەبێ، بەڵکوو زۆر شوێن و جێگاش گرینگیی تایبەت بەخۆیان دەبێ بۆ نموونە شاری ستالینگراد یان کۆبانی و... هەتا هەتایە ناویان بە زیندوویی دەمێنێتەوە. قەڵای دێموکرات لانیکەم بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئێتر شوێن و جێگایەکی نامۆ نییە. ئەم قەڵایە شوێنی کاروباری ئیداریی حیزبی دێموکراتە و بیر و ئەندێشەی ئەم حیزبە لێرەوە بیچم دەگرێ و لەڕێگەی جۆراوجۆرەوە پێوەندی لەگەڵ بەردەنگەکانی خۆی کە خەڵکی کوردستان بن دروست دەکا و ئاڕاستەیەکی مرۆیی و ئازادیتەوەرانەیان پێ دەبەخشێ. قەڵای دێموکرات وەبیر هێنەرەوەی ئیرادە و هەستانەوەیە، وەبیر هێنەری بەچۆکدا نەهاتن و تێکۆشانی بێپسانەوەیە.

١٧ی خەرمانان یەکەم هەڕەشە و هێرش نەبوو لەسەر قەڵای دێموکرات، ئەم قەڵایە بە چەندین جار کراوەتە ئامانج بەڵام ئەم هێرش و پەلامارانە دەسکەوتی زیاتری بۆ حیزبی دێموکرات بووە هەتا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی! ڕاستە ئێمە چ لە تەقینەوەی شەوی یەلدادا و چ لە مووشەکبارانی ١٧ی خەرماناندا پۆلێک لە باشترین ڕۆڵەکانی ئەم گەلەمان لێ ستێندرا؛

## بەشی یەکەم

لێ جارێکی تر مۆری زیندووبوون و ڕاوەستاوی لە تێکۆشان تەنانەت لە تاراوگەشدا هاتە بن کارنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕەچاو کردنی شێواز و پتانسییلە جۆراوجۆرەکانی خەبات و گرتنە بەری سیاسەتێکی ئاوێتە بە واقعیەت توانیویەتی هەستی هاوسۆزیی زۆربەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە جووتیار و کرێکار و کۆڵبەرەوە هەتا بژاردەکانی کۆمەڵگە و کەسانی چالاک لە بوارەکانی کولتووری، هونەری، ئەدەبی، سیاسی، ئایینی، کۆمەڵایەتی، ژینگەپارێزی و... بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. ئەم پێگە جەماوەرییە لەخۆڕایی بەدەست نەهاتووە و ئەمە بەرهەم و دەسکەوتی ساڵگارێک خەباتی ڕاستکردارانەیە؛ بەرهەمی خوێنی شەهیدانی ڕێگای سەربەستیی ئەم نیشتمانەیە.

کاتێک کە تەنیا ٤ ڕۆژ لەدوای ئەم هێرشە خوێناوییە خەڵکی کوردستان بە تێکڕای نەک تەنیا یەک خولەک بێدەنگی بەڵکوو یەک ڕۆژ بێدەنگی بۆ ڕێز لە یاد و ناوی شەهیدان ڕادەگرن و، خۆیان دەکەنە خاوەنی پرسە و سەرەخۆشیی ڕۆڵە گیان بەختکردووەکانی خۆیان؛ لەو کاتەدایە ئەو هەستە خۆشەت دەبێ و دەزانی بەرەو وەدەستهێنانی ئامانجەکانت هەنگاوی ناوە و زۆرت نەماوە هەتا گەیشتن بە دواوێستگەی مەبەست. کاتێک کە شارەکانی کوردستان یەک لە دوای یەک و لە ماکۆوە هەتا ئیلام دەبنە "قەڵای دێموکرات" و یەکتر دڵنیا دەکەنەوە لەوەی قەڵا ئاوەدانە و کە قەڵاش ئاوەدان بوو واتە سەنگەری تێکۆشان ئاوەدانە؛ کۆی ئەم هاوسۆزی و هاودڵییەی خەڵک بووە ئاوێک و بەسەر ئاوری خەمی لەدەست دانی ١٦ شەهیدی کوردستاندا کرا کەواتە با خەم لاچێ...

هەر ئەم جێگە و پێگە جەماوەری و کارتێکەرییانەی حیزبی دێموکرات لەسەر بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، کە پەردە لەسەر ڕازی بەسییل بوونی ئەم حیزبە بەگشتی و قەڵای دێموکرات و سەرکردایەتییەکەی بەتایبەتی لادەدا. ئێستا کە نیزیک بە هەشت دەیە لە خەباتی حیزبی دێموکرات تێپەڕ دەبێ، لێبڕاوانەتر لە پێشوو هەموو مێتۆدەکانی خەبات بە پشوودرێژییەکی لەبڕاننەهاتووەوە تاقی دەکاتەوە و هیچکات تۆزی دووری و "نیشتەجێ بوون لە دەشتی کۆیە" بە ڕوخساری تێکۆشانییەوە دیار نییە؛ هەربۆیەش ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە باشترین شێوە لەم ڕاستییە تێگەیشتووە و بە چاوی سەرەکیترین دوژمنی خۆی سەیری دەکا.

ئێمە پۆلێک لە لاوەکانی کوردستان لە کاتی مووشەکبارانی قەڵای دێموکراتدا لە دەورەی سەرەتایی پێشمەرگەدا بەشدار بووین و لە نیزیکەوە شایەدی ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە نەبووین، هەر بەو بۆنەیەوە دەورەی ئێمە بە دەورەی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان ناودێر کرا و بێجگە لەوەی کە هەستمان دەکرد چەکهەڵگری خاکێکین کەوا دوژمن لەسەری زاڵە؛ ئەمجار چەکی

## بەشی یەکەم

هاوڕێیانێکمان هەڵگرتبوو کە گیانی پیرۆزی خۆیان پێشکەشی بارەگای ئازادی کردبوو. بۆیە بەڵێنمان ئاوەدان کردنەوەی سەنگەرێک بوو کە ئیتر بە تەنیا سەنگەری ئەوان و ئێمە نەبوو؛ بەڵکوو ئەو قەڵای دێموکراتەی کە لەنێو دووکەڵ و تۆز و ئاوردا بە پشتیوانیی لێبڕاوانەی خەڵکی کوردستان و هەروەها بە هیممەتی یەکە یەکەی ئەندامانی ئەم حیزبە تۆزی وێرانی لەخۆی داتەکاندبوو و سەرلە نوێ هەستابۆوە سەرپێ.

ڕەنگە ئێستا و لە دوای ساڵێک کە بەسەر ئەم ڕووداوە دڵهەژێنەدا تێدەپەڕێ دوو حەسرەت لە دڵدا هەبێ؛ یەکیان ئەوەیە کە لە بەرەبەیانی ئازادیدا جێگەی بەتاڵی ئەم شەهیدانە و سەرجەم شەهیدان دیارتر لە دیارە و؛ دووهەمیان ئەوەیکە وەک شەخس نەمتوانی لە نیزیکەوە لە خزمەتی ئەم تازەترین شەهیدانەدا بم بەڵام بە دڵ با.

٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٩

# دوگماتیزمی پەروەردە و کۆمەڵگەی خەسیو

هاوکات لەگەڵ کرانەوەی قوتابخانەکان و خولی نوێی خوێندن، بە مەبەستی تیشک خستنە سەر بارودۆخی خوێندن لە ئێران ئەم بابەتە نووسراوە.

زۆربەی خاوەنڕایانی بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵناسی لەو بڕوایەدان پەروەردە گرینگترین ناوەند لە پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی سەرکەوتووە و لەدوای ئەمنیەت بەرزترین ئاستی گرینگیی پرسی هەر وڵاتێکی پێشکەوتوو لەخۆ دەگرێ. ڕەوتی پەروەردە لە بنەماڵەوە دەست پێدەکا و دواتر لە شوێنگەلی فێرکاری کە سەرەکیترینیان قوتابخانەکانن، دەخەملێ و یان بە واتایەکی تر دەبێ بخەملێ. خودی بنەماڵە چکۆلەترین مۆدێلی کۆمەڵگەیە و منداڵانی دایک و باوکانێکی وا پاشخانێکی دەوڵەمەند لە ئەزموونی پەروەردەییان هەبێ، لە قۆناغەکانی تری پەروەردەدا شانسی سەرکەوتنێکی زۆرتریان هەیە؛ ئەمە بەو واتایە کە پەروەردە زنجیرەئاسا کارتێکەریی لەسەر جیلە یەک لەدوای یەکەکان هەیە. هەر کۆمەڵگەیەک کاتێک دەتوانێ بە ئامانجە دیاریکراوەکانی خۆی، یەک لەوانە گەشە بگا، کە ئەم ڕێگەیە لە سۆنگەی گەشەی مرۆییەوە ببڕێ. فیدبەکی پەروەردەیەکی باش و سالم و کارامە، کۆمەڵگەیەکی باش و سالم و کارامەیە.

لێرەدا پێویستە بەکورتی باسێک لە خودی چەمکی گەشە وەک یەکێک لە بنەڕەتیترین ئامانجەکانی پەروەردە بکرێ. گەشە بەرهەمی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتیی کولتووری، ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و هتد کە بەمەبەستی بەدیهێنانی ئەگەری نوێ و بەرزکردنەوەی چەندی و چۆنیی توانایی و ماتەوزەی مرۆیی و پەروەردەیی پێکدێ؛ بە واتایەکی دیکە پێویستییەکانی گەیشتن بە گەشە پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لەو بەستێنانەدایە، کە دواتر ئاستی بەرزی پتانسییێلی مرۆیی لێ دەکەوێتەوە. گەیشتن بەم گرینگییەش پێش لە هەموو شتێک پێویستی بە گۆڕانی کولتووری و بایەخی (ارزشی)ی هەر کۆمەڵگەیەکەوە هەیە.

یەکێک لە جۆرەکانی گەشەش، گەشەی بەردەوام (Sustainable Development)ە، کە لە پێناسەکەیدا ئاوا هاتوە: بە ڕەوتێک دەگوترێ کە لە حەولی پێکهێنانی داهاتوویەکی گونجاو بۆ کۆمەڵگەی مرۆییدایە. گەشەی بەردەوام کە لە دەیەی ٩٠ی زایینیدا لەلایەن وڵاتانی پێشکەوتووەوە گرینگییەکی زۆری پێدرا؛ ڕەهەندێکی سەرەکی لە «گەشەی مرۆیی» و لە پێوەندی لەگەڵ ژینگە و بەرەی داهاتوودایە، کە ئامانجی گەشەی مرۆییش وەک لقێکی دیکە لە گەشە، پەروەردەی ماتەوزە مرۆییەکانە لە ڕێگەی پەرەپێدان و پەروەردەی لێزانی و هەروەها زیندوو ڕاگرتنی هیوا و ئاوات لە تاکەکانی کۆمەڵگەدا.

## بەشی یەکەم

بەم پێشەکییەوە دەمانهەوێ بەکورتی بچینە نێو ڕیزی هەندێک لە وردەکارییەکانی ئەو ئارێشە و کۆسپانەی کە لە بەردەم سیستمی پەروەردە و قوتابخانەکانی ئێراندا هەیە و بەداخەوە هەتا بە ئێستاش دوورە دیمەنی گەیشتن بە گەشەیەکی گونجاو لە ڕێگەی سیستمی پەروەردەوە لەم وڵاتەدا لێڵ و ناڕوونە.

١- **خوێندن لە ئێران پووڵییە؛** بەپێچەوانەی تەنانەت یاسا نێوخۆییەکان کە دەبێ خوێندن هەتا ئاستی دیپلۆم بە خۆڕایی بێ، ڕەچاوکردنی ئەم سیاسەتە لەو سۆنگەیەوە کە بەپێی ئامارە فەرمییەکان ڕێژەیەکی بەرچاو لە خەڵکی ئەم وڵاتە لەژێر هێڵی هەژاریدان، زیانێکی گەورە لە خوێندنی منداڵان بەتایبەتی چینی هەژاری کۆمەڵگە دەدا و دەبێتە هۆی واز هێنانیان لە خوێندن.

٢- **جیاکردنەوەی قوتابیان،** هەر لە سەرەتای خوێندنەوە و پۆلێن کردنیان لەژێر ناوگەل و شوێنگەلی جیاوازی وەک (نموونە، تیزهوشان، شاهد، هیأت امنایی، غیرانتفاعی)؛ ئەمەش یەکێکی دیکە لە سیاسەتە هەڵەکانە کە هەر لە یەکەم هەنگاودا منداڵەکان لەگەڵ هەڵاواردن و باری نەرێنیی ئەم دیاردەیە ئاشنا دەکا. منداڵ لێرەدا هەست بە لاواز بوون و تەنانەت گێژیی خۆی دەکا؛ ئەمە لە کاتێکدایە ستاندارده جیهانییەکان بە ئێمە دەڵێن ئاستی هۆشی ٩٩٪ی خەڵکی جیهان لە ئاستێکی نێونجیدایە و، تەنیا ١٪ی خەڵک هۆشێکی تایبەت و جیاوازیان هەیە کە ئەویش بۆخۆی بەسەر دوو بەشی لاواز و بەهێزدا دابەش دەبێ.

٣- **لەنێوبردن و کوشتنی هەستی هاندەر (انگیزه) لەنێو قوتابییەکاندا؛** ڕێژەی بەرز و زۆری بێکاریی کەسانی خوێندەوار لە بنەماڵە و کۆمەڵگەدا، هێنانی بابەتگەلی دژوار و بێ‌پێوەندی لە کتێبەکاندا، پەرە پێدان بە کولتووری تەمبێگەری و... بوونەتە هۆی وەڕەزبوونی منداڵان و بێهیواییان لە درێژەدان بە خوێندن.

٤- **ڕێژەی باڵای قوتابی لە یەک پۆلی خوێندندا؛** ڕادەی نێونجیی هەر کلاسێک ٣٠ کەسە، ئەمە لە کاتێکدایە ستاندارده جیهانییەکەی ١٨ کەسە. لە ماوەی سەعاتێک یان سەعات و نیوێک مامۆستا فریای وانەگوتنەوە و لێپرسینەوە لە سی کەس بە شێوەیەکی گونجاو ناکەوێ. پێویستە لێرەدا ئەوەش بگوترێ لە کاتێکدا سامانێکی زۆر تەرخانی ناوەندە ئایینییەکان و دروستکردنی زیارەتگاکان دەکرێ، لە زۆربەی شار و دێهاتەکانی ئەم وڵاتەدا کانێکس و ژووری نیوەداڕماو و جێی مەترسی؛ وەک قوتابخانە بەکار دەهێندرێن.

٥- **کەمایەسیی پێداویستییەکان (امکانات) لە تاقیگە زانستییەکاندا، یان پێداویستیی کۆن و لەکارکەوتوو؛** بەشێکی گرینگ

لە ڕەوتی فێربوون و فێرکاری، بینین و تاقیکردنەوەیە بەتایبەت بۆ ڕشتە زانستییەکان کە بەداخەوە تاقیگەی باش و بەئیمکانات لە قوتابخانەکانی ئەم وڵاتەدا نییە.

**٦- نەبوونی کتێبخانەی باش؛** یەکێک لە باشترین و بەسوودترین پێویستییەکان کتێبە، کتێب وەک هاوڕێیەکی باش و پڕبەهرە ناسێندراوە، نەبوونی کتێبخانە لە زۆربەی قوتابخانەکاندا و یا کەمبوونی کتێبی بەکەڵک خەساری قەرەبوونەکراو لە بیر و مێشکی قوتابییانی ئەم وڵاتە دەدا.

**٧- کتێبە دەرسییەکان پڕن لە بابەتی ئیدئۆلۆژیک؛** زۆربەی هەرە زۆری بابەتی کتێبەکان بانگەوازێکن بۆ ئیدئۆلۆژیی زاڵی دەسەڵات بەسەر خەڵکدا، ئەم بابەتانە بەتاڵن لە نێوەرۆکێکی زانستی و زیاتر لە دەوری بابەتگەلێکی لاوەکی و کۆن دەخولێنەوە کە لە سەردەمی ئێستای زانستدا هیچ جێگە و پێگەیەکیان نییە و، زۆرتر بۆ حوجرە و ناوەندە ئایینییەکان بەکەڵکن هەتا شوێنێکی زانستی و پەروەردەیی.

**٨- کولتووری شادی و مۆسیقا لە قوتابخانەکاندا نییە؛** بەپێچەوانەی ئەوە کە دەبێ کەشی زاڵ لە شوێنی فێربووندا لەوپەڕی شادیدا بێ و قوتابییەکان هەست بە خۆشحاڵی و ئاسوودەیی بکەن، کولتووری گریان و خەم و خەفەت و تاسەبار بوون برەو پێدەدرێ. بە هەموو شێوەیەک دژایەتی لەگەڵ شادی دەربڕین دەکرێ، ئەمە لە کاتێکدایە لە بۆنە ئایینییەکانی وەک «تاسوعا و عاشورا» هەموو منداڵان ناچار بە ڕەشپۆشی و شینگێڕی دەکرێن. ئەم دژایەتیکردن لەگەڵ شادی و خۆشییەدا بەشێوەیەکی سیستماتیک بەڕێوە دەچێ و لێرەشدا جەخت و فشارێکی زۆرتر لەسەر قوتابییە کچەکانە.

**٩- گرینگینەدان بە وەرزش؛** بەهۆی ئەوەی کە قوتابخانەکان زۆر بوون و دەتوانێ ماڵێک ببێتە قوتابخانە، شوێنی تایبەت بە وەرزشکردنیان نییە و کەرەستە و پێداویستیی تایبەتیان بۆ دابین نەکراوە. منداڵ پێویستە لەباری جەستەییەوە ئامادەگیی باشی هەبێ و هەموو زانایانی بواری پزیشکی لەو باوەڕەدان مێشکی سلامەت بەندە بە لەشی سلامەتەوە. بارهێنانی جەستەیی بەشێکی گرینگی پەروەردەیە کە بەداخەوە لە ئێران سەرنجی شیاوی پێ نادرێ؛ بەپێی ئامارەکان لە ساڵی ٩٦دا «٤٠٪ی منداڵە قوتابییەکانی ئێران لەگەڵ کێشەی قەڵەوی بەرەوڕوون.»

**١٠- نامۆیی پرسێکی گرینگ وەک ژینگە لە کتێبە دەرسییەکاندا؛** قوتابیان لە ئێران هیچ ناسیاوییەکیان لە بابەتی ژینگە نییە، ئەم پرسە گرینگە پێشتر هەر نەبووە و ئێستاش تەنیا لە پۆلی یازدەهەمدا کتێبێکی بۆ دیاری کراوە کە مامۆستای تایبەت بەخۆی نییە و زیاتر لە پەراوێزی دەرسەکانی دیکەدا سووکە ئاوڕێکی لێ دەدرێتەوە، ئەویش بە مەبەستی تێست

لێدان لە تاقیکردنەوەی کۆنکووردا و هیچ دەسکەوتێکی کرداری و ئەخلاقی بۆ قوتابییان نییە. بە چاو پێداخشاندنێک بە ژینگەی قوتابییان و حەوشی قوتابخانەکان زیاتر ئەم ڕاستییە تاڵە دەردەکەوێ.

١١- **جێگای بەتاڵی گرینگیدان بە ئەخلاقی کۆمەڵایەتی و بزواندنی هەستی کۆیی؛** هەر وەک باسی لێکراوە یەکێک لە ئەرکەکانی سیستمی پەروەردە، بارهێنانی بەرەیەکە کە لە دوارۆژدا بتوانن کەسانێکی بەکەلک بۆ کۆمەڵگەی خۆیان بن. گەیشتن بەم پرسە گرینگەش پێویستی بە بارهێنان و ڕاهاتنێکی جدیبە کە دەبێ لە قوتابخانەکانەوە جێبەجێ بکرێ، کتێبی دەرسی گرینگترین میدیای هەر وڵاتێکە لەبەر ئەوەی کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ مێشک و هزری ڕێژەیەکی زۆر لە کۆمەڵگە بەخۆیەوە خەریک دەکا. ئێمە ئەگەر لە ڕوانگەیەکی بابەتییانەوە بڕوانینە نێوەرۆکی کتێبەکان دەبینین کەمترین گرینگی بە کاری بەکۆمەڵ، یەکسانی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی، پاراستنی ماف و کەرامەتی کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان، پاراستنی ئازادیی تاکەکان، بەرپرسیار بوون لە بەرامبەر پێداویستییە هاوبەشەکان و... دراوە.

١٢- **سڕینەوەی زمانی دایک لە سیستمی خوێندن و فێربوون؛** خوێندن بە زمانی دایک سەرەڕای ئەوەی کە لە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیدا وەک مافێک باسی لێ کراوە، هەمیشە پشتگوێ خراوە. فێربوونی زمانی دایک و فێربوون بە زمانی دایک دوو مافی سەرەتایی و سەرەکین کە هەردەم لەلایەن حکوومەتە ناوەندگەراکانەوە وەلا نراوە؛ جێگای ئاماژەیە ئەم حەولانە لەلایەن زۆرینەی خاوەنڕایانەوە خەسارناسیی پێویستی بۆ کراوە و، لەو بڕوایەدان زەبرێکی قەرەبوو نەکراو لە داهاتووی منداڵان دەدرێ، بەڵام لەدرێژەی سیاسەتی ئاسیمیلە کردنی کەمینە نەتەوەییەکان و دابەزاندنی سیاسەتی یەک زمان، یەک دەوڵەت و یەک نەتەوە درێژەی پێ دراوە. ئەم لەبەرچاو نەگرتنانە تەنیا بە پرسی زمان کۆتایی پێ نایە بەڵکوو هەر لەم سۆنگەیەشەوە کولتوور و ئایین و... لە مەترسیی لەنێوچووندان.

١٣- **پەرەپێدان بە کولتووری توندوتیژی و بیرۆکەی جیهادی؛** هەر لەبەر درگای چوونە ژوورەوەی قوتابخانەکان کولتووری ژێرپێنانی ئاڵای وڵاتان جێگیر دەبێ و قوتابییان ناچار دەکەن پێ لە ئاڵای وڵاتانی تر بنێن، لەسەر ڕیزەکان ڕۆژی خوێندنیان دەبێ بە دروشمی مەرگ و نەمان بۆ خەڵکانی تر دەست پێبکەن. دوژمن، شەڕ، شەهادەت و... باوترین وشەگەلێکن کە لە جیات دۆست، ئاشتی، ژیان، لێبوردەیی و مرۆڤایەتی بەکار دەهێندرێن و دەبیسترێن.

١٤- **خۆ لەگێلی دان لە ئاست ناسینی مافەکانی ژنان؛** کاتێک لە دنیای ئەمڕۆدا پاراستنی مافی ژنان وەک ئەرکێکی گشتی ڕەچاو دەکرێ، لە ئێراندا هیچ بایەخێکی ئەوتۆ بە پرسی ژنان لە کۆمەڵگەدا نادرێ و ئەم چینە بەرچاوەی کۆمەڵگە هێشتاکەش لەژێر کەشی زاڵی دواکەوتووانەترین شێواز و بڕیارەکاندا دەژین. ئەم هەڵاواردنە سێکسیستییە لە نێوەرۆکی

کتێبە دەرسییەکانیشدا ڕەنگی داوەتەوە و هیچ هەوڵێک بۆ چاکبوون و نەهێشتنی نەدراوە. ژنان کە نیوەی ڕاستی کۆمەڵگە پێک دێنن، وەک ناموس دەناسرێن و دەبێ پیاوانێک هەبن کە خاوەنداریان بکەن. ئەمە بێجگە لە پێشێلکردنی مافە بنەڕەتییەکانی وەک دییە و شایەدیدان و میرات وەرگرتن و هتدە.

١٥- **بڕەودان بە کولتووری سیخوڕی؛** ئەم دیاردە ناشیرینە هەر لە زنجیرە پلەبەندی (سلسلە مراتب)ی ئیدارییەوە سەرچاوە دەگرێ، لێرەدا شێوازی بیرکردنەوە ستوونییە لەباتی ئەوەی ئاسۆیی بێ، هەربۆیەش دەبێتە هۆی ئەوەی هەر کاربەدەستێک لەبیری ئەوەدا بێ ژێردەستەکانی خۆی بەمەبەستی سیخوڕی و کولتووری ڤیزەونی جاسووسی بەکار بێنێ. کاتێک کە بەرپرسەکان لە ڕووی لێزانی و شارەزاییەوە دانەندرێن و تەنیا پێوەر بەڵێ-بەسەرچاو گوتن بێ سیستم بەرەو گەندەڵییەکی قووڵ هەنگاو دەنێ. هەر ئەم شێوازە ئیدارییە دزەی کردووەتە نێو کلاسەکانیشەوە و قوتابییەکانیشی تێوە گلاندووە.

١٦- **کوشتنی کارامەیی مامۆستایان لە سۆنگەی کەمیی مووچەوە؛** بێگومان یەکێک لە زەحمەتکێشترین چینەکانی کۆمەڵگە مامۆستایانن، هەر ئەو کەسانەی کە بناغەی داهاتووی کۆمەڵگە لەسەر دەستیان بنیات دەنرێ. ئەم چینە کاریگەرە کە ڕۆڵێکی هەرە گرینگ لە ڕێگەی گەیشتن بە گەشەدا دەگێڕن، بەبۆنەی کەمداهاتییەوە کارامەییان دەمرێ. کاتێک زۆربەی مامۆستایان لە ناچاریدا ڕوو دەکەنە کاری لاوەکی و دەبنە چەند پیشەیی، کاتێک ڕێژەیەکی زۆر لەوان لەپاڵ کارەکەیان بە کاری دیکەی وەک مسافیر کێشی و دووکانداری و مامەڵە و هتدەوە سەرقاڵن، بەشێکی بەرچاو لە وزە و توانایی خۆیان لەو ڕێگەیەدا خەسار دەکەن و؛ کارامەیی ڕاستی و واقعییان بۆ کارە سەرەکییەکەیان نامێنێ.

هەر وەکوو لە سەرەتای بابەتەکەدا باس کرا، گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی گەشەتەوەر و کارامە پێویستی بە هەندێک پێشمەرج هەیە کە لێرەدا ئاماژە بە چەمکی پەروەردە وەک یەکێک لە سەرەکیترینی ئەو پێشمەرجانە کرا. ئەوەش باس کرا کە لە وڵاتی ئێران هەتا چ ڕادەیەک ئەم پرسە گرینگە وەلا نراوە و، بۆتە قوربانیی زێدەخوازی و ئیدئۆلۆگپەروەریی دەسەڵاتی زاڵ بەسەر ئەم وڵاتەدا و؛ هەروەها نەگۆڕی و ڕێفۆرمهەڵنەگرتنی بایەخە باوەکانی ئەم ڕێژیمە.

٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## لە بەرەی خەڵکدا

سێلێبریتی بە کەسانی بەناوبانگ لە بوارە جۆراوجۆرەکانی وەک هونەر، وەرزش، زانست، سیاسەت و مۆد و هتد دەگوترێ. ئەم کەسانە لایەنگری تایبەت بە خۆیان هەیە و هەرکام لەوان دەتوانن کاریگەرییەکی زۆر لەسەر بوارە گشتی و تایبەتەکانی ژیانی لایەنگران و تەنانەت ئەو کەسانەش کە هەر دەیانناسن و لایەنگریشیان نین، دابنێن. وشەی سێلێبریتی بە تەنیا و بە خودی خۆی هەڵگری بارێکی ئەرێنی نییە، بەڵکوو هەڵوێست و شێوە ژیانی ئەم کەسانەیە کە ئەرێنی یا نەرێنی بوونی ڕۆڵیان لەسەر کۆمەڵگە و لایەنگرانی خۆیان دیاری دەکا. کەسانی بەناوبانگ بەهۆی خۆشویستنیان لەلایەن شوێنکەوتووەکانیانەوە، ئەگەری ئاراستە پێدان لەمەڕ سەرەکیترین پرسەکانی ڕۆژ لە کۆمەڵگەی خۆیان و یان تەنانەت گۆڕەپانێکی بەرینتریان بۆ دەخولقێ و لەبەر دەمدایە.

لە زۆربەی حاڵەتەکاندا هەڵوێستی ئەم کەسایەتییانە لە سێ خانەدا پۆلێن دەکرێ؛ یەکەم لە قازانجی خەڵکدا، دووهەم لە قازانجی دەسەڵاتدا و سێهەمیش هەڵوێستی بێدەنگییە کە لە ڕاستیدا هەڵوێستێک نییە و دەتوانین بڵێین لە مەترسیدارترین جۆری هەڵوێستەکانە. نەزمی کۆمەڵگەی مرۆیی لەمڕۆدا، پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ و لەبڕان نەهاتووی لەگەڵ زانستە جۆراوجۆرەکاندا هەیە؛ بە واتایەکی گشتیتر کۆمەڵگەی مرۆیی و ژیانی مرۆڤەکان لە کۆمەڵێک بازنەی پێکەوە لکاو پێک هاتوە. یانی کەسایەتییەکی سیاسی نابێ و بۆی نییە لە زانستی ئابووری و جوغرافیا و مێژوو و... ئاگادار نەبێ، یان بە پێچەوانەوە ئابووریناسێک دەبێ و پێویستە ئاگاداری لە بواری زانستی سیاسەتدا هەبێ.

بەکورتی و بە زمانێکی سادە سیاسەت ئەو زانستەیە کە ئیدارەی کۆمەڵگە یان وڵاتێکی لەسەر شانە. کەواتە بە پێی ئەم پێشەکییە زانستەکان و بەتایبەت زانستی سیاسەت لە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ وردترین بەشەکانی ژیانی هەر تاکێکدایە. ئاکامی بنەڕەتیی سیاسەتیش گەیاندنی کۆمەڵگە بە ئاستێک لە گەشە و خۆشبژێوی و حەسانەوە و ئەمنیەتە، جا هەر بۆیە لەم پێوەندییەدا کەسانی خاوەن پێگەی جەماوەری و خەڵکیش، پێویستە بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە یارمەتیدەر بن.

لە سەردەمی ئێستادا لە هەر جێگایەک لەم دنیایە هاوکات لەگەڵ ئەوەی ڕووداو و پێشهاتەیەک چ سروشتی و چ ناسروشتی دێتە ئاراوە، چاوی مێدیا و ڕاگەیەندنەکان بەتەنیا لە دەم و کرداری سیاسەتوانان و دەسەڵاتداران نییە، بەڵکوو

چاوەڕوانی وتە و کردەی کەسانی بەناوبانگ لەسەر ئەو بابەتەن. بە هەڵکشانی ئاستی تێکنۆلۆژی، دەربڕینی هەڵوێستەکان زۆر ئاسانتر بووە و ئیدی هەر کەسایەتییەک لە چاوەڕوانیی لێدوانێکدا نامێنێتەوە و، دەتوانێ لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەنگی خۆی دەرببڕێ و جیهانیش گوێی لێ دەبێ.

لەم ساڵانەی دواییدا کە بەردەوام ڕووداو بەدوای ڕووداودا دێ و لەسەر یەک کەڵەکە دەبێ، هەرکام لەو ڕووداوانە بوونەتە پێوەرێک بۆ جیاکردنەوەی سێلێبریتییە خەڵکییەکان لە ڕیزی ئەوانی وا سەر بە دەسەڵاتن. کاتێک بوومەلەرزە (سروشتی) لە پارێزگای کرماشانی دا و، دەوڵەت بەپێی پێویست بە هانای خەڵکی بەلالێدراوەوە نەهات و بگرە ڕێگری لە یارمەتیی خەڵک دەکرد (ناسروشتی)، چاوەڕوانییەکان لە کەسایەتییە بەناوبانگەکان چووە سەرەوە. عەلی دایی یەکێک لە فووتباڵیستە ئێرانییەکان _وەک نموونەیەک_ بەوپەڕی لەخۆبوردوویی و خەڵکیبوونەوە هەتا چەند ڕۆژی بەردەوام لەگەڵ کەسانی بوولەرزە لێدراو مایەوە و، بە کەلکوەرگرتن لە پێگەی خۆی لە دڵی لایەنگرانیدا؛ سەرنجی بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئەم وڵاتەی بەرەو کرماشان و چۆنیەتیی بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەو کارەساتە ڕاکێشا. هەر لەم پێوەندییەدا وریا غەفووری یاریزانی کورد بە ڕێکخستنی کایەیەکی هاوڕێیانە لە نێوان تیمی سەرداری بۆکان و یاریزانە کوردەکانی ئێران و بەخشینی داهاتی یارییەکە بە خەڵکی لێقەوماوی کرماشان، یارمەتی و پشتیوانیی خۆیان نواند.

لەم ڕۆژانەدا لووتکەی ڕووداوەکان هێرشی داگیرکەرانەی سپای تورکیە بۆ سەر ڕۆژاوای کوردستان بوو، کە دەنگدانەوەیەکی زۆری لێ کەوتەوە. ئەم هێرشە لەلایەن زۆریەک لە هونەرمەندان و کەسانی سیاسی و نووسەر و شاعێرەوە ئیدانە کرا. کەیهان کەلهوڕ هونەرمەندی بەتوانای کرماشانی بە هەڵوەشاندنەوەی کۆنسێرتی خۆی لە شاری ئیستامبوڵ بە نیشانەی دژایەتی کردن لەگەڵ ئەو بڕیارەی دەوڵەتی تورکیە، تێچوویەکی زۆری لەم ڕێگە دا. کۆچەر بیرکار، بیرمەند و بێهرووز بووچانی، نووسەر و ڕۆژنامەنووسی کورد کە لەم دواییانەدا هەرکام توانیان چەند خەڵاتی گرینگی زانستی و ئەدەبی لە ئاستی جیهانیدا بەدەست بێنن، پشتیوانیی خۆیان لە خەڵکی ڕۆژاوا ڕاگەیاند و هێرشەکەیان شەرمەزار کرد کە لە کۆمەڵگەی ڕووناکبیری و زانستیی دەرەوەی وڵاتدا کاردانەوەیەکی باشی هەبوو.

ئەوەی لێرەدا گرینگە هاوڕیز بوونی ئەم کەسایەتییانەیە لەگەڵ خەڵک و ماف و ویستەکانیان و بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتێکی ناڕەوا و دژبە بەرژەوەندیی خەڵک - کە ئەمە لە جێی خۆیدا هەم ئەرکی هەر کەسایەتییەکە چونکوو هەر لەسەر سەرمایەی مادی و مەعنەویی خەڵک بەو ئاستە گەیشتووە و، هەمیش بەجێ هێشتنی یادێکی پیرۆز لە خۆیان بۆ داهاتوو - ، لاپەڕەکانی مێژوو پڕە لە ٤٠ ساڵ و ٥٠ ساڵ دەسەڵاتداریی دیکتاتۆری، بەڵام ئەو ناوانە هەرمانن و ماونەتەوە کە لە پێناو قازانجەکانی خەڵکی خۆیاندا هەوڵیان داوە و بۆ بەرژەوەندییەکی تاکی بێدەنگییان

## بەشی یەکەم

هەڵنەبژاردووە. «مهدی اخوان ثالث» شاعێری گەورەی فارس لە وڵامی بانگهێشتی عەلی خامنەییدا، وانەیەکی گەورەی فێری هەموو ئەو کەسانە کردوە کە ڕۆژێک لە نێوان بێدەنگی و لەگەڵ دەسەڵات بوون و هاتنە ڕیزی خەڵکەوە تووشی سەرلێشێواوی بوون و دەبن؛ ئەو بە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی وت:

«ئێمە دژبە دەسەڵاتین نەوەک هاوڕێی دەسەڵات».

٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩

## دۆخی کرێکاران و ترسی دەسەڵات لە ڕابوونیان

کۆمەڵگەی ئێران کۆمەڵگەیەکی کرێکارییە، بەو جۆرەی لە ئامارەکاندا هاتوە ژماری کرێکارانی ئەم وڵاتە دەگاتە نیزیک بە ١٤ میلیۆن کەس؛ ئەم ژمارەیەش تەنیا ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە کرێکاری ڕووتن واتە لە کارگە بەرهەمهێنەرەکان و لە بەشی بیناسازی و... خەریک بەکارن. ئەمە لە کاتێکدایە بەپێی پێناسەی دیارترین کۆمەڵناسان، هەموو ئەو کەسانەی بۆ بژیوی ژیان ناچارن کار بکەن؛ بە کرێکار دەناسرێن.

کرێکاران لە ئێران سەرەڕای زۆربوونیان لە باری ڕێژەییەوە، کەمترین مافەکانی ژیانیشیان دابین ناکرێ، کە ئەمەش هۆکاری زۆری هەیە. دیارترین و گرینگترین هۆکارەکەی نەبوونی سەندیکا و یەکیەتیی سەربەخۆی کرێکارییە لەم وڵاتەدا. ڕۆڵی سەرەکیی سەندیکا، یەکیەتییەکان، ئەنجومەن یان ڕێکخراوە و پێکهاتە کرێکارییەکان لە جیهاندا پاراستنی مافی کرێکارانە لە دەرەوەی بازنەی دەوڵەت و دەسەڵات؛ ئەرکی ئەم ڕێکخراوانە پاراستن و پشتیوانی لە بەرژەوەندیی کرێکاران و بەشداریکردنیان لە کۆنترۆڵی دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتیی وڵاتە، کە کۆماری ئیسلامی ڕێکخراوی لەم شێوەیە بە یەکێک لە گەورەترین مەترسییەکان بۆ سەر «ئەمنیەت»ی وڵات _لە ڕاستیدا دەسەڵاتی خۆی_ دەزانێ. کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە و تەنانەت پێش لە سەرکوتی هێزە سیاسییەکان سەندیکا کرێکارییە خەڵکییەکانی تێکەوە پێچا و، هەر وەکوو لە زۆربەی بوارەکاندا کەسان و ڕێکخراوی سەربە دەسەڵات دادەنرێن؛ لەم بوارەشدا بە جێگیرکردنی «شوراهای اسلامی کار» بەتەواوی هەموو بزووتنەوە مافخوازییە کرێکارییەکانی پەرتەوازە کرد و خستیە ژێر چاودێریی بەشی حاکمیەت، هەتا ڕادەیەک کە دەتوانین بڵێین چالاکیی کرێکاریی تووشی نسکۆ و بێدەنگی کرد. یانی لە ڕاستیدا ئەرکی بنەڕەتیی ڕێکخراوی لەم چەشنە پاراستن و پارێزگاری لە دەسەڵاتە لە بەرامبەر خەڵکدا، ئەگەرچی بەرواڵەت لە خزمەتی خەڵکدا و بۆ خەڵک دامەزرابێتن. لە باری یاساییشەوە کۆماری ئیسلامی هەتا بە ئێستاش ئەو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییانەی کەوا باس لە ئازادی و سەربەخۆیی سەندیکاکان دەکا، واژۆ نەکردوە.

هەرخۆی نەبوونی شوێنێک کە بکرێ لەوێ مافی کرێکاران دەستەبەر بکرێ و لە ڕاستیدا بەمەبەستی پشتیوانی لەم چینە زەحمەتکێشە بنیاد نرابێ، کێشەی خولقاندوە، ئەمە لە کاتێکدایە لە بەرامبەردا و بەپێچەوانەوە ڕێکخراوێکی دەوڵەتیی وەک «شورای اسلامی کار» پارێزەری «مافی»! خاوەن کار و سەرمایەیە لە بەرامبەر و بەدژی کرێکاران؛ یەکیەتیی دەوڵەت و خاوەن سەرمایەکان و زۆر جاران معامەلە کردنیان پێکەوە دژبە کرێکاران، سەرهەڵدانی دیاردەی وەک کەرتی «تایلەتی»

(تایبەت و دەوڵەتی) لێ کەوتووەتەوە.

بەهۆی بێکاریی لەڕادە بەدەر و هەژاریی پەرەگرتوو لە وڵات، هانا بردنە بەر هەر چەشنە کارێک لەلایەن خەڵکەوە بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردوە، کەمیی کار و زۆریی هێزی مرۆیی دەستی خاوەنکارانی ئاوەڵا کردوە لە هەمبەر هەرچەشنە چەوساندنەوەیەک. نەبوونی بیمە، نەبوونی ڕێککەوتنێک لەنێوان هێزی کار و خاوەنکار - بەجۆرێک کە زۆربەی کاتەکان هەر بە شێوەی زارەکی، کەسێک لە شوێنێک دادەمەزرێ و پاش ماوەیەک هەر بەو شێوەیە لەسەر کار لادەبردرێ - ، دۆخی دژواری ژیان لەم وڵاتە بووەتە هۆی ئەوەی ژمارەی کرێکارانی ژن و منداڵیش بە شێوەیەکی بەرچاو و کارکئاسا ڕوو لە زیاد بوون بێ، هێزی مرۆیی و کرێکاری هەرزان خاوەنکارانی بێمنەت کردوە.

لە ئاکامی دوایین دانیشتنی «شورای عالی کار» لە بەهاری ساڵی ٩٨ی هەتاوی لانیکەمی مووچەی کرێکاران ١٥٠٠ هەزار تمەن دیاری کرا، ئەمە لە حاڵێکدایە هێڵی هەژاریی ڕەها ٣ میلیۆن و ٧٥٠ هەزار تمەنە کە نیشان دەدا مەودایەکی پتر لە ٢ میلیۆنی بۆ هەڵاتن لە هەژاری لەبەر دەم کرێکاراندایە.

لە کوردستان پرسی کرێکاری جیاوازترە لە بەشەکانی تری ئێران؛ ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە هەرخۆی کوردستان ناوچەیەکی ئەمنیەتییە و جیاوازترە لە ناوچەکانی دیکەی ئەم وڵاتە. کرێکارانی کورد بێجگە لە ستەمی چینایەتی، ستەمی نەتەوایەتیشیان لەسەرە. کوردستان کە هەر لە سەردەمی پەهلەویشدا لە ڕیزی ناوچە پەراوێزخراو و گەشەنەکردووەکان دەهاتە ئەژمار، بە هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی و سەپاندنی شەڕ لەلایەن ئەم دەسەڵاتەوە بەسەر خەڵکدا هێندەی دیکە لەم بارەوە وەدوا کەوت. بەڵام هەر بەمەش کۆتایی پێ نەهات و ئێستاشی لەگەڵدا بێ بە ڕوانگەیەکی ئەمنیەتییەوە سەیری کوردستان دەکرێ و لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا بەردەوام ناوچەیەکی میلیتاریزە کراو بووە. هەر لەم سۆنگەیەوە هەنگاوێکی بنەڕەتی کە لە خزمەتی گەشەی ئەم ناوچەیەدا بێ هەڵنەهێنندراوەتەوە.

بێکاری، نەبوونی کارگە بەرهەمهێنەکان، هەڵاواردن لە کاتی دامەزراندن و... بووەتە هۆی ئەوەی خەڵکی کوردستان بە هەموو توێژێکیەوە ڕوو بکەنە کاری - ئەگەر بکرێ ناوی کاری لەسەر بنرێ - ئەستەم و کەمداهات و بەدوور لە پرێستیژ و کەرامەتی مرۆیی؛ کار و پیشەی درۆیینی وەک دەسفرۆشی، زبڵگەڕان، کۆڵبەری و... لە سۆنگەی بێکارییەوە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پەرە دەستێنێ. ئەمە بێجگە لە خەسارگەلی کۆمەڵایەتی وەک دزی، لەشفرۆشی، فرۆشتنی ئەندامانی لەش، تووشبوون بە مادە سڕکەرەکان و زۆر شتی لەو چەشنەیە کە هەر هەموویان لێکەوتەی بێکارین.

## بەشی یەکەم

سەرەڕای هەموو کێشە و ئاریشەکانی کرێکاران لە شوێنی کار و نەبوونی ئەمنیەتی پیشەیی و ترسی دەرکران لەسەر کار و نەدانی بەوەختی مووچە و یارمەتیی مانگانەیان؛ کۆمەڵێک ترس و مەترسیی دیکەش هەن کە بەربینگی بە کرێکارانی کوردستان گرتوە؛ گیانلەدەستدان بەهۆی ڕووداوی کار، کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران، دەسبەسەرکردنی بەردەوامی چالاکانی کرێکاری، بانگکردنی ئەم چالاکانە بۆ ناوەندە ئەمنیەتییەکان بەتایبەتی مامۆستایانی ناڕازی و... تەنیا چەند نموونە لەو مەترسییانەن.

ئامارێکی دروست و ڕێک لەسەر قوربانیانی کار لەبەر دەستدا نییە، زۆربەی کرێکاران بیمە نین و ناویان لە ئاماری ڕێکخراوی «تأمین اجتماعی»دا نییە. بەڵام سەرەڕای ئەوەش ناوەندی مافی مرۆڤی کوردستان لە ڕاپۆرتی ٩ مانگی ڕابردووی ساڵی ٢٠١٩ی زایینیدا ناو و شوناسی ٣٩ کرێکاری کوردی تۆمار کردوە کە قوربانیی ڕووداوی کار و نەبوونی پێداویستیی گونجاو لە شوێنی کار بوون، جێگەی ئاماژەیە ئەم ٣٩ کەسە گیانی خۆیان لەدەست داوە و ئاماژەیەک بە بریندارەکان نەکراوە و هەروەها بێگومان قوربانیی زۆرتریش هەیە کە بە میدیایی نەبوون. بێجگە لەوە ئەم ئامارانە بریتی لەو کەسانە نین کە لە کاتی چوونە سەر کار و لە ڕووداوی هاتوچوودا تێدا دەچن یان بریندار دەبن. شایانی باسە بەداخەوە کرێکاران و هێزی کارێکی زۆریشمان هەیە بەهۆی بێکاری و بێدەرەتانی و هەژاری کۆتایی بە ژیانی خۆیان دێنن.

بەوتەی چالاکانی کرێکاری لە نێوخۆی وڵات هەزاران کەس لە خەڵکی کوردستان لە ناوچە سنوورییەکانی ماکۆوە هەتا ئیلام، ڕۆژانە خەریک بە کاری تاقەتپڕووکێنی کۆڵبەرین. کۆڵبەرانی کورد لە کاتی کۆڵبەریدا بەرەوڕووی چەندین مەترسیی گەورە دەبنەوە کە لەوانە دەتوانین ئاماژە بە هەڵدێران، ڕەقهەڵاتن لە سەرما لە وەرزە ساردەکانی ساڵدا، تەقینەوەی مین، کەوتنە بەر دەسڕێژی هێزە چەکدارەکان و... بکەین.

بە پێی ئەو ئامارانەی کە لەلایەن ناوەندی مافی مرۆڤی کوردستانەوە تۆمار کراوە لە ٩ مانگی ڕابردووی ئەمساڵی زایینیدا ١٨٠ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد بوونەتە قوربانیی ئەو کێشە و ئاریشانەی کە باس کرا، لەم ١٨٠ کەسە ٥٩ کەسیان بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکان گیانیان لەدەست داوە و ١٢١ کەسی دیکەشیان بریندار بوون.

ئەمانەی کە بە چاوپێداخشاندنێک باسیان لێ کرا نموونەگەلێکی بچووکن لەو بارستاییە لە کێشە و مەترسییانەی لەسەر ڕێگای کرێکارانی کوردستاندایە. بەڵام لە کۆتاییدا پێویستە باس لەوەش بکرێ هەر وەکوو چۆن لە دەیەی شەستی هەتاویدا و لەو کەشە ترسێنەر و بکوژ و ببڕەدا، بۆ یەکەم جار لە ئێرانی کۆماری ئیسلامیدا و لە شارەکانی کوردستان بە تایبەت سەقز و سنە یادی ١ی مەی پیرۆز ڕاگیرا و ناڕەزایەتیی کرێکاری سەری هەڵداوە، ئێستاش و پاش ساڵانێک دواتر

## بەشی یەکەم

سفرەی بەتاڵی کرێکاران و کاسبکارانی شاری بانە بووە سەرمەشق و ئۆلگووی زۆربەی کرێکاران لە شارەکانی دیکەی ئێران، لە ئێستادا و لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوودا ئەوەی کە گرینگە ئاماژەی پێ بکرێ ئەوەیە نارەزایەتییە سێنفییەکان لە ئێران، بە باشترین شێوە و یەکگرتووانە بەڕێوە دەچێ؛ کە لەم شێوازە خەباتەشدا جێپەنجەی نەتەوەی کورد زۆر دیار و زەقە. ڕۆژێک مامۆستایان دەبنە پێشەنگ و ڕۆژێکی تر شۆفیر کامیۆنەکان، بنەمای ئابووریی وڵات وەلەرزە دێنن بە مانگرتنی خۆیان هەتا ئەو جێگایەی کە هەڕەشەی ئێعدام و کوشتنیان لێ دەکرێ، لەولاترەوە بەکۆمەڵ چالاکیی کرێکاری دەسبەسەر و ڕەوانەی زیندان دەکرێن؛ هەموو ئەمانە نیشانەی ئەوەیە حیسابێکی جدی لەسەر ڕابوونی کرێکاران لەلایەن دەسەڵاتەوە کراوە.

لەمڕۆدا چینی کرێکار پەرەی ستاندوە و چیتر بەتەنیا وەرزێر و کرێکاری بیناسازی و... بە کرێکار ناناسرێن بەڵکوو هەموو ئەو کەسانەی وا بەدوای پارووە نانێکەوەن لەم دۆخە نالەبارە ئابوورییەدا، وەک کرێکار دەناسرێن و؛ ئەم چینەش نیشانی داوە کە دەتوانێ مەترسییەکی گەورە بێ بۆ دەسەڵات.

٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## لە پەسنی خۆڕاگریی بەندیی سیاسیدا

زیندان یا بەندیخانە بە شوێنێک دەوترێ کە کەس یا کەسانێک لەژێر ناوی تاوانبار لەوێدا ڕادەگیرێن و لە ئازادیی تاکەکەسییان بێبەش دەکرێن. دەسەڵاتداران لە پێناسەی زیندانـدا باس لەوە دەکەن کە ئەم شوێنە بە مەبەستی پاراستنی کۆمەڵگە و چاککردنی کەسانێکە کە بەهەر هۆیەک و بە هەر شێوەیەک لە نۆرم و بایەخە باوەکانی کۆمەڵگە لایان داوە - ئەو نۆرم و بایەخانەش کە باسی لێ دەکرێ چەمکگەلێکی ڕێژەیین، واتە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر دەتوانن جیاواز بن -. ئەم ئیدیعایە لەسەر بنەمای ڕزگاریی تاک و کۆمەڵگە چەندە دەتوانێ ڕاست بێ بەتایبەت لە وڵاتێکی وەک ئێراندا - کە نووکە ڕەبی باسەکە ڕوو لەوێیە - و بەتایبەتتر لە ئێرانێک کە لەژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بێ؟! بێگومان شایەتحاڵان و ئەو کەسانەی کە لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی ئازاد بوون لەگەڵ بەرپرسانی ڕێژیم بەگشتی و بەرپرسانی زیندانەکان بەتایبەتی لەم بارەوە هاوڕا نین.

بە پێی ئامارە دەوڵەتییەکان، ٣٠٠ هەزار زیندانی لە ئێراندا هەیە، ئەویش تەنیا لە ٢٥٠ زینداندا! ئەگەر هەر تەنیا ئەم ئامارە بکەینە پێوەر -کە بێگومان دەزانین ڕێژەی زیندانییەکان پتر لەوەندەیە- بۆمان دەردەکەوێ کە زیندان لانیکەم لە کۆماری ئیسلامیدا چ جۆرە جێگایەکە و، ئەو کۆمەڵگەیە هەتا چ ڕادەیەک لە تاوان نزیکە و بەپێچەوانەی پرۆپاگاندای ڕێژیم کۆمەڵگەی ئەم وڵاتە کۆمەڵگەیەکی نەخۆشە و، بێجگە لەوەش ڕێژەی زیندانییانی سیاسی لەم وڵاتەدا ڕێژەیەکی بەرچاوە و لەم پێوەندییەشدا لە ڕیزی هەرە سەرەوەی وڵاتانێکە کە زۆرترین ڕێژەی زیندانییانی سیاسی لەخۆ دەگرێ.

بە پێی ڕاپۆرتی جاوید ڕەحمان، نوێنەری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پێوەندی لەگەڵ دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێراندا کە لەم دواییانەدا بڵاو بووەوە؛ نیوەی ڕاستی زیندانییانی سیاسیی ئێران کوردن، ئەمە لە کاتێکدا جێی سەرنجێکی زیاترە کە نەتەوەی کورد لە ئێرانێک کە ڕێژەی حەشیمەتەکەی ٨٥ میلیۆن کەسە، تەنیا هەشت بۆ دە لەسەدی حەشیمەتی ئەم وڵاتە پێک دێنێ. بەداخەوە نەتەوەی کورد هەر لە ئاستی گشتیدا نییە کە ڕێکۆردی بەدەستە، بەڵکوو لە ئاستی تاکەکەسیشدا کۆنترین و بە پێشینەترین زیندانییانی سیاسیی ڕێژیم هەر لە ڕۆڵەکانی ئەم گەلەن.

ئازادبوونی ئەم دواییانەی عوسمان مستەفاپوور و محەممەد نەزەری دوو زیندانیی بە پێشینەی زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی، دەنگدانەوەیەکی بەرچاوی هەبوو. عوسمان مستەفاپوور پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مانگی

## بەشی یەکەم

پووشپەڕی ساڵی ١٣٧٠ی هەتاویدا لەلایەن هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی بەدیل گیرا و، هەتا ئەم دواییانە لە زیندانەکانی ئەم ڕێژیمەدا واتە بۆ ماوەی پتر لە ٢٨ ساڵ ڕاگیرابوو. محەممەد نەزەری ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان ٢٥ ساڵ لەمەوبەر لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانەوە دەسبەسەر و ماوەی چارەگە سەدەیەک لە ژیانی خۆی لە بەندا تێپەڕ کرد.

زیندانەکانی ئێران لەگەڵ ئەوەی کە لە باری ڕێژەییەوە کەمن، سەرەکیترین پێداویستیی هیچکام لە زیندانییەکانیش دابین ناکرێ و ئەمەش دابندرێ لەسەر شێوەی هەڵسوکەوتی نەشیاوی مەئموور و زیندانبانەکان بەتایبەت لەگەڵ زیندانییانی سیاسیی کورد، هەر لە یەکەم ڕۆژی دەسبەسەر کردنیانەوە بە ئەشکەنجە و پرسیاری لەسەریەک و وەڕەزکەر هەتا ئەو کاتەی لەوێ دەمێننەوە، وێنەیەکی گشتی و دروستمان لەو شوێنانە پێدەدا. بیرکردنەوە لەوەی کە سەرەڕای ئەشکەنجە جەستەیی و ڕۆحییەکان، نەک ساڵانێکی زۆر لە تەمەن بەڵکوو هەر ماوەیەکی کەمیش ژیان بردنە سەر لە دۆخێکی وەهادا، تاڵ و ترسناکە. کاتێکی زۆر مانەوە لە ریزی خواردن وەرگرتن، چوونە ئاودەست، تێکەڵاوی لەگەڵ ئەو بەندییانەی وا بەهۆی تاوانی کۆمەڵایەتییەوە گیراون - بەتایبەت لە شارە چکۆلەکان- کە تاوانبار بوونی ئەوانەش لەجێی خۆیدا دەگەڕێتەوە سەر شێوەی سەقەتی بەڕێوەبەریی وڵات، «کفخوابی» بەهۆی زۆریی زیندانی –بەتایبەت لە کاتی خۆپیشاندان و ڕەشبگیرەکاندا - و دووری لە خزم و دۆستان و بنەماڵە، تەنیا گۆشەیەک لە ناخۆشییەکانی دنیای بەندییەکە.

ئەم قارەمانە خۆڕاگرانە کە بەدرێژایی ساڵانێکی زۆر و بگرە دەتوانین بڵێین تەمەنێک لە ژیانی خۆیان لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکی دەوراندەور دیوار و تێلدڕوو بەسەر بردووە، تەمەنێک ئازاری جۆراوجۆریان چێشتووە، تەمەنێک بێڕێزییان پێ کراوە، لەو ماوەیەدا نزیکترین کەسانی خۆیان لەدەست داوە، بەبێ ئەوەی تاقە خولەکێک بێڵن بەشدار بن لە هاوسۆزی دەربڕین لەگەڵ باقیی کەسوکاردا، شەو و شەونخوونی و دڵەڕاوکێی ئێعدام، دوورکەوتنەوە لە ژیانی ئاسایی و دواکەوتن لە ڕەوتی گۆڕینی دنیا، لەدەست دانی هاوڕێیانی هاودەم و هاودڵ، جیابوونەوە لەوان و سەر لەنوێ هەست بە تەنیاییەکی تازە کردنەوە، بەرد دەتوێنێتەوە، ئاسن دەڕزێنێ؛ بەڵام عوسمان و محەممەدی ڕاوەستاوتر لە هەمیشە کردوە.

لە ماوەی ئەم ساڵانەدا بە چەندین کەس بوونەتە سەرۆکی داد لەم وڵاتەدا، بەڵام هیچ کامێکیان ئاوڕێکیان لە ناڕوونیی دۆخی ئەم کەسانە نەداوەتەوە، ئەوانیش بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم ڕووکردە نامرۆڤانەی کاربەدەستان هیچ کات نە لێیان پاڕاونەتەوە و نە داوای ئازادییان لێ کردوون؛ بەڵکوو تەنیا پێداگرییان لەسەر بێتاوانیی خۆیان و نامرۆڤانەبوونی حوکم و بڕیاری دەزگای دادی ڕێژیم کردووەتەوە.

## بەشی یەکەم

ئەوان بە نەبەزی و سەر دانەنەواندنی خۆیان هەوای ئازادییان هەڵمژیوە، نەک بە لێخۆشبوون چونکوو تاوانێکیان نەبووە هەتا لێیان خۆش بن؛ بەڵکوو مافی لێخۆشبوون لە دەستی ئەم ئازار چێشتووانەدایە کە دڵنیام نە لێیان خۆش دەبن و نە لەبیری دەکەن ژانی تەمەنێک بەندکران.

**٧ی دێسەمبەری ٢٠١٩**



سەرچاوە Serchawe

## ئەم خۆڵەی چیدی ناکرێتە چاوی خەڵکەوە!

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ کۆمەڵێک تایبەتمەندیی نەرێنیدا فرچکی گرتوە، کە هەر کام لەوانە بەتەنیایی دەتوانن کۆمەڵگەی ژێر دەسەڵاتی خۆیان بەرەو لێواری ڕووخان و هەرەسهێنان پاڵ پێوەنێن. درۆ، پێچەوانە نواندنی ڕاستییەکان، حاشا کردن، ناڕوونی بە هەموو واتای خۆی بەشێک لەو تایبەتمەندییە نەرێنییانەن و لە ئاکامدا دەتوانم بڵێم «شاردنەوە»؛ کە ڕەنگە هەموو ئەوانە جیاجیا هاتوونەتە نێو ئەم تایبەتمەندییە دوایە و، لە هەموویان بەشێکی بۆخۆی پچڕاندوە.

لێرەشدا ئەم نووسراوەیە زیاتر لە دەوری شاردنەوە دەخولێتەوە. ئەم دیاردەیە دەتوانێ بریتی لە زۆر شت بێ، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستە شاردنەوە لە سیاسەت کردندایە. بەگشتی ڕێکاری بەرەوڕووبوونەوەی ڕێژیم لەگەڵ کێشە جۆراوجۆرەکاندا لە ماوەی تەمەنی دەسەڵاتدارییەکەی بە دوو شێوە بووە؛ یەکیان حاشا کردن و شاردنەوەی ڕاستییەکان و دووهەمیان چەواشەکاری و بەراوەژوو نیشاندانی هەر ئەو ڕاستییە کە لە پێشدا شاردوویەتەوە. ئەمەش سەرچاوە لە خوێندنەوەیەکی بەرتەسکی ئیدئۆلۆژیک لە ئایینی فەرمیی ئەم دەسەڵاتە ئۆلیگارشییە دەگرێ، کە لەوێدا ڕاگرتن و هێشتنەوەی دەسەڵات لە نانی شەو فەرزتر نوێندراوە و، هەروەها تەقیەکردن یەکێک لە باوترین ئاکارگەلێکە کە بەتایبەتی بۆ کاتی هەستیار و مەترسیدار داندراوە بەمەبەستی خۆپاراستن و دەربازبوون. بەم پێیە ئەگەر ئێمە ڕۆژانە لەگەڵ بارستاییەک لە درۆ و دەلەسە لەلایەن سەردەمدارانی ڕێژیمەوە بەرەوڕوو دەبینەوە شتێکی سەیر نییە و بەتەواویش ئاساییە و لە هەمان کاتدا بۆ ئەوان لە ڕیزی ئاکارە پیرۆزەکاندایە.

یەکێک لە بێبەزەییانەترین و لە هەمان کاتدا دڕندانەترین شاردنەوەکانی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ زیندانییانی سیاسی و عەقیدەتییە بەتایبەتی لەسەر زیندانییە کوردەکان. کەم نین ئەو بنەماڵە و دایک و باوکە پیرانەی کە بە سەر و ڕیشی سپییەوە ڕۆژان و مانگان و بگرە ساڵانێک بەر دەرگای بەندیخانەکانیان بەرنەداوە و بەردەوام لە پرسۆجۆدا بوون بۆ ئەوەی هەواڵێک لە ڕۆڵە و ئازیزترین کەسانی خۆیان بزانن. سیاسەتی شاردنەوە و بێسەروشوێن کردنی چالاکانی سیاسی لە کوردستان و ئێران بۆ سەردەمانێکی زووتر دەگەڕێتەوە، کەمتر شار و ناوچەیەکی ئازادیخواز لەم وڵاتەدا هەیە کە تەپک و دەشتی دەوروبەری، شەوانە و نهێنی و بە لۆدێر هەڵنەدرابێتەوە و پڕ نەکرابێ لە جەستەی خنکێندراو، سووتێندراو، لەخوێن گەوزاو و تیرباران کراوی ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی. ئەم جەنایەتانە هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە دەستی پێکردوە و هەتا ئێستاش بەردەوامە.

ئەگەر لە تاران خاوەران هەیە، لە کوردستان نەحلەتاوا «لعنت آباد»ی بیچارەکانمان هەیە و هەبوو کە بەداخەوە پڕاوپڕ بوو لە جەستەی باشترین ڕۆڵەکانی ئەم خاکە، دیسانیش بەداخەوە سەرەڕای ئەوەی کە هیچ کات بەڕوونی بە بنەماڵەکانیان ڕانەگەیاندرابوو کە تەرمی ئازیزەکانیان لێرە و بەکۆمەڵ نێژراوە؛ بەڵام دایک و باوکانێک دڵیان بەو کۆگا خۆڵە خۆش بوو و ساڵانە دەچوونە سەردانیان، لێ مخابن لەم دواییانەدا و لە ترسی ئاشکرابوونی شاردراوەکانیان هەمدیسان بە شەوانە و نهێنی و بە لۆدێر خاکی سەریان هەڵدراوە و هیچ ئاسەوارێکیان لەو کەسانە نەهێشت، هەتا ئەو یادگارە تەماوییەش نەمێنێ و نیشانێکیش تەنانەت.

لەوەش دڵتەزێنترمان هەیە ئەویش ئەوەیە ئێستاش بە هەزاران بنەماڵە هەن کە لەدوای چل، سی‌وپێنج، سی و... ساڵ ئاگادار نین جگەرگۆشەکانیان کەی، لەکوێ، چۆن، بە چی و بۆچی کوژراون و ئێستا تەرمەکانیان لەکوێیە. بەپێی شایەدیی بنەماڵەکان، زۆر جار سەرەڕای ئەوەی زارەکی پێیان ڕاگەیەندراوە ئازیزەکانیان ئێعدام کراون و چیتر چاوەڕوانیان نەبن، بەڵام هیچ کات نەک تەرم و گۆڕەکانیان نەبینیوە، بەڵکوو لە بەرگەی مەرگەکانیاندا کە لەلایەن سەرچاوە حکوومەتییەکانەوە پێیان دراوەتەوە هۆی مەرگی ئەو کەسانە، «مەرگی سروشتی»، «مردن لە ماڵێدا»، «گیان لەدەست دان لە ڕووداوی ماشێن» و... تۆمار کراوە، کە لەگەڵ ڕاستیی دۆخی ئەو کەسانە جیاوازییەکی سەرسووڕهێنەری هەبووە.

ئەم هەڵگێڕانەوەی ڕاستی و شاردنەوەی زانیاریی ڕاست و دروستە، تاکتیکێکی هەر تایبەت بە ساڵانی دووری ڕێژیم نییە و ئێستاش هەر لەسەر ئەو ڕێبازەی خۆی ماوە، دوابەدوای ئەوەی کە تەرمی پۆلێک لە لاوانی کوردستانی لە چۆم و بەنداوەکانی کوردستان دۆزرایەوە و، ئاوی کوردستان کە سەرچاوەی کەوسەرە و لایەنگری ڕوونی و زوڵاڵییە؛ تەمی ڕۆڵە قارەمانەکانی هێنایەوە ئامێزی هاووڵاتییانیان. بەم پێیە جینایەتە شاردراو و تاریکە نوێکانی ڕێژیم لەلایەن خەڵکەوە تیشکی خرایە سەر و بۆ هەمووان دەرکەوت و، جەختێکی دووبارە بوو لەسەر بکوژبوونی حکوومەتی قاتڵی زنجیرەیی و تێرۆر. دەسەڵاتدارانی ئەم تەختە کە زانیان چیتر ناتوانن حاشای لێ بکەن و هیچ کام لە کردەوە نامرۆییەکانی خۆیان لەبەر چاوی خەڵک بۆ ناشاردرێتەوە؛ وەخۆ کەوتن و چوونە سەر گۆڕینی ڕاستیی ڕووداوەکە و ئەمجار حیزبە ڕۆژهەڵاتییە خاوەن پێگە و خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیان لەملاولا وەک تاوانباری سەرەکی و بکوژی ئەو لاوە نارازی و خۆپیشاندەرانە ناساند و، وەک هەمیشە ویستیان خۆیان دەرباز بکەن و پێناسەی بێتاوانی بۆ خۆیان دابتاشن.

ئەم حەولە کۆن و نوێیانەی ڕێژیم لە ڕاستیدا چیتر بۆ خەڵکی ئێران بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی هیچ ڕەنگێکی نەماوە و تا دێ پتر لە جاران جێگە و پێگەی خۆی لەدەست دەدا و، ڕاستیی دەروونی ئەم دەسەڵاتە بۆ خەڵک زیاتر خۆ دەردەخا و شاردنەوە و درۆ و بوختان و تاوان هەڵبەستنیش کاریگەرییەکی نەماوە.

## چەکی چەپەڵ بۆ مەبەستی چەپەڵتر

"هیوادارم بە ڕق و قینی شۆڕشگێڕانەی خۆتان دەر حەق بە دوژمنانی ئیسلام ببنە هۆی بەدەستهێنانی ڕەزایەتی خوای گەورە، ئەو برادەرانەی وا دیاریکردنی بابەتەکەیان [مەبەست لە دیاریکردنی کافر و کافر نەبوونی بەندییە سیاسییەکانە] لە ئەستۆیە، چکۆلەترین گومان و دڕدۆنگییەک نەیێ بە دڵیاندا و تێبکۆشن «لە بەرامبەر کافرەکاندا بەتوندی هەڵسوکەوت بکەن». دوودڵی لەمەڕ پرسە قەزاییەکانی ئیسلامی شۆڕشگێڕانە، لەبەرچاو نەگرتنی خوێنی پاک و پیرۆزی شەهیدانە."

ئەمەی نووسراوە بەشێکە لە نامەی خومەینی بۆ کاربەدەستانی دەزگای دادوەری و زیندانەکانی ئێران لە دەیەی شەستی هەتاوی و، گەورەترین بەڵگە لەسەر دەستاوەڵایی ئەو کەسانەیە لە ئەشکەنجە و ئەزیەت و ئازاری زیندانییانی سیاسیی ئێران. کاتێک کە حکوومەتێکی مەکتەبی دێتە مەیدانی بەڕێوەبەریی وڵاتێکەوە، بۆ پاساوی هەر جینایەتێک کە دەیکا پێویستی بە کۆمەڵێک دەستەواژەیە کە بتوانێ لەوانەوە ڕەواییەتێکی ڕواڵەتی بۆخۆی چێ بکا؛ «کفار»، «منافقین»، «دوژمنان» و... لەم جۆرە دەستەواژەن کە لە یەکەم ڕۆژی هاتنە سەر کاری ئەم ڕێژیمەوە و لەلایەن دەزگای پروپاگانداکەیەوە نیسبەت دراون بە دژبەرەکانی.

ئەوەی کە بزانین کێ کافرە و بە چی کافرە و کێ ئیماندارە و ئیمانی بە چییە، خۆی باسێکی جەوهەرییە و نە لێرەدا دەکرێ بکرێتەوە و نە مەبەستی باسەکەی ئێمەشە؛ بەڵام ئەوە گرینگە کە بێتوو ئیدیعای ئەوانیش دروست بێ، چۆن دەکرێ مرۆڤگەلێک سەللاخی بکرێن لەسەر ئەوەی باوەڕیان بە دەسەڵاتی ئارایی نییە؟ ئەم ڕەواییەتە لە کوێوە وەر گیراوە؟ کێ پێیانی داوە؟ ئەمانەش کۆمەڵێک پرسیاری بنەڕەتین کە هەر کام لەوانە دەتوانێ هەوێنی باسێکی تێروتەسەل بێ لە بابەتەکانی دادێدا. بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگەی ئاماژەیە ئەم ڕەواییەتە تیۆریکەی کە باسی لێ دەکرێ، دەستی ڕێژیمی لە بەرامبەر هەر کردەوەیەکدا لەدژی دژەکانی بە کراوەیی هێشتووەتەوە.

لە ئێرانی سەردەمدا زیندانی سیاسی و ئەشکەنجە دووانەی لێک جیا نەکراون، هەر کاتێک زیندانی سیاسی هەبێ بێگومان ئەشکەنجەش هەیە و هەر کاتێکیش ئەشکەنجە هەبوو بزانن ناوی زیندانییەکی سیاسی لەو نێوەدایە. ئەشکەنجەکان فرە شێوەن، لە ئەشکەنجەی ڕووتی لێدانەوە بگرە هەتا ئەشکەنجەی سپی، هەموو لە جێگەی خۆی و بۆ کەسانی تایبەت بە خۆی بەکار هێنراون و دێن.

یەکێک لەو شێوە ئەشکەنجانەی کە دیوی ڕاستەقینەی ڕێژیم لە بێوێنەبوونی لە دڕندەییدا دەردەخا، ئەشکەنجە و دەستدرێژیی سێکسییە بۆ سەر زیندانییانی سیاسی بە مەبەستی ئێعتراف وەرگرتن و یا تێک شکاندنی شان و شکۆ و هەستی خۆڕاگریی ئەو بەندییە سیاسییانە و زۆر جاریش تەنیا بە مەبەستی شکاندنی توونیەتیی بازجووە نانۆرماڵەکانی زیندان و گرتنگەکان، بەکار دێ.

کۆماری ئیسلامی هەر لە یەکەم ساتەکانی دەست بەسەر دەسەڵاتدا گرتنەکەی، ڕووی کردە بەکار هێنانی ئەم شێوە لە ئەشکەنجە، بەڵام لەو سەردەمەدا لەبەر لاوازیی پێوەندیی نێوان زیندانییەکان لەگەڵ دەرەوە و دواتر شەرم و ترسی ئەو قوربانییانە و لەوەش گرینگتر مەرگی ئەو کەسانە، ئەم بەشە تاریکە بە شاردراوەیی دەماوە. لە یەکێک لە گرینگترین دژکردەوەکان بەم ڕووداوە دڵتەزێنانە دەتوانین ئاماژە بە نامەی ئایەتوڵڵا مونتەزیری بکەین کە بۆ خومەینی نارد و لەوێدا بە ڕاوێژی پرسیاری و، بە بەردەنگ دانانی خومەینی باسی لەوە کردبوو کە هیچ ئاگاداری ئەوە هەیە «کۆمەڵێک ژن و کچ لە زیندانەکاندا داگیر کراون و بە پیسترین شێوە و بە جنێوی زۆر قیزەونانە لەگەڵیان هەڵسوکەوت دەکرێ؟». ئەم بەڵگەیە لەگەڵ ڕاپۆرتی گالیندۆپۆل ڕاپۆرتنێری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران لە ساڵەکانی ٦٥ هەتا ٧٣، کە لەوێدا ئاماژە بەو کچانە دەکا کە پێش لە ئێعدام کردنیان لەلایەن مەئموورەکانەوە دەستدرێژییان دەکرا سەر و کچێنییان لێ دەستێندراوە؛ یەکەمین بەڵگەکانن کە لەم بارەوە لە بەردەستدا هەن. ئەمە بێجگە لە شایەدیی سەدان قوربانی و زیندانیی پێشووە کە دواتر ئازاد و لە بێسەر و شوێن بوون ڕزگاریان بووە.

کاتێک کە دڕندەیی دەگاتە ئەو پەڕی خۆی و بە مەبەستی دوژمنایەتی لەگەڵ دژبەرانی ڕێژیم، کچانی تەمەن کەمتر لە پازدە ساڵ و خوارتریش، پێش لە ئێعدام کردنیان کچێنییان لەسەر لادەبردرێ تەنیا بەو ئامانجەی لە دوای مردنیان نەتوانن بچنە بەهەشت! واتە بە پێی بڕوای خۆیان هەر دوو دنیای دوژمنانیان دەکەنە جەهەندەم! لە ڕاستیدا ئەم کردارانە دەچێتە ئەو بەری نامرۆڤایەتی و هیچ مێشکێک ناتوانێ ئەم بارستاییە لە وەحشیگەری هەڵبگرێ.

ئەم هەوڵە دزێوانەی کۆماری ئیسلامی هەردەم بەردەوام بووە، لە دوای ئاشکرابوونی قەتڵە زنجیرەییەکان و تۆمەتبار کردنی سەعید ئیمامی (ئیسلامی) کە بۆخۆی جێگری عەلی فەللاحیان وەزیری پێشووتری وەزارەتی ئیتلاعات بوو، هاوسەری ناوبراو بووە قوربانیی ئەم سیاسەتی ئێعتراف وەرگرتنە و ناچار کرا لە بەرامبەر کامێرادا بوختانی سێکسی بۆ خۆی و مێردەکەی هەڵببەستێ. دواتریش و لە ئاکامی بەردەوامیی ئەم ڕووکردەدا کەسانێکی وەک «زارا بەنی یەعقووب»، «ڕۆئیا تولووعی»، «زارا کازمی»، «تەرانە مووسەوی» و زۆر کەسانی تریش بوونە قوربانیی دەستدرێژکەرانی گرتنگەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و لە هەموو دنیادا دەنگی دایەوە.

## بەشی یەکەم

ئەم ڕەوتە درێژەی هەبوو و دوا بە دوای خۆپیشاندانەکانی ساڵی ٨٨ و گرتنگەی کەهریزەک، کە دەنگدانەوەیەکی بەربڵاوی هەبوو، مێهدیی مەحموودیان ڕۆژنامەنووس لە نامەیەکدا کە لەسەر دۆخی ئەو گرتنگەیە بۆ خامنەیی نووسیبوو، لەوێدا بەڕاشکاوی ئاماژەی بەوە کردبوو، «کوڕە منداڵێکی زیندانی لە یەک شەودا ٧ جار دەستدرێژیی کراوەتە سەر»! بەڵێ ئەشکەنجەی سێکسی لە زیندانەکانی ڕێژیمدا بە شێوەی سیستماتیک بەڕێوە دەچێ و، بۆ ئەمەش فتوای شەرعیی تەقی میسباحی لەسەرە و تەنانەت هەر خوێندنەوەی وردەکارییەکانی شەرمی لەگەڵە، چ بگا بە هێنانەوە و نووسینەوەیان.

لەدوای خۆپیشاندانەکانی خەزەڵوەر و ڕەشبگیرییەک کە بەو بۆنەیەوە بوو و ئێستاش بەردەوامە، هەواڵی دەسدرێژی کردنە سەر ٣ مێرمنداڵی مەریوانی لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانی بڵاو بووەوە، بەداخەوە ئێستاشی لەگەڵدا بێ قوربانییان بەو جۆرەی پێویستە ناوێرن ڕاستیی ڕووداوەکان بدرکێنن و پتر لە پێش دەسدرێژکەران ڕووڕەش بکەن. پێویستە و دەبێ قوربانییانی ئەم جۆرە تاوان و ئەشکەنجانە بەو پەڕی بوێرییەوە دەنگ هەڵبڕن و هەموو لایەک لەو ستەمەی لێیان کراوە ئاگادار بکەنەوە؛ هەتا چیتر گوێبیستی شتی لەم چەشنە نەبین.

٢٢ی دێسەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## چەکی چەپەڵ بۆ مەبەستی چەپەڵتر

"هیوادارم بە ڕق و قینی شۆڕشگێڕانەی خۆتان دەر حەق بە دوژمنانی ئیسلام ببنە هۆی بەدەستهێنانی ڕەزایەتی خوای گەورە، ئەو برادەرانەی وا دیاریکردنی بابەتەکەیان [مەبەست لە دیاریکردنی کافر و کافر نەبوونی بەندییە سیاسییەکانە] لە ئەستۆیە، چکۆلەترین گومان و دڕدۆنگییەک نەیێ بە دڵیاندا و تێبکۆشن «لە بەرامبەر کافرەکاندا بەتوندی هەڵسوکەوت بکەن». دوودڵی لەمەڕ پرسە قەزاییەکانی ئیسلامی شۆڕشگێڕانە، لەبەرچاو نەگرتنی خوێنی پاک و پیرۆزی شەهیدانە."

ئەمەی نووسراوە بەشێکە لە نامەی خومەینی بۆ کاربەدەستانی دەزگای دادوەری و زیندانەکانی ئێران لە دەیەی شەستی هەتاوی و، گەورەترین بەڵگە لەسەر دەستاوەڵایی ئەو کەسانەیە لە ئەشکەنجە و ئەزیەت و ئازاری زیندانییانی سیاسیی ئێران. کاتێک کە حکوومەتێکی مەکتەبی دێتە مەیدانی بەڕێوەبەریی وڵاتێکەوە، بۆ پاساوی هەر جینایەتێک کە دەیکا پێویستی بە کۆمەڵێک دەستەواژەیە کە بتوانێ لەوانەوە ڕەواییەتێکی ڕواڵەتی بۆخۆی چێ بکا؛ «کفار»، «منافقین»، «دوژمنان» و... لەم جۆرە دەستەواژەن کە لە یەکەم ڕۆژی هاتنە سەر کاری ئەم ڕێژیمەوە و لەلایەن دەزگای پروپاگانداکەیەوە نیسبەت دراون بە دژبەرەکانی.

ئەوەی کە بزانین کێ کافرە و بە چی کافرە و کێ ئیماندارە و ئیمانی بە چییە، خۆی باسێکی جەوهەرییە و نە لێرەدا دەکرێ بکرێتەوە و نە مەبەستی باسەکەی ئێمەشە؛ بەڵام ئەوە گرینگە کە بێتوو ئیدیعای ئەوانیش دروست بێ، چۆن دەکرێ مرۆڤگەلێک سەللاخی بکرێن لەسەر ئەوەی باوەڕیان بە دەسەڵاتی ئارایی نییە؟ ئەم ڕەواییەتە لە کوێوە وەر گیراوە؟ کێ پێیانی داوە؟ ئەمانەش کۆمەڵێک پرسیاری بنەڕەتین کە هەر کام لەوانە دەتوانێ هەوێنی باسێکی تێروتەسەل بێ لە بابەتەکانی دادێدا. بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگەی ئاماژەیە ئەم ڕەواییەتە تیۆریکەی کە باسی لێ دەکرێ، دەستی ڕێژیمی لە بەرامبەر هەر کردەوەیەکدا لەدژی دژەکانی بە کراوەیی هێشتووەتەوە.

لە ئێرانی سەردەمدا زیندانی سیاسی و ئەشکەنجە دووانەی لێک جیا نەکراون، هەر کاتێک زیندانی سیاسی هەبێ بێگومان ئەشکەنجەش هەیە و هەر کاتێکیش ئەشکەنجە هەبوو بزانن ناوی زیندانییەکی سیاسی لەو نێوەدایە. ئەشکەنجەکان فرە شێوەن، لە ئەشکەنجەی ڕووتی لێدانەوە بگرە هەتا ئەشکەنجەی سپی، هەموو لە جێگەی خۆی و بۆ کەسانی تایبەت بە خۆی بەکار هێنراون و دێن.

## بەشی یەکەم

یەکێک لەو شێوە ئەشکەنجانەی کە دیوی ڕاستەقینەی ڕێژیم لە بێوێنەبوونی لە دڕندەییدا دەردەخا، ئەشکەنجە و دەستدرێژیی سێکسییە بۆ سەر زیندانییانی سیاسی بە مەبەستی ئێعتراف وەرگرتن و یا تێک شکاندنی شان و شکۆ و هەستی خۆڕاگریی ئەو بەندییە سیاسییانە و زۆر جاریش تەنیا بە مەبەستی شکاندنی توونیەتیی بازجووە نانۆرماڵەکانی زیندان و گرتنگەکان، بەکار دێ.

کۆماری ئیسلامی هەر لە یەکەم ساتەکانی دەست بەسەر دەسەڵاتدا گرتنەکەی، ڕووی کردە بەکار هێنانی ئەم شێوە لە ئەشکەنجە، بەڵام لەو سەردەمەدا لەبەر لاوازیی پێوەندیی نێوان زیندانییەکان لەگەڵ دەرەوە و دواتر شەرم و ترسی ئەو قوربانییانە و لەوەش گرینگتر مەرگی ئەو کەسانە، ئەم بەشە تاریکە بە شاردراوەیی دەماوە. لە یەکێک لە گرینگترین دژکردەوەکان بەم ڕووداوە دڵتەزێنانە دەتوانین ئاماژە بە نامەی ئایەتوڵڵا مونتەزیری بکەین کە بۆ خومەینی نارد و لەوێدا بە ڕاوێژی پرسیاری و، بە بەردەنگ دانانی خومەینی باسی لەوە کردبوو کە هیچ ئاگاداری ئەوە هەیە «کۆمەڵێک ژن و کچ لە زیندانەکاندا داگیر کراون و بە پیسترین شێوە و بە جنێوی زۆر قێزەونانە لەگەڵیان هەڵسوکەوت دەکرێ؟». ئەم بەڵگەیە لەگەڵ ڕاپۆرتی گالیندۆپۆل ڕاپۆرتنێری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران لە ساڵەکانی ٦٥ هەتا ٧٣، کە لەوێدا ئاماژە بەو کچانە دەکا کە پێش لە ئێعدام کردنیان لەلایەن مەئموورەکانەوە دەستدرێژییان دەکرا سەر و کچێنییان لێ دەستێندراوە؛ یەکەمین بەڵگەکانن کە لەم بارەوە لە بەردەستدا هەن. ئەمە بێجگە لە شایەدیی سەدان قوربانی و زیندانیی پێشووە کە دواتر ئازاد و لە بێسەر و شوێن بوون ڕزگاریان بووە.

کاتێک کە دڕندەیی دەگاتە ئەو پەڕی خۆی و بە مەبەستی دوژمنایەتی لەگەڵ دژبەرانی ڕێژیم، کچانی تەمەن کەمتر لە پازدە ساڵ و خوارتریش، پێش لە ئێعدام کردنیان کچێنییان لەسەر لادەبردرێ تەنیا بەو ئامانجەی لە دوای مردنیان نەتوانن بچنە بەهەشت! واتە بەپێی بڕوای خۆیان هەر دوو دنیای دوژمنانیان دەکەنە جەهەندەم! لە ڕاستیدا ئەم کردارانە دەچێتە ئەو بەری نامرۆڤایەتی و هیچ مێشکێک ناتوانێ ئەم بارستاییە لە وەحشیگەری هەڵبگرێ.

ئەم هەوڵە دزێوانەی کۆماری ئیسلامی هەردەم بەردەوام بووە، لە دوای ئاشکرابوونی قەتڵە زنجیرەییەکان و تۆمەتبار کردنی سەعید ئیمامی (ئیسلامی) کە بۆخۆی جێگری عەلی فەللاحیان وەزیری پێشووتری وەزارەتی ئیتلاعات بوو، هاوسەری ناوبراو بووە قوربانیی ئەم سیاسەتی ئێعتراف وەرگرتنە و ناچار کرا لە بەرامبەر کامێرادا بوختانی سێکسی بۆ خۆی و مێردەکەی هەڵببەستێ. دواتریش و لە ئاکامی بەردەوامیی ئەم ڕووکردەدا کەسانێکی وەک «زارا بەنی یەعقووب»، «ڕۆئیا تولووعی»، «زارا کازمی»، «تەرانە مووسەوی» و زۆر کەسانی تریش بوونە قوربانیی دەستدرێژکەرانی گرتنگەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و لە هەموو دنیادا دەنگی دایەوە.



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی یەکەم

ئەم ڕەوتە درێژەی هەبوو و دوا بە دوای خۆپیشاندانەکانی ساڵی ٨٨ و گرتنگەی کەهریزەک، کە دەنگدانەوەیەکی بەربڵاوی هەبوو، مێهدیی مەحموودیان ڕۆژنامەنووس لە نامەیەکدا کە لەسەر دۆخی ئەو گرتنگەیە بۆ خامنەیی نووسیبوو، لەوێدا بەڕاشکاوی ئاماژەی بەوە کردبوو، «کوڕە منداڵێکی زیندانی لە یەک شەودا ٧ جار دەستدرێژیی کراوەتە سەر»! بەڵێ ئەشکەنجەی سێکسی لە زیندانەکانی ڕێژیمدا بە شێوەی سیستماتیک بەڕێوە دەچێ و، بۆ ئەمەش فتوای شەرعیی تەقی میسباحی لەسەرە و تەنانەت هەر خوێندنەوەی وردەکارییەکانی شەرمی لەگەڵە، چ بگا بە هێنانەوە و نووسینەوەیان.

لەدوای خۆپیشاندانەکانی خەزەڵوەر و ڕەشبگیرییەک کە بەو بۆنەیەوە بوو و ئێستاش بەردەوامە، هەواڵی دەسدرێژی کردنە سەر ٣ مێرمنداڵی مەریوانی لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانی بڵاو بووەوە، بەداخەوە ئێستاشی لەگەڵدا بێ قوربانییان بەو جۆرەی پێویستە ناوێرن ڕاستیی ڕووداوەکان بدرکێنن و پتر لە پێش دەسدرێژکەران ڕووڕەش بکەن. پێویستە و دەبێ قوربانییانی ئەم جۆرە تاوان و ئەشکەنجانە بەو پەڕی بوێرییەوە دەنگ هەڵبڕن و هەموو لایەک لەو ستەمەی لێیان کراوە ئاگادار بکەنەوە؛ هەتا چیتر گوێبیستی شتی لەم چەشنە نەبین.

٦ی جانێویری ٢٠٢٠

## ویستی خەڵک و چاوەڕوانیی هەڵوێستی هونەرمەندان

"پرسی ئێستای ئێمە یەکیەتیی سینەما لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاران و خوێندکارانە کە هەر ئێستا لە فەڕانسە لە ئارادایە. تەنانەت یەک فیلمیش نییە کە باس لە کێشە هەنووکەییەکانی ئەم دوو چینە بکا.

(بەتووڕەییەوە) من خەریکم قسە لە یەکیەتیی سینەما لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاران و خوێندکاران دەکەم، ئێوە باسی «تراڤێلینگ» و «کلەوزاپ» بۆ من دەکەن؟! تێگەیشتنتان نییە."

ئەمە بەشێک لە وتەکانی ژان لوک گۆدار، دەرهێنەری بەناوبانگی شەپۆلی نوێی سینەمای فەڕانسەیە لە یەکەم ڕۆژی دەسپێکی ٢١ـەمین خولی فێستیڤاڵی کەن، کە لە کۆتاییدا بایکۆت و هەڵوەشانەوەی ئەم خولەی فستیڤاڵەکەی لێ کەوتەوە. بەدوای ئەوەی کە لە مانگی خەزەڵوەری ئەمساڵدا زنجیرە ناڕەزایەتیدەربڕینێک لە ئێران ڕووی دا و خەڵکی زۆر یەک لە شارەکانی ئەم وڵاتەی هێنایە سەر شەقام و سەرکوتی توندی ئەم ناڕەزایەتییانەی لەدوا بوو و، دواتریش بەهۆی خستنە خوارەوەی بەئەنقەستی فرۆکەی ئۆکراینی لەلایەن سپای پاسدارانەوە و کوژرانی هەموو موسافیرەکانی، تەرمی سەدان کەس لە ژن و پیاوان و پیر و منداڵانی ئێرانی کەوتە سەر دەستی خەڵکی ئەم وڵاتە و؛ کۆمەڵگەی تاسەباری ئازیزانی لەدەست چوو کرد. لەم نێوانەدا کەسانێکی خاوەن ناو بە دەربڕینی بۆچوونە پێوەندیدارەکانیان بەم ڕووداوانەوە، سەرنجەکانیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا، کە لەم نێوەدا ڕادەربڕینی هونەرمەندان کاردانەوە و دەنگدانەوەیەکی پتری بەدواوە بوو. لەگەڵ ئەوەی کە زۆرینەی ئەو کەسانەی هەڵوێستێکیان هەبوو لەم بارەوە، ئیدانەی کردەوەکانی حکوومەتیان کردبوو و خۆیان لە ڕیزی خەڵکدا دەبینیەوە؛ بەڵام کەسانێکیش هەبوون کە بەپێچەوانەوە هەڵوێستی پێچەوانەیان هەبوو.

لە یەکەمین هەڵوێست نواندنەکان دەتوانین ئاماژە بە بەیاننامەی خوێندکارانی سینەما لەژێر ناوی «سینەما لەدژی سینەما» بکەین کە لەوێدا داوا لە هونەرمەندان کرابوو: «سەرەڕای ئیدانە کردنی ڕووداوەکانی مانگی خەزەڵوەر، بە کردەوەش لەگەڵ خەڵک بن و هەروەها فێستیڤاڵی [حکوومەتیی فیلم نواندنی] «فەجر» بایکۆت بکەن.»

فێستیڤاڵی حکوومەتیی فیلمی فەجر یەکەم جار نییە کە بەرەوڕووی ناڕەزایەتیی هونەرمەندان دەبێتەوە، بەڵام لە زۆربەی کاتەکاندا ناڕەزایەتییەکان بە شێوازی بەڕێوە بردنەکەی بووە و کێشەیەکی سێنفی بووە هەتا کێشەیەکی بنەڕەتی کە پێوەندیدار بە پرسی خەڵکەوە بێ. هەرچەندە لە ساڵانی ڕابردوودا و لەدوای ناڕەزایەتییەکانی ساڵی ٨٨، «بەهمەن

فەرمانئارا»، دەرهێنەری بەتوانای سینەمای ئێران کە پێشتر بۆ فیلمی «بوی کافور، عطر یاس» خەڵاتی باشترین دەرهێنانی وەرگرتبوو، بە نیشانەی نارەزایەتی لەو ساڵەدا خەڵاتەکەی پێ دانەوە؛ کە هەڵوێستێکی توند و بوێرانە بوو لە لایەن ئەم هونەرمەندەوە.

هەر لەم ساڵێشدا «موحسین ئوستادعەلی» دەرهێنەری فیلمی دۆکیۆمێنتی، کە بەبۆنەی فیلمی «خسوف» خەڵاتی باشترین دەرهێنەری لە فێستیڤاڵی «سینما حقیقت» کە لە تالاری وەحدەتی تاران بەڕێوە چوو، وەرگرت، لە پەیامی کاتی وەرگرتنی خەڵاتەکەیدا ئاوا دوا: «ماوەیەکی زۆر بەسەر ڕووداوەکانی خەزەڵوەردا تێنەپەڕیوە. کامێراکانی ئێمەی دۆکیۆمێنتساز کوژابۆوە و موبایلی لاوەکانی ئەم وڵاتە هەڵکرابوون. تۆمارکردنی ڕاستییەکان بە وەرگرتنی خەڵات نییە، بەڵکوو بە بوێرییەکە کە دەبێ لە تەنگانە کۆمەڵایەتییەکاندا هەبێ. ئەو کارەی کە خەڵک کردیان و ئێمەش سەیرمان کردن. ئەم خەڵاتە پێشکەش دەکرێ بە گیانی بەرزی بوێرترین کامێرا و دۆکیۆمێنتسازی ئەم وڵاتە؛ پوویا بەختیاری و هەموو ئەو کامێرایانەی هەتاهەتایە بە هەڵکراوی دەمێننەوە.»

هەر لەم پێوەندییەدا هونەرمەندانێکی وەک جەعفەر پەناهی - کە ساڵانێکە ڕێگەی کاری هونەری و چوونە دەرەوەی لە وڵاتی لێ گیراوە -، هەدیە تارانی، ڕەزا دۆرمیشیان و ڕەخشان بەنیئێعتماد، لەبەر زانستگەی ئەمیر کەبیری تاراندا هاوڕێ لەگەڵ خوێندکاران لە نارەزایەتییەکاندا بەشدارییان کرد. کە بەم بۆنەیەشەوە خانمی بەنیئێعتماد لە دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی لەلایەن مامۆستایەکی زانستگەوە کە سەربە دەسەڵاتە کەوتە بەر هێرشی بێڕێزی و وتە سێکسیستییەکانی ئەم کەسە و ئەمەش پتر لە پێش ڕوخساری ڕاستەقینەی دەسەڵات و کەسانی نزیک بەوانی بۆ خەڵک دەرخست. کە هەر لە ڕاستیشدا بایکۆتکردن دەبێ بە مەبەستی یەکیەتی و لەگەڵ خەڵک بوون بکرێ، نەوەک هاوسۆزیدەربڕینێکی ڕووت؛ کە ئەمەش لەلایەن هەندێک لە هونەرمەندە ڕاستەقینەکانەوە کرا.

جارێ هەتا بەم کاتە دژکردەوەی دەسەڵات بەرامبەر بەم هەڵوێستانە ئەوە بووە کە وتەبێژی کۆمیسیۆنی فەرهەنگیی مەجلیس هەڕەشەی ڕێگری لە درێژەی چالاکیی ئەم هونەرمەندانە لە داهاتوودا کردوە و، بە وتەی ئەو: «ئەم تاقمە لە هونەرمەندان لەگەڵ خەڵک نین و ئێمەش ناهێڵین چیتر درێژە بە چالاکیی خۆیان بدەن.» هەروەها ڕایگەیاند: «لە حەوتووی داهاتوودا گەڵاڵەیەک دەبەین بۆ مەجلیس کە لەوێدا بۆ ئەو هونەرمەندانەی وا لەگەڵ خەڵک نین و دەست لە چالاکیی هونەریی خۆیان دەکێشنەوە، لە درێژەی چالاکیی هونەری لە [چوارچێوەی] کۆماری ئیسلامیدا بەربەست دروست بکا.»

## بەشی یەکەم

ئەمە لە کاتێکدایە یەکێک لە ئەکتەرەکان لە لاپەڕەی ئینستاگرامیی خۆیدا دژکردەوەی جێپەسەندی دەسەڵاتی لەمەڕ کوژرانی قاسم سولەیمانی بڵاو کردبۆوە و، خەڵک لەوێدا بە نووسینی سەدان پەیام بەرەوڕووی گلەیی و گازندەی زۆر توندیان کردەوە و بەناچار ئەو پۆستەی سڕییەوە؛ ئەمە خۆی دەرخەری ئەوەیە کە خەڵک کێن و چییان دەوێ و خۆ ماتکردن لە پشت سەنگەری خەڵکدا چیتر بۆ کۆماری ئیسلامی و کاربەدەستانی دەست نادا.

کاتێک لە فەڕانسە بزووتنەوەی مانگی مەی لە ئارادا بوو، هونەرمەند و نووسەری وەک ژان پۆل سارتر هاوڕێ لەگەڵ هاوژینەکەی واتە سیمۆن دۆبوار بەپێچەوانەی نووسەرانی وەک دەوڵەتابادی نەتەنیا لە خۆپیشاندانەکاندا بەشداریی بەرچاویان هەبوو، بەڵکوو بەیاننامەی کرێکاران و خوێندکارەکانیان لەنێو خەڵکدا بڵاو دەکردەوە و، بەم بۆنەیەشەوە لەلایەن پۆلیسی ئەم وڵاتەوە دەسبەسەر کران. لەدوای ئەوەی کە دەوڵەتانێکی زۆر بەدرێژایی ئەم ساڵانە هاتوون و ڕۆیشتوون بەڵام مێژوو لە دڵی خەڵکدا بۆ هەمیشە ناو و یادی مافویستانەی ئەم هونەرمەندە خەڵکییانەی بەرز ڕاگرتووە و، تۆزی لەبیرچوونەوە ناوی دەسەڵاتدارانی داپۆشیوە؛ لەگەڵ خەڵک بوون یانی بەردەوامی.

٢١ی جانێوێری ٢٠٢٠

## سانسۆر بەدرێژایی چوار دەیە

«سانسۆر/ Censure» لە وشەدا واتە پێداچوونەوە، پشکنین، سڕینەوە، مقەست و... ئەم وشەیە لە زمانی لاتین وەرگیراوە و هەتا ئێستاش کەم و زۆر هەر بەو واتا کۆنەی بەکار دەهێندرێ. لە ڕۆمی کەونارا بە سەرژماریی حەشیمەت و چاودێریی هەڵسوکەوتی خەڵکیان وتوە سانسۆر. بەڵام لە مەعنا ئەمڕۆییەکەیدا بریتییە لە پێداچوونەوە بەسەر هەر شێوەیەک لە دەربڕین، کە وتە، کتێب، فیلم، شانۆنامە، نامە و... بەر لە بڵاوبوونەوەیان لە خۆ دەگرێ؛ بەو مەبەستەی کە پەیامێکی دژبە بەرژەوەندیی لایەنی دەسەڵاتداری تێدا نەبێ، کە لە لایەن دەوڵەت و دەسەڵاتە سیاسییەکانەوە بەڕێوە دەچێ.

بەکورتی دەتوانین بڵێین سانسۆر مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و هەر لە سەرەتای دەسەڵاتی مرۆڤ و زاڵبوونی بەسەر ژێردەستەکانی خۆیدا سەری هەڵداوە و گەشەی کردوە. بە درێژایی مێژوو کەسانی ژێردەست بۆ خۆشیرین کردن بە بەژنی سەردەستەکاندا هەڵیانگوتوە و خۆیان لە وتەیەک کە بکەوێتە خانەی بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ باڵی دەسەڵاتدا، بە جدی پاراستوە؛ کە ئەمەیان دەکەوێتە چوارچێوەی خۆسانسۆر کردن و لە ڕاستیدا هەر لێکەوتەوەی شێوەی یەکەمە.

کەواتە بەپێی ئەم پێناسەیە، سانسۆر پێشگیری لە تێکچوونی بەرژەوەندیی لایەنی هێزدار دەکا و، لە باری دەروونیشەوە ئەم ڕوانگەیە بۆ دەوروبەر دەگوازێتەوە کە تەنیا چینێکی تایبەت لە کۆمەڵگە هەیە چاک و خراپ لێک بداتەوە و، ئەوەی دەمێنێتەوە دەبێ چاو لە دەمی ئەو چینە تایبەتە بێ و گوێ بداتە ئەو بڕیارانەی کە دەر دەکرێ. ویستی ئەم باسە ئەوەیە بەکورتیش بووبێ ئاوڕێک لە سانسۆر و سانسۆرکردن لە چوار دەیەی ڕابردووی مێژووی هاوچەرخی ئێران لە ڕووی کولتووری، هونەری، ئەدەبی، کۆمەڵایەتی و هتد بدرێتەوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران دەسپێکی دەسەڵاتەکەی، لە وردترین جومگەکانی ژیانی کۆمەڵگە و تایبەتترین بەشەکانی ژیانی تاکەکەسیش دەستێوەردانی کرد. سەپاندنی خۆداپێچانی زۆرەملی لەسەر ژنان و تەنانەت پیاوانیش، نەهێشتنی بەکارهێنانی هەر جۆرە خواردنەوەیەکی ئەلکولی، دەستداگرتن بەسەر سینەما و شوێنە گشتییەکان، داگیرکردنی میدیا و ڕاگەیەنەکان و بەدەستەوە گرتنی هەموو جومگەکانی دەسەڵات؛ بە مەبەستی دابەزاندن و دامەزراندنی ئیدئۆلۆژیی تایبەتی خۆی و سڕینەوە و نەهێشتنی هەر ڕەنگێکی جیاواز و دژبەر، حەولی یەکدەستکردنی وڵاتی دا.



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی یەکەم

ئەمانە بەستێنێک بوون بۆ بەرەورووبوونەوەیەکی گشتیتر و دواتریش بەڕێوەبردنی شۆڕشی کولتووری لە زانستگەکان –کە خومەینی هەر لە ساڵەکانی چلەوە لەگەڵ ئەم بەشە کێشەی هەبوو و هەوڵی هەڵوەشاندنی دەدا و بەڕاشکاوی ئەوەی لەگەڵ عەلی ئەمینی، سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتی حکوومەتی پەهلەویدا هێنابووە بەر باس- کە هەتا بەم کاتەش بەردەوامە و لەسەر کار لابردنی مامۆستایان و گرتنی خوێندکاران دەرخەری ئەوەیە کە هێشتا دەسەڵات بە زانستگەی یۆتۆپیایی خۆی دەستی ڕانەگەیشتوە. گرتنە بەری ئەم شێوە لە بەڕێوەبردنە کە شێوەیەکی ئۆختاپووسانەیە و هەموو بەش و جومگەکان لەخۆ دەگرێ، بۆ کۆماری ئیسلامی لە سەرەوەی هەموو شتێکی تر بوو.

یەکێک لەو ڕێگایانەی ڕێژیم بۆ سانسۆر و دەسڕاگەیشتن بە داگیرکردنی چاو و گوێ و مێشکی خەڵک بەکاری هێناوە؛ پێکهێنان و دامەزراندنی ناوەندگەلێک بە ناوگەلی زۆر، بەڵام لە نێوەرۆکدا یەک ئامانجن. بۆ نموونە دەزگاکانی پان و بەرینی سانسۆر قوتابخانەکان و زانستگەکان و هەموو ئیدارە دەوڵەتییەکانی و تەنانەت قەوارەی کۆمەڵگەشی بەگشتی لەژێر ناوەکانی «شۆڕای چاودێری»، «بنکەکانی ئەمر بە چاکە و گێڕانەوە لە خراپە»، «حراست/ چاودێری»، «گزینش/ هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوە بە مەبەستی هەڵبژاردن» و... بە گشتی تەنیوەتەوە.

ئەم بارستاییە لە بەکار هێنانی سانسۆر تەنانەت بەڵگە و زانیارییە بنەڕەتییەکانیش دەگرێتەوە و کەسێک کە بیهەوێ لە بارەی ڕووداوێکی مێژوویی تایبەتەوە توێژینەوەیەکی هەبێ ناتوانێ متمانە بە ئامار و بەڵگە دەوڵەتییەکان بکا و، ئەمەش زیاتر لەو کاتانەدا خۆ دەردەخا کە کەسێک ئەگەر بیهەوێ ئامارێکی ڕاست و دروست لە ڕێژەی خۆکوشتن، زیندانییانی سیاسی، قەتڵە نامووسییەکان، بێکاری، بەندییە سیاسییە ئێعدام کراوەکان، کوژراو و برینندارەکانی نارەزایەتییە گشتی و لۆکاڵییەکان و... بەدەست بێنێ؛ تووشی لەمپەر دەبێ و بە زانیارییەکی ورد و دروست ناتوانێ بگا.

لە ئێران تیغی سانسۆر کتێبی بەتەواوی بێسەر کردوە. کتێب یەکێک لە قوربانییانی سەرەکیی سانسۆر لە ئێرانە، ئەمەش لەسەر بەرهەمە نێوخۆییەکان و وەرگێڕانەکانیش هەر ڕاستە. بە پێی ئامارەکان بەرهەمە ئەدەبییەکان زیاترین ڕێژەی سانسۆریان لەسەرە و ساڵانە بیست لەسەدی ئەم ژانرانە لە کتێب ڕێگەی چاپ و بڵاوبوونەوەیان پێ نادرێ، لەم نێوەشدا ئەو بەرهەمانەی لە ئەدەبیاتی ئەمریکاوە وەردەگێڕدرێنەوە بە وردبینییەکی زۆرترەوە دەکەونە ژێر گیوتینی سانسۆر. ئەمەش بوترێ کتێبگەلی ئایینی - کە لەسەر ئەرکی دەوڵەت و بودجەی گشتی چاپ دەکرێن - زۆرترین ڕێژەی چاپ و بڵاوبوونەوەیان لە ئێراندا هەیە و لەوانیشدا ئەو کتێبانەی تایبەت بە ئایینی ئیسلامن ٩٥ لەسەدی ئەم کتێبانە لەخۆ دەگرن.

## بەشی یەکەم

هووشەنگ گوڵشیری نووسەری گەورەی فارس لە بارەی کێشەی سانسۆرەوە، لە کۆبوونەوەیەکی ئەدەبی لە وڵاتی ئاڵمان، لە وڵامی پرسیاری هەواڵنێرێکدا دەڵێ: «بەهەر حاڵ ئێران کامپیوتێری لێیە، زیراکسی لێیە، کتێبی ژێرزەمینیی لێیە و [...] سانسۆریش هەیە، کوشتوبڕیش هەر هەیە، هەموو لەسەریەک و پێکەوە. بۆ نموونە ئەگەر کتێبەکانی میلان کۆندرا بە دەستی ئێمە دەگا؛ پڕ پڕە لە سێ خاڵ (نوقتە). دواتر ئێمە دەتوانین بۆ خۆمان خەیاڵ بکەین بزانین چی ڕووی داوە. با من نموونەیەکتان بۆ بێنمەوە، ئەگەر ئێمە لە چیرۆکێکی سادەدا بنووسین: «کوڕ، کچی ماچ کرد.» ئەگەر لە جیاتی [ماچ] سێ خاڵ دانێین؛ ئێوە پێتان وایە چی ڕووی داوە؟! [مەبەست لە پێوەندیی نێوان ئەو کوڕ و کچەدایە].»

بە گشتی ڕووکردێکی ڕوون بۆ سانسۆرکردن لە کۆماری ئیسلامیدا نییە و زیاتر بەستراوەتەوە بە سەلیقە و شێوازی بیرکردنەوەی سانسۆرچی، ڕاستە کە خوێندنەوەی دەسەڵات لە ئایینزای شێعە بنەمایەکی گشتییە لەم پێوەندییەدا بەڵام بەشێکی دەگەڕێتەوە سەر جۆری بیرکردنەوەی سانسۆرچییەکان. بەگشتی دەتوانین بڵێین ئەوەی بەرچاوە ئەوەیە کە سانسۆر لە دەوری دوو بابەتی ئیدئۆلۆگ و ئەوەی تریش هەر جۆرە وشە و ڕستەیەکی پێوەندیدار بە ئاشقایەتی و تێکەڵبوونی ڕەگەزی نێر و مێ و بە گشتی ئەو شتانەی بێتەوە سەر سێکس؛ دەخولێتەوە. بەم پێیە ئەوەی ڕەخنەیەکی لەسەر ئایینی ئیسلام، ئایینزای شێعە، ئیمامانی شێعە، کۆماری ئیسلامی و ڕێبەرەکانی هەبێ و هەروەها، گومانی لە «ڕەوایی ویلایەتی فەقیهـ» هەبێ، برەودان بە ئەندێشە و بیری ڕۆژاوایی بدا و، بڵاوکردنەوەی بیرۆکە و تێئۆرییەکانی داروین و... دەکەوێتە ژێر تیغی تیژی سانسۆر. لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە هەندێک لەو گۆڕانکارییانە بکەین کە سانسۆرچییەکان بەسەر بابەتی کتێبەکاندا دەیسەپێنن و بە شێوەی دڵخوازی خۆیان بڵاوی دەکەنەوە؛ بۆ نموونە شەراب: شەربەت، مەشرووب: خواردنەوە، ئاشق: خۆشەویست، تێکەڵاوبوونی ژن و پیاو: مارەبڕین، سەما: وتووێژ، مەیخانە: کافە، گۆشتی بەراز: گۆشتی مانگا، ماچ و مووچ: قسەکردن، دۆستی کچی پیاوی خێزاندار: هاوسەری و... لەو نموونانەن کە باس کران.

ئەم پاوانخوازی و هەستیارییە لەسەر وشە و وێنەی ڕووت و یان بە جۆرێک سێکسی، گشت بەشەکانی هونەری گرتوەتەوە، فیلم و سینەما لەم بەشەدا زیاترین زەبری لێکەوتوە. هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە کۆمەڵێک لە باشترین فیلمەکانی سینەمای ئێران چ ئەوانەی پێش لە شۆڕش دروست کرابوون و چ دوای ئەو ڕووداوە کە ئاڵوگۆڕی بنەڕەتیی بەسەر وڵاتی ئێراندا هێنا، ڕێگەی بڵاوبوونەوەیان پێ نەدرا و سڕدرانەوە. هەر ئەم شێوازی هەڵسوکەوتە لە بارەی مووسیقیشەوە ڕاستە و، نەرمی نەنواندنی کۆماری ئیسلامی لەم بوارانەدا بەرچاوترین هونەرمەندانی ئەو کاتی ئەم وڵاتەی یا خانەنشین کرد و دەستیان لە کار کێشاوە و یان وڵاتیان بەجێ هێشت و لە هەندەرانیش نەیانتوانی بەگوێرەی پێویست کاریگەرییان هەبێ و زۆربەشیان هەر بە گشتی دەستیان لە کار کێشایەوە.

بەشی یەکەم

ئەمە بۆشاییە ڕێگەی بەو کەسانە دا کە بە ڕانتیی حکوومەتی و لەسەر ڕاسپاردەی حکوومەت دەستیان لە هەموو جومگەکانی هونەر وەردا و، لەم ڕێگەیەوە بوونە بانگەوازکەری ڕێژیمی تازە پێگەیشتوو و، بنەمای بیر کردنەوە و ڕوانینەکانیان گۆڕی و ئەدەبیاتی «پایداری» و سینەمای «دفاع مقدس» و هونەری بەرگرییان پەرە پێدا و، ئەو هونەرمەندانەی بەو ئاقارەدا نەچوون کەوتنە بەر ڕق و قینی بەرپرسان و نانخۆرانی فەرهەنگی ئێران. بۆ نموونە لە کاتێکدا کە عەباس کیارۆستەمی فیلمی «ژیان و هیچی تر»ی لە باکووری ئێران دروست دەکرد کەوتە بەر گلەیی و گازندەی توندی، مورتەزا ئاوینی - دۆکیۆمێنتسازی حکوومەتی کە ڕاپۆرتی لە شوێنەوارەکانی شەڕی ئێران و عێراق ئامادە دەکرد-؛ لەوێدا ڕوو لە کیارۆستەمی دەڵێ کەسێک کە بە مەودای پتر لە هەزار کیلۆمیتر سنووری نێوان عێراق و ئێران کە لەشەڕدا بووە نابینێ و دەچێ لە مندالێکی باکووری ئێران دەگەڕێ چ چاوەڕوانییەکمان هەبێ؟!

ئەمە تایبەت نەبوو لەسەر کیارۆستەمی و دەرهێنەری وەک بەهرام بەیزایی کە پێی دەوترێ شکسپیێری ئێران بەردەوام تووشی ئەم تەنگەژانە و تەوقیفی فیلم بوو و تەنانەت لە گەرمەی قەتڵە زنجیرەییەکاندا سەعیدی ئیمامی چاوپێکەوتنی لەگەڵ بوو و، هەڕەشەی لێ کردبوو. ئەم کۆسپ و کەلێنانە کە لەسەر ڕێی هونەرمەندانی بەتوانای ئەم وڵاتە بوون، بووە هۆی بێکار بوون و کۆچکردنیان لە ئێران. هەر بۆیەش زۆرەهونەرمەند و هونەربەندانێکی زۆر لەسەر سفرەی هونەری ئیدئۆلۆگی کۆماری ئیسلامیدا خواردیان و گووپیان لێ خڕ کرد.

ئەوەی لێرەدا گرینگە و مەترسییەکی گەورەیە، ڕووخان و هەرەسهێنانی هەموو ژێرخانە فەرهەنگییەکانی وڵاتێکی ٨٠ میلیۆن کەسیی وەک ئێرانە کە، ڕەنگە هەر ئەمڕۆش کۆماری ئیسلامی بڕووخێ، لە سبەینێوە هەتا ساڵانێکی زۆر کات پێویستە بۆ چاککردنی خراپەکارییەکانی ٤٠ ساڵی ڕابردوو تەنیا لە بواری کولتووری و دەروونیی خەڵکی ئەم وڵاتە.

٥ی فێبریوێری ٢٠٢٠

# ئەگەر ڕاپەڕینەکەی ٥٧ ئیسلامی بوو، بەڵام لە کوردستان لەسەر بنەمای ماف و ویستی نەتەوەیی بوو



**دیمانە: هەردی سەلیمی**

ڕێبەندانی ئەمساڵ هاوکاتە لەگەڵ چلویەکەمین ساڵوەگەڕی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، جیا لەوەی کە ئاکامی ئەم شۆڕشە چی بووە و چ دەسکەوتێکی بۆ خەڵکانی بەشدار لە سەرکەوتنەکەیدا هەبووە و، ئێستا بە چ ئاقارێکدا ڕۆیشتوە؛ ئاوڕدانەوە لە مێژووی سەرهەڵدانەکە و بەستێنەکانی خولقاندنی ئەم ڕووداوە گرینگ و پێویستە.

ئەم مشتومڕە هەمیشە لە نێوان خاوەنڕایاندا بووە کە چ پاشگر و ئاوەڵناوێک بۆ شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ لە ئێران هەڵبژێردرێ، کە پێناسەیەکی دروست بێ. ئەوەی کە ڕوون و حاشاهەڵنەگرە ئەوەیە کە زۆرینەی چین و توێژ و بیرۆکەکانی نێو کۆمەڵگەی ئەو کاتی ئێران ئامادەیی شۆڕشیان هەبوو و، بە تایبەتی لە نیزیکە و کۆتاییەکانی ڕێژیمی پاشایەتی داوای ڕووخانی ئەم سیستمەیان دەکرد.

ئێستا پرسیارەکان ئەمانەن، ئایا ئەم شۆڕشە دزرا؟ لایەن و ڕێکخراوە سیاسییەکانی داینەمۆی شۆڕش کامانە بوون؟ زۆرینەی خەڵک لە بەرەی کام یەک لەم ڕەوتە سیاسییانەدا جێیان دەگرت؟ ڕەنگە بنەڕەتیترین پرسیاریش ئەمە بێ کە خاوەنە سەرەکییەکەی کێ بوو و کێیە؟ کوردستان چ ڕۆڵێکی هەبوو و چ ڕوانگەیەکی سیاسی ڕێبەرایەتیی ویست و داخوازییەکانی ئەوێی دەکرد؟ وە کۆمەڵێک پرسیاری تر. "کوردستان" بۆ باس و تەتەڵەی ئەم بابەتە دیمانەیەکی لەگەڵ دوکتور سمایل بازیار، مامۆستای مێژوو لە زانکۆی کۆیە پێک هێناوە.

**هەردی سەلیمی**: لە دەورانی دەسەڵاتداریی سەفەوییەوە شیعە بووە بە مەزهەبی ڕەسمی لە وڵاتی ئێران، کەسایەتییە

**مەزهەبییەکان - ئەوەی کە پێیان دەڵێن ڕۆحانییەت - زیاتر لە هەوڵدان بۆ ئەوەی بەشداریی سیاسی کە بەجێی خۆی تەنانەت دەسەڵاتداریش بن؛ جێگە و پێگەی ڕۆحانییەتی شیعە لە ئێران چۆن دەبینن؟**

**د. سمایل بازیار**: ڕۆحانییەتی شیعە پاشخانێکی سیاسی - کۆمەڵایەتیی چەند سەد ساڵەی هەیە ئەگەر دەقیقتر بڵێم بە هاتنە سەرکاری دەوڵەتی سەفەوی و بەرەسمی کردنی مەزهەبی شیعە؛ دەتوانێ سەرەتای ئەم پاشخانی سیاسی - کۆمەڵایەتییە بێ. لەو کاتەوە هەتا ڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕش لە ٢٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی، دوو کۆڵەکەی گرینگی کولتووری سیاسیی ئێران بریتی لە؛ دەسەڵات (دەوڵەت یا سەڵتەنەت) و دووهەمیشیان مەزهەب بوو. پێوەندیی ئەم دوو کۆڵەکە -کە هەر دووکیان لە ماوەی ئەم چەندسەد ساڵەدا خاوەن پێگە و نفووز بوون و جەماوەری خۆیان هەبووە-، چۆن بوو؟ ئەم پێوەندییە کە بە مەوازاتی یەکتر هاتوون زۆر جار دۆستانە بووە و، زۆر جاریش خەسمانە بووە؛ زۆر جار پێکەوە سازاون و زۆر جاریش لە بەرامبەر یەکتردا ڕاوەستاون و تەقابولیان هەبووە. ئەم تەقابولەش لەسەر بەرژەوەندییەکانیان بووە، واتە بەرژەوەندییەکانیان دەبووە هۆی ئەوەی کە لە بەرامبەر یەکدا ڕابوەستن. ئەو بەرژەوەندییانە کێشەی سەروەری بووە، ململانێی عورف و شەرع و یا بەرژەوەندیی ئابووری بووە، بە گشتی لەسەر ئەمانە پێکەوە ململانێیان هەبووە. یا زۆر جاریش پێکەوە ڕێککەوتوون، بۆ نموونە لە سەردەمی سەفەوی دۆستانە بووە بە ڕێکەوت نییە کە عەلی شەریعەتی کە خوێندنەوەیەکی نوێی لە مەزهەبی شیعە خستە ڕوو دەیگوت: "تەشەییوعی سەفەوی لە مزگەوتی جامع دەرکەوت بەڵام مەنزڵی بردە مزگەوتی شا لە تەنیشت عالیقاپوو." هەروەها لە دەیەی بیستیشدا بەدوای نەمانی دەسەڵاتی ڕەزاشادا - دوای ئەوەی کە هاوپەیمانەکان هاتن (١٣٢٠) - ئەو دوازدە ساڵە بەناوبانگە واتە تا کوودتای ١٣٣٢ کە دێموکراسییەکی ڕێژەیی لە کەشوهەوای سیاسیی ئێراندا حاکم بوو، ئەوکات پێکەوە ڕێک کەوتبوون، ئەمەش لە ترسی نفووزی کۆمۆنیزم بوو، لەبەر ئەوەی حیزبی توودە لەو سەردەمەدا حیزبێکی بەهێز و بەنفووز بوو.

دەتوانم بڵێم لە نزیک بە ٢٠٠ ساڵی ڕابردوودا، واتە لە شەڕەکانی یەکەم و دووهەمی قاجارەکان لەگەڵ ڕووسیە، لە دوو دەیەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم بەملاوە کە لە ڕاستیدا بە هۆی ئەم شەڕانە بوو واتە لە ڕێگای ڕاگەیاندنی جەهاد بەدژی ڕووسەکان پێگەی خۆیان لە نێو دەسەڵاتدا پتەو کرد؛ هیچ ڕووداوێکی سیاسیی گرینگ نییە کە مۆرک و نیشان یا کاریگەریی ڕۆحانییەتی شیعە بەسەر ڕووداوەکەیەوە نەبووبێ. هەڵبەت ئەوە بەم مانایە نییە کە ئەم کاریگەری و مۆرک و نیشانە پۆزێتیڤ بێ، بەڵکوو زۆرتر نێگەتیڤ و یا دواکەوتووانە و لە بەرژەوەندیی خۆیاندا بووە؛ بەڵام لەم ڕووداوانەدا هەمیشە ئەکتەرێک بوون. لە شەڕ لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە، لە ڕێککەوتننامەکاندا، لە هەڵوەشاندنەوەی ئیمتیازاتی سیاسی و ئابووری، لە کوودتاکاندا، لە بزووتنەوەکاندا. لێرە دەرفەتی ئەوە نییە نموونەی زۆر بێنینەوە، بەڵام ئەگەر گرینگترینیان ئاماژە پێبکەم؛ هەر لە بزاڤی تووتن یا ڕووداوی ڕێژی (١٨٨٠) کە یەکەم بزاڤی سیاسیی مێژووی هاوچەرخە، ڕۆحانییەک



سەرچاوە
Serchawe

بە نـاوی میـرزای شیرازی بە حەرام ڕاگەیانـدنی بەکارهێنـانی تـووتن و تەنبـاکۆ دەوڵەتـی ناچـار بە هەڵوەشـاندنەوەی ڕێککەوتن لەگەڵ کۆمپانیای تاڵبۆتی بریتانیا کرد.

ڕۆحانییەت لە بزاڤی مەشرووتەشدا ڕۆڵی بەرچاویان بینی، وەک ئەوەی شێخ فەزلوڵڵا نووری بە هێنانە ئـارای "مەشرووتەی مەشرووعە" هـاتە گۆڕەپـانەکە. ڕۆحـانییەت ئەو کـات مەبەستیان ئەوە بـوو کە یاسـاکانی شەرع لەنێو کۆمەڵگەدا جێبەجێ بکرێ، کە بە هۆی وشیاریی ڕووناکبیرانی ئەو سەردەم سەری نەگرت. بە ڕێکەوت نەبـوو خومەینی دەیگوت "شۆڕش" عولەمـا کردیـان و ڕوونـاکبیران لێیـان دزیـن! لە سـاڵی ١٣٠٣دا، ئەم وڵاتە لە یەکهەنگـاویی گـۆڕینی سیستمی پادشـایی بـۆ کۆمـاری بـوو، بەڵام دژایەتیـی ڕۆحـانییەتی شێعە لەگەڵ سیسـتمی کۆمـاری - چـونکە لە تـورکیە ڕۆحـانییەت لە سیسـتمی کۆماریـدا زەرەرمەند ببوون - ڕەزاخانی نەخوێندەوار بەڵام زیرەکی لە هەڵگرتنی ئەم دروشمە پاشگەز کردەوە. ڕۆحانییەتی شێعە لە قۆنـاغی ١٣٢٠ - ١٣٣٢ لە پشـتی پەردەی "ڕێکخـراوی فیـداییانی ئیسـلام" بـوون، ئەو گـرووپەی کە تێـرۆرە سیاسـییەکانیان دەکرد. لە بزاڤی خۆمـاڵیکردنی نەوتیشـدا، حەمەڕەزاشـا لە ڕێکەوتـی ٩ی ڕەشـەمەی ١٣٣١ ئێرانـی بەجـێ دەهێشت، چونکی موسەدیق قەنـاعەتی پێ هێنـابوو کە بۆ ماوەیەک ئێران بەجێ بێڵێ؛ بەڵام ئـایەتوڵڵا بێهبەهـانی و کاشـانی نەیانهێشت. لە ڕاسـتیدا لەو قۆنـاغەدا (١٣٢٠ - ١٣٣٢) پێوەنـدیی ڕۆحـانییەت و سـەڵتەنەت کەمتـر گرژیـی تێکەوتـوە، چـونکە مەترسیی کۆمۆنیزم، ئەوانـی هـان دەدا بـۆ پاڵوێکدان. هانـدانی خەڵـک بـۆ ڕاپەڕینـی ٣٠ی پووشپەڕی ١٣٣١ و پشـتیوانی لە کوودتـای حەمەڕەزاشـا لەدژی موسـەدیق و دواجـار ڕاپەڕینـی ١٥ی جـۆزەردانی ١٣٤٢ کە ئیتـر بۆخۆیـان بەتەنیـا ڕێبەرایەتییـان کـرد و دیاردەی خومەینی لێ کەوتەوە و بەدوای مردنی برووجێردیدا مەرجەعی گەورەی شێعەکان - کە بە پێچەوانەی "مودەڕڕیس" و "کاشانی" سیاسەتپیشە نەبوو - ئەستێرەی بەختی خومەینی درەوشایەوە. لە ڕاستیدا وەک چۆن "ڕووداوی تووتن" تەمرینێک بوو بۆ بزاڤی مەشرووتە، ئەم ڕاپەڕینەش خۆ ئامادە کردنێکی ڕۆحانییەت بوو بۆ شۆڕشی ١٣٥٧.

کەوابـوو ئەمـانە پاشـخانێکی سیاسـی - کۆمەڵایەتییـان هەیە و، بە دەسـەڵات گەیشـتنی ئەوان لە سـاڵی ٥٧دا ڕووداوێکـی تەسادوفی نییە. ئەوان سواری شەپۆلی شۆڕشیش نەبوون. لەو پێوەندییەدا وەبیر قسـەیەکی ئەحمەد کەسرەوی کەوتـمەوە کە بۆخۆیشی بـوو بە قوربـانیی فتـوای تێرۆری ڕۆحـانییەتی شێعە کە دەیگوت: "ئێمە دەسەڵاتێک بە ڕۆحـانییەت قەرزدارین." دەسەڵاتێک کە بە نرخێکی گران بۆ گەلانی ئێران تەواو بوو.

**هەردی سەلیمی**: ئایا ڕۆحانییەتی شێعە لە پشتگیری لە ئاڵوگۆڕی سیستمی پاشایەتی بۆ کۆماری یەکدەست بوون؟

**د. سمایل بازیار**: نەخێر یەکدەست نەبوون. بۆ وێنە ئەگەر مودەڕڕیس لەدژی ڕەزاشا و سیستمی کۆماری بوو، ئایەتوڵڵا کاشانی لە موافقانی سیستمی کۆماری بوو و، تەنانەت بە وتەی سەید ڕەزا زەنجانی: "میتینگیشی بە قازانجی کۆماریخوازی و لەدژی مودەڕڕیس بەڕێوە برد و لە مەجلیسی موئەسسان دەنگی بە گۆڕینی دەسەڵات لە بنەماڵەی `قاجارەوە بۆ ڕەزاشا دا و، وتارێکی ئاگرینیشی لەم بارەوە دا." حوسێن مەککی، نووسەری "تاریخ بیست سالەی ایران"؛ بەوردی ئاوڕی لەم بارەوە داوەتەوە.

**هەردی سەلیمی**: باست لە پێگەی ڕۆحانییەتی شێعە کرد و ئەوەی کە کاراکتێرێکی بەهێزن و، بەشێکی حاشا هەڵنەگر و گرینگن لەو ڕووداوە سیاسییانەی کە لە ئێران ڕوویان داوە. بەستێن یا هۆکارە مێژووییەکانی سەرهەڵدان، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆحانییەت، بە بڕوای جەنابت ئەی ئەو هۆکارانەی دیکە چی بوون کە شۆڕشی ٥٧ی لێکەتەوە؟

**د. سمایل بازیار**: چەندین هۆکاری جۆراوجۆر بۆ بەرپابوونی شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ لە لایەن لێکۆڵەران و خاوەنڕایان هاتۆتە بەر باس، وەک پەرەسەندنی نارێک، ئیستبدادی نەوتی، نەبوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و بە بۆچوونی سەڵتەنەتتەڵەبەکان پیلانی دەرەکی (کۆنفرانسی گوادلوپ) بەهۆی گرتنەبەری سیاسەتی سەربەخۆخوازانەی حەمەڕەزاشا، کە ئەمەیان کەمتر لە ئەقڵدا دەگونجێ. بێگومان شۆڕشێکی لەم چەشنە بەربەرین و جەماوەری وەک هەر دیاردەیەکی دیکەی مێژوویی ناتوانێ "تەک سەبەبی" بێ و، هەموو هۆکارەکانی کە ئاماژەیان پێکرا کەم و زۆر ڕۆڵیان هەبووە لە بەرپابوونی ئەم شۆڕشەدا.

لەنێو ئەم فاکتۆرانەدا، فاکتۆری تەزادی سوننەت و مۆدێرنیتە لە کۆمەڵگەی ئێراندا یەکێک لە هۆکارە گرینگەکانە، بەم چەشنە کە پرۆژەی مۆدێرنیزاسیۆنی شا بە خێرایی دەرگای بە تەواوی بە ڕووی والا کرا، بەبێ دیقەت و زەرافەت، لەگەڵ ستراکتۆرە نەریتییەکانی کۆمەڵگەی ئێرانیی (ئیسلامی - شێعە) کە پێک کەوتن و ئەمە کێشەی گەورەی نایەوە. ڕۆحانییەتی شێعە لەم تەزادە گەورەترین کەلکی وەرگرت و بە شێوەیەکی لێزانانە ئەم پێکدادانەی قۆستەوە و لە هەستی ئاییینی خەڵک بۆ مەرامە سیاسییەکانی خۆی کەلکی وەرگرت. ئەگەر لەبیرمان بێ لە ڕەوتی شۆڕشدا خۆپیشاندەران پێش لە هەموو شوێنێک هێرشیان دەکردە سەر سینەماکان، مەشرووب فرۆشی، بارڕ و کابارەکان، وەک شوێنگەلێک کە هەڕەشە بوون بۆ کولتوور و فەرهەنگی ئیسلامی. لە ڕاستیدا ئێستاشی لەگەڵ بێ تەزادی سەرەکیی کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەر ئەمەیە و "ئیسلامی سیاسی". ش بەرهەمی ئەم تەزادەیە. "ئیسلامی سیاسی" دژکردەوەیەکە بە هاتنی کولتوور و فەرهەنگی ڕۆژاوا و ڕۆحانییەتی شێعەش دروشمی پاراستنی کولتووری ئیسلامی کە کەوتووەتە بەر هێرشی کولتووری بێگانە و کافرانی بەرز کردۆتەوە، هەروەک ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسی لە وڵاتانی دیکە کە ئەمە بە ئەرکی خۆیان دەزانن.

ئەمن با ئاماژە بە نموونەیەک بکەم، فێستیڤاڵێکی هونەری لە شیراز بەڕێوە دەچوو، کە لەژێر سەرپەرەستی و چاودێریی فەرەحی دیبای شاژندا بوو. لە یەکێک لە خولەکانیدا لە ساڵی ١٣٥٦دا گرووپێکی ئەمریکایی شانۆیەکی سەرشەقامیان پێشکەش کرد، ئانتۆنی پارسۆنز دوایین باڵوێزی بریتانیا لە ئێران دەڵێ: ئەم ڕووداوەم لەگەڵ شا باس کرد و پێم گوت ئەگەر شانۆی وا لە شاری وینچێستێری ئینگلیس بەڕێوە دەچوو؛ دەرهێنەر و ئەکتەرەکانی سەریان تێدا دەچوو. شا هیچی نەگوت و بەمە پێکەنی.

بێجگە لەمانەش ڕۆحانییەت بۆخۆی هەندێک ئیمتیازی تایبەت بە خۆی هەبوو، بۆ نموونە، ئەمەش خۆی لە دروشمەکانیان کە یەکگرتوو و بە بەرنامە بوو وەک "استقلال، آزادی، جمهوری اسلامی"، "نهضت ما حسینیه، رهبر ما خمینیه"دا دەدیترا؛ ئەم کۆمەڵە یەک ڕێبەریشیان هەبوو ئەویش خومەینی بوو هەر، بۆیەش پرشوبڵاو نەبوون و ڕێبەرەکەشیان لێبڕاو بوو و سازشی نەکرد. بەرەی نیشتمانی (جبهەی ملی) ئەگەر دەسەڵاتی هەبایە و ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی هەبا سازشی دەکرد چونکە ئەم ئامادەگییەیان هەبوو؛ بەڵام خومەینی بە هیچ شێوەیەک لەگەڵیان نەسازا و مەبەستی ڕووخانی ڕێژیمی شا بوو. هەروەها ئیمکاناتی ماڵیی بەرفراوانیان لە بەردەستدا بوو. ڕۆحانییەتی شیعە بە هۆی کەلکوەرگرتن لە داهاتی وەک "سهم امام" یا "وجوهات شرعی" هەمیشە بێنیاز بووە لە دەوڵەت و هیچ حەوجێیەکی پێ نەبوو. بازاڕی شارە گەورەکانیش وەک تاران، تەورێز، ئیسفەهان و... پشتیوانێکی بەهێزی ئابووری بوون بۆیان و، ڕۆحانییەت و بۆرژوازیی بازاڕ هەر لە ڕابردووەوە بەرژەوەندیی یەکتریان پاراستوە، ژن و ژنخوازییان لە نێواندا هەبووە.

هەروەها تۆڕێکی پێوەندیی بەربڵاویان لە بەردەستدا بوو و قسە و گوتاریان بە هۆی مزگەوت و مەلاکان کە دەگەیشتە هەموو شوێنێک تەنانەت کوێرە گوندەکانیش، بە سەرتاسەری ئێراندا بڵاو دەبۆوە. لە شوێنە یاساییەکانی وەک مزگەوت، حوسەینییەکان و دامەزراوە خێرخوازییەکان، بۆ ڕێکخستن و کۆبوونەوەکانیان کەلکیان وەردەگرت. کەلکوەرگرتن لە بۆنە جۆراوجۆرەکانی ئایینی و هەروەها ئۆستوورە و سیمبولەکانی ئایینی شیعە، فاکتۆرێکی دیکەی بەهێز بوونی ئەوان بوو. لە بەرامبەردا گرووپەکانی دیکەش پرشوبڵاو و بە دروشمی جیاواز و تەنانەت دژبە یەک بوون.

**هەردی سەلیمی**: ئێمە دەزانین ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی شا تەنیا ڕۆحانییەت نەبوو؛ بەرچاوترین ئۆپۆزیسیۆنەکان کامانە بوون و دەور و کاریگەریی ئەوان هەتا چ ڕادەیەک بوو؟

**د. سمایل بازیار**: ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی پەهلەوی دەتوانین بە سێ دەستە دابەش بکەین؛ دەستەی یەکەم لیبێراڵ یا

نەتەوەییەکان کە خۆی لە بەرەی نیشتمانی (جبهەی ملی)ـدا دەدیتەوە. دەستەی دووهەم چەپەکان بوون، کە حیزبی توودە و ڕەوتی چەپی نوێ نوێنەرایەتیی دەکرد و دەستەی سێهەمیش ڕۆحانییەتی شێعە بوو.

بەرەی نیشتمانی لە ڕاستیدا ئەو توانا و هێزەی نەمابوو هەرچەند دوو جاریش بازسازیی خۆی کردبۆوە، جارێک لە دوای ساڵی ٤٢ کە پێیان دەگوت بەرەی نیشتمانیی دووەم و جاری دووەمیش هاوکات لەگەڵ خۆپیشاندانەکان بەرەی نیشتمانیی سێهەمیان پێک هێنا. بەڵام ئەو نفووز و پێگەیەی کە لە سەردەمی موسەدیق و لە ساڵەکانی بە نیشتمانی کردنی نەوتدا هەیانبوو؛ بۆیان نەمابۆوە. لە ڕاستیدا بەرەی نیشتمانی کێشەی لەگەڵ مانی سەڵتەنەت نەبوو، بەڵکوو... دەیهەویست ئیختیاراتی شا لە چوارچێوەی قانوونی ئەساسیدا بێ و دەسەلاتەکەی زیاتر نمادین بێ وەک سیستمە سەڵتەنەتییەکانی ئورووپا.

**هێزە چەپەکان:** حیزبی توودە وەک بەتەمەنترین حیزبی چەپ لە ئێران لەدوای کوودتای ساڵی ٣٢ تەقریبەن پشتی ڕاست نەبووەوە و وەکوو تارماییەک وابوو، لە ڕاستیدا سەرکردایەتیی حیزبی توودە لەو ساڵانەدا وردە وردە ئێرانیان بەجێ هێشت و لە لایپزیک لە ئاڵمانی ڕۆژهەڵات باروبنەیان بەعەرزدا دابوو و زۆرتر لە دوورڕا تەماشاوان بوون، ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نەبوو. بەڵام چەپێکی نوێ لەدایک ببوو لە دەیەی چلدا، چەپێکی نوێ کە جیاواز بوو لە حیزبی توودە. شێوازی خەباتی ئەم چەپە نوێیە زۆر جیاواز بوو لەگەڵ شێوازی حیزبی توودە، ئەوان باوەڕیان بە بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لە ڕێگەی پارلمان و هەڵبژاردنەوە نەبوو - هەمان شێوە بۆلشویکییە کە حیزبی توودە ڕەچاوی دەکرد -، ئەوان پێیان وابوو لە ڕێگەی توندوتیژی و کۆمەڵێک ڕووناکبیری ئاوانگاردەوە، لەژێر کاریگەیی ئەو فۆرمولانەی لە تێزەکانی "ڕێژێ دێبری"ـ یان وەرگرتبوو وەک مۆتۆڕێکی بچووک دەتوانێ مۆتۆڕێکی گەورە وەجووڵە بێنێ و، بە ئۆلگووبەرداری لە ئینقلابی کووبا و لە شەڕی پارتیزانیی لە وڵاتی چین شێوازێکی نوێیان لە خەبات خستە ڕوو. ئەم چەپە نوێیە لە ڕاستیدا گاڵتەی بە مەرگ کرد، خۆی لە ئاو و ئاگر دا، زۆرتریش ڕووناکبیر و خوێندکار بوون. لە ڕاستیدا خەسارلێکەوتنی چەپەکان لە چاو هێزی سێهەم (ڕۆحانییەت) یەک بە دەیە. یانی لە ڕەوتی سێهەم ئەگەر کەسێک لە خەبات بەدژی ڕێژیم کوژرابێ، دە کەس لە چەپەکان کوژراوە، ئەوان لە خاکریزی یەکەمی خەبات لەدژی ڕێژیمی حەمەڕەزاشادا بوون؛ بەڵام نفووز و کارتێکەریی ئەوان زیاتر لە زانستگەکان و کۆڕ و کۆبوونەوە ڕووناکبیرییەکاندا بوو و ئێمە دەزانین کە کۆمەڵگەی ئێران تەنیا لە زانستگەکان پێک نەهاتبوو؛ بە تایبەت لەو سەردەمەدا کە پێکهاتەی جەماوەریی خەڵکی ئێران زۆرتر لە دێهات بوون نەک لە شار. سەرەڕای ئەمانە، ئەو کاردانەوە توندوتیژانەی حەمەڕەزاشا کە بەرامبەر بە ڕەوتی چەپی نوێ لە خۆی نواند، زۆر کاریگەر بوو. لە ساڵی ١٣٥٥ تەقریبەن ئەم گرووپە چەپانە (چەپی نوێ) کە بە شێوازی چریکی خەباتیان دەکرد؛ پتر لە ٩٠ لە سەدی ڕێبەرەکانیان یا کوژرابوون، یا لە زیندانەکاندا بوون یا هەڵاتبوون، دەتوانین بڵێین ڕێژیمی شا تەقریبەن لەنێوی

بردبوون. زۆر بە توندوتیژییەکی رووت لەگەڵیان بەرەورروو بوونەوە، شا نیگەرانی رەوتی سێهەم نەبوو و پێی وابوو مەترسیی سەرەکی کۆمۆنیستەکان و چەپی نوێیە. لێرەدا پێم خۆشە وتەیەکی مارکس بە نموونە بێنمەوە، دەڵێ: "شۆڕش وەکوو مشک وایە، تونێل لێدەدا ئەگەر کونێکی لێ داخەی لە کونێکی دیکەوە سەر دەردێنێتەوە." شا ڕێگای لە چەپی نوێ و بە چەپی چریکی و ڕادیکاڵ داخست، بە جۆرێک کە دەکرێ بڵێین تەفروتووناکی کردن؛ بەڵام ئەو مشکەی تونێلی لێدەدا لە مزگەوتەکانەوە سەری دەرهێنا. شا ترسێکی وای لەوان نەبوو و پێی وا نەبوو کە هێزێکی وەها کاریگەرن.

ڕەوتی سێهەم کە ڕۆحانییەت بوو - ئەڵبەت ئەوەش بڵێم کە ڕۆحانییەتیش ڕەوتێکی یەکدەست نەبوو - تەنانەت بەشێکیان لەگەڵ ڕێژیم بوون، بەشێکیش کاری بە ڕێژیم نەبوو و لە کاری سیاسیدا هیچ دەور و دەستێوەردانێکی نەبوو. ئەو شتانەی بۆ ئەوان لە سیاسەت گرینگتر بوو بریتی بوون لە ئەخلاق لە کۆمەڵگە، بەجێ هێنانی فەرزیاتی دینی و شەرعی و شتی لەم چەشنە. بەڵام بەشێکیش لە ڕۆحانییەت بە تایبەت لەدوای ١٥ی جۆزەردانی ٤٢ ئەوەی کە خومەینی ڕێبەرایەتیی دەکردن، ئەوان لە سەنگەری خەبات بەدژی ڕێژیمدا هەبوون، زیندانی دەکران و تەبعیدیش دەکران. کە وابوو ئەم سێ بەشە لە ئۆپۆزیسیۆن هەبوو.

**هەردی سەلیمی**: کە باس لە شۆڕشی ئیسلامی دەکرێ، عەلی شەریعەتیش دێتە بەرباس و تەنانەت بە مامۆستای شۆڕش دەناسرێ؛ دەور و نەقشی ئەو لەم شۆڕشەدا چی بوو؟

**د. سمایل بازیار**: لە ڕاستیدا ئەمن پێم وایە، شەریعەتی ئاوی لە ئاشی ڕۆحانییەتی شێعە کرد، هەرچەند بۆخۆی لەگەڵ ڕۆحانییەتی سوننەتی نەدەسازا. دەتوانین بڵێین شەریعەتی دیاردەیەکە، بۆ خۆی لە باری فکرییەوە ئاوێتەیەکە لە مارکسیسزم، ئێگزیستانسیالیزم، کاریگەریی فرانتس فانۆنی فەڕانسەوی زمانی بەسەرەوە، لە تێکەڵکردنی ئەمانە بە خوێندنەوەیەکی نوێی شۆڕشگێڕی لە دین و بە تایبەتی ئیسلامی شێعە گەیشتبوو. ئەو بە سوخەنڕانییە بەناوبانگەکانی لە حوسەینییەی ئیرشاد و بەکاربردنی دەستەواژەی وەک "تشیع علوی"، "تشیع صفوی"، "تشیع سرخ و تشیع سیاه"، "مذهب شهادت و مذهب ماتم" و بە باسکردن لە ململانێی چینەکان - روون و دیارە کە لە مارکسیزمی بە قەرز وەرگرتبوو بەڵام بە ئەدەبیاتێکی مەزهەبی دەیگوتەوە -، کاریگەرییەکی بەربڵاوی لەسەر چینی خوێندکار و لاوی ئێران دانا. بە گشتی ئەم خوێندنەوە نوێیە لە دین بە تایبەت بە شێوەیەکی شۆڕشگێڕی و ئینقلابی، توانی بۆشایی ڕۆحانییەتی سوننەتی لەنێو زانستگەکان و لەنێو ڕووناکبیرەکاندا پڕ بکاتەوە. بەمەش یارمەتییەکی زۆری بە ڕەوتی ڕۆحانییەت کرد و ئەوەیە کە دەڵێم شەریعەتی بەبێ ئەوەی بیهەوێ ئاوی لە ئاشی ئەوان کرد.

## بەشی یەکەم

ئەمن گوێم لە وتوویژی یەکێک لە ڕێبەرانی چریکە فیداییەکان دەگرت، دەیگوت: "ساڵی ١٣٥٠ لە زانستگەکاندا ئێمە [چەپی نوێ] لە باری پێگە و نفووزەوە باڵادەست بووین، بەڵام دوای چەند ساڵ و لە ساڵی ٥٥ کە لە زیندان بەربووم، دیتم نا هێزە مەزهەبییەکان لەگەڵ ئێمە بەرابەری دەکەن." ئەوانە هەموو کاریگەریی شەریعەتی بوو، ڕۆحانییەتی شێعە لەوێ و لەنێو ڕووناکبیران و چینی خوێندەواردا نفووزی نەبوو؛ بەڵام شەریعەتی ئەو بۆشاییەی بۆ پڕ کردنەوە و بۆخۆی لەگەڵیان نەدەسازا بەڵام ناڕاستەوخۆ خزمەتی پێکردن.

**هەردی سەلیمی**: ڕوانگەیەک هەیە کە پێی وایە شۆڕشەکان لە ئاکامدا دەچنەوە سەر دیکتاتۆرییەت، بۆ نموونە شۆڕشی فەڕانسە کە ناپێلئۆن بووە میراتگری، شۆڕشی ئۆکتۆبری ١٩١٧ کە دیکتاتۆرییەکی کۆمۆنیستیی لێکەوتەوە و شۆڕشی ١٣٥٧ی ئێران؛ ئایا ئێوەش لەسەر ئەم باوەڕەن؟

**د. سمایل بازیار**: نا ئەمن پێمەوایە هەموو شۆڕشێک ئیلزامەن بە دیکتاتۆری ناگا و ئەم سێ نموونەیە و تەنانەت نموونەی زۆرتریش هەن بەڵام ناتوانین بیانکەینە پێوەرێک بۆ پێناسەی هەموو شۆڕشێک کە سەرەنجام بەرەو دیکتاتۆری دەڕوا. بۆ وێنە شۆڕشی ئەمریکا (١٧٧٦)، شۆڕشی پورتەغال (١٩٧٤) کە بە شۆڕشی مێخەک ناسراوە و کۆتایی بە دەسەڵاتی کۆنترین دیکتاتۆری لە ئورووپا هێنا، شۆڕشی فیلیپین (١٩٨٦)، هەروەها ئەو شۆڕشانەی کە دژی ڕێژیمی کۆمۆنیستی لە ئورووپای ڕۆژهەڵات ڕوویان دا (لە کۆتایی هەشتاکان وە سەرەتای نەوەدەکان). ئاکامی هیچ کام لەم شۆڕشانە دیکتاتۆری لێ نەکەوتەوە.

لە ڕاستیدا کێشەکە لە نەفسی شۆڕشدا نییە بەڵکوو لە ڕێبەرانی شۆڕشە کە دوای بەدەسەڵات گەیشتنیان لە بەڵێنەکانیان پاشگەز دەبنەوە. واقعییەتەکان نابینن و تووشی خۆبەزلزانی دەبن، خولیای کورسی و دەسەڵات دەبن و وازی لێ ناهێنن. هەر وەکوو چۆن خومەینیی پاش شۆڕش بەتەواوی لەو بەڵێنانەی کە لە نۆفل‌لۆشاتۆی پاریس بە خەڵکی دابوو کە بۆخۆی دەچێتەوە قوم و بە دەرس وتنەوە سەرقاڵ دەبێ، هەروەها ڕۆحانییەت لە ئیدارەی وڵاتدا بەشدار نابن. بە پێچەوانە ڕێبەرانی شۆڕش ئەگەر کەسێکی وەک ماندێلا بکەن بە ئۆلگوو کە لە پاش سەرکەوتن ئارەزوومەندانە وازی لە دەسەڵات هێنا و، یا لە دوو جار زیاتر نەتوانن ببنە ڕێبەر و سەرۆک؛ ئاکامی ئەو شۆڕشە بەرەو دیکتاتۆرییەت ناچێ.

ئەگەر پێشمان وایە شۆڕش ئاوێتە بە توندوتیژی دەبێ، هەروەک لە هەندێک لە شۆڕشە کلاسیکەکاندا دیتراوە؛ نموونەی پێچەوانە ئەمانەش هەیە. هەروەک لە دوو دەیەی ڕابردوودا کۆمەڵێک شۆڕشمان بینی کە بە شۆڕشی مەخمەلی (چێکسلۆڤاکیا،

١٩٨٩؛ گورجستان، ٢٠٠٣؛ قرقیزستان، ٢٠٠٥) نارنجی (ئۆکراین، ٢٠٠٤) و... ناسراون؛ کە لە هیچ کام لەم شۆڕشانەدا توندوتیژییەک ڕووی نەدا و دەسەڵات بە شێوەیەکی ئاشتییانە دەستاودەست بوو.

ئەگەر لە بنەڕەتڕا باوەڕمان بە شۆڕش نەبێ و ڕیفۆرمیست بین، ئەمەش گوناح نییە؛ بەڵام پرسیار ئەوەیە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەو دەسەڵاتە دیکتاتۆرانەی کە هەن، ئایا هیوایەک بە ئاڵوگۆڕی ئەو ڕێژیمانە لە ڕێگای ڕیفۆرم و چاکسازییەوە هەیە؟ ئەوە نییە هەندێک لە چاکسازیخوازەکانی نێو کۆماری ئیسلامی کە ساڵانێک بانگەشەی ڕیفۆرمیان دەکرد، ئێستا هیوایەکیان بە ڕیفۆرم و چاکسازی نەماوە.

**هەردی سەلیمی**: لەم بەشەدا دەمانهەوێ باس لە کوردستان بکەین لەو سەردەمەدا، ئازاد بوونی کاک عەزیز یووسفی لە زیندان و دواتر کۆچی دواییەکەی و سێڕۆژەی ماتەمینی بووە هۆی سەرهەڵدانی خۆپیشاندان لە شاری مەهاباد؛ ئایا بە ڕای بەڕێزتان خاڵی دەسپێکی ناڕەزایەتییەکانی کوردستان لەوێوە بوو یان نا؟ بەگشتی باسێکمان لە کوردستان بۆ بکە.

**د. سمایل بازیار**: کە باسی کوردستان هاتە پێش ئەمن پێم خۆشە هەر باسی بابەتێکی دیکە بکەم. بۆ یەکەم جار خۆپیشاندانەکان لە ١٩ی بەفرانبار لە قوم ڕووی دا، بە ناڕەزایەتی دەربڕین بە وتاری "استعمار سرخ و سیاه" کە "احمد رشیدی مطلق" ناوێک نووسیبووی و کەسیش نەیوێرا وەئەستۆی بگرێ کە تێیدا بێڕێزی بە خومەینی کرابوو، هەرچەند "داریوش همایون" تۆمەتبار کرا؛ بەڵام گرینگ ئەوەیە چراسەوزی بڵاوبوونەوەکەی لە دەربارەوە لێدرابوو. ئەوە بوو بە بیانوویەک بۆ دەسپێکی ناڕەزایەتییەکان کە سەرەتا لە قومەوە دەستی پێکرد و چەند کەس لە لایەن حکوومەتەوە کوژران، دەنا بەستێنەکان لەبار بوون، ئەو کۆمەڵە هۆکارەی باسمان لێکردن دەستیان دابووە دەستی یەک کە شۆڕش ڕوو بدا. دواتر لە چلەی کوژراوانی ئەم خۆپیشاندانەدا لە تەورێز لە ٢٩ی ڕێبەنداندا خۆپیشاندان کرا و لەوێش خەڵکانێکی تر کوژران، دوایی ئەم ناڕەزایەتییانە چلە بە چلەی ماتەمینی کوژراوەکان بەردەوام بوو. لە کوردستان و لە شاری مەهاباد یەکەم خۆپیشاندان لە ١٥ی جۆزەردانی ساڵی ٥٧ و لە سێڕۆژانەی کاک عەزیز یووسفی دەستی پێکرد.

**هەردی سەلیمی**: کاک سماییل بۆخۆت لەوێ بەشداریت کردوە، دەمهەوێ بزانم دروشمەکان ئیسلامی بوون یا نەتەوەیی یاخود چینایەتی؟

**د. سمایل بازیار**: بەڵێ لەوێ بەشداریم کردوە، لەم یەکەم خۆپیشاندانەوە هەتا ٢٢ی ڕێبەندان ئەمن پێم وانییە یەک خۆپیشاندانم لەکیس چووبێ و تێیدا بەشدار نەبووبێم. کوردستان جیاواز بوو، ئەگەر لە شارەکانی دیکەی ئێران وەک

تاران، تەورێز، مەشهەد، ئیسفەهان، قوم، یەزد، ڕەشت و... دروشمی "نهضت ما حسینیه، رهبر ما خمینیه" یا "استقلال، آزادی، جمهوری اسلامی" دەگوترایەوە؛ ئەمن لە یەک خۆپیشاندانی شاری مەهابادا هەرگیز یەک دروشمی لەم جۆرەم نەبیستوە. لە ڕاستیدا سەرەتا لە دروشمەکاندا داوای ئازادیی زیندانییە سیاسییەکان دەکرا، دواتر مەسەلەی نان و مەسکەن هاتە ئاراوە و دوایی دروشمەکان بەدژی ڕێژیمی شا ڕادیکاڵتر بوو. ئەوەش بڵێم زۆر جار دروشمەکان چەپی بوون بۆ نموونە "داس و چەکوچ، سەرنێزە مەحکووم دەکا"، "بژی هێزی کرێکار، با ڕووخێ ئیستعمار"؛ ئەمانە ئەو دروشمانە بوون کە لە خۆپیشاندانەکانی کوردستاندا دەگوتراوە. دروشمی ئیسلامی لە هیچ خۆپیشاندانێک نەدراوە، لەم پێوەندییەدا با ئاماژە بە خاڵێکی مێژوویی بکەم، ئێمە زیندانیی سیاسیی ئیسلامیمان لە کوردستان نەبووە؛ زیندانیانی سیاسی کە لە ساڵی ٥٧ لە زیندان بەربوون یا نیشتمانی بوون یا چەپی بوون. هەر خودی ئیسلامی سیاسی بەهۆی ڕەوانشاد "ئەحمەد موفتیزادە"وە لە کوردستان لە ساڵەکانی ٥٤ هەتا ٥٦ و بە دامەزرانی مەکتەبی قورئان سەری هەڵدا. ئەحمەد موفتیزادە کە بۆخۆی لە سەرەتای ساڵەکانی چل لە زیندان بووە، لەسەر حیزبی دێموکرات کە حیزبێکی نەتەوەییە گیراوە. ئەمن بە بەرپرسایەتییەوە دەڵێم یەک زیندانیی سیاسی کە بیری ئیسلامیی - نەک موسوڵمان بەڵکوو خاوەنی بیرۆکەی ئیسلامی سیاسیی - بووبێ لە کوردستان نەمانبووە. هەموو زیندانییەکان یا نەتەوەیی بوون یا چەپ بوون. تەنانەت گرینگترین ڕۆحانیی شاری مەهاباد مامۆستا شێخ عیزەددین حوسێنی کە لە خۆپیشاندانەکاندا دەوری بەرچاوی هەبوو، ڕۆحانییەکی پێشکەوتوو و سێکۆلار بوو و باوەڕی بە مافی یەکسانیی ژن و پیاو هەبوو و، تەنانەت زۆر جاریش نیسبەتی هۆگری بە بیرۆکەی چەپی لێ دەدرا.

بۆ یەک جاریش لە خۆپیشاندانەکان نە هێرش کرا سەر بار و کازینۆیەک و سینەمایەک، بۆیە دەڵێم شۆڕش لە کوردستان جیاواز بوو. تەنانەت بیژەن جەزەنی لە کتێبی مێژووی سیساڵەی ئێراندا کە لە زیندان نووسی، کاتێک کە باسی هەرای ١٥ی جۆزەردان دەکا، دەڵێ دوورخستنەوەی خومەینی و ئەو هەرایەی لێی کەوتەوە هیچ کاردانەوەیەکی لە کوردستان نەبووە. ئەوە کەسێکە کە پێشگوویەکی زۆر جوانی هەر لەو کتێبەدا کرد و دەڵێ: "ئەگەر ئێستا دەرفەتێک هەبێ، هەلومەرجێکی ئازاد هەبێ، بتوانن هەڵبژاردنێک بکرێ خومەینی لەگەڵ پێشوازییەکی بێوێنە بەرەوڕوو دەبێ." ئەم وتەیەی هیی شەش - حەوت ساڵ پێش لە سەرکەوتنی ئینقلابە. شایانی باسە لەم پێوەندییەدا کاک هێمن سەیدی چەند ساڵە خەریکی توێژینەوەیەکی وردە لەم بارەوە، تێزی دوکتوراکەشی هەر لەسەر ئەم مژارەیە.

**هەردی سەلیمی**: ڕۆڵی حیزبی دێموکرات لەم نێوەدا چی بوو؟

**د. سمایل بازیار**: کومیتەی زاگرۆس کە هاتەوە شاری مەهاباد لەوێ کار و بەرپرسایەتییەکانیان دابەش کرد، دوکتور

بەشی یەکەم

قاسملوو بە ناوی کاک شەریف، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە کە بەرپرسی مەهاباد بوو. بە هاتنەوەی ئەم کومیتەیە دروشمە نەتەوەییەکان ئیدی وردە وردە هاتنە نێو خۆپیشاندانەکانەوە.

دروشمەکان کە پێشتر باسم کرد لەو چوارچێوانەدا بوون، بە هاتنەوەی کومیتەی زاگرۆس دروشمەکان ڕەنگی نەتەوەییان بە خۆیانەوە گرت، سروودی ئەی ڕەقیب دەگوترا، ئەم گۆڕانە ڕووی دا.
ڕاستە چەندین هێزی کۆمەڵایەتیی جۆراوجۆر و هێزی سیاسیی دیکەش بەشداری شۆڕش بوون، بەڵام ڕۆڵ و نەقشی ڕۆحانیەتی شێعە و شەخسی خومەینی و جەماوەرێکی زۆری پشتیوانیان بەرچاوتر بوو.

جا بۆیە دەڵێم ئەگەر لە ئێران ئینقلابی ئیسلامی بوو، بەڵام لە کوردستان وانەبوو؛ کوردستان جیاواز بوو؛ کوردستان شۆڕشی نەکرد کە خومەینی و ڕۆحانییەتی شێعە دەسەڵات بەدەستەوە بگرن، بەڵکوو لەدژی ڕێژیمی پاشایەتی شۆڕشی کرد.

**هەردی سەلیمی**: سپاس کە لەم وتووێژەدا بەشدار بوون.

**د. سمایل بازیار**: سپاس بۆ ئێوەش.

(لە ژمارەی: ٧٦٨ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە؛ ماڵپەڕی کوردستان کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی فێبریوێری ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## تەنووری ساردی هەڵبژاردن لە ئێران و لێکەوتەکانی

### دیمانە

**کەماڵ کەریمی: ئەم "نا"یەی کە دیسان بە کۆماری ئیسلامی گوترایەوە، دەسکەوتێکی باشە بۆ بزووتنەوەی سیاسی و گۆڕانخوازانە لە ئێران و کوردستان**

لە ڕۆژی ٢ی ڕەشەمەی ٩٨ی هەتاویدا هەڵبژاردنی پارلمانی ئێران بەڕێوە چوو، سەرەڕای بانگەشە و پروپاگاندایەکی زۆر لەلایەن ڕێژیمەوە بۆ گەرمکردنی بازاڕی بەشداریی خەڵک، بەڵام ئاکامەکەی پێچەوانە بوو و بەپێی ڕاگەیاندنی وەزارەتی نێوخۆی ئێران ٤٢٪ی ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەبوو بەشدارییان لەم هەڵبژاردنانەدا کرد و؛ کورسییەکانی مەجلیسیش بەشی هەرە زۆریان بە ئوسوولگەراکان بڕا و ئەوەی‌کە لەم نێوەدا نوێ بوو هاتنی ڕێژەیەکی بەرچاو لە فەرماندەیانی سپای پاسداران وەک نوێنەری مەجلیس بوو. ڕووداوەکانی ساڵی ٩٨ بە تایبەتی ناڕەزایەتییەکانی خەزەڵوەر، گرینگییەکی زۆری بە ئاکامی هەڵبژاردن هەم بە لای دەسەڵاتەوە و هەمیش بە لای دژبەرانەوە دروست کردبوو. لە کوردستان پێشتر حیزبە سیاسییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی بە دەرکردنی بەیاننامە بەشداریکردنیان لەم خولەی هەڵبژاردندا بایکۆت کردبوو و، ئاکامەکەش نیشانی دا کە ڕێژەی بەشداری لە کوردستان لە خوارەوە بووە. بۆ کردنەوەی زیاتری ئەم مژارە وتووێژێکمان لەگەڵ کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هێناوە.

**هەردی سەلیمی:** هەڵبژاردنەکانی مەجلیس بەڕێوەچوون. ئەگەر وای دابنێین هەر کێبەرکێ و هەڵبژاردنێک براوە و دۆڕاوێکی هەیە، ئەمجارە کێ براوە و کێ دۆڕاوی ئەم گەمەیە بوو؟

**کەماڵ کەریمی:** کۆماری ئیسلامی لەمەڕ هەڵبژاردنەوە زیاتر بەدوای ئەوەوە بووە کە نیشان بدا، خودی ڕێژیمە کە براوەی سەرەکیی هەڵبژاردنەکانە. چ توانیبێتی لە هەندێک قۆناغدا خەڵکێک بکێشێتە سەر سەندووق و لە تلەڤیزیۆندا نیشانیان بدا، چ تەنانەت لە دەسبردنە نێو سەندووقەکان و تەقەلوب و زیادکردنی دەنگەکاندا وایان نواندوە کە خەڵکێکی زۆر چوون و دەنگیان داوە، بەم شێوەیە دەیهەوێ نیشان بدا کە ڕێژەیەکی بەرچاو پشتیوانی کۆماری ئیسلامییە و بەدەم بانگەوازەکەیانەوە دەچن و؛ بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا دەکەن.

ئەوەی‌کە ئەم جارە بینیمان لە ڕاستیدا جیاوازییەکی یەکجار زۆری لەچاو هەڵبژاردنەکانی پێشوو هەبوو - هەرچەند

## بەشی یەکەم

هەڵبژاردنەکانی پێشووش قەت لەو ئاستەدا نەبووە کە کۆماری ئیسلامی بتوانێ دڵی پێخۆش بکا ئەگەر وازی لە تەقولەبەکانی بهێنایە - بەڵام هیی ئەم جارەیان لە هەلومەرجێکدا کە بە تایبەتی لە چەند ساڵی ڕابردوودا نارەزایەتییەکان گەیشتبوە ترۆپکی خۆی و، بە تەواوی دەرکەوتبوو کە ئەوەکە ڕێژیم پێشتر دەیتوانی بە جۆرێک دایپپۆشێ ئیتر ئەم جار ئەم کارەشی پێنەکرا.

کوشتاری خەڵک لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران لە نارەزایەتییەکانی مانگی خەزەڵوەردا و، خستنەخوارەوەی فڕۆکە ئۆکراینییەکە کە هەر ئەو کات سەلمێندرا کە کۆماری ئیسلامی بە هۆی سپای پاسدارانەوە ئەو فڕۆکەی خستوەتە خوارەوە و، زۆر هۆکاری دیکە کە نارەزایەتییەکانی خەڵکی زۆر بەرین کردبۆوە، بەتەواوی دەردەکەوت کە مەودایەکی زۆر کەوتووەتە نێوان خەڵک و دەسەڵات.

بۆیە ئەم جارە سەرەڕای هەموو هەوڵ و پاڕانەوەیان تەنانەت لە لایەن خامنەیی و ڕۆحانی و بەرپرسە پلەبەرز و پلەخواری ڕێژیم بۆ هاندانی خەڵک و کێشانیان بۆ سەر سەندووقەکانی دەنگدان؛ ئەوەیکە خەڵک بە نەچوونی خۆیان نیشانیان دا نارەزایەتیی چەندبارەی خۆیان بوو. بەشدارینەکردن و ڕێژەی زۆر لە خوارەوەی دەنگدەران دەریخست، خەڵک لەم ڕێگەشەوە ویستیان نارەزایەتیی خۆیان دەرببڕن و، دەرکەوت کە کۆماری ئیسلامی ئەم دۆڕانەی قەبووڵ کردبوو و تەنانەت وازی لە مانۆڕی درۆیینیش هێنا کە پێشتر بە فۆتۆشاپ و لەم چەشنە تێکنیکانە دەیهەویست ڕێژەی بەشداریی خەڵک زۆر نیشان بدا. لێرەدا دەکرێ بڵێین کۆرۆنا بەفریای ڕێژیم کەوت و بەم بۆنەیەوە ڕێگەی بێدەنگی هەڵبژارد و خۆی لە بایکۆتی خەڵک لە گێلی دا؛ بۆیە لەم جاردا بەدڵنیاییەوە ڕێژیم نەیتوانی دەسکەوتێکی هەبێ.

**هەردی سەلیمی:** ئەم دەنگنەدانەی خەڵک لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە چ خوێندنەوەیەکی بۆ دەکرێ و چ لێکەوتەیەکی بۆ کۆماری ئیسلامی دەبێ؟

**کەماڵ کەریمی:** کۆماری ئیسلامی دەیهەویست بە دنیای دەرەوە بە تایبەتی ئورووپاییەکان - کە بەجۆرێک حەزیان لێیە بچنە نێو ئەو کایانەوە- و تەنانەت دۆستەکانیشیان وەکوو چین و ڕووسیە نیشان بدا و، پەیامێکی وا بگەیەنێ کە کۆماری ئیسلامی پشتیوانیی خەڵکی لەپشتە، دەیانویست هەڵبژاردن وەکوو پێوەرێکی دێموکراتیک بوونی ڕێژیم نیشان بدەن، بەڵام ئاکامی بەشدارینەکردنی خەڵک لێکەوتەی پێچەوانەی ویستی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بەدواوە بوو. بۆیە ئەو لێکەوتە پێچەوانەیەی کە باسمان کرد ئەوە بوو کە کۆماری ئیسلامی نەیتوانی پەیامی خۆی بە وڵاتانی دەرەوە بدا، بە سەرنجدان بەوەی کە هەندێک لە وڵاتان چاودێرییەکی چڕیان بەسەر ڕۆژی هەڵبژاردندا بوو و چاوەڕوانی ئاکامەکەی بوون.



سەرچاوە
Serchawe

لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین بەشداری نەکردنی خەڵک پەیامێکی جدیی دیکەی خەڵکی ئێران لە دوای خۆپیشاندانەکانیان بە دنیای دەرەوە بوو، کە چیتر باوەڕێکیان بەو حکوومەتە و نمایشە شێوەدێموکراتیکەکانی نییە. ئەگەر جاران بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنەکان دەبوونە کارتێک و لەسەر مێزی دیپلۆماتکارانی کۆماری ئیسلامیدا دادەنران، بەڵام ئێستا و ئەم جارە ئەم کارتەشی لەدەست دا و دنیای دەرەوەش لەوە ئاگادار بووەوە کە پشتیوانیی خەڵکی لەدەست داوە.

**هەردی سەلیمی:** وەزارەتی نێوخۆی ئێران ڕایگەیاندوە کە نێونجیی بەشداری لە هەڵبژاردنەکان سەتا ٤٢ بووە کە لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا پێشتر ڕووی نەداوە. بەدەر لەوەی هەر ئەو ئامارە و ئەوەندە بەشدارییە باسکراوەش شک و گومانی زۆری لەسەرە، بەڵام بەو حاڵەش فەزلی، وەزیری نێوخۆ دەڵێ ئەم ڕێژەیە جێی ڕەزامەندییە و قبووڵە. بۆچی کۆماری ئیسلامی بەوەندەش قایلە؟

**کەماڵ کەریمی:** ڕەنگە ئەگەر هەڵبژاردنێک دێموکراتیک بێ و لە وڵاتێکی ئازاددا بەڕێوە بچێ، کەس بیر لە ڕێژەی دەنگدەران نەکاتەوە. لە وڵاتی فەڕانسە جارێک ٣٢٪ی خەڵک بەشداریی هەڵبژاردنیان کرد، بەڵام سەرکۆماریش هەڵبژێردرا و هیچ کەسێکیش پرسێکی وای بۆ دروست نەبوو کە ئاخۆ ئەو حکوومەتە پشتیوانیی خەڵکی هەیە یان نا. لە ئێراندا چونکە دەسەڵات بەسەر خەڵکدا سەپاوە، هەمیشە هەوڵی ئەوە دراوە تەنانەت بە بردنە سەری ڕێژەکە بە دنیا نیشان بدەن کە خەڵک لەگەڵ دەسەڵاتدایە.

ئەم جار سەرەڕای هەموو ئەو فرتوفێڵانەی کە کرا و ئاماری ڕەسمیی حکوومەت ٤٢%ی ڕاگەیاند، بەڵام دیسان ڕێژەیەکی کەمە بۆ ئەم بارودۆخەی ئێستای ئێران، ئەمە لە کاتێکدایە کە هەموو هەوڵ و توانای خۆیان وەگەڕ دەخەن بۆ هاندانی خەڵک و تەنانەت خامنەیی دەڵێ: "ئەگەر منیشتان خۆش ناوێ، بەڵام لەبەر وڵاتەکەتان دەنگ بدەن"، بەڵام بەم حاڵەشەوە ڕێژەکە لە خوارەوە بوو و بەدڵنیاییەوە کەمتر لەوەش بوو کە ڕاگەیەندرا. وەزارەتی نێوخۆی کۆماری ئیسلامی بەم کارە دەیهەوێ پێش بەو کاریگەرییە نەرێنییانە - لە ڕوانگەی ئەوانەوە - کە لەسەر دەروونی خەڵک دەیبێ بگرێ. هەروەها ئەو کاریگەرییەش لەسەر دنیای دەرەوە لاببا و سەرەڕای پێناخۆش بوونی خۆیان، ئەم ڕێژەیە زۆریش ئاسایی و سروشتی نیشان بدەن. بەڵام ڕاستییەکە لە خەڵک و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش - کە بەداخەوە ناهێڵن لە نزیکەوە چاودێرییان بەسەر ڕەوتی هەڵبژاردنەکاندا بکەن - ناشاردرێتەوە و، ڕاستییەکەش ئەمەیە کە ڕێژەی ڕاگەیەندراو درۆیین و دەسکردە و هەروەها زۆر کەمتر لە چاوەڕوانیی کۆماری ئیسلامییە بۆ مانۆڕدان.

کاتێک لە پێتەختی ئێران کە یەک شەشی جەماوەری ئەم وڵاتە لەخۆ دەگرێ و، زیاتر لە ٩ میلیۆن کەس مافی دەنگدانیان هەیە بەڵام ڕێژەی بەشدارییەکە کەمتر لە ٢٤%ە، ئیتر ڕوونە کە بارودۆخی ڕێژیم لەنێو خەڵکدا بە تایبەت لەنێو شارێکی وەکوو تاراندا - کە بەدڵنیایی لە شارەکانی دیکەش وا بووە - چییە و چۆنە. ئەگەر لە تاران ٢٤% بەشدارییان کردبێ - کە بێگومان کەمتر بووە - وێناچێ لە ناوچەکانی تردا لەوە زیاتر بووبێ.

قایل بوون بەم ڕێژەیەش کە ئێمە دەزانین کەمترە، بە مەبەستی ئەوەیە کە وا نیشان بدرێ لە زۆر وڵاتی تریشدا بەشداریی لەم شێوەیە دەکرێ؛ بەڵام پرسیارەکە ئەمەیە ئەگەر دەیانهەوێ خۆیان بە وڵاتێکی دێموکراتیک بشوبهێنن، ئەی ئەم هەمووە هات و هاوار و دەهۆڵ کوتان و پاڕانەوەیان لە چییە؟

**هەردی سەلیمی:** لە ٢٩٠ کورسیی مەجلیس تەنیا چارەنووسی ١١ کورسییان ماوەتەوە بۆ دەوری دووهەم، بەڵام لەو ٢٧٩ کورسییەی یەکلا بوونەتەوە؛ پشکی ئیسلاحتەڵەب و ئیعتدالگەراکان تەنیا ٢٠ کورسی بووە؛ ئەوە بە بڕوای ئێوە یانی کۆتایی ڕێفۆرمخوازی لە پێکهاتەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا؟

**کەماڵ کەریمی:** ئامارەکان بە دروستی لە پرسیارەکەدا هاتوون، ئەوەیکە ناڕوونە ئەوەیە کە ئەم فەرماندانەی سپا لەگەڵ ئوسوولگەراکان هەن یان سەربەخۆن. بە سەرنجدان بەوەیکە دەوترا سپای پاسداران بەتامەیە کوودتا بکا، ئایا ئێمە دەتوانین ئەمە بە کوودتا یان بە شێوەکوودتایەک بشوبهێنین؟ ئایا ویستی خامنەیی کە یەکدەست کردنی نیزامە - کە بێگومان بە پشتیوانیی سپای پاسداران دەکرێ- ئەمە یەکێک لە ڕێگەکانیەتی کە سپای پاسداران بێنێتە نێو سیستمی یاسادانانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە؟ ئایا بەم شێوە و لەم ڕێگایەوە بە هێنانی فەرماندە پلەبەرزەکانی سپای پاسداران هەوڵی ئەوە دەدرێ کە سیستمی سیاسیی ئێران یەکدەست بکرێ؟

ئەگەر باس لە ڕێفۆرمخوازی یا ئیسلاحتەڵەبەکان بکەین، دەورەیەکی گەشەی ئیسلاحتەڵەبی لە ئێراندا دەبیندرێ و باش نییە حاشا لەم شتە بکرێ؛ هەندێک گۆڕانکاری لەوانەیە لە وڵاتێکدا بە ئاکام نەگا بەڵام بێگومان کاریگەریی خۆی لە هەندێک بارودۆخدا دادەنێ. لە ساڵی ١٣٧٦ کاتێک کە محەممەدی خاتەمی بوو بە سەرۆککۆمار و ئیسلاحتەڵەبەکان زۆرینەی کورسییەکانی مەجلیسیان دوو ساڵ دواتر بەدەست هێنا، لە ڕاستیدا دەورانێکی نوێ لە ژینگەی سیاسیی ئێراندا کرایەوە. ڕەنگبێ ئەوان سەر بە حکوومەت بووبن بەڵام بە فکرێکی نوێوە هاتبێتن و بەڵام دیسانیش بۆ پاراستنی دەسەڵات بەرنامەیان داڕشتبێ، ڕەنگبێ هەوڵیان دابێ بۆ ئەوەی لەو کێشەی نێوان باڵەکانی نێو دەسەڵاتدا خۆیان لە دەسەڵات بەدەستەوە گرتن لە ڕێگەی دەرفەتی هەڵبژاردنەوە نزیک کردبێتەوە؛ بەڵام زۆری نەخایاند و لەگەڵ کۆتایی چوار ساڵی

یەکەمی سەرۆککۆماریی خاتەمیدا دەرکەوت کە نا، ئیسلاحتەڵەبەکان ئەگەر خاوەنی ئەو هێزەش هەن کە بتوانن گۆڕانکاری بەدی بێنن بەڵام خاوەنی ئیرادەی پێویست بۆ هێنانەدیی گۆڕانێک کە لە خزمەتی کۆمەڵ و خەڵکدا بێ؛ نین.

بیرۆکەی ئەمان بۆ پاراستنی ئەسڵی نیزامی کۆماری ئیسلامی، لە ڕاستیدا ئەو خەنجێرە ژەهراوییە بوو کە بۆخۆیان لە خۆیان دەدا، واتە ئەوان تەواوی بەرنامەی ئیسلاحاتیی خۆیان فیدای پاراستنی نیزام کرد. هەر بۆیە لەدوای دەورەی یەکەمی سەرۆککۆماریی خاتەمی دەرکەوت نە تەنیا لەنێو ئەو خەڵکەی کە بە هیوایەکەوە پشتیوانیی ئەوانیان کردبوو، بەڵکوو لەنێو بەشێک لە کادرە سەرەکییەکانیشیان ئەو گومانە دروست بوو کە لە کۆماری ئیسلامیدا بیرۆکەی ڕیفۆرم ناتوانێ بەو جۆرە بچێتە پێشەوە. هەر بەم هۆیەش بەرە بەرە لێکدابڕان کەوتە نێو ڕیزەکانی ئیسلاحتەڵەبانیشەوە، بۆ نموونە ئیسلاح تەڵەبانی ڕادیکاڵ دروست بوون کە دواتر و لە ساڵی ٨٨دا زۆر چالاک بوون.

بە بڕوای من وردە وردە و لە ساڵی ٨٠ بەملاوە بە هۆی ئەوەی ڕێبەرانی ئیسلاحات بەشێک بوون لە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی و پاراستنی نیزامیان وەپێش هەموو شتێک دابوو، نەیانتوانی یارمەتیی بەرەوپێش چوونی ڕەوتی ئیسلاحات لە ئێران بکەن و، ئەوە سەرەتای پاشەکشە و بچووک بوونەوە بوو و لە کۆتاییدا ئێستاش سەرەتای لەنێو چوونی هەر جۆرە بیرۆکەیەکی ڕیفۆرمیستی لە ئێراندایە.

ئەگەر هەر واش داینێین کە ئەوانە بەشێک لە ئیسلاحتەڵەبانی حکوومەتی بوون، بەشێک بوون کە دەیانویست لەنێو دەسەڵاتدا ڕیفۆرم بکەن، ئاکامی هەڵبژاردنی ئەم جارە دەریخست کە ئەگەر لە ساڵی ٨٨دا ڕێپێوانی زیاتر لە یەک میلیۆنیی ئیسلاح تەڵەبەکانیان سەرکوت کرد و، مووسەوی و کەڕوبییان لە ماڵی خۆیاندا زیندان کرد؛ ئێستا ئیتر بەم هەڵبژاردنە و دوای دە ساڵ دەکرێ بڵێین دوایین بزماریان لە تابووتیان دا.

بارودۆخی ئێستا و ئەو ڕەوتەی کە ئێستا دەچێتە پێشەوە، ئەوەی تێدا نابینرێ کە جارێکی تر مەجال بەوە بدرێ کە دیسان ڕیفۆرمیستەکان سەر هەڵبدەنەوە. چونکە هەموو هەوڵێک دراوە ئەوان لە گۆڕەپانی هەڵبژاردن دوور بخرێنەوە، هەر بۆیە لەوانەیە لە داهاتوودا هەوڵی جدیتر بدرێ بۆ ئەوەیکە ئەو ١٥ - ٢٠ کەسەش کە چوونەتە مەجلیس، لە مەیدان وەدەر بنرێن.

**هەردی سەلیمی:** ئێمە دەزانین لە وڵاتانێکی وەک یەکیەتیی سۆڤیەت و چین، هەر کەسانی حکوومەتی بوون کە ئیسلاحاتێکیان لەوێدا بەدی هێنا، هۆکاری ئەوەیکە ڕەوتی ڕیفۆرم کە لەلایەن کەسانی حکوومەتییەوە لە ئێران بەڕێوە

**دەچوو نەیتوانی بە ئاکامێک بگا، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سیستمی کۆماری ئیسلامی ڕیفۆرم هەڵنەگرە یا چ هۆکارێکی تری هەیە؟**

**کەماڵ کەریمی:** ناکرێ لەم بارەوە هەڵسەنگاندن بکەین لە نێوان کۆماری ئیسلامی و وڵاتانی تردا. بۆ نموونە ئێمە دەبینین کاتێک گۆرباچۆڤ گەلاڵەی ڕیفۆرمی سیاسیی گلاسنۆستی هێنایە بەرباس، بۆخۆی یەکێک لە بەهێزترین کەسانی یەکیەتیی سۆڤیەت بوو بەڵام هات و ڕێگەی ئیسلاحاتی گرتەبەر؛ لەوێ کەسێکی سەرتر لە گۆرباچۆڤ نەبوو کە بیهەوێ پێشی پێبگرێ. ڕەنگبێ نیگەرانی لەنێو ڕێبەرانی حیزبی کۆمۆنیستدا هەبوو و گومانیان لەوەدا بوو کە ئەم ئیسلاحاتانە بتوانێ یارمەتی بە چاکبوونی دۆخەکە بدا؛ بەڵام گومانەکانیش نەیتوانی پێش بە بڕیاری گۆرباچۆڤ بگرێ. هەرچەندە ئاکامەکەی جیاواز بوو لە ویستی گۆرباچۆڤ، ئەو دەیهەویست چاکسازییەک لەنێو سیستمدا بێنێتە ئاراوە بەڵام چاوەڕوانیی خەڵک زیاتر بوو و، ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤیەتی لێ کەوتەوە.

لە ئێراندا ئەگەر چاکسازییەکی جدی نە تەنیا لەنێو سیستمدا بەڵکوو لە ئاستی کۆمەڵگەشدا ئەگەر بکرێ، ڕەنگبێ هەر بەو ئاکامە بگا کە یەکیەتیی سۆڤیەت پێی گەیشت. کێشەی ئیسلاحتەڵەبان لە ئێراندا ئەوە بوو کە زیاتر لەسەر ئەو باوەڕە کۆن و کلاسیکە بوون کە پێیان وابوو ئیسلاحات دەبێ لەنێو دەسەڵاتدا بکرێ؛ بەڵام لەنێو دەسەڵاتدا هێزی گەورەتر لەوان هەیە کە خاوەن بڕیاری سەرەکییە لە سیستمی سیاسیی ئێراندا و ئەویش ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. ڕێبەریش پشتەستوور بە پشتیوانیی هێزی سپای پاسدارانە، لە باری ئابوورییەوە نەبەستراوەتەوە بە بوودجەی دەوڵەتەوە، دەزگا و ناوەندە ئەمنیەتییەکانیش - تەنانەت هی سپاش - پێڕەوی لە ڕێبەر و بەیتەکەی ئەو دەکەن، بێجگە لەمانەش یاسای بنەڕەتییش ڕێگەی بە دەستێوەردانەکانی ڕێبەر داوە ئیسلاحتەڵەبەکان دانیان بەوەدا نا کە لە دەرەوەی یاساش حوکمی حکوومەتیی هەیە-؛ هەربۆیە لایەنی ڕێبەر باڵادەست و بەهێزترە و ئەوانیش لە بەرامبەر وەها لەمپەرێکدا بشیانهەوێ ناتوانن بە شێوەی جدی بەرەو چاکسازی هەنگاو بنێن.

بۆیە ئەگەر ئیسلاح تەڵەبەکان دەیانویست گۆڕانێک لە سیستمی ئیداری و هەتا ڕادەیەک سیاسیی ئێراندا پێک بێنن، بەڵام دەسەڵاتی سەرووتری ئەوان لەگەڵ ئەم فکرە نەبوو. ڕەوتی ئیسلاحات هێزی بەسەر دەسەڵاتدا نەشکا و وەک خودی سەیری ئەوان نەکرا و، تەنانەت سەرکوتیش کران. ئەمەش یەکەم جار نییە، هەر لەدوای مردنی خومەینی کە دەسەڵاتی وڵات کەوتە دەستی ڕەفسەنجانی و خامنەیی، کۆمەڵی ڕۆحانییانی شۆڕشگێڕیان لەنێو برد. لە کاتێکدا ئەوان لە هەستە بەهێزەکانی کۆماری ئیسلامی بوون کە پشتیوانیی خومەینییان لەگەڵ بوو. جیاوازییەکە لەوەدایە کە ئەم هەستە ناوەندییەی دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامیدا کە خامنەیی ڕێبەریی دەکا؛ بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەم جۆرە هەوڵانەدا نییە، هەر بۆیە

نە تەنیا لەگەڵیان نییە بەڵکوو هەمیشە هەوڵی سەرکوتکردن و بێدەنگکردنیانی داوە.

وێنەی خاتەمی بڵاو نابێتەوە، مووسەوی و کەڕوبی لە زینداندان و ژمارەیەکی یەگجار زۆر لەو کەسانەی کە لە ڕیزی ئیسلاح تەڵەبەکاندا بوون بەڵام بەشێکی بنەڕەتی بوون لە کادری بەڕێوەبەریی نیزام، یان کەوتنە زیندان و... ناچاریان کردن بە تۆبەکردن و بەشێکیشیان تێدا بردن. ئەمانە جیاوازیی ڕەوتی ڕیفۆرم لە کۆماری ئیسلامی لەگەڵ شوێنەکانی ترە.

لە چین بە پێچەوانەی ئێران و یەکیەتیی سۆڤیەت خودی ڕێبەریی حیزبی کۆمۆنیستی چین بەرنامەی ئیسلاحاتی ئابووریی دانا و نەیهێشت لە کۆنترۆڵ دەرچێ، سروشتییە کە بەشی ئابوورییش پێوەند دەدرێتەوە بە سیاسەت و بە تایبەتی لە بەشی دیپلۆماسی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە. وڵاتی چین لەم بارەوە سەرکوتوو بوو بە جۆرێک کە هەم توانیان کۆمەڵگەکەیان کۆنترۆڵ بکەن و هەمیش سەرکەوتنێکی بەرچاوی ئابووری بەدەست بێنن.

لە ڕاستیدا ئەمە گەورەترین جیاوازیی ئێران لەگەڵ وڵاتانی ترە لەم بارەیەوە، کە هەستەی سەرەکیی ڕێژیم دژایەتی لەگەڵ هەر چەشنە ڕیفۆرم و گۆڕانێک دەکا و، ئێمە دەبینین کە بنەما کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئابوورییەکانی ئەم وڵاتە بە گشتی هەرەسی هێناوە و ئەمەش سەرچاوە لە سیاسەتی نەگۆڕی ڕێبەریی وڵات دەگرێ. لێکەوتەی ئەم تێڕوانینەش پێشگری لە چالاکیی ڕیفۆرمیستەکان و لەسەر کار لابردن و لە زیندان کردن و کوشتن و ڕاونانیان بۆ دەرەوەی وڵات بووە. هەر بۆیە ئێمە دەڵێین کۆماری ئیسلامی خۆی تاقەتی بە ئیسلاحات ناشکێ و هەڵگری چاکسازیی نییە.

**هەردی سەلیمی:** ئایا ئاستی چاوەڕوانیی خەڵکیش لەچاو ئەو سەردەمە گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە؟ ئەوان هەر بەو چاکسازییانەی کە خاتەمی بانگەشەی بۆ دەکرد ئێستا ڕازی دەبن؟

**کەماڵ کەریمی:** بێگومان ئاستی چاوەڕوانیی خەڵکی ئێرانیش لەچاو ٢٢ ساڵ لەمەوبەر هەڵکشاوە و ڕەنگە بەو ئیسلاحاتەی کە خاتەمی بەڵێنی دا و جێبەجێی نەکرد، ڕازی نەبن. ئەمەش دوو هۆکاری هەیە، یەکەمیان ئەوەیکە هیچ هیوایەکیان بە چاکسازی نەماوە و، دووەم ئەوەیکە هەستەی ناوەندیی دەسەڵات - کە باسمان کرد - ڕێگەی سەرکوت لە بەرامبەر ویستی خەڵکدا دەگرێتە بەر و ئەمەش بووەتە هۆی بێبڕوایی خەڵک بە دەسەڵات لەو سۆنگەیەوە کە کارێکیان بۆ جێبەجێ بکا.

لەگەڵ ئەوەشدا چاوەڕوانیی خەڵک زۆر چووەتە سەرەوە. ڕەنگە ٢٠ ساڵ لەمەوبەر خەڵک بە گۆڕانکارییەکی بچووک لە سیستمی ئیداری و سیاسیی وڵات ڕازی دەبوون، بەڵام ئێستا ئەم ڕادە لە ویستی خەڵک کە کۆماری ئیسلامییش ناتوانێ


سەرچاوە
Serchawe

جێبەجێیان بکا، خەڵک دەکاتە ناڕازی. بۆیەش دروشمی خەڵک زیاتر لە بازنەی نەمانی کۆماری ئیسلامی، ویلایەتی فەقیهـ و ڕێبەر و تەنانەت نەمانی سپای پاسداران وەک پارێزەری سەرەکیی ئەم ڕێژیمە و... دەخولێتەوە.

٢٠ لەمەوبەر هێشتا بەشێکی زۆر لە خەڵک پێیانوابوو کە ئەمە دەسەڵاتێکی ئینقلابییە و هەشت ساڵ لە شەڕدا بووە و پێویستە پشتیوانیی لێ بکرێ؛ بەڵام ئێستا دەبینین بە زۆر هۆکار کە یەک لەوانە گۆڕانی نەسلەکان و شێوازی بیرکردنەوەیە بێهیوایی، بێبڕوایی و بێمتمانەیی و ڕادەی زۆری چاوەڕوانی جێگەی ئەوانەی گرتوەتەوە.

هەرچەندە ئێستا بیری زاڵ بەسەر سیستمی کۆماری ئیسلامیدا هیچ ئیسلاحێک هەڵناگرێ، بەڵام بێتوو بیشیکا هەوڵەکانی لە ئاستی چاوەڕوانیی خەڵکدا نابێ.

**هەردی سەلیمی:** لە ٢٢١ کورسیی ئوسوولگەرایانیش، ١٢٣ کەسیان نیزامی و لە ڕوخسارە ناسراوەکانی سپای پاسدارانن. وەک باسمان کرد سپای پاسداران کادر و مۆرەکانی خۆی بە ئاشکرا ناردووەتە مەجلیس، پێشتر وەک دەسەڵاتی سێبەر هەموو جومگەکانی دەسەڵاتی پاوان کردبوو و خۆیشی دەدزییەوە لە هەموو بەرپرسایەتییەک. ئەمە چ کاریگەرییەکی لەسەر سیاسەتی کەلانی کۆماری ئیسلامی دەبێ، بە تایبەت کە ئەمجارە هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریشمان لەپێشە؟ ئایا باڵی ئوسوولگەراش خەریکە شوناسی خۆی دەدۆڕێنێ و لە ناوەندە ئەمنیەتی و نیزامییەکاندا دەتوێتەوە؟

**کەماڵ کەریمی:** لە کێبەرکێی نێوان ئوسوولگەراکان و میانەڕەوەکاندا - چون ئیسلاحتەڵەبەکان زۆر دیار نەبوون -، دەکرێ بڵێین باڵی ئوسوولگەرا براوە بوو، بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە لەنێو ئەو کەسانەش کە بە لیستی ئوسوولگەراکانەوە چوونەتە مەجلیسەوە کەسانێکی بێشوناسیشیان تێدایە کە ڕوون نییە سەربە چ لایەنێکن. هەروەکوو باسمان کرد هاتنە مەیدانی بەشێکی زۆر لە فەرماندەکانی سپای پاسداران دەردەکەوێ کە ئوسوولگەراکانیش براوەی هەڵبژاردن نین. ئەگەر پێشتر ئەوان خەت و نیشانیان دەدا ڕەنگە لەمەبەدوا ئەوان خەت و نیشان لە سپای پاسداران وەربگرن. هەر بۆیە لەم هەڵبژاردنەدا باڵەکانی کۆماری ئیسلامین کە دۆڕاون نە ئیسلاح تەڵەب و میانەڕەوەکان، بەڵکوو تەنانەت ئوسوولگەراکانیش ناتوانن خۆیان بە براوە بزانن.

زۆر جار باس کراوە کە سپای پاسداران دەیەوێ بە کوودتایەکی نەرم هەموو دەسەڵاتی ئێران بەدەستەوە بگرێ و، ئەمە بە تەواوی لەژێر چاودێریی خامنەییدا دەکرێ. ئەم جۆرە جموجووڵانە دەرخەری ئەوەیە کە ڕەنگە ئەم بیرۆکەیە چووبێتە قۆناغی کردارییەوە. بە بڕوای من ئێران بەرەو ئەوە هەنگاو دەنێ کە ئوسوولگەراکان بچنە ژێر کاریگەریی فەرماندەکانی

سپاوە و لەو نێوەدا بتوێنەوە. بەم جۆرە و بە ڕواڵەتێکی قانوونی سپای پاسداران پتر لە پێشوو دەبێتە هێزی یەکەم و، بە بڕوای من ئوسوولگەراکان بە تەواوی لەژێر کاریگەریی بڕیاردانی ئەواندا دەبن و بەرەو یەکدەنگییەکی زیاتر لەگەڵ ڕێبەر و سپای پاسداران کە هێزێکی ٤٠ لەسەدیی مەجلیسن پاڵ پێوە دەنرێن و سەربەخۆیی و بڕیاری خۆیان زیاتر لە جاران و هەروەها شوناسی خۆیشیان لەدەست دەدەن.

ئەمەش بڵێین ئەگەرچی سپای پاسداران بەردەوام ڕەدی کردوەتەوە کە دەستێوەردان لە کاری سیاسیی وڵاتدا بکا، بەڵام هەموو چالاکییەکانی ئەم ڕێکخراوەیە لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات ئاکامی ئاراستەیەکی سیاسیی بەهێزە لەنێو کۆماری ئیسلامیدا. ئەگەر تا بە ئێستاش بە شێوەی فەرمی لە گۆڕەپانی سیاسیی وڵاتدا چالاکییان نەبوو، ئیتر لەمەبەدوا بەتەواوی بوونیان هەیە و ڕۆڵی ڕاستەوخۆ لە داڕشتنی قانوون و سیاسەتدا دەگێڕن.

بوونی ڕاستەوخۆی سپای پاسداران بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە هێزێکی یەکلاکەرەوەیە لەم نێوەدا چ لە باری ماڵی و نیزامی و سیاسییشەوە، کاریگەریی خۆی لەسەر ڕووداوەکانی داهاتووی وڵاتیش دادەنێ. بێگومان من لەو باوەڕەدام هەموو ئەم هەوڵانە بۆ یەکدەستر کردنی هەستەی دەسەڵاتە و، من پێموا نییە چیتر ڕێگە بە کەسانی ئیسلاحتەڵەب و میانەڕەو بدرێ کە وا بە ئاسانی لە ڕوخساری نوێنەرانی مەجلیس و سەرۆککۆماریدا بێنەوە گۆڕەپانی سیاسیی وڵات.

**هەردی سەلیمی**: ئەم یەکدەست کردنە کە باس کرا، بە سەرنجدان بەوەی کە لەسەر مێزی ئیدارەی وڵاتی ئەمریکادا کارتی گۆڕینی ڕەفتاری ڕێژیمی ئێران داندراوە و هەروەها چالاکیی دەرەکیی سپای پاسداران کە لە دژایەتی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکادایە، لە ئەگەری درێژەدان بە ڕەفتاری هەنووکەیی کۆماری ئیسلامی؛ لێکەوتەی نێودەوڵەتیی بەدوادا دەبێ؟ یان با بڵێم بەرەوڕووی هەڵوێستی جدیتر دەبێتەوە؟

**کەماڵ کەریمی**: لە پێوەندی لەگەڵ دەرکەوتە دەرەکییەکانی، ئەوەی کە تا ئێستا بە ئاشکرا دیتراوە سیاسەتێکی زیرەکانەی کۆماری ئیسلامی - لە ڕاستیدا فرتوفێڵێک کە نواندوویەتی- بووە، کە لە بەرامبەر دنیای دەرەوەدا هەتا ئێستا ئەم ڕێژیمەی بەسەر پێوە ڕاگرتوە. لە لایەکەوە لە ڕێگەی دەزگای ڕێبەرییەوە و بە پشتیوانیی سپای پاسداران و ناوەندە ئەمنیەتییەکانیان هەوڵی ئەوەیان داوە سیاسەتەکانی خۆیان لە دەرەوەی سنوورەکان ببەنە پێشەوە، لە لایەکی تریشەوە بە بوونی دەوڵەتانێکی وەک ڕەفسەنجانی و خاتەمی و ڕۆحانی هەوڵیان داوە کە پەیامێکی پێچەوانە بە دنیای دەرەوە بدەن. هەر لەم پێوەندییەدا زەریف لە دوایین دانیشتنی لەگەڵ ئاژانسدا داوای هاوکاریی لەوان کردبوو کە پشتگیرییان بکەن بۆ ئەوەی ئەو دەنگە دژانەی نێو دەسەڵات کپ بکرێن.

## بەشی یەکەم

بەم شێوەیە لە ڕێگەی دەوڵەتانێکی بەڕواڵەت میانەڕەووەوە تێکۆشاون بە دنیای دەرەوە نیشان بدەن کە لە ئێران و لەنێو نیزامدا کۆمەڵە کەسانێک هەن کە بە مەبەستی گۆڕانکاری کار دەکەن و، بەم شێوەیە کاتی خۆی دەوڵەتە ئورووپاییەکان و تەنانەت دەوڵەتی ئۆباماشیان بەو قەناعەتە گەیاندبوو کە بۆ پێکهێنانی گۆڕانکارییەکان پێویستیان بە یارمەتیی ئەو دەوڵەتانە هەیە؛ بەڵام لە ڕووی کردارییەوە کۆماری ئیسلامی سیاسەتە ڕەسمییەکانی خۆی بردووەتە پێشەوە. دەتوانین بڵێین کۆماری ئیسلامی ئەم دەوڵەتە میانەڕەوانەی وەک ئامێرێک بۆ تەفرەدانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەکار هێناوە.

سروشتییە کە ئەم قۆناغە تێدەپەڕێنێ و، ئەمەش لە هەوڵەکانیان بۆ یەکدەست کردنی نیزام دەردەکەوێ. ئایا ڕێژیم یا با بڵێین ڕێبەر دەیەوێ بەدوور لە جەناحبەندییەکان بۆخۆی هەنگاو لەڕێی سەقامگیریی ئاشتەوایی لەگەڵ دنیای دەرەوەدا هەڵبێنێتەوە؟ بەدوور نابیندرێ. هەرچەند من بۆخۆم باوەڕم بەوە نییە بڵێن ماهیەتی فڵان ڕێژیم فڵان جۆرە، بەڵام لە ماهیەت و فکریەتی کۆماری ئیسلامی و خامنەییدا ئەمە نابیندرێ؛ بەڵام ئەمە یەکێک لەو ڕێگەیانەیە کە بیانەوێ بەدوور لە هاوبەشکردنی ئیسلاحتەڵەب و میانەڕەوەکان، بۆخۆیان بیانەوێ ڕێگەی سازشێکی جدی لەگەڵ دنیای دەرەوە بە تایبەتی ئەمریکا بگرنە بەر و بە ناوی خۆیانەوە تەواوی بکەن. هەرچەند من وەک خۆم ئەم ئەگەرە بەدوور دەبینم.

لای من وایە کە مەبەستی ئەوان لە یەکدەست کردنی دەسەڵات ئەوەیە کە بیانەوێ بە هێزێکی کۆکراوەترەوە بەرەوڕووی کێشەکان ببنەوە، ڕەنگە بیانەوێ ئەزموونی کورەی باکوور لە ئێران دابەزێنن. بەدوور نییە کە هەڵسەنگاندنێکی هەڵە لە بارودۆخی وڵات، خەڵک، جوغرافیای ناوچە، پێوەندیی دەسەڵات لەگەڵ وڵاتە جۆراوجۆرەکان و هێزی خۆیان بکەن. هەر بۆیە پێموایە ئەم هەوڵانەی کە دەدرێ لە پێناو ئاشتەواییدا نییە، بەڵکوو زۆرتر بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ کێشەکانە کە هەوڵی پێکهێنانی دەسەڵاتێکی یەکگرتووتر دەدەن.

بۆیە ئەم ڕێگەیە کە گرتوویانەتە بەر بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتێکی تاکلایەنەیە کە هەم پشتیوانیی سیاسی، هەم قانوونی و هەمیش نیزامیی هەبێ و، ئەمە ڕەنگە ڕێگەی سەرکوت و کوشت و بڕینی زیاتر لە ئێراندا بکاتەوە؛ بەڵام لە هەمان کاتدا ڕێگەی بەرەو کۆتایی ڕۆیشتنی کۆماری ئیسلامیشە، بە سەرنجدان بەوەی کە خەڵک زەحمەتە تەسلیمی ئەم خواستەی ڕێژیم بن و دنیای دەرەوەش لەدوای باوەڕ پێکردن بە دەوڵەتی ئیسلاحات، میانەڕەوەکان و چاوەڕوانیی گۆڕانی ڕەفتاری ڕێژیم، بۆ جارێکی تر لە بەرامبەر ئیرادەی کۆماری ئیسلامیدا بێدەنگی هەڵبژێرن.

**هەردی سەلیمی:** ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران هەڵبژاردنەکانی بایکۆت کردبوو. بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی لە ئاستی گشتیشدا بەشدارییەکە زۆر کەم بوو، پێتان وایە بەشداریی کەمی خەڵک لە هەڵبژاردنەکان لە کوردستان

**وڵامدانەوە بە هەڵوێستی بایکۆتی حیزبە سیاسییەکان بوو، یان دەرەنجامی بەستێن و بارودۆخە گشتییەکە؟**

**کەماڵ کەریمی:** لە پێوەندی لەگەڵ بڕیاری ناوەندی هاوکاری لەمەڕ بایکۆتی هەڵبژاردنەکان، لە ڕاستیدا ئەم حیزبانە کاریگەریی خۆیان لە کۆمەڵگەدا هەیە و ئەمەش نەک لەم هەڵبژاردنەدا بەڵکوو پێشتریش سەلمێندراوە و خەڵک بەرەوپیری داواکارییەکانیان چوون. بێگومان ئەوەی کە خەڵک پێشوازی و بەشدارییەکی سارد و سڕیان لە هەڵبژاردندا کرد دوو هۆکاری هەبوو، یەکەمیان داواکاری و هاودەنگیی حیزبەکانی کوردستانی ئێران –کە چاوەڕوانیی خەڵک لەم حیزبانە هەمیشە هاودەنگی بووە- کە بە بڕوای من زۆربەک لەو کەسانەی کە بایکۆتی هەڵبژاردنیان کرد لەژێر کاریگەریی بڕیاری ئەم حیزبانەدا بوون. بەدڵنیاییەوە ئەم بڕیارە بە پێی هەڵسەنگاندنێک بوو کە بۆ بارودۆخی ئێران کرابوو و ئاویتەبوونی نالەباریی دۆخە گشتییەکە و داواکاریی حیزبەکانی ناوەندی هاوکاری دەستی بە دەستی یەکترەوە دا و بووە هۆی ئەوەیکە خەڵک بە ساردی بەرەوڕووی هەڵبژاردن ببنەوە. بۆیە دووهەم هۆکار دەتوانێ ناڕەزایەتیی گشتیی خەڵکی کوردستان لە بارودۆخەکە بێ.

کوردستان جیاوازتر لە هەموو ناوچەیەکی ئێرانە، بۆ نموونە لە شارێکی وەک تاراندا ناڕەزایەتیی خەڵک لە دەسەڵات و بێهیواییان لە هەڵبژاردن کاریگەریی بووە لەسەر بڕیارەکانیان هەتا داخوازیی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن. بەڵام لە کوردستاندا پێوەندیی خەڵک لەگەڵ حیزبەکان لە ڕاستیدا پێوەندییەکی بەهێزترە، بۆیە ڕاستە لە ئێران ناڕەزایەتییەکی گشتی هەیە بەڵام لە کوردستاندا هاودەنگیی حیزبەکان زیاتر هاندەر بوو بۆ بەشداری‌نەکردنیان لە هەڵبژاردندا.

**هەردی سەلیمی: هەر لەسەر کوردستان، بایکۆتی ناوەندی هاوکاری کە حیزبی دێموکراتی کوردستانیشی تێدا بەشدارە، شارگەلێکی وەک ورمێ، قوروە و شنۆ و نەغەدەشی گرتەوە کە لەوێدا دوو نەتەوەی کورد و ئازەری پێکەوە دەژین، بەگشتی ستراتێژی یا تاکتیکی حیزبە کوردییەکان بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وەها دۆخێکدا بۆ ئەم شارانە چییە؟**

**کەماڵ کەریمی:** لەو ناوچانەی کە لە پرسیارەکەدا هاتوە بەشداریی خەڵک لەچاو ناوچەکانی تری کوردستان زیاتر بوو، ئەمەش هۆکاری تایبەت بە خۆی هەیە کە باسی لێدەکەین. داواکاریی ناوەندی هاوکاری ڕوو لە هەموو خەڵکی کوردستان لە گشت ناوچەکان بوو. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چەند خولی ڕابردووی هەڵبژاردنەکاندا بە تایبەت لە هەڵبژاردنەکانی شۆڕای شارەکان و مەجلیسدا بە نیسبەت ئەم ناوچانەوە هەڵوێستێکی جیاوازی هەبوو لەگەڵ حیزبەکانی دیکەی کوردستان. ئەگەر ئێمە پێمان‌وابوو بۆ نموونە لە سنە دەبێ بایکۆتی هەڵبژاردن بکرێ، یا لە خولێکدا پێمان‌وابوو ڕاستە هەڵبژاردنێکی ئازاد و دێموکراتیک نییە بەڵام خەڵک پێیان‌وایە کەسێکی شیاو هەیە با پشتگیریی لێبکرێ؛ بەڵام

لە قۆناغی ئێستای ئێراندا و بە هۆی قووڵایی ناڕەزایەتییەکی گشتی کە هەیە، بێگومان بایکۆت باشترین ڕێگەیە بۆ دەربڕینی ئەم ناڕەزایەتییانە.

بەڵام بەم حاڵەشەوە ئێمە تێبینیی تایبەت بە خۆمان لەسەر ناوچەی ورمێ و نەغەدە هەبوو. هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە ئێستاش ئێمە پێمانوایە لەوێ کێشەی تێکەڵبوونی دوو نەتەوەی لێکجیاوازی کورد و تورک لە ڕاستیدا جۆرە هەستیارییەکی دروست کردوە. لە ڕابردوودا ئێمە هەوڵمان دابوو بۆ ئەوەی کە بتوانین خەڵک هان بدەین کە کاندیدی باش بناسێنن و بیاننێرنە شۆڕاکان و مەجلیسەوە، کە لە قۆناغێکدا ئەو کارەش کرا و کوردەکان توانیان سەرکەوتن بەدەست بێنن. بەڵام لە دەوری پێشوودا سەرەڕای ئەوەیکە داواکارییمان هەبوو ئاکامی پێچەوانەی هەبوو، ئەویش لەبەر ئەوە بوو کە حیزبەکانی دیکە بە تێکڕایی بایکۆتیان کردبوو. لەم قۆناغەشدا ئەم هەستیارییەی کە باس کرا هەر لەسەر جێی خۆی بوو و هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتبوو، هەتا تەمەنی کۆماری ئیسلامی هەڵدەکشێ ئێمە لەگەڵ پرسی چارەسەر نەکراوی پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی نەتەوەی کورد و تورک لەم ناوچانەدا بەرەوڕووین. بەرەبەرە هەست دەکرێ بیری ناسیۆنالیستی لەنێو تورکەکاندا لەو ناوچانەدا زۆر بەهێزتر بووە، لەم بیرە ناسیۆنالیستییە ڕێژیمیش کەلکی وەرگرتوە و سپای پاسدارانیش یارمەتیی بەهێزتر بوونی دەکا. ئەمە بەو واتایە نییە کە سپای پاسداران پەرەسەندنی ئەم بیرەی پێخۆش بێ بەڵام ئەوان لەو باوەڕەدان کە ئەم فکریەتە بواری بەگژدا چوونەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی ئاسانتر دەکا؛ هەر بۆیە بە هەموو شێوەیەک یارمەتییان داون.

لەم قۆناغەدا ئەم هەستیارییە بۆ کوردەکانیش دروست بووە و بە تەواوی هەستیان بە مەترسی کردوە. ئەگەر تورکەکان دەیکەن، بۆ کوردەکان لە بەرامبەر شوناسی خۆیاندا هەوڵێکی جدی نەدەن؟ ئێمە وەک حیزبی دێموکرات بەم هۆکارانەی کە باس کرا تێبینیی خۆمان هەبوو، بەڵام ناوەندی هاوکاری کە باوەڕی وابوو بایکۆتەکە دەبێ ئەوێش بگرێتەوە؛ ئێمەش بۆ پاراستنی یەکڕیزییەکە ئەم داوایەمان قەبووڵ کرد. بەڵام بینیمان کە لە ورمێ خەڵکی کورد هەڵبژاردنیان بایکۆت نەکرد، بەشداریی هەر دوو نەتەوەکە نیشانی دا کە لەوێ ئەو هەستیارییە هەر بەهێزە. من هیوادارم کە لە داهاتوودا حیزبەکانی ناوەندی هاوکاری بەجدییەتەوە بیر لەم ناوچەیە بکەنەوە و بەدوور بین لە بڕیاری هەستەکی و دژایەتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بەرەو هەڵسەنگاندنی هەڵەمان پاڵ پێوە نەنێ.

زۆر جار باس لەوە دەکرێ کە چ جیاوازییەک لە نێوان کوردێکی پاسدار و تورکێکی پاسداردا هەیە، بەڵام دەبینین کە خەڵک پیشە و پێشینەی کەسەکان نابینن و تەنیا چاویان لە نەتەوەکەیانە. هەر بۆیە ناوەندی هاوکاری و بە تایبەتییش حیزبی دێموکراتی کوردستان دەبێ بەدوور لە هەڵایسانی گرژیی نێوان ئەم دوو نەتەوەیە - مادام کە خەڵک بەو هۆکارانەی

وا باس کران هەر بەشداری دەکەن- لەبیری ئەوەدا بین کە بە جۆرێک هەڵەکە بقۆزینەوە کە لە قازانجی نەتەوەی کورددا بێ.

**هەردی سەلیمی: زۆر کەس پێیان وایە کە ئەگەر حیزبێکی سیاسی، هەڵوێستێکی هەبێ و خەڵکەکەی پێڕەوی لێ نەکەن، ئەوە ئەم حیزبە تووشی کارەسات بووە و ئەگەریش نا لە گەشبینانەترین حاڵەتی خۆیدا تووشی دۆڕان و شکست هاتووە؛ ئایا ڕای ئێوەش لەم بارەیەوە هەروایە؟**

**کەماڵ کەریمی:** دەبێ بڵێین بارودۆخی سیاسی و خوێندنەوەی دروستی ئەم بارودۆخە زۆر کاریگەرە لەسەر ڕادەی وەرگیرانی هەڵوێستەکە لە لایەن خەڵکەوە. لە کاتێکدا تۆ لە دۆخێکی ئازاد و لە خاکی خۆتدا بی، هەڵسەنگاندنەکە نە بە ڕێژەی یەک لە سەد بەڵکوو بە ڕێژەی یەک دەهومی لەسەدییش مومکینە و دەکرێ. بەڵام لەم هەلومەرجە ئەمنیەتییەی کە خەڵک تێیدایە و لە نەبوونی خۆمان بۆ بانگەشە و باسکردنی بەرنامە سیاسییەکانمان؛ ڕەنگە ئەم هەڵسەنگاندنە لە ڕاستیدا هەر دروست نەبێ کە ئایا هەڵوێستی سیاسیی حیزبێک چەندە وەرگیراوە یان نا. بە بڕوای من ئەگەر لەسەر ئەم نوێترین خولەی هەڵبژاردن قسە بکەین، وەک لە پرسیاری پێشووشدا باسمان کرد، هەڵوێستی حیزبەکانی ناوەندی هاوکاری لە لایەن خەڵکەوە وەرگیرا. لە خوارەوە بوونی ڕێژەی بەشداریی خەڵک دەردەخا کە ناڕازیبوونی خەڵک و بەدەم هەڵوێستەکەی حیزبەکانی کوردستانەوە هاتنیان بۆخۆی بووە هۆکاری بەشداری‌نەکردنیان.

ئەوەش بڵێین کە باس لە کوردستان دەکەین مەبەستمان لە خەڵکی کوردە نەوەک ئەو هەمووە، پادگان و ناوەندە ئەمنیەتی و بەکرێگیراوانەی ڕێژیم کە بە ڕێژەی تەواو بەشداریی هەڵبژاردنیان کردوە و هەواڵ و زانیاریی دروست و وردیشمان هەیە کە زۆر یەک لەوانە نە یەک جار بەڵکوو چەند جاریش بانگ کراون و دەنگیان داوە. ئەگەر ئێمە لە شارێکی بچووک وەک بانە ئەگەر بڵێین ٢٠ هەزار کەس بەشدارییان کردبێ، دڵنیاین کە نیوەی ئەم ڕێژەیە لە هێزە ئەمنیەتی و ئینتزامی و سەربە دەسەڵاتەکان پێک هاتوون. هەرچەندە ئێمە گومانمان هەیە لەسەر ڕاستی و دروستیی ڕێژەی ڕاگەیێندراو بەڵام دیارە بەشدارییەکە سارد بووە و ئەمەش نیشان دەدا کە بەدەم داواکاریی حیزبەکانەوە هاتوون.

ئەوە نەبێ کە ئێمە تەنیا پێوەری هەڵبژاردنمان لە بەردەستدا بێ، بەڵکوو لە بۆنە جیاوازەکانیشدا ئەم بەدەنگەوە هاتنە هەر بووە، بەڵام ئەگەر لە دۆخێکی تایبەتیشدا خەڵک نەیانتوانی ولامدانەوەیان هەبێ، شتێکی سەیر نییە چون دەبێ کاریگەریی کەشە سیاسی و ئەمنیەتییەکە لەسەر خەڵک و ڕادەی نزیکبوون و چالاکبوونی ئێمە لە نێوخۆ لەبەرچاو بگیرێ؛ یانی ئەم لەمپەرانە ببیندرێن و جا هەڵسەنگاندن بۆ ڕێژەی پێشوازییەکە لە هەڵوێستەکە بکرێ.

## بەشی یەکەم

ئێمە ئەو ڕاستییە دەبینین کە لە ورمێ پێشوازییەکی کەمتر لە بانگەوازی ئێمە کراوە، بەڵام ئەمەش بەو واتایە نییە کە خەڵکی ئەو ناوچەیە لە حیزبە کوردستانییەکان دابڕابن؛ بەڵکوو دەبێ هۆکارە تایبەتەکان لەوێدا ببینینەوە و ئەم هۆکارەش بکەینە پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنی پێشوازی نەکردنیان یان نەتوانینی وڵامدانەوەیان بە داخوازیی حیزبەکانی کوردستان.

بۆیە بە هیچ شێوەیەک ناکرێ بەبێ لەبەرچاو گرتنی دۆخەکە، هەڵسەنگاندن بکرێ بۆ ڕادەی وەرگرتنی داواکاریی حیزبەکان و، پێشتریش خەڵکی کوردستان سەلماندوویانە کە چاویان لە دەمی حیزبەکانی خۆیانە و بەدەم بانگەوازەکانیشیانەوە هاتوون و لە چەندین مانگرتنی گەورەشدا بەشدارییان کردوە و؛ ئەگەریش ببینین کە لە کات و دۆخێکی تایبەتدا بە پێی پێویست ناتوانن بە دەم بانگەوازەکەوە بێن ئەوە هیچ کات بە واتای کارەسات و دۆڕان و شکست بۆ ئەم حیزبانە نییە.

**هەردی سەلیمی:** ئەو "نا"یەی بە کۆماری ئیسلامی گوترا، چ لە کوردستان و چ لە ئاستی گشتیدا، چۆن دەتوانێ ببێتە دەسمایەی دەسکەوتی سیاسی بۆ بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەیی کورد و هەروەها بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیخوازی و دێموکراسیخوازی لە ئاستی وڵاتدا؟ مەبەست ئەوەیە دەبێ چی بکرێ ئەم "نا"یە بەوەندە تەواو نەبێ و شتی هەستپێکراو بەدووی خۆیدا بێنێ.

**کەماڵ کەریمی:** بە بڕوای من ئەم "نا"یەی کە دیسان بەرەوڕووی کۆماری ئیسلامی بووەوە، دەسکەوتێکی باشە بۆ بزووتنەوەی سیاسی و گۆڕانخوازانە لە ئێران بە گشتی و بە تایبەتی بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد. هەر ئێستا هەڵوێستی وڵاتانێکی وەک ئەمریکا لەم بارەوە دەبینین کە پێیانوایە بەشدارینەکردنی خەڵک نیشانەیەکی تری دەربڕینی ناڕەزایەتیی گشتیی خەڵکە لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی. من لەو باوەڕەدام کە تێکۆشەرانی سیاسی و حیزبە سیاسییەکان دەبێ هەوڵ بدەن کە ئەمە وەکوو ڕاستییەکی کۆمەڵگەی ئێران زیاتر بخەنە بەرچاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دۆستانی بزووتنەوەی ئازادیخوازانە لە ئێران و، ئەمە بکرێتە هەوێنێک بۆ پشتیوانییەکی جدی لە خەڵکی ئێران و بە تایبەتی بزووتنەوەی سیاسی-نەتەوەیی کوردستان. هەوڵ بدرێ بۆ کەڵکوەرگرتن لەم دەرفەتە لە پێناو پشتیوانی لە بزووتنەوە سەرەکییەکە.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەم ڕاستییە کە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی ئێران، بەبێ پشتیوانیی دەرەکی نەختێک زەحمەتە بتوانێ ڕێگەی خۆی ببڕێ، بۆیە پێویستە ئاکامی ئەم هەڵبژاردنە کە ناڕەزایەتییەکی گشتی بوو زۆرتر زەق بکرێتەوە.

## بەشی یەکەم

فشارە سیاسییەکانی دنیای دەرەوە لەسەر کۆماری ئیسلامی لە دوو قۆناغدا یارمەتیدەر بوون بۆ ئەوەی‌کە ئەم بزووتنەوانە بەهێزتر بن. هەم لە قۆناغی دە ساڵ لەمەوپێش کە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و شۆڕای ئەمنیەت فشاریان خستە سەر ئێران و تەحریمیان کرد و دواتر بەرە بەرە کەم بوونەوە، هەم لەم دەورە نوێیەشدا –لەگەڵ ئەوەی‌کە بەداخەوە قورسایی باری ئابوورییەکەی دەکەوێتە سەر شان و ژیانی خەڵک- بەڵام ئەم ڕاستییەش ببینین کە ئەمە کۆماری ئیسلامییە کە مەبەستی سەرەکیی ئەم تەحریمانەیە.

ئەوەش دەزانین کە تەحریمە ئابوورییەکان چونکوو لە چوارچێوە و شکڵێکی سیاسی‌دان، کۆماری ئیسلامی زیاتر لە ڕابردوو بەرەو تەریک کەوتن دەبا و، دەبێتە هۆی دروستبوونی نارەزایەتیی زۆرتر لەنێو خەڵکدا، دەبێتە هۆی دوودڵی و دڕدۆنگیی کاربەدەستانی ڕێژیم و، ئێمە ئەگەر بتوانین دنیای دەرەوە باشتر لەم دۆخە تێبگەیەنین و بیکەینە هۆکارێک بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانییەکی بەهێزتر، بە تایبەتی لەباری دیپلۆماسی و سیاسییەوە بۆ سەر کۆماری ئیسلامی؛ ئەوە دەتوانین یارمەتیدەر بین بۆ خەڵکی ئێران و بە تایبەتی خەڵکی کوردستان بۆ بڕینی ئەو ڕێگە سەختەی کە لە بەردەمیاندایە.

ئەو خەڵکەی کە لە خۆپیشاندانەکانی ئەمساڵدا دەرکەوت تەنانەت لە قوربانی‌دانیش ناسڵەمێنەوە و ئامادەن بۆ گەیشتن بەو ڕزگارییەی کە مەبەستیانە لە گیانی خۆیشیان خۆش بن. ئاماری کوژراوەکانی خەزەڵوەر کە لە نێوان ١٥٠٠ - ١٧٠٠ کەسە، بێجگە لە بریندار و گیراوەکان، خۆی دەرخەری ئەم ڕاستییەیە کە خەڵکی ئێران ئامادەیی گیانبازییان هەیە و ئەگەر پشتیوانییەکی بەهێزی دەرەکییشیان لەپشت بێ؛ بێگومان هەنگاوی جدیتر هەڵدێننەوە بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامیی ئێران.

**هەردی سەلیمی**: سپاس بۆ بەشداریتان.

**کەماڵ کەریمی**: ماندوو نەبن و سپاس بۆ ئێوەش.

(لە ژمارەی ٧٦٩ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی مارچی ٢٠٢٠

## ساڵێ کە ڕابرد...

ساڵێکی پڕ ڕووداومان تێپەڕاند - زۆربەی ڕووداوەکان نوێترین هەواڵەکانی دەکردە کۆنترین هەواڵەکان- و ئەم ڕووداوانەش هەم خۆش بوون و هەمژی ناخۆش - و ئەگەر نەمانەوێ ڕاستییەکان بشارینەوە دەبێ بڵێین بەداخەوە ناخۆشییەکانی زۆرتر بوو.

لەو کاتەوە کە مرۆڤ توانیویەتی چەمکی کات و زەمەن بەکار بێنێ و کەرەسەی پێوانەکەی بۆ بدۆزێتەوە و یان بخولقێنێ، هەموو دیاردەیەک چووەتە چوارچێوەی ڕێکەوتەوە و هەر لێرەشەوەیە کە مێژوو بە واتا کۆنەکەی خۆی سەر هەڵدەدا. لێرەدایە کە ئێمەی مرۆڤ بەو باوەڕە دەگەین کە هەر شتێک، هەر کەسێک، هەر دیاردەیەک و... تەمەنێک و کاتێکی تایبەت بە خۆی هەیە. نوێبوونەوەی ڕۆژژمێری ئێمەش لەگەڵ سووڕی سروشتیی سروشتدا یەکی گرتووەتەوە و، هەر کام لە وەرزەکانیش بۆ خۆیان هێمایەکی دروست لە گەشە، گەورەبوون، پێگەیشتن و پیری و لە ئاکامدا نەمانن.

لە سەرەتای ساڵی ٩٨دا و بە دوای ئەوەی کە لافاوێکی وڵاتداگر ئێرانی گرتەوە، زیاتر لە هەر ڕستەیەک ئەم پەندە فارسییەی کە دەڵێ: «ساڵێک باش بێ، لە بەهارەکەی ڕا دیارە» بەرچاو بوو کە دەستاودەست لە نێوان بەکاربەرانی ئەم فەزایەدا دەگوازراوە. بەکارهێنانی ئەم پەندە لە لایەن خەڵکەوە تەنانەت لە قسەکردنەکانیشیاندا - نەک هەر لە سۆشیال مێدیادا - تێکەڵ بە توانج و پڵار بوو و، هەر لە سەرەتای ساڵەوە بەم پێشبینییە پێشوازییان لە ساڵی بەردەمیان کرد؛ لە ڕاستیشدا پێشبینییەکە بە هەڵە دەرنەچوو.

ئەم لافاوە کە بە دیاریکراوی پارێزگاکانی کرماشان و ئیلام و لوڕستانی داگرت، زەرەر و زیانی گیانی و ماڵیی زۆری بە خەڵکی ئەم ناوچانە گەیاند؛ بەڵام یەکگرتوویی و خۆبەڕێوەبەریی خەڵکیشی بەهێز کرد و لە هەمان کاتدا بێمودیریەتیی دەسەڵاتیشی زەقتر کردەوە و، هەر لێرەدا قەڵشێکی گەورە کەوتە نێوان دەسەڵات و ئەو خەڵکەی کە پێشتر کوێرە هیوایەکیان بە کاربەدەستان بوو.

دروشمی ئەمساڵیش بە پێڕەوی لەم ساڵانەی دوایی لەلایەن خامنەییەوە بە «ڕەونەقی بەرهەمهێنان» ناو نرا، کە ڕێک بە

پێچەوانەوە یەکێک لەو ساڵانە بوو کە زیاترین فشاری ئابووری و کەمداهاتی و بێکاری لەسەر خەڵک بوو و، هەر لەمساڵدا بە چەندین کارگەی بەرهەمهێنان داخران و تەنانەت بژێوی کرێکارەکانی خۆیشیان بۆ دابین نەبوو.

کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی سنوورەکانی ساڵێکی کارەساتباری هەبوو، گوشارە لانیزۆرەکانی ئەمریکا، بە تێرۆریست ناساندنی سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی، ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی لوبنان و عێراق بەدژی دەستێوەردانەکانی ئەم ڕێژیمە لە کاروباری وڵاتەکانیاندا، کوژرانی قاسم سولەیمانی و بەردانەوەی بە ئەنقەستی فڕۆکە ئۆکراینییەکە، ئێف ئەی تی ئێف و تێخستنەوەی ئێران لە لیستی ڕەش و... دەسەڵات و هێزی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا تووشی لاوازییەکی بەرچاو کرد و، کاریگەرییەکانیشی زۆر بەرهەستە.

لە نێو سنوورەکانیشدا بارودۆخێکی باش چاوەڕوانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ناکا، وەک چۆن سیاسەتەکانی دەرەوەیان لەم ماوەیەشدا هەر لەسەر ڕەوتە پێشووەکەی بەردەوام بوو و، کاردانەوەی خەڵک و وڵاتانی دیکەی بەدوادا هێنا؛ هێڵی دیاریکراوی سیاسەتەکانیان لە نێوخۆی وڵاتیش هەر بە پێوانەی پێشوو و بەڵکوو توندتریش بەردەوام بووە و، ئەمەش ناڕەزایەتیی خەڵکی ئێرانی لێکەوتەوە و کەوتوەتەوە. بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور ئێران لەمساڵدا پلەی ١٧٠ی لە نێوان ١٨٠ وڵاتدا لە بواری ئازادیی چاپەمەنی بەدەست هێناوە، ئەمەش خۆی دەرخەری شاردنەوەی زانیاریی ڕاست و بە دوای ئەوە داسەپاندنی کەشی تاکدەنگی بەسەر کۆمەڵگە و نەهێشتنی دەنگی نەیارانە.

باسمان لە «ڕەونەقی بەرهەمهێنان»ی سەقەت کرد، هەر لەم سۆنگەیەوە و بە زۆر هۆکاری تریش دۆخی ئابووریی خەڵکی ئێران بە واتای تەواوی وشە قەیراناوییە، هەژاری لەم وڵاتەدا بە شێوەیەکی بەربڵاو پەرەی گرتوە و ڕوو لە زیادبوونە؛ سیاسەتی سەرکوت و نادێموکراتیک و سیستەمی ئابووریی هەڵتەکاوی ئێران، خەڵکی ئەم وڵاتەی هێنایە سەر شەقام. هەرچەندە بەداخەوە بە پێی ئامارەکان ١٥٠٠ کەس لە ناڕەزایەتیدەربڕان کوژران و بە هەزارانی دیکەش بریندار و گیراو هەیە و ژمارەیەکی بەرچاو لەم گیراوانە حوکمی ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە؛ بەڵام ترسی خەڵک لە ڕێژیم و سەرکوتەکانی هەتا ڕادەیەکی زۆر ڕژا. ئەم ناڕەزایەتییانە لە ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندان و ٢ی ڕەشەمەی ئەمساڵ (هەڵبژاردنەکانی مەجلیس) گەیشتە لووتکە و، خەڵک بە بەشدارینەکردنیان جارێکی دیکە ناڕەزایەتیی خۆیان بەدژی ڕێژیم و لە ئاستێکی بەریندا دەربڕی.

هێنانی نەخۆشیی کرۆنا بۆ ئێران بەهۆی ڕانەگرتنی هاتوچۆ لەگەڵ چین و دواتر شاردنەوەی ڕاستییەکان لە خەڵک لەم پێوەندییەدا و کۆنترۆڵ نەکردنی دۆخە نائاساییەکە لە سۆنگەی ئێزۆلە نەکردنی شاری قوم وەک مەکۆی بڵاوبوونەوەی ئەم

## بەشی یەکەم

نەخۆشییە، هەموو بەرپرسایەتییەک دەخاتە سەر شانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی. لە بواری دابینکردنی پێداویستیی بێهداشتی و تەندروستیشدا هەر ئەوەندە کە بڵێین لە ساڵی گەشەی بەرهەمهێناندا ماسک و ئەلکول بووەتە دەرمانی چاو لە ئێراندا، ئیتر خۆی دەرخەری دۆخی شپرێوی ئەم وڵاتە و ئیدارە سەقەتەکەیەتی. ئەمە لە کاتێکدایە پێشبینییەکانی ناوەندی پزشکیی زانستگەی شەریفی تاران باس لەوە دەکا لە ئەگەری بەردەوامیی ئەم ڕەوتە هەنووکەییە، ئێران سێ میلیۆن و نیو قوربانیی کرۆنای دەبێ.

لە پێوەندی لەگەڵ مافی کەمینە نەتەوەییەکان، درگای سیاسەتەکانی ڕێژیم هەر لەسەر گرێژنەی پێشووی دەسووڕێ و تەنانەت لە سەرەتای ساڵی خوێندنی ۹۸دا بە هێنانە ئارای گەڵاڵەیەک لەژێر ناوی «بسندگی زبان فارسی» ڕاستەوخۆ دژایەتیی گەلانی نافارسی ئەم وڵاتە _کە پێکەوە زۆرینەی جەماوەرەکەی پێک دێنن-، کرد.

سووڕی سروشت هێناومانیەتەوە سەر خاڵی دەسپێکێکی دی و بەهار و سەرهەڵدانەوەیەکی تر؛

**مامۆستا شەریف گوتەنی:**

**«گەڵاڕێزان گوڵی باخانی دا با**
**بەهارێ دیکە دێ، ئەم داخە لابا.»**

**نەورۆز پیرۆز، ماڵی گشت لایەک ئاوا.**

**۱۹ی مارچی ۲۰۲۰**



سەرچاوە Serchawe

## «نا»ی هەمیشەیی کوردستان بە کۆماری ئیسلامی

کۆماری ئیسلامی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ٥٧، هەر لە یەکەم تاقیکاریی جدیی بەردەمی لە پرۆسەی هەڵبژاردن و ئەگەری بوون بە دەسەڵاتێکی دێموکراتیکدا پێی خوار داناوە، هەر ئەو کات بە بەڕێوەبردنی ڕێفراندۆمێکی شەل کە هەر سەربەرگە سوور و کەسکەکەی دەرخەری ئاراستە پێدانێکی نادێموکراتیک و ناڕوون و چەواشەکارانە بوو، سەلماندی کە لەم دەسکەوتە مرۆییە بۆ ڕەوایی دان بە خۆی و دەسەڵات کەلک وەردەگرێ و خەڵک و داواکاریان ناگرینگترین بەشی بابەتەکەیە. ئەمە بەو واتایەشە کە ئامرازێکی مودێرن و سەردەمیانەی بە تەواوی لە پێناو جێگیرکردنی بیرۆکەیەکی کۆن و نامودێرندا بە خزمەت گرتوە و؛ ئەمەش یەکێک لەو سەدان پارادۆکسەیە کە بە درێژایی ئەم ساڵانە لە تەنیشت یەکتر بەکاری هێناون.
خەڵکی کوردستان بە پێشەنگایەتیی حیزبەکانیان زۆر زوو هەستیان بەو ناڕاست بوونەی دەسەڵات کرد و بە بایکۆتی ئەو هەڵبژاردنە جیا لە هەموو جوغرافیای ئێراندا هەڵوێستێکی تاقانەیان لە خۆیان نیشان دا و، ئەمەش دەسپێکێک بوو بۆ بەرەوڕوو بوونەوەیەکی چەندین ساڵە. خەڵک و حیزبەکانی کوردستان بە درێژایی ئەم ساڵانە لە گەیشتن بە مافەکانیان و خەباتی فرەڕەهەند لەم پێناوەدا دەستیان هەڵنەگرتوە و بۆ ساتێکیش شلوێ نەبوون. ئەمە ڕاستە کە دنیای سیاسەت لە کۆمەڵێک کایە و بردنەوە و دۆڕان و پێشبینیی دروست و نادروست پێک دێ، بەڵام لە مێژووی سیاسیی ئێرانی دوای شۆڕش ئەمە نەتەوەی کورد و حیزبە کوردییەکان بوون کە سەرەڕای نەگەیشتن بە ئامانجەکانیان پێشبینییەکانیان دروست بوو و، لە ناسینی سیستمی دەسەڵات و پێکهاتەکەی، ڕۆڵی ئاوانگاردیان گێڕا و؛ هەنووکەش ئەم دەسکەوتە کە سەرچاوە لە وشیاریی سیاسیی ڕێبەرانی ئێمە دەگرێ، مایەی سەربەرزیی ئەم گەلەیە.

ئێستا کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پەردە لە جینایەتە کۆن و نوێکانی ڕێژیم هەڵدەدرێتەوە و بەم بۆنەیەوە پتر لە پێش پێگەی جەماوەریی کۆماری ئیسلامی داتەپێ و بەرەو هەرەسهێنان و لەدەست دانی ڕەواییەتەکەی هەنگاو دەنێ، ئێمە کە لە ناسین و تێگەیشتن لە کاکڵەی سیستمەکە تێگەیشتوون و ئەوە نەیهێشتووە هیچ کات بەرەو پیری بچین و، لە سیاسەتی درۆ و دزی و جەنایەتەکانیدا بە هیچ شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەشدار بین؛ هەست بە شانازی دەکەین.

گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە پێوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و سیاسەتەکانیدا، هیچ کات بێهەڵوێست نەبووە و وشیارانە لەگەڵی بەرەوڕوو بووەتەوە. لە کۆتاییەکانی دەیەی پەنجای هەتاوی و دەیەی شەست بە گشتی - کە سەردەمی زێڕینی خەباتی چەکدارایی نەتەوەی کورد بۆ گەیشتن بە مافە پێشێل کراوەکانی بوو و سەدان قارەمانی و گیانبازیی بێوێنە لە لایەن ڕۆڵە فیداکارەکانی ئەم گەلەوە خولقێندرا- کەمترین ڕێژەی بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا لە ئێران

تایبەت بە کوردستان بوو. دوای ئەم سەردەمە و کۆتایی شەڕ و ئێران و عێراق هەندێک گۆڕانی ڕواڵەتی بەسەر فەزای سیاسیی وڵاتدا زاڵ بوو، بەڵام کەشی ئەمنیەتیی کوردستان هەر لەسەر جێی خۆی ماوە و دانانی کەسانی ناشارەزا و ناخۆیی و سپایی لە کاروباری پێوەندیدار بە ئیدارەی کوردستانەوە، ئەوەندەی دیکە ئەم بەشە لە کوردستانی میلیتاریزە کرد.

لە ساڵی ٧٢ ڕەفسەنجانی کە بۆ سەرۆککۆماری خۆی کاندید کردبوو و لە هەموو ئێران زۆرینەی ڕەهای دەنگەکانی هێنایەوە، بەڵام لە کوردستان و بە بەشدارییەکی مانادار لە لایەن خەڵکەوە بە تۆڵەی ڕێبەرانی شەهیدیان "نا"یەکی گەورەی پێ وترا و ئەم "نا"یە ئەوەندە لەسەر دڵی گران هات کە ناڕاستەوخۆ لە بەرنوێژێکی هەینیدا ئاماژەی پێکرد. ئەم ڕەوتە لە هەڵبژاردنەکانی دواتریشدا هەر بەردەوام بوو و ئەو کاندیدانەی کە لە لایەن ڕێبەری ڕێژیمەوە ساپۆرت دەکران، لە کوردستان تووشی دۆڕانێکی سووکانە دەبوون، بۆ نموونە ناتق نووری لە بەرامبەر خاتەمیدا، ئەحمەدینژاد لە بەرامبەر موعین و دواتر مووسەوی و ... مەبەست لە هێنانەوەی ئەم فاکتە مێژوویيانە ئەوەیە کە گەلی کورد ئەگەر بایکۆتی بۆنە و هەڵبژاردنەکانیشی نەکردبێ بەشدارییەکەی زۆر مانادار و بە ئاراستەیەکدا بووە کە ڕێک دژایەتیی باڵی سەرەکیی دەسەڵات بووە.

لە پێوەندی لەگەڵ چالاکییە مەدەنییەکانیش دەبێ بڵێین کوردستان بە تەواوی بەشێکی جیاوازە و دەکرێ بڵێین کانتۆنێکی سەربەخۆی نافەرمییە. بۆنەی تایبەت بە خۆی و مێژووی نەتەوەکەی هەیە، لە بۆنە و جەژن و شادی و ناخۆشی و شیوەنی حکوومەتدا هیچ ڕۆڵێکی خۆڕسکانە لە کوردستان ناگێڕدرێ. بە ڕووداوە جۆربەجۆرەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە ماندووە - ئەمە تەنانەت نەتەوەکانی دیکەی ئێرانی هەتا ئەم ساڵە دواییانەش تووشی سەرسووڕمان کردبوو و نەیاندەزانی دەربڕینی نارەزایەتی و خۆشیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێوەندیی بە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانەوە هەیە -. لە پێوەندی لەگەڵ هەڵمەتی یارمەتیدەرانە بە خەڵکی لێقەوماو (چ ئاوارەکانی باشووری کوردستان، چ بوومەلەرزە و لافاو لێدراوانی کرماشان و ئیلام و تەنانەت نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیش) بەردەوام ڕۆڵی کارای هەبووە.

داخستنی دووکان و بازاڕ و مانگرتن و لە ماڵدا مانەوە، جۆرێکی دیکەی نارەزایەتی لە حکوومەت و دژایەتی لەگەڵ ئەوە، کە لەم بوارەشدا دەبێ بڵێین خەڵکی کوردستان ئەو پەڕی توانا و هەوڵی خۆیان بەکار هێناوە و، نموونە لەم بارەوە زۆرن: مانگرتن لە ساڵرۆژی ڕێبەرانی شەهید سەرەڕای هەڕەشە و گوڕەشەکان، مانگرتن بە بۆنەی شەهیدکرانی مامۆستا فەرزاد کەمانگەر، مانگرتنی پڕشکۆ و سەرانسەریی ڕۆژی ٢١ی خەرمانانی ٩٧ و... نموونەگەلێکن کە شایەدن بۆ ئەم ئیدیعایە.

٤١ ساڵە کوردستان لە ئێراندا لە باری مەعنەوییەوە سەربەخۆیە و سیستمێکی خۆڕسکی خۆبەڕێوەبەریی ڕەچاو دەکا و لە


سەرچاوە
Serchawe

## بەشی یەکەم

**چکۆلەترین دەرفەتەکان باشترین کەلک وەردەگرێ بۆ نیشان دانی ئەم جیاوازییە مێژووییە و گەیشتن بە مافە سەرەکییەکانی؛ کوردستان لەم بوارەشەوە پێشەنگ بووە.**

**٣ی ئەپریلی ٢٠٢٠**

---

## ئێعدام، سووڕی بەردەوامی تاوان و توندوتیژی

"مافی ژیان لە سەرەوەی هەموو شتێکە. مافی ژیان لایەنی سەرەکیی مافەکانی مرۆڤە. هیچ پێوەندییەک لەنێوان سزای ئێعدام و کەمبوونەوەی ڕێژەی ڕوودانی جەنایەتدا نییە"*.

ئێران یەک لەو وڵاتانەیە کە بەپێی ئامارە فەرمی و نێودەوڵەتییەکان لە ڕیزی سەرەوەی ئەو دەسەڵاتانەیە لە جیهاندا کە زیاترین سزای ئێعدامی تێدا دەدرێ و جێبەجێ دەکرێ. لە ئێراندا ئێعدام یاساییە و، هەندێک لەو جورمانەی کە سزای ئێعدامیشیان بەسەردا دەسەپێ و لەم وڵاتەدا دەچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە بریتین لە: جورمە سیاسییەکان، کوشتنی بەئەنقەست، دەستدرێژی، دەستدرێژیی سێکسی بۆسەر منداڵان، جورمە سێکسییەکان لەوانە زینا و لەوات (لە ڕوانگەی دەسەڵاتەوە)، شەڕ لەدژی خوا، هەڵگەڕانەوە لە دین و کڕین و فرۆشی مادە سڕکەرەکان و... بۆیە لەم باسەشدا لە وشەی ئێعدام کەڵک وەردەگیرێ چون شێوەکانی لە نێو بردن زۆرن و تەنیا لەسێدارەدان نییە.

لەم دواییانەدا و سەرەڕای ئەوەی کە ئێرانیش یەکێک لەو وڵاتانەیە تووشی بڵاوبوونەوەی بەربڵاوی نەخۆشیی کرۆنا بووە و، هەر بەم بۆنەیەشەوە بە چەندین جار دەسەڵاتی ئەم وڵاتە لە لایەن چالاکانی مەدەنی و هەروەها ڕێکخراوە مەدەنییە نێونەتەوەییەکان بەرەوڕووی داواکاریی بەردانی زیندانییان بۆ پاراستنی سڵامەتییان بووەتەوە، بەڵام نەک لەم بارەوە وڵامدەر نەبووە بەڵکوو هەر لەم ماوەیەدا پتر لە چل کەسی ئێعدام کردوە. دەبێ ئەمەشی لێ زیاد بکرێ کە هەندێک لە ئێعدامەکان لە مانگی ڕەمەزاندا کە مانگێکی حەرامە بەڕێوە چوون.

ئەوەش بڵێین هەر لەم ماوەیەدا دوو منداڵ - تاوانبار لەسێدارە دراون کە لە کاتی تووشبوونی تاوانەکەیان و دەرچوونی بڕیاری دادگا تەمەنیان خوار هەژدە ساڵ بووە، ئەمە لە کاتێکدایە کە ئێران لە ساڵی ٧٢ەوە کۆنڤانسیۆنی مافی منداڵانی ئیمزا کردوە.

مەبەستی ئەم بابەتە نەک هێنانەوەی ئامار بەڵکوو شیکارییەک بۆ ئەم جۆرە لە سزایەیە - لێرەدا هەوڵ دراوە زیاتر باس لە تاوانی کوشتن بکرێ - کە توندترین جۆری سزادانە و کەسی تاوانبار یا بێتاوان ژیانی لێ دەستێندرێ.

ئێعدامیش وەک هەر دیاردەیەک لایەنگر و دژبەری تایبەت بە خۆی هەیە، کۆنترین لایەنگرانی سزای ئێعدام بە پشبەستن

بەشی یەكەم

بەم دێڕە كە لە كتێبی "پیرۆز"دا هاتوە - گیان لەبری گیان، چاو لەبری چاو و ددانیش هەروەتر- بەڕێوەچوونەكەیان پێ باش بووە و ماون ئەو كەسانەی وا هەر لەسەر ئەم ڕێبازەشن. ئەمەش نەك خەڵكانێكی ئاسایی بەڵكوو فیلسووفێكی وەك "كانت"یش لەسەر ئەم باوەڕە بوو. بەڵگەهێنانەوەی دیكەی لایەنگران ئەوەیە كە پێیانوایە ئێعدام دەسكەوتێكی پێشگیرانەی گشتیی لێدەكەوێتەوە كە ئەم ڕوانگەیە نوێترە، چونكوو لە ڕابردوودا ئەم باوەڕە نەبووە كە هەر تاوانێك بیرۆكەیەكی تاوانبارانەی لە پشتە و دەبێ كۆنترۆڵ بكرێ. لە قۆناغی دواتردا لەسەر ئەو باوەڕەن كە كۆمەڵگە پێویستی بە ئاسایشێكی سەقامگیر هەیە و ئەمەش تەنیا لە ڕێگەی بەردەوامیی ئێعدامەوە دەستەبەر دەكرێ و؛ دوایین بەڵگەهێنانەوەی ئەم كەسانەش ئەوەیە كە تێچووی ماڵیی ئێعدام كەمترە.

بەڵگەی یەكەم ڕوانگەیەكی سەردەمی بەردینەكانە و جێگەیەكی لە سیستمی یاسایی مۆدێرندا نییە، لەوێدا تەنیا ڕووداوەكە پێوەرە نەوەك دۆخی ڕوودانی ئەو ڕووداوە و، ئەمەش هەڵوێستێكی تۆڵەستێنانەیە و جیاوازییەكی ئەوتۆی لەگەڵ شێوازی تۆڵەكردنەوەی مرۆڤە سەرەتاییەكاندا نییە. بە تایبەتی نابێ ئەم خاڵە گرینگە لە بەرچاو نەگرین كە لە حاڵەتی كوشتندا دۆخێكی زۆر تایبەت لە ئارادایە و بە دڵنیاییەوە مەرجی پێویست لە هەندێك حاڵەتدا دەروونێكی بێبەزەیی نییە و ڕەنگە هەر كەسێك لە دۆخێكی وادا كە مێشكی لەكار بكەوێ و لە باری دەروونییەوە شتێكی دەرەكی هانی بدا تووشی هەمان دژكردەوە بێتەوە. ئەوەش بڵێین كە باس لە كوشتن دەكرێ، لێرەدا تەنیا كوژراو بۆی هەیە تۆڵە بكاتەوە و ئەویش مردوە، لە ڕاستییدا كەسانی دی بەدوای دادپەروەرییەوە نین و دەكرێ بڵێین گرێ دەروونییەكانیان بەو تۆڵەیە دەكەنەوە.

بۆ ئەوەی كە دەڵێن دەبێتە هۆی كەمبوونەوەی لادانە كۆمەڵایەتییەكانیش نموونەی دژبەمە زۆرە و لە ڕاستییدا دەتوانین بڵێین ڕێك بە پێچەوانەیە، بەرچاوترین شایەدی ئەم ئیدعایە دۆخی نالەباری كۆمەڵگەی ئێران و ڕێژەی بەرزی زیندانییانی تاوانە كۆمەڵایەتییەكانی ئەم وڵاتەیە. بە دەردی ڤیكتۆر هۆگۆ نووسەری فەڕانسەیی: ئایا پێتان وایە لە ئێعدامدا پەندێك هەیە؟ بۆچی؟ لەبەر ئەو شتەی فێرمان دەكا؟ مەگەر بەم پەندە چی فێری خەڵك دەكرێ؟ ئەوەی كە نابێ بكوژن؟ ئەم وانەیە بە كوشتن فێری خەڵك دەكەن؟

بە درێژایی ئەم ساڵانە كە لە ئێران بە چەندین جار باندی تاوانبارانی كۆمەڵایەتی گیراون و پاشان ئێعدام كراون، هیچ كام لەم هەوڵانە نەبووەتە هۆی ئەوەی دەسكەوتێكی بەرهەست ببیندرێ و ئەمنیەت و ئاسایشی كۆمەڵگەی لێ بەرهەم بێ و، ڕێك بە پێچەوانەشەوە درێژەی ئەم هەوڵانە خۆی نیشاندەری ئەوەیە كە ئەم جۆرە كەسانە لە كۆمەڵگەدا زاون و زیادیان كردوە، دەنا هەر لە یەكەم تاقمی ئێعدام كراوەوە بنەبڕ دەبوون. ناكرێ ئاماژەش بەوە نەكەین كە زۆربەی ئەم تاوانانە لە لایەن منداڵانی هەژاری كۆمەڵگەوە ڕوو دەدا و بە جۆرێك دەتوانین بڵێین تۆڵەیەكی گشتییە و بێجگە لەمەش كەسانی

## بەشی یەکەم

پەراوێزخراو بە ئێعدامی هەندێک کەس دەیانهەوێ بکەونە کانوونی سەرنجەکانەوە و لەو پەراوێزییە هەرچەندە بە تێچووی گیانیشیان بێ بێنە دەرەوە و بچنە نێو دەقی سەرنجەکانەوە.

بۆ وڵامی ئەو مەنتقە کە تێچووی کەمی ماڵیی ئێعدام دەکاتە پێوەر دەتوانین بڵێین ڕوانگەیەکی نائەخلاقییە و ڕەنگە وەک ئەوە وابێ کە پیر و بەساڵاچووانی کۆمەڵگەیەک پاکتاو بکرێن بەو هۆیەی کە توانای هیچ بەرهەمهێنانێکیان نییە و لە کەلک کەوتوون. دەنا سیستمی دەسەڵاتی وڵامدەر و بەرپرس لە بەرامبەر گیانی دانیشتووانی وڵاتەکەی، خۆی بە ئەرکدار دەزانێ ئەگەر تاوانباریشی تێدا بێ. بۆ کۆتایی هێنان بەم بەشەی بابەتەکە توێژینەوەیەکی زانستی لە خوارەوە دێنمە بەر باس:

لە ئاکامی توێژینەوەیەکی زانستیی ورد کە لە ساڵی ٢٠١٢ لە(American Economic Review) دا بڵاو بۆوە، دەرخەری ئەم ڕاستییەیە کە سزای ئێعدام نەیتوانیوە تاوان کەم بکاتەوە. لەم ڕاپرسی و توێژینەوەیە کە لەگەڵ شارەزایانی کۆمەڵگەی تاوانناسییدا بەڕێوە چووە نیشان دەدا تەنیا ٥٪ی ئەم کەسانە پێیان وا بووە سزای ئێعدام دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ڕێژەی کوشتن و ٨٨٪ی ئەوان ڕێک بە پێچەوانەوە بیریان کردووەتەوە. هەر لەم توێژینەوەیەدا زۆربەی شارەزایان لەسەر ئەم بڕوایە بوون کە باس و مشتومڕ لەسەر سزای ئێعدام، وشیاریی یاسادانەران و جێبەجێکەرانی یاسا لە گرتنەبەری ڕێکاری کاریگەر کە دەبێتە هۆی دابەزینی تاوان بە خۆوە سەرقاڵ دەکا و لە ئەسڵی بابەتەکە لادەدەن. ڕێکاری وەک بەرنامەگەلی پشتیوانی لە منداڵان لە تەمەنی کەمدا، قوتابخانە و فێرگەکان، فێرکاریی پیشەیی، داهێنانی وەک "دەرمانی توندوتیژی (Cure Violence) "لەدژی توندوتیژیی باندە تاوانکارییەکان و بەرنامەی وەک "بوونە پیاو" (Becoming a Man)بۆ ئەو لاو و نۆلاوانەی وا لەژێر مەترسیی و هەڕەشەدان.

لێرە بە کورتی ئاماژە بە هەندێک کاریگەریی نەرێنیی ئێعدام لەسەر لایەنی دەروونیی کەسوکاری ئەو کەسە دەکەین کە ئێعدام کراوە. ئێعدامی کەسێک کە تاوانێکی کردوە بە تایبەتی لە زۆربەی حاڵەتەکاندا نائیرادی دەکرێن و هیچ کام لە ئەندامانی بنەماڵە دەستیان تێدا نەبووە، بەڵام سێبەری ڕەشی کاریگەریی ئەم کوشتنە هەتا هەتایە بەسەر ئەو بنەماڵەیەدا زاڵە. خۆ ئەگەریش کوشتنێک یان چەند دانە کوشتن بەئەنقەست و بە ئامانجێکی لەپێشدا دیاریکراو کرابێ ئەوە دیسان ئێعدام ناتوانێ چارەسەر بێ بۆ ئەو کەسە چونکوو لە ڕاستییدا کەسی وا پێویستی بە نەخۆشخانەیە زیاتر هەتا زیندان و سزای ئێعدام.

ئێعدام بە گشتی و ئێعدامێک کە لە بەرچاوی جەماوەری خەڵکدا دەکرێ، کارتێکەریی خراپی لەسەر تاک بە تاکی کۆمەڵگە

دەبێ، یەکێک لەم کاریگەرییە نەرێنییانە چاندنی تووی ڕق و قین و توندوتیژییە ئەمە بە تایبەت لەسەر بنەماڵەی ئێعدامکراو زۆر ڕاستە. زۆربەی ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە لە دوای ئەوە ناچنەوە سەر ڕەوتی ئاسایی ژیان و بیرۆکەی تۆڵە - چ دەروونی چ کرداری - لە مێشکیاندا دروست دەبێ. لەم پێوەندییەدا منداڵانێک کە باوک یا دایکیان ئێعدام دەکرێ زۆرترین زەبری دەروونییان لێ دەکەوێ و ڕەنگە بە دڵنیاییەوە بتوانین بڵێین هیچ کاتیش قەرەبوو نابێتەوە؛ لەوانە دەتوانین ئاماژە بە کەمیی باوەڕبەخۆیی، هەستی شەرم لە خۆ و ئەوانیدی، درۆکردن لە بارەی دۆخی ئارایی، نەتوانینی ڕوونکردنەوە لەسەر ئەو دۆخەی تێیدان، تووڕەیی، بێمەیل بوون بە خواردن، پەنا بردنە بەر سیگار و خواردنەوە ئەلکولییەکان و هەندێک جار مادە سڕکەرەکانیش، نەمانی هۆگری بە کایە و خوێندن، بێخەوی و نەمانی هۆش و... بکەین و هەروەها لە ڕووی ئاکاریشەوە لەگەڵ هەندێک کێشەی وەک؛ جنێودان (بە خۆ و بە کەسانی تر)، تووڕەیی لە کرداردا، شەڕ کردن، گۆشەنشینی و... بەرەوڕوو دەبنەوە.

ئەمە بەشێکی کورت بوو لەو کاریگەرییە خراپانە کە دەتوانێ زۆر زیاتر و فرەڕەهەندتریش بێ و کار بکاتە سەر زۆربەی بوارەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری و هیی تری ئەو کەسانە.

لەم بەشەشدا کورتەیەک لە ڕۆمانی "گێلۆکە"** لە نووسینی داستاییڤسکی کە لەسەر حاڵەتی دەروونیی کەسی ئێعدامییە دێنمەوە بۆ ئەوەی قورسایی ئەم جەنایەتە زیاتر دەربکەوێ -وەک لە هاوڕێیەکم بیست کە چووبوو تەرمی "شایان سەعیدپوور"ی دیبوو دەیگوت: "هەموو لێوی هەڵدڕابوو و خوێناوی بوو، ئەوەندە لە ترسی گیانی لێوی خۆی گەستبوو."- :
"کاتێک کەسێک بە ئەشکەنجە دەکوژن، ڕەنج و ئازاری برینەکان جەستەییە و، ئەم ئازارە جەستەییە مرۆڤ لە ئازاری دەروونی بێئاگا دەکا، بە جۆرێک کە هەتا دەمرێ تەنیا ئازارێک کەوا دەیچێژێ هەر لەو برینانەیە. لە کاتێکدا دەردی سەر باری هەموو دەردەکان، ئەو ئازارەی وا کەس بەرگەی ناگرێ هیی برین نییە بەڵکوو لەوەدایە کە تۆ دەزانی و بە دڵنیاییشەوە دەزانی کە کاتژمێرێکی تر، لە دوای دە خولەکی تر، لە دوای نیو خولەکی تر، لە دوای هەر ئێستا، هەر لەم ساتەدا گیانت لە لەشت دەردەچێ و ئیتر مرۆڤ نی و هیچ ئەملا و ئەولایەکیشی نییە؛ گەورەترین دەرد ئەوەیە بەبێ ئەملاوئەولایە. سزای ئێعدام بە تاوانی مرۆڤکوژی، بە سەدان قات ترسێنەرتر لە خودی مرۆڤکوژییە. کوژرانی بە بڕیاری دادگا ئەوەندە ترسێنەرە کەوا هەر لەگەڵ کوژران بەدەستی تاوانبارێکەوە بەراورد ناکرێ".

لە کۆتاییدا بڵێم لە دوای ئێعدامی "شایان سەعیدپوور" و "مەجید ئیسماعیلزادە" کە منداڵ-تاوانبار بوون و هەندێک لە ئێعدامەکانی دیکەی ئەم دواییانەش کە زۆربەیان بە تاوانی کوشتنی بەئەنقەست بوو، لەبەر ئەوە ئەم بابەتە بەم ئاراستەدا چوو. دەنا نابێ ئەوە لە بیر بکەین کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئێعدامی دژبەرانی سیاسیی خۆیدا دەستێکی

بەشی یەکەم

باڵای هەیە و بە تەنیا بە تاوانە کۆمەڵایەتییەکان دانەکەوتوە و، کوردستان لەم بارەیەوە هەر لە سەردەمی حاکم شەرعیی خەڵخاڵییەوە هەتا ئێستا تێچوویەکی زۆر گرانی داوە و تەنیا بە پێی ئامارەکانی حیزبەکانی دێموکرات و کۆمەڵە ٢٣٠٠ ئەندام و پێشمەرگەی ئەم حیزبانە بە تۆمەتی "ئەمنیەتی" - پرسی کوردستان پرسێکی سیاسیی نییە بە لای حکوومەتەوە و بەردەوام بە چاوێکی ئەمنیەتی سەیری کوردستان و پرسە نەتەوەییەکەی کراوە- لەدار دراون.

***

*شکیب قرطباوی؛ وەزیری دادی پێشووی لوبنان

**بەرامبەر بە وشەی "ابلە" لە فارسییدا

٤ی مای ٢٠٢٠

## لە جۆرج فلۆیدەکانی «هەریرووود» چ باس؟

کوژرانی بێبەزەییانەی "جۆرج فلۆید" سەرچاوەگرتوو لە مێژوویەکی پڕاوپڕ لە ڕق و قین و هەڵاواردنە؛ ئەوەی ئەو سپییە بە دژی ئەو ڕەشە کردی کارەساتێکی گەورەی مرۆییە و تەنیا و کۆتا کارەساتیش نییە بە دڵنیاییەوە. لێرەدا کولتوورێک، کۆمەڵگەیەک، ڕەگەزێک قوربانی و لە بەرامبەریشدا کولتوور و کۆمەڵگە و ڕەگەز و مرۆڤگەلێکیش بکوژن. ئەم ئاکارە دژەمرۆییانە هیچ پاساوێک هەڵناگرن. لە هەر جێگایەک لەم دنیایە ستەملێکراوێک زوڵمی زاڵمی چێشت؛ ئێمە دەبێ دەنگی دڵی ناڕازیمان دەرببڕین لە هەمبەریدا.

بەشی ئەم ڕووداوە تاڵە، شەپۆلسواریی هەندێک مرۆڤی درۆزن و بێئەخلاقە لەم بارەوە. کەسانی فاشیست و خوێنمژ بە ئاسانی هەناسەی "جۆرج فلۆید" هەڵدەمژن و ئەمڕۆشیان بە ئەمنیەتەوە بەرەو سبەینێ بەڕێ دەکەن لەژێر سێبەری ئەمنی ئەم ڕووداوە دڵتەزێنەدا. تاڵترین تەنزەکانی مێژوو ئەوەیە کە خامنەیی و ئەردۆغان دڵیان بۆ ڕەشەکانی ئەمریکا بە سوێیە! لێرەدایە دیسان هەناسە و خوێنی مرۆڤەکان دەبێتە دەسرەی سەرچۆپییەک و بە دەم بای ئیدئۆلۆژی و سیاسەتی بۆگەنیوی سیاسەتوانانەوە هەڵدەسووڕێ.

لە سیستمی ئەو دوو وڵاتەی کە لەژێر بەرنامە و سیاسەتەکانی ئەم دوو جەنابەدا بەڕێوە دەچێ، هیچ هەواڵنێرییەک فریا ناکەوێ ڕووماڵی هەواڵی هەڵاواردنە جۆراوجۆرەکانیان بکا. بە ڕاگرتنی ئەو زەختەی کە بە حەق لەسەر سیستمی پۆلیسی ئەمریکا و لێدوانە ڕەگەزپەرستییەکانی ترامپە، ئێمە نابێ ئەوەمان لە بیر بچێتەوە کە لە سایەی دێموکراسی و ئازادیی ئەم وڵاتەدایە کە نارەزایەتییەکان دەردەبڕدرێ و ڕاگەیاندنەکان بە ئازادییەوە ڕووماڵی دەکەن و ئێمەش لەم سەری دنیاوە دەکەنە شایەدی ڕووداوەکان - بۆ خودی ئەم دەسکەوتە گەورەیەش خەڵکانێکی زۆر گیانبازییان لە خۆیان نواندوە -؛ ئەو ڕاگەیاندنە ئازادەی کە لە ناوچە و وڵاتی ئێمەدا دەرمانی چاوە.

ئێرانی کۆماری ئیسلامییدا بێجگە لە پێشێلکرانی مافی نەتەوەکانی نێو ئەم جوغرافیایە، پەنابەرانی ئەفغانییش لە بارودۆخێکی ئەوپەڕی زەخت و فشار و هەڵاواردن و سووکایەتی پێکردندا دەژین. لە ئێرانی خاوەنی نزیک بە سێ هەزار ساڵ شارستانییەت و ئیسلامی نابی محەممەدی، ئەم نەتەوەیە سەمبولی پیس و چەپەڵی، دەسدرێژکەری، دز و گوماناوی، بێمافی، نامرۆڤی و دڕندەیین و وەک زۆربەی گەلانی تری ئەم وڵاتە ئەفغانییەکانیش وێنەی بەردەستی زۆرێک لە جۆکەکانی فارسەکان و مایەی بزەی لێوی شەکرشکێنی ئەوانن.

## بەشی یەکەم

لەگەڵ داگیرکاریی یەکیەتیی سۆڤیەت، ئەفغانییە هەڵاتووەکان لە شەڕی چەپ و ڕاست بە هەزار هیوا و ئومێدەوە پەنایان بردە بەر وڵاتی دراوسێ و هاوزمان و هاوئاییینیان، بەڵام زوو چاوی ڕەشیان کاڵ بۆوە و ئەگەر شەڕ و ماڵوێرانییەکان بەردەوام نەدەبوون؛ لەبەر میوانداریی دڵاوەڵانەی ئێرانییەکان و حکوومەتی عەدڵی عەلی! بێگومان ئەوانەی لە ئێران دەمانەوە ژماریان بە سەد قات لەوەی کە ئێستا هەیە کەمتر دەبوو.

هەر لە سەرەتاوە و هەتا ئێستاش بەشێکی هەرە زۆریان سەرەڕای چل ساڵ ژیان لەو وڵاتە و هەوڵی چالاکانی مەدەنی و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان، خاوەنی ناسنامەی ئێرانی نین، مناڵانیان لە چوونە قوتابخانە بێبەشن، زۆربەیان بە قاچاخی لەوێن و بۆ نانی زگی کرێکاری دەکەن و کاتی پێدانی مووچە هەڕەشەی پۆلیسیان لێ دەکرێ و لەو پووڵ و مافەش، خۆش دەبن هەر وەک لە ژیانیان گوزەراون.

کوژران و دەستدرێژیکردنە سەر ستایشی ٦ ساڵ تەمەن و ئەشکەنجە و کوژران و خنکاندنی ژمارەیەک لە پەنابەرانی ئەفغانی لە ڕووباری "هەریروود" لەم دواییانەدا و.. لە نێوان بێدەنگیی سینگدڕاوانی جۆرج فلۆیددا؛ دەبێ زیاتر لە هەموو کاتێک وەبیرمان بێنێتەوە فاشیزم لە دەماری گەردن نزیکترە.

٥ی جوونی ٢٠٢٠

## «تاوانی سیاسی» و "زیندانیی ئەمنیەتی"ـی کورد

زیندانیی سیاسی دەستەواژەیەکە کە ئەو بەشە لە زیندانییان لەخۆ دەگرێ وا چالاکیی ڕەخنەگرانە و کردەوەییان لەدژی سیستمە حکوومەتییەکان هەیە. بەڵام هەتا ئێستاش لە ئێرانی کۆماری ئیسلامییدا دان بە بوونی ئەم بەشە لە زیندانییان نەنراوە. هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی دەسەڵاتی ئەم ڕێژیمەوە کە بە سەرکوتی بەربڵاوی چالاکانی سیاسیی حیزبە جۆراوجۆرەکانی گۆڕەپانی سیاسیی ئێران دەستی پێکرد، بەرپرسان لە بیری ئەوەدا بوون کە ئەم زیندانییانە ببەنە چوارچێوە و خانەیەکی ئەمنیەتییەوە و تاوانی دژایەتی لەگەڵ خوا و بنەما ئیسلامییەکان، سیخوڕی و بەکرێگیراوی بخەنە پاڵیان؛ بە مەبەستی پاساو هێنانەوە بۆ بیر و ڕای گشتی و بۆ ئەوەش کە لەو سۆنگەیەوە بەئاسانی سزای زیندانیی درێژماوە و تەنانەت ئێعدامیان بەسەردا بسەپێنن. کە وابوو لە بەکاربردنی دەستەواژەی زیندانیی سیاسی خۆیان پاراستوە. هەر لەم پێوەندییەدا غوڵامحوسێن ئیسماعیلی، وتەبێژی دەزگای دادی ڕێژیم لە لێدوانێکیدا لەمەڕ زیندانییە سیاسییەکان دەڵێ زیندانییەکان لە ئێران یا "تێرۆریست"ـن، یا "لەگەڵ ئەسڵی نیزام و ئینقلاب دژایەتییان هەیە" و یان "هاوکاریی سرویسە سیخوڕییەکان" دەکەن و، هەروەها دەشڵێ بەکارهێنانی دەستەواژەی زیندانیی سیاسی بۆ کەسانێک کە بە ڕای ئەو "تاوانباری ئەمنیەتیی"ـن "جێگەی داخ"ـە.

عەلی موتەهەهەری، نوێنەری پێشووی مەجلیس لە وتووێژێک لەگەڵ ڕۆژنامەی "اعتماد" لە ساڵی ٩٨ـدا، وێڕای ڕەخنەگرتن لەوەی کە لە ئێراندا بە هۆی ڕوانگەو ئەمنیەتییەکانی وەزارەتی ئیتلاعات و دەزگای دادەوە هیچ دژبەرێکی ڕێژیم وەک زیندانیی سیاسی پێناسە ناکرێ گوتی: "لە هەنگاوی یەکەمدا پیرۆزییەک بۆ نیزامی کۆماری ئیسلامی لە بەرچاو دەگرن کە لە سۆنگەی ئەم پیرۆزییەوە، کەس بۆی نەبێ ڕەخنە لە نیزام بگرێ، هەر بەم هۆیەشەوە ئامادە نین بڵێن لە وڵاتدا ڕەخنەگر و دژبەری نیزاممان هەیە." لە ڕاستییدا کۆماری ئیسلامی پیرۆزییەکی دەسکردی بە پێکهاتە حکوومەتییەکەی خۆی داوە و گرێی داوە بە ئاسمانەوە، هەر بۆیە ئەم پیرۆزییە هێڵی سوورە بۆ ڕەخنەگران و دژبەرانی ئەم ڕێژیمە و بەزاندنی ئەم هێڵەش دەچێتە خانەی کردەوەی دژە ئەمنیەتی و تەنانەت موحارەبەوە و کەسی بکەریش دەبێتە "تاوانباری ئەمنیەتی" و، سەرکوت و زیندان کردنیشی پاساوێکی یاسایی و بەرواڵەت ڕەواشی لە پشتە.

سزادانی تاوانبارێکی ئەمنیەتی بە چەندین قات ئاسانتر و کەمتێچووترە بۆ حکوومەت بە نیسبەت زیندانی/تاوانبارێکی سیاسی. یاسای "تاوانی سیاسی" لە ساڵی ٩٥ـدا لە مەجلیس پەسەند کرا و لە لایەن شۆرای نیگابانیشەوە پشتڕاست کرایەوە و، دواتریش لە لایەن سەرۆک کۆمارەوە بە وەزارەتی نێوخۆ و دادسێنیی وڵات ڕاگەیەندرا. بەپێی ئەم یاسایە کە لە

شەش مادده پێک هاتوە: "ئەو کەسانەی کە بە تاوانباری سیاسی دەژمێردرێن، ئەگەر مەبەستەکەیان چاکسازی بێ و کردەوە یان هەڵوێستەکەیان بۆ ڕووخاندنی ڕێژیم نەبێ تەنانەت ئەگەر بڵاوکردنەوەی درۆ و بێڕێزی بێ و بوختانیش بخەنە پاڵ بەرپرسانی سیاسیی سێ هێزەکەی وڵات - بێجگە لە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی -، وەزیران، جێگرەکانیان و نوێنەرانی مەجلیس و شۆڕای نگابان و بەرپرسانی دیکەی حکوومەتیش؛ ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە." پێوەری هەڵسەنگاندنی "بێڕێزی" و "بڵاوکردنەوەی درۆ"ش دیارە ناوەندە ئەمنیەتییەکانی وەک وەزارەتی ئیتلاعات و ڕێکخراوی ئیتلاعاتی سپای پاسداران و دەزگای دادی ڕێژیمە کە دیاری دەکەن. ئەم یاسایە لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە لایەن سەرۆکی دادی کۆماری ئیسلامی، ئیبراهیم ڕەئیسییەوە ڕاگەیەندراوە. دەبێ ئەوە بڵێین لە ماوەی ئەم پتر لە چوار ساڵەی کە ئەم یاسایە لە لایەن مەجلیسەوە پەسەند کراوە و هەر وەک باسیش کرا بە وەزارەتی دادیش ڕاگەیەندراوە، بەڵام بە هۆی ئەوەی دەستی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی - کە هەمیشە دەسوەردانیان لە ڕەوتی دادگادا کردوە و بڕیاردەری سەرەکی بوون - بە ئاوەڵایی هێشتوقەتەوە؛ هەتا بە ئێستاش هیچ تاوانبارێک وەک مەحکوومێکی سیاسی پێی لە دادگاکان نەناوەتە دەرەوە و، دۆسییەکان هەر بە ئەمنیەتیی ماونەتەوە.

لەو وڵاتانەی تاوانی سیاسی پێناسە کراوە، چالاکانی سیاسی دەزانن کە لە بەرامبەر هەرچەشنە کردەوەیەکدا چ جۆرە سزایەک چاوەڕوانیان دەکا و لەوەش دڵنیان کە جیا لە قازی کە نوێنەر و پارێزەری دەسەڵات و حاکمییەتە، هەیئەتی مونسیفەیەک هەیە کە تەشخیسی تاوان بوون یا نەبوونی کردەوەکەی ئەوان دەدا و دادگایی کردنەکەشیان بەئاشکرا و لە بەرچاوی میدیاکانە. بەڵام لە ئێراندا بە هۆی ئەوەی کە تاوانی سیاسی پێناسە نەکراوە، هیچ ڕوون نییە کە کردەوە یان دژکردەوەیەکی سیاسیی چالاکێک بە چ پێودانگێک هەڵ دەسەنگێندرێ و چ جۆرە سزایەکی بۆ دەبڕدرێتەوە ئەوەش لە جێی خۆی کە هیچ کام لەو دادگایی کردنانەی تاوانبارانی سیاسی بە ئاشکرا بەرێوە ناچن و تەنانەت پێچەوانەی ئەسڵی ١٦٨ ی یاسای بنەڕەتیی وڵاتیش هەیئەتی مونسیفەیەک نییە کە تەشخیسی کردەوەکەی ئەو وەک تاوان یان کردارێکی قانوونی بکا و، ئەوە تەنیا بازجووەکانی ناوەندە ئەمنیەتییەکان و دادوەری پەروەندەکەیە کە وەک پارێزەری بەرژەوەندییەکانی دەسەڵات چۆنیان پێ خۆش بێ بە گەز و ڕبەی خۆیان دەیپێون و حوکمی خۆیان دەدەن.

پێشینەی بوونی زیندانیی سیاسی لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامییدا بە قەد تەمەنی ئەم ڕێژیمەیە. لە درێژایی ئەم ساڵانەدا بە هەزاران کەس لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی دەسبەسەر و ئەشکەنجە و ئێعدام کراون، بەبێ ئەوەی یەکێک لەمانە تاوانەکەیان وەک تاوانی سیاسی پێناسە کرابێ. ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ و چالاکانی مەدەنی و... بە بەردەوامیی نیگەرانیی خۆیان لە هەمبەر دۆخی زیندانییانی سیاسی لە ئێران دەربڕیوە و بە دەیان جار بە نامە و... ڕاستەوخۆ داوای ئازادیی ئەم چالاکە سیاسییانەیان لە کاربەدەستانی ڕێژیم کردوە. بەڵام کۆماری ئیسلامی و هەموو

## بەشی یەکەم

دەوڵەتەکان و ئێستاش بۆ نموونە جەواد زەریف و حەسەن ڕۆحانی دوو کاربەدەستی دیاری ئەم ڕێژیمە لە چەندین لێدوانی خۆیان لە نێوخۆی ولات و بە تایبەتی لە دەرەوەی ولاتیش و ڕوو بە ڕاگەیەنە نێونەتەوەییەکان ڕایان گەیاندوە، لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییدا زیندانیی سیاسی بوونی نییە. ئەم شان داخزاندنە لەژێر باری زیندانیی سیاسی بێ‌هۆ نییە، حکوومەت لەم ڕێگەیەوە دەیهەوێ فشارە نێودەوڵەتییەکان و بە تایبەتی زەختی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لەسەر خۆی دامالێ و، بە دەستئاوەڵاییەکی زیاترەوە سەرقاڵی سەرکوتی ناڕازییانی حکوومەتەکەی لە نێوخۆی ولات بێ.

لانیکەمی ئەرک و بەرپرسایەتیی حکوومەت لە بەرامبەر زیندانییاندا پاراستنی ماف و کەرامەتی ئەوانە، کە کۆماری ئیسلامی لەم بارەیەشەوە کۆتایی دەکا و بە نسبەتی زیندانییانی سیاسییەوە ئەم ئیدیعایە بە دەیان قات بەرچاوتر و ڕوونترە. زیندانییانی سیاسی لە یەکەم ڕۆژی دەسبەسەرکرانیانەوە بەرەوڕووی دۆخێکی پڕ لە ترس و ئەشکەنجە دەبنەوە. زیندانیانی سیاسیی کورد لەو نێوەدا دووقات غەدریان لێ دەکرێ. هەموو جۆرێک لە سزاکان لەسەر زیندانییانی سیاسیی کورد تاقی دەکرێنەوە، لە دوورخستنەوە، ئەشکەنجەدان، دادگای چەند خولەکی، حوکمی زیندانی درێژخایەن، ئێعدام و... بەداخەوە لە زۆربەی جۆراوجۆریی ماوە و شوێن و ڕێژە و هتدی پێوەندیدار بە زیندانەوە، زیندانییانی کورد لە سەرەوەی ڕیزبەندییەکانن. بۆ نموونە عوسمان مستەفاپوور درێژماوەترین زیندانیی سیاسیی ئێران بوو کە لەم دواییانەدا بەهۆی فشار و زەختەکان بەردرا. زێنەب جەلالیان، کۆنترین ژنە زیندانیی سیاسیی ولاتە کە حوکمی قورسی زیندانی هەتاهەتایی دراوەتێ، کە بەداخەوە لە بنەڕەتییترین پێداویستییە دەرمانی و پزشکییەکان بێبەشە و تووشی چەندین نەخۆشیی جۆراوجۆر بووە. بێ‌جێ نییە لێرە ئاماژە بەوەش بکەین کە لەم ماوەیەدا کە نەخۆشیی کرۆنا بلاو بۆتەوە و زیندانەکانیشی گرتۆتەوە، ژمارەیەک زیندانیی زۆر تووشی ئەم نەخۆشییە بوون و ئەمەش بووە هۆی نیگەرانیی هەموو لایەک و داوای مەرەخەسییان بۆ کرا. بەڵام یەکێک لە بەربەستەکانی بەردەم زیندانییانی "ئەمنیەتی" ئەوەیە کە مەرەخەسییان نادرێتێ یا لانیکەم زۆر بە شێوەیەکی سنووردار دەیانگرێتەوە، ئەوە لە کاتێکدایە ئەگەر وەک زیندانیی سیاسی چاو لێ بکرێن؛ دەتوانن لەو مافە بەئاسانی کەڵک وەر بگرن.

مەبەست لە دوورخستنەوەی زیندانییانی سیاسیی کوردیش دووریی لە بنەماڵە و کەش و هەوای شار و زێدی ئەو کەسەیە. بێجگە لە هەستی دووریی لە بنەماڵە، لە باری دەروونییشەوە شوێن و کاریگەریی خراپ لەسەر خودی زیندانی و خزم و کەسانی دادەنێ، کە ڕەنگە ئەگەر نەڵێین بە هەموو تەمەنی خۆی دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین ساڵانێکی زۆری پێ دەچێ هەتا بتوانێ ئەو کەسە سلامەتیی دەروونیی خۆی بە دەست بێنێتەوە.

بەشێکی بەرچاو لە زیندانییانی سیاسیی کورد لە ماوەی تەمەنی ئەم ڕێژیمەدا کەوتوونەتە بەر ڕقی دەسەڵاتداران و لەگەڵ



سەرچاوە Serchawe

ئەوەی کە ئێعدام کراون - لە هەندێک حاڵەتدا ئەگەر پێشمەرگە بوون، سووکایەتی بە تەرمیشیان کراوە و بۆ چاوترسێن کردنی خەڵک بە دوای ماشێن ڕاکێشراون -، زۆر یەک لەوان پاش تەحەممولی ئەشکەنجە و پاشان کێشانی حوکمی زیندانەکەشیان ئێعدام کراون و، دوایەش گۆڕون و شوێنبزر کراون. تا بە ئێستاش تەرمی هیچ زیندانییەکی سیاسیی کورد ڕادەستی بنەماڵەکەی نەکراوەتەوە و لانیکەم شوێنی ناشتنیشیان نیشانی بنەماڵەیان نەدراوە. لە دوایین نموونەی لەم جۆرە دەتوانین ئاماژە بە باروودۆخ و چارەنووسی ناڕوونی هیدایەت عەبدوڵڵاپوور بکەین کە ئەگەرچی لەلایەن کاربەدەستێکی ڕەسمییەوە بە بنەماڵەکەی ڕاگەیەندراوە کە ئێعدام کراوە؛ بەڵام بەهۆی ئەوەی تەرمەکەیان نیشان نەداون، ئەو بنەماڵەیە ئێستاش لە نادڵنیاییدا بەسەر دەبەن و یەکلا نەبوونەتەوە.

بەو پێیە بڕیارەکەی "ڕەئیسی"ش کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا باسی لە پێویستیی پێڕاگەیشتن بە تاوانە سیاسییەکان کردوە هیچ لەو واقعییەتە ناگۆڕێ، چونکی هەر قانوونە پەسندکراوەکەش لەجێدا ژمارەیەکی یەکجار کەم لە چالاکانی سیاسی و مەدەنیی بەندکراو دەگرێتەوە و بەشی هەرە زۆری چالاکانی سیاسی و مەدەنی بە تایبەت لە کوردەکان و نەتەوە نافارسەکانی دی هەمدیسان تۆمەتی "ئەمنیەتی"یان دەدرێتە پاڵ و لە "دادگاکانی شۆڕش"دا دادگایی دەکرێن و حوکمەکانیان لە لایەن "ناوەندە ئەمنیەتییەکان"ەوە دەدرێ و لە ڕێگەی "دادوەر"ەکانەوە ڕادەگەیەندرێ.

۲۱ی جوونی ۲۰۲۰



سەرچاوە
Serchawe

## پشتیوانیی بەکردەوەی حیزبی دێموکرات لە خەباتی بەشەکانی دیکەی کوردستان

دامەزرانی کۆمەڵەی "ژ-ک" لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١ بە ئامانجی ڕزگاریی نەتەوەی کورد، بەردی بناغەی پێکهاتەیەکی نوێ لە خۆرهەڵاتی کوردستان بوو کە لە دوای ناوگۆڕین و بەربڵاوتربوونی ئەم ڕێکخراوە/ حیزبە، کاریگەریی زۆری بە سەر خەباتی نەتەوایەتیی ئەم بەشەی کوردستانەوە هەبوو. هەم ئامانجەکانی و هەمیش ئەوە کە هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی دەستپێکی چالاکییەکانی، کوردی بەشەکانی دیکە بەتایبەتی باشووری کوردستان تێیدا بەشدار بوون، نیشانەری ڕۆحی بەرزی نەتەوایەتیی ئەم ڕێکخراوە سیاسییە بوو.

ئەم میراتە مەعنەوییە لە قۆناغی دواتریشدا ڕەنگی دایەوە و ئەمجارە نەک بەنهێنی و لە ئاستێکی بەرتەسکدا، بەڵکوو بە شێوەیەکی بەربڵاوتر و ڕێکخراوتریش. بە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و چەند مانگێک دواتر، کۆماری کوردستان لەسەر دەستی ئەم حیزبە بەشداریی نوێنەرانێک لە پارچەکانی دیکەی کوردستان و ئامادەیی بەرچاوی هێزەکانی بارزانی و ڕۆڵگێڕانیان لە هەڵسووڕاندنی کاروبار بە تایبەتی لە بواری سپاییدا، لووتکەی ئەو هاوپێوەندییە نەتەوایەتییە بوو.

بەشداریی بارزانییەکان لە کۆماردا بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان بێکێشە نەبوو. لە سەرەتای هاتنیانەوە سۆڤییەتەکان کە پشتیوانی کۆمار بوون پێیان وا بوو ئەوان سەر بە بریتانیان و ئەمەش بۆ حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان و پێشەوا قازی محەممەد بێتێچوو نەبوو. بەڵام پێشەوا بەبێ گوێدان بە نەزەری سۆڤییەتەکان باوەشی بۆ کردنەوە و دوای ڕووخانی کۆماریش لە وەڵامی دادگادا بە ڕاشکاوی ڕایگەیاند ئەوان لێرە میوان نەبوون و لە زێدی باب و باپیرانی خۆیاندا بوون.

لە قۆناغەکانی دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و ئاوارە و پەریوەبوونی بەشێکی بەرچاو لە ئەندامان و کادرە دیارەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و نیشتەجێبوونی بەشی هەرە زۆریان لە باشووری کوردستان، ژیانی سیاسیی ئەم تێکۆشەرانە گۆڕانی بە خۆوە بینی. خەباتیان هەر بەردەوام بوو، بەڵام ئەمجار لە بەشێکی دیکەی کوردستان و بە دژایەتی لەگەڵ حکوومەتێکی دیکە. لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا لە نێوان ساڵەکانی ١٩٦١ - ١٩٧٥ شۆڕشگێڕانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەکۆمەڵ بەشداری ئەو شۆڕشە بوون و لەم پێناوەدا شەهیدیشیان دا. بێجگە لەمەش ئەم تێکۆشەرانە لە خۆرهەڵاتی کوردستانەوە یارمەتیی ماددیی وەک پووڵ و جلوبەرگ و پێداویستیی دیکەیان کۆ دەکردەوە و دەیانگەیاندە دەستی سەرکردایەتیی شۆڕش. شتێکی دیکەش کە لێرەدا گرینگە ئاماژەی پێ بکرێ ڕۆڵی ڕووناکبیران و قەڵەمبەدەستانی

خۆرهەڵاتی بوو کە بە نووسین و شێعر و قەڵەمی خۆیان لە خزمەتی ئەم شۆڕشەدا بوون، مامۆستایان هەژار و هێدی و هێمن لە ڕادیۆی دەنگی کوردستانی عێراق و چاپەمەنیی شۆڕشدا نەخشی کارا و بەرچاویان هەبووە و هاندەری ئەم خەباتە لەم بەشەی کوردستان بوون.

بە هاتنی دوکتور قاسملوو و گونجاندنی ئەسڵی پشتیوانی لە خەباتی گەلی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، ئەم ئەسڵە پتر چەسپا و بووە بەشێک لە ئامانجەکانی ئەم حیزبە. دوکتور قاسملوو یەکەم ڕێبەری گەلی کورد بوو کە بە ڕاشکاوی و بەبێ ترس و لەرز ڕایگەیاند کوردستان وڵاتێکی دابەشکراو و لەتکراوە، ئەگەریش ڕۆژێک لە ڕۆژان هەلی وەسەریەک خستنەوەی بۆ بڕەخسێ، ئەمە بە مانای جیایی و لەتکردنی هیچ وڵاتێک نیە؛ بەڵکوو یەکگەوتنەوەی وڵاتێکی دابەشکراوە.

هەتا باسی ڕۆڵ و نەخشی شەهید دوکتور قاسملوو لە سەر هاوپێوەندیی نەتەوایەتی بە مانا گشتگیرەکەی و هەوڵی ناوبراو لەم پێوەندییەدایە، لێرەدا دوو هەوڵی کرداریی جددیی دوکتور قاسملوو لە دەقی وتارێک لەژێر ناوی "نەخشی کاریگەری دوکتۆر قاسملوو لە بووژاندنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا" لە نووسینی بەڕێز مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە، کە لە "کۆنفرانسی یادی دوکتور قاسملوو"دا لە فەڕانسە پێشکەشیان کردوە؛ بە نموونە دێنم:

"...نموونەی هەرە بەرچاوی ئەم بوارە [نێوبژیوانیی لە نێوان حیزبی بەعس و پارتی دێموکراتی کوردستان]، دواسەفەری خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی بۆ بەغدا بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان و هەوڵی پێشگرتن لە هەڵگیرسانەوەی شەڕ بوو. لەسەر داوای کاک ئیدریس و ڕەزامەندیی کاربەدەستانی دەوڵەت، دوکتۆر قاسملوو لە هەموو ماوەی مانەوەی شاندی پارتیدا دەگەڵ کاک ئیدریس لە کۆبونەوەکاندا بەشدار بوو. تەنانەت بۆ گەڕانەوەش لەبەر ئەوەی کاک ئیدریس هەستی بە نیگەرانی دەکرد دوکتۆر قاسملوو هەتا کەرکووکی دەگەڵ چوو و تەنیا دوای ئەوەی ئەوی تەسلیمی پێشمەرگەکانی پارتی کردەوە، بۆخۆی گەڕایەوە بەغدا.

لە دواهەوڵیشدا بۆ چارەسەری گیروگرفت و ناکۆکییەکانی نێوان دوو لایەن، لیژنەیەکی سێکەسی دیاری کرا بۆ ئەوەی ڕێگاچارەیەکی مامناوەندی بۆ چارەسەری کێشەی کەرکووک ئامادە بکەن. ئەندامانی ئەو لیژنەیە بریتی بوون لە: خوالێخۆشبوو "خوسرەو تۆفیق" لە پارتی دێموکراتی کوردستان، "غانم عبدالجلیل" لە حیزبی بەعس و دوکتۆر قاسملوو لە حیزبی دێموکراتی کوردستان. جێی ئاماژەیە کە ئەو لیژنەیە سێ ئاڵتەرناتیڤی بۆ چارەسەری کێشەکە ئامادە کرد و دای بە سەرکردایەتیی هەر دوو لا. بەڵام بەداخەوە هیچکامێکیان پێی ڕازی نەبوون و لە ئاکامدا شەڕێک هەڵگیرسایەوە کە

زیانەکانی بۆ کوردستان و عێراق لە هەموو قۆناخەکانی شەڕی نۆساڵەی نێوان ئەم دوو هێزە زیاتر بوون.

تێکۆشانی دوکتۆر قاسملوو بۆ لێکنزیککردنەوەی بەشەکانی بزووتنەوەی کورد ئەو چوارچێوەیەشی تێپەڕاند و لە هەوڵێکی کوردستانیدا، ساڵی ١٩٧٧ بە کەلکوەرگرتن لە پێوەندیی بەرینی دەگەڵ حیزب و ڕێکخراوەکانی هەر چوار بەشی کوردستان هەنگاوێکی مێژوویی هەڵێنایەوە. ئەویش ئەوە بوو کە بە ڕێکخستنی کۆبوونەوەیەک بە بەشداریی بەشێکی بەرچاو لە هێزە خەباتگێڕە کوردستانییەکان لە بەیرووتی پێتەختی لوبنان، بەردی بناخەی پێکهێنانی هاوپێوەندییەکی کوردستانیی دانا. لەو کۆبوونەوەیەدا گەلاڵەی بەرنامەی بەرەی کوردستانی کە دوکتۆر ئامادەی کردبوو، پەسند کرا و بەرپرسایەتی درا بە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کە لەماوەی سێ مانگدا ڕێبەرایەتیی ئەو حیزبانە کە لە کۆبوونەوەی بەیرووت ئامادە نەبوون ببینێ و وێڕای شیکردنەوەی بەرنامەی پەسندکراوی کۆبوونەوەی بەیرووت، هەموانیان بانگهێشتن بکا کە لە دووەم کۆبوونەوەی حیزبە کوردستانییەکاندا بەشدار بن و دوای وەرگرتنی بیروبۆچوونیان لەسەر گەلاڵەی بەرنامەکە، هەموویان لەسەری ڕێک کەون و بۆ یەکەم جار بەرەیەکی کوردستانی بە بەرنامەیەکی واقیعبینانەوە دابمەزرێ. بەداخەوە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە و بەتایبەتی ناکۆکیی نێوان هێندێ لە حیزبە سەرەکییەکانی کوردستان،بوونە کۆسپی پێکهێنانی کۆبوونەوەی دووەم و بەوجۆرە ئەو هەوڵە پیرۆزە بە ناکامی مایەوە".

هەوڵەکانی دوکتور قاسملوو و حیزبی دێموکراتی کوردستان کە میراتی هزریی پێشەوا قازی محەممەد بوو، بە مانە کۆتایی پێ نەهات. لەگەڵ گۆڕانی ڕێژیم لە ئێران و شەڕفرۆشیی کۆماری ئیسلامی بە گەلی کورد و بەربەرەکانیی حیزبی دێموکرات، سەرەڕای سەختی و دژواریی زۆری ئەم قۆناغە لە خەبات بەڵام ئەم حیزبە هیچ کات لە یادی خوشک و برا کوردەکانی لە بەشەکانی دیکەی کوردستان غافڵ نەبوو. لەگەڵ ئەوەی کە حیزبی دێموکرات بە هۆی چەندین هۆکاری سیاسی و ژێئۆپۆلیتیک پێوەندیی دەگەڵ حکوومەتی ناوەندیی عێراق هەبوو، بەڵام لەم نزیکبوونە تەنیا بە مەبەستی چارەسەری کێشەکانی ڕۆژهەڵات کەلک وەر نەگیرا و ئەمەش لە ڕەوتی وتووێژەکانی لێژنەی نوێنەرایەتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و حکوومەتی بەعسدا بە باشی ڕەنگی دایەوە و، لێرەدا نەخشی دوکتور قاسملوو بۆ لێکنزیککردنەوەی ئەم لایەنانە لە هەموان بەرچاوتر بوو. جێی ئاماژەیە دەرنەکەوتنی هیچ وێنە و فیلمێک لە نوێنەرانی حیزبی دێموکرات لەگەڵ دەسەڵاتدارانی وڵاتی عێراق لەو ساڵانەدا یەکێکی دیکە لە پرەنسیپ و ڕەوشتە بەرزەکانی ئەم حیزبەیە کە لایەنی ئەخلاقتەوەری لە سیاسەتدا لە خۆ دەگرێ.

یارمەتیی بەرچاوی ماددیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان وەک نموونە لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە، خزمەتگوزاریی نەخۆشخانەکانی ئەم حیزبە بە پێشمەرگە بریندارەکانی بەرەکانی شەڕ لە باشووری کوردستان نموونەیەکی دیکە لە



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی یەکەم

کاریگەرییەکانی زاڵبوونی بیری نەتەوەیی بەسەر حیزبی دێموکراتەوەیە. لە کاتی کودەتای نیزامیی ١٩٨٠ لە تورکیە کە بە ڕێبەرایەتیی کەنعان ئێڤرێن کرا، حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکانی باکووری کوردستان بە تایبەت حیزبی سۆسیالیست کەوتنە بەر هێرش و پەلاماری ئەرتەشی ئەم وڵاتە و بەشێکی زۆر لە ئەندامانیان لە ڕووی ناچاری تورکیەیان بەجێ هێشت و ڕوویان لە خۆرهەڵاتی کوردستان کرد، حیزبی دێموکراتی کوردستان بەپێی ئەخلاقی کوردپەروەرانە لە تەنیشت بنکە و بارەگاکانی خۆی لە ناوچە ڕزگارکراوەکاندا بارەگای بۆ دروست کردن و، لەژێر ئەم ئەمنیەتە پارێزراوەدا توانییان درێژە بە چالاکییە سیاسییەکانیان بدەن. ئەم نموونانە و زۆر نموونەی دیکەش سەرچاوە لەم خوێندنەوەیە دەگرن کە لە ئەدەبیاتی ئەم حیزبەدا هاتوون: "گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان و کورد لە هەر شوێنێک بێت، ئەندامی یەک نەتەوەن". نابێ ئەم ڕاستییەشمان لە بیر بچێ کە حیزبی دێموکرات بە درێژایی ئەم پتر لە حەوت دەیە و نیوە لە خەباتی خۆی، هیچ وەخت نەبووە چکۆلەترین زەبری لە خەباتی کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان دابێ و، ئەوانی نەکردۆتە سووتەمەنیی خەباتەکەی خۆی؛ هەر بۆیەش لەم بارەیەوە کارنامەیەکی زێڕین و ڕووسوورانەی لە خۆی بەجێ هێشتوە.

وەک کۆتایی، ئەگەر ئێمە ئێستا دەبینین خەڵکی خۆرهەڵاتی کوردستان بە گیرانی عەبدوڵڵا ئوجالان بە لێشاو دەڕژێنە سەر شەقامەکان و تەنانەت شەهید دەدەن، ئەگەر بۆ یەکەمین جار بە زمانی مۆسیقا هەڵەبجە دەلاوێندرێتەوە و هاوار دەکەن بە تەنیا جێی مەهێڵن، ئەگەر بۆ ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان شایی دەگێڕن، ئەگەر یارمەتی بۆ شەنگال کۆ دەکەنەوە، ئەگەر لە کۆبانێ بەرخۆدان دەکەن، لەگەڵ عەفرین دەکەون، ئاواتی سەرکەوتنی گەریلا بە سەر سەربازەکانی ئەردۆغاندا دەخوازن؛ سەیر نییە و خۆڕسکیش نییە و هەمووی سەرچاوە لە بیرێکی نەتەوەیی قووڵ دەگرێ کە بە شانازییەوە مەکتەبی حیزبی دێموکرات بناغەداڕێژەری بووە و لەگەڵ ئەم هزرە بەرزە گۆش کراون.

٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

**سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستا و ماڵپەڕی کوردستان و کورد**

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**جۆزەردانی ٢٧٢٦ی کوردی = جوونی ٢٠٢٦ی زایینی**



سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

**بۆ هاوڕێ هەردی سەلیمی بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتووێژو وتارەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

